## بەرگەی دۆڕانی هەڵبژاردەی تورکیا ناگرم

ڕۆماننوسی گەورەی تورک و وەرگری خەڵاتی نۆبل ئۆرهان پاموک، باس لەژیانی تایبەتی و منداڵی خۆی دەکات وەک هاندەرێکی تۆپی پێ وئاشکرای دەکات کە لە منداڵیدا یاریزانێکی لێهاتوو بووە.

لەدیدارێکدا لەگەڵ گۆڤاری شپیگلی ئەڵمانی پاموک هەرچەندە باس لەنەتەوەپەرستی تورک دەکات لەبواری تۆپی پێ وەدڵێ " تۆپی پێی تورکی لە خزمەتی نەتەوەپەرستیدایە "، بەڵام دانیشی پێدا دەنێ کە ناتوانێت بەرگەی دۆڕانی هەڵبژاردەی تورکیا بگرێ.



ل 14

## دوو مامۆستای زانکۆ بەنیوەشەو بەشەڕدێن

نیوە شەوی3-2008/6/4 شەڕو مشتەکۆڵێیەک لە نێوان مامۆستایەک و سەرۆکی پێشووی زانکۆی کوردستان روویدا.

(رووداو) لە بەدواداچوونێکدا راوبۆچوونی سەرۆکی لادراوی زانکۆی کوردستان پرۆفیسۆر عەباس وەلی ومامۆستا زافەر یۆرک لەسەر شەڕی نێوانیان وەرگرت، بەپێی قسەی عەباس وەلی زافەر نیوەی شەو بەسەرخۆشی یەخەی پێدەگرێت وپەلاماری دەدات ودەڵێ " زافەر بەوە ناسراوە کە مەشروب دەخواتەوە ئاژاوەگێڕی دەکات و شەڕ دەفرۆشێت "، لەبەرامبەردا زافەر نکۆڵی لەوە دەکات ئەو دەستپێشخەر بوو بێت و دەڵێ " عەباس وەلی دەست ولووتی بریندارکردم وتێری لێدام"





ل 9

## کەتنیان پێکردم

پێشکەشاری بەرنامەی (بێکۆنترۆل) لە تەلەڤزیۆنی کوردستان، دەشنێ موراد چیرۆکی دەستگیرکردنەکەی لە فرۆکەخانەی نێودەولەتی هەولێر بۆ خوێنەرانی (رووداو)دەگێڕێتەوەو دەڵێ " لەبەر سێ عەزیە کەتنیان پێکردم وبەمادەی 240 گیرام ". دەشنێ لەو دیدارەدا ئاشکرایدەکات کە بەنیازی بەشداریکردنە لەفیلمێکی سینەمایی وبەم نزیکانەش جەماوەری خۆی سپرایز دەکات.



ل 11


ژمارە (10)

دووشەممە 2008/6/9

19 جۆزەردانی 2708

(750) دینار

Rûdaw

رووداو

www.rudaw.net

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


### بە پێی پرۆژەی UN مەندەلی و حەمدانییەو قەراج لە دەست کورد دەچن

# " لە کۆبوونەوەی باڵای حیزبەکاندا باسی ئەوەکرا نەرمی لەسەر هەندێ ناوچە نیشانبدەین"

عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی

**تایبەت بەرووداو**

عەلی باپیر بە (رووداو)ی راگەیاند کە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای حیزبەکانی کوردستاندا ئاراستەیەک بۆ "نەرمکێشی" هەیە بۆ دەستبەرداربوون لە هەندێ ناوچەی کوردستان. ئاشکراشیکرد کە خۆیشی لەگەڵ ئەو نەرمکێشییەدایە، بەمەرجێک "دەستبەرداری کەرکووک نەبین".

هاوکات لەگەڵ راگەیاندنی پرۆژە سێ قۆناخییەکەی ستیفان دیمستۆرای نوێنەری سکرتێری گشتیی UN لە عێراق، کە لەسێ قۆناخ پێکهاتووەو تێیدا پشت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2005 دەبەسترێ و بەهۆیەوە چەند قەزایەک لە کوردستان دەچن و کەرکووکیش دوادەخرێ بۆ قۆناخی سێیەم.کەنعان شاکر ئەندامی سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 2005 رەتدەکەینەوە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە".گوتیشی چارەسەر پشت بەستنە بە مادەی 142 ی دەستووری عێراق کە رێگە بە هەڵوەشاندنەوەی مادەی 140 دەدات.

لەلایەکی دیکەوە عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی و ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای حیزبەکانی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا رایگەیاند کە لە کۆبوونەوەی پێش کۆتایی ئەو ئەنجوومەنەدا باسی ئەوەکرابوو کە "دەبێت جۆرێک لە نەرمش پێشانبدەین، لە هەندێک لەو شاروشوێنانەی دیکەی کەئێمە لەنێو جوگرافیای کوردستاندا دەیانبینین بۆ ئەوەی هەندێکی دیکەمان بۆ دەستەبەربن، بۆ وێنە دەبێت لە مەندەلی نەرمکێشی بکەین بۆ ئەوەی خانەقینمان دەستبکەوێت".گوتیشی "نەرمش" واتە " بسەلمێنی کە بەشێک نییە لە کوردستان". هەروەها گوتی لەو کۆبوونەوەیەدا "باسی ئەوەشکرا کە لەرابردوودا ئەزموونی تاڵمان هەبووە لەوەدا کە گوتومانە یان هەمووی یان هیچ، ئەنجامەکەش هیچەکە بووە".

وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە (4) بخوێنەوە

### ڕۆژنامەکانی کوردستان پاساو دەدەنە ئێران تا کوردستان تۆپباران بکات (نوێنەری حکومەتی کوردستان لە تاران). لاپەڕە 8



دوو هاووڵاتی بناری قەندیل تەماشای پاشماوەی گوللە تۆپێکی بۆردومانی ئێران دەکەن. (فۆتۆ: کاوە شێخ عەبدوڵڵا)

### لەسەر هەوڵی تیرۆرکردنی پارێزگاری دهۆک دەستگیرکرابوون

# دوو تۆمەتباری بە سێدارە حوکمدراو لە دهۆک، لە هەولێر ئازاد دەکرێن

**تایبەت بە رووداو**

دادگای پێداچوونەوە ( تمیز) لە هەولێر بڕیاری ئازادکردنی دوو گیراوی دا کە رۆژی 2007/6/19 لەدادگای تاوانی دهۆک بەتاوانی هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی پارێزگاری پێشووی دهۆک، بەسێدارەدان حوکمدرابوون.

بەپێی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە 2008/4/27، هەردوو گیراو، عەبدولوەهاب عەباس ساڵح و وەلید عەباس ساڵح، لەبەردەم دادگای تاوانەکانی دهۆک لە دانپێدانانەکانیان لەبەردەم دادوەری ئاسایشی دهۆک بەهەوڵدان بەتیرۆرکردنی نێچیرڤان ئەحمەد لە 2004/9/13 لە شەقامی دانیال میتران کە چەک و تەقەمەنیان لەگەڵدا گیراوە، پاشگەزبوونەوەو دوای ئەوەی دادگای دهۆک بڕیاری لەسێدارەدانی دان بەپێی مادەی 2ی یاسای ژمارە 8ی ساڵی 1992، هەروەها دوای ئەوەی داواکاری گشتیش پەسەندی کرد، "بەڵام بەهۆی قەناعەت نەهاتنی ئەو دوو تۆمەتبارە بە بڕیارەکە، لەرێگەی پارێزەرەکەیانەوە داوای پێداچوونەوەی حوکمەکەیان کرد. هەروەک لە بڕیارەکەدا هاتووە بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو و هەندێ ناتەواوی لە دۆسییەکەیاندا، دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان —دەستەی گشتی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو تۆمەتانەی دا کەدراونەتە پاڵ ئەو دووگیراوە و "دەمودەست ئازادکردنیان، ئەگەر داواکراو نەبن بۆ هیچ کێشەیەکی دیکە و ئۆتۆمبێلەکەشیان بۆ بگەڕێندرێتەوە". بەڵام لە هەمان بڕیاردا ئاماژە بەوە دراوە کە هەردوو تۆمەتبار عەبدولعەزیز یوسف سەعید و مەهدی ساڵح ئیبراهیم دان بەوەداناوە کە ئەوان یەکەمین تەقینەوەی ئەو شوێنەیان ئەنجامداوە، دۆسییەکەش لەدادگای تاوانەکانی دهۆک یەکلایی کراوەتەوە.

### ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی:

# بەرپرسانی کوردستان روونکردنەوەمان لەبارەی بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ پێنادەن

**تایبەت بە رووداو**

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بە (رووداو)ی راگەیاند، رەوشی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر " باشترەو جێگەی بەراوردکردن نییە"، بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی ئەوان لەژێر گوشاری کەسوکاری بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆدان و بەرپرسانی کوردستانیش روونکردنەوەیان پێنادەن.

شاندێکی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی ( ئەمنستی ئینتەرناشناڵ) لەکۆتایی مانگی رابردوو سەردانێکی 10 رۆژی بۆ کوردستان دەستپێکرد، هاوکات راپۆرتی ساڵی رابردووشیان بڵاوبووەوە کە ئاماژە بۆ بوونی ئەشکەنجەدان لە گرتووخانەکان و گرتنی رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستان دەکات.سەعید بومەدوحە، توێژەر لە بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی رێکخراوەکە لە کۆتایی سەردانەکەیاندا، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند رێکخراوەکەیان لە ساڵی 2003 وە ئەوە جاری سێیەمە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و گوتی لەوماوەیەدا " گۆڕانکاری زۆر گەورەی ئیجابی روویداوە، بوارێک بۆ ئازادی رادەربڕین هەیە، ئەمەش تەنیا قسەی من نییە بەڵکو قسەی ئەو رۆژنامەنووسانەشە کە دەستگیرکرابوون ومامەڵەی خراپیان لەگەڵ کرابوو". هەروەها لە کوشتنی ژنانیش کەسوکاریانی بە تاوانبار دانان.

بەڵام بومەدوحە رەخنەی لەرەوشی ناو زیندانەکان گرت و گوتی " پێشێلکاری هەیە لە بەندیخانەکان بەتایبەتیش دەربارەی ئەو ئیسلامیانەی کەساڵانێکی زۆرە لەگرتووخانەکانن وهی وایان تێدایە 6-7 ساڵە بەبێ دادگەییکردن و ئاراستەکردنی هیچ تۆمەتێک هەر لەزینداندا ماونەتەوە، لەمبارەیە قسەو گفتوگۆمان لەگەڵ بەرپرسان کرد". بۆیەوەش خۆشحاڵی خۆی نیشاندا کە 50 گۆمانلێکراو کەسوکاری ئەندامەکانی رێکخراوی ئەنساروئیسلام لە سەرەتای ئەو مانگەدا بڕیاری ئازادکردنیان درا.

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (8) بخوێنەوە**

### راگەیاندنی کابینەی نوێی حکومەت

# لەسەر هاتنەوەی کۆسرەت رەسوڵ وەستاوە

**تایبەت بەرووداو**

ئەبوبەکر کاروانی، وەزیری هەرێم لە حکومەتی کوردستان رایگەیاند کە لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆکی حکومەت رایگەیاندووە تەنیا یەک کۆبوونەوە ماوە بۆ راگەیاندنی کابینەی نوێی حکومەت، بۆ ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوەیەش چاوەڕێی گەڕانەوەی کۆسرەت رەسول دەکەن، کە ئێستا بۆ چارەسەری لەدەرەوەی وڵاتە.

لەلایەکی دیکەوە محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران،لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) رەتیکردەوە کەناوی وەزیرەکان دیاری کرابێت و گوتی"هیچ ئاستەنگ و گرفتێک نەماوە بۆ پێکهێنانی حکومەت و بەم زووانە کابینەی نوێ ئاشکرا دەکرێت، بەڵام تائێستا ناوی هیچ وەزیرێک دیاری نەکراوە".

بەبێ ئەوەی هیچ وردەکارییەک بخاتەڕوو وتەبێژی فەرمی حکومەتی کوردستان ئەوەی بە (رووداو) راگەیاند"تائێستا ناوی هیچ وەزیرێک بەفەرمی لەحکومەتدا نییە، ئەوەی من ئاگادارم کۆبوونەوەیەک ماوەو لەو کۆبوونەوەدا کابینەی نوێ یەکلایی دەکرێتەوە".

### بەهۆی ململانێی پارتی و یەکێتی

# سەندیکای پارێزەران نەیتوانی کۆنفرانس ببەستێت

**رووداو –هەولێر**

لەئەنجامی ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی، سەندیکای پارێزەرانی کوردستان نەیتوانی لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا کە رۆژی 2008/5/21 بوو، کۆنفرانس ببەستێت و نەقیبی سەندیکاش گوتی ئەو ململانێیە لە"نەفامی"یەوە دروستبووە.

پارێزەرێک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "یەکێتی و پارتی دەیانویست زۆرترین ئەندامی خۆیان ببەنە کۆنفرانسەکەوە، زۆرترین ململانێش لەهەولێر بوو، چونکە پارتی دەیویست لەلقی هەولێر 14 ئەندامی لیستی زەرد و 6 ئەندام لەلیستی سەوز 2 لەیەکگرتوو و یەک بێلایەن هەبێ".

هەر لەو بارەوە کاکەرەش نەقشبەندی، نەقیبی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) رەتیکردەوە کە ململانێکان تەنیا لەهەولێر بن و گوتی "لەسلێمانیش بەهەمانشێوە ململانێ هەبووەو لایەنی پارتیش لەوێ گلەییان هەبووە کە گوایە ئەندام کۆنفرانسیان کەمە".هەروەها گوتیشی "ئەو ململانێیە لەنەفامییەوە دروستبووە، چونکە لەو کۆنفرانسەدا نەهەڵبژاردن هەیە و نە دەستکەوت، تەنیا پارێزەران دادەنیشن بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەگەر پێویستییەکیان بەهەموارکردنی یاساکە هەبێت یان گرژییەک هەبێت لەفەرمانگەکانی حکومەت هەوڵی چارەسەر کردنی بدرێ".

**وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (3) بخوێنەوە**



**لەبەردەڕەش کچێک خۆی لەسێدارە دەدات**

ڕووداو . بەردەڕەش

◆ شەوی 7-2008/6/8 لە گوندی(گرێگا)ی سەر بەقەزای بەردەڕەش، کچێکی تەمەن 25 ساڵ بەنێوی مەگروم محەممەد بە پەت خۆی لەسێدارەداو گیانی لەدەستدا. سەرچاوەیەکی پۆلیس لەبەردەڕەش لەوبارەوە ڕایگەیاند کە لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە بەردەوامە.

# کچێک لەبەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دەردەهێنرێ و دەکوژرێ

**ڕووداو-کۆیە**

کچێکی تەمەن 16 ساڵ بەنێوی کوردستان عەزیز، دوای ئەوەی پەنا دەباتە بەر بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، بەپڕکردنەوەی بەڵێننامەیەک تەسلیمی کەسوکارەکەی دەکرێتەوەو دواتر لەلایەن ئامۆزایەکی دەکوژرێت و تا ئێستاش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون کچەکە دانیشتووی ناحیەی سکتانە و پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی گوندی کاموسەکی سەر بەناحیەی هیران هەبووە و چەند جارێک کوڕەکە چووەتە داخوازی کچەکە، بەڵام ماڵی کچەکە بەو داخوازییە ڕازی نەبوونە، بۆیە ئەوانیش هاتوونەتە هەولێر و خۆیان ڕادەستی پۆلیس کردووە.

سەنگەر ئومێد بیلال، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی سکتان لەلێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "باوکی کچە لەلایەن پۆلیس سکاڵای تۆمار کردووەو لەکاتی لێکۆڵینەوەدا گوتوویەتی برازاکەی تەلەفۆنی بۆ کردووە کە بەدوای کچەکەیدا نەگەڕێت، چونکە کچەکەی کوشتووە".

ناوبراو گوتیشی "ڕۆژانە مەفرەزەکانمان دەردەچن بۆ دۆزینەوەی تەرمی کچەکە، بەڵام تا ئێستا نەماندۆزیوەتەوە"

سەبارەت بەو بەڵێننامەیەی بەکەسوکاری کچە پڕ کراوەتەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچووونی توندوتیژی دژی ژنان، بەڕێوەبەری پۆلیسی سکتان گوتی " ئێمە درەنگ بەڵێننامەکەمان بەدەست گەیشت و تەسلیمی دادوەرمان کرد".

هەر لەو بارەوە، عەقید ڕەشاد ڕەفیق مستەفا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە ڕایگەیاند "وێنەیەکی بەڵێننامەکەمان ناردووە بۆ دادگا بۆ ئەوەی دایک و باوکی کچەکە دەسگیربکرێن، ڕەنگە ئەوانیش دەستیان لەمەسەلەکەدا هەبێت".

# حکومەت توانای جێبەجێکردنی یاسای دابینکردنی شوێنی نیشتەجێکردنی نییە

**ڕووداو-هەولێر**

لەدوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەوە خراوەتەڕوو کە حکومەت توانای جێبەجێکردنی ئەو یاسایەی نییە کە بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەرداوە.

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەکی ئاگادار لەکۆبونەوەکەی ڕۆژی 2008/6/5ی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، چەندین پێشنیازی دیکە خراوەتەڕوو بۆ جێگەگرتنەوەی ئەو پرۆژەیە، ئەوەشی شانسی جێگرتنەوەی زیاترە پرۆژەیەکی دەستەی وەبەرهێنانە".

جەمال عەبدوڵلا وتەبێژی حکومەتی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "چەند ئالیەتێک خراوەتەڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، یەکێک لەوانە پرۆژەکەی دەستەی وەبەرهێنانە کە بەگوێرەی پرۆژەکە، حکومەت بەڕێژەی 30% بەشداری بکات و بڕی 100 ملیۆن دۆلار لەسندوقێکدا دابنێت و بەقەرز بیداتە هاووڵاتیان، کۆمپانیاو بانکی بەشداربووش بەشداربێت و کڕیاریش خۆی بڕێک لەپارەکە بدات".

لەبارەی جێبەجێنەکردنی یاسای دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون کە ڕۆژی 2007/6/3 پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەردا وتەبێژی حکومەت گوتی" ئەو یاسایەی پەرلەمان دایڕشتووە حکومەت ئێستا توانای جێبەجێکردنی نییە، بۆیە پێویستە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان دابنیشین و باسی هەماهەنگی نێوان حکومەت و پەرلەمان بکرێت".

وتەبێژی حکومەت ڕاشیگەیاند کەپێشنیازی دیکەش هەبووەو وەزیرێک داوای کردووە کە (سۆشیال هاوس) دروستبکرێت، واتە حکومەت شوقە دروستبکات و دوایی بەکرێیەکی ڕەمزی بیداتە هاووڵاتیان، هەروەها وەزیری ئاوەدانکردنەوە پێشنیازی ئەوەی کردووە کە حکومەت بڕێک پارە تەرخانبکات بۆ دروستکردنی چەند هەزار خانوویەک".

# کارمەندانی تەندروستی 3 ڕۆژ مۆڵەت دەدەنە حکومەت

**ڕووداو-سلێمانی**

سکرتێری کارمەندانی تەندروستی کوردستان ڕایگەیاند کە ماوەی 72 کاتژمێر مۆڵەتیان داوە کەحکومەت بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان، ئەگەر تا ئەو کاتە وەڵامیان نەدرێتەوە دەست بەمانگرتنەوە دەکەن.

جەبار محەممەد، سکرتێری کارمەندانی تەندروستی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کارمەندانی ناونەخۆشخانەومەڵبەندەکانی تەندروستی داوای خەرجکردنی دەرماڵەی مەترسی دەکەن، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک پێکهێنراوەو داواکارییەکیش لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانییەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی بەرزکراوەتەوە، دکتۆر زریانیش لەگەڵ عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەت قسەیکردووەوە بەڵێنی داوە کە داواکارییەکان جێبەجێبکات".

دووشەممەی ڕابردوو سەرجەم کارمەندانی ئیداری و خزمەتگوزاری ناو نەخۆشخانەو مەڵبەندەکانی تەندروستی لە پارێزگای سلێمانی مانگرتنیان لەکارکردن ڕاگەیاند بۆ خەرجکردنی دەرماڵەی مەترسی.

ساڵی ڕابردوو حکومەتی عێراق بڕیاریدا دەرماڵەی مەترسی 100% بۆ پزیشک و 50% بۆ کارمەندانی تەندروستی زیادبکرێت، بڕیارەکە جێبەجێکراو تەنها کارمەندانی ئیداری تەندروستی نەگرتەوە.

# دوو ژن بە بەنزین و نەوت خۆیان دەسووتێنن

**ڕووداو-تەقتەق**

لەماوەی هەفتەیەکدا دوو ژن لەتەقتەق یەکێکیان بە بەنزین و ئەوی دیکەشیان بە نەوت خۆیان سووتاندووە و لەئەنجامدا هەردووکیان گیانیان لەدەستداوە.

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەی پۆلیسی تەقتەق یەکێک لە ژنەکان کە ناوی (ک.س)ە و دوو منداڵی هەیە لەڕۆژی 2008/5/21 لەسەر ئەوەی باوکی بەدوایدا نەهاتووە بیباتەوە ماڵەوە، 5 لیتر نەوتی بەخۆیدا کردووەو خۆی سووتاندووە، دواتر گیانی لەدەستداوە و ئێستا مێردەکەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە "چونکە ئەو ژنە بەردەوام کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەبووە".

هەروەها ڕۆژی 2008/5/28 کچە خوێندکارێکی تەمەن 17 ساڵ بەنێوی (ل.ف) لەناحیەی تەقتەق بە بەنزین خۆی سووتاندووەو ڕۆژی دوایی گیانی لەدەستداوە، بەڵام تا ئێستا هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو کچە بۆ پۆلیس ڕوون نەبووەتەوە.

# پێشمەرگەیەکی پارتی بەتۆمەتی پلاندانان بۆ تەقاندنەوەی بارەگای بیارە دەستگیر دەکرێ

**ڕووداو-سلێمانی**

بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەزوور ئاشکرایکرد کە پێشمەرگەیەکی پارتییان بەتۆمەتی دانانی TNT بۆ تەقاندنەوەی بارەگای بیارەی پارتی دەستگیر کردووەو ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدایە.

ئەکرەم ئەحۆل بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەزوور بە ڕووداوی ڕاگەیاند "پێشمەرگەکە ناوی شرام مەنسوورە و تەمەنی 30 ساڵەو دانیشتووی بیارەیە، سەرەتا لەلایەن بەرپرسانی ناوچەی بیارەوە دەستگیرکرابوو، دواتر ئێمەیان ئاگادارکردەوە".

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو پێشمەرگەکە پەیوەندی بە چەکدارەکانی ئەنسارولئیسلامەوە هەبووە، پێشتریش برایەکی کە ئەنسار بووە لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیر کراوەو دواتر ئازاد کراوە.

هەر بەپێی زانیاری (ڕووداو) ئەو پێشمەرگەیە لەڕێگەی مینێکی زرێپۆشەوە بڕە TNTیەکەی گەیاندووەتە ناوچەی پارتی لەبیارە.

سەبارەت بەهەبوونی پەیوەندی ئەو کەسە بەڕێکخراوی ئەنسارولئیسلام بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەزوور گوتی "لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، کە لێکۆڵینەوە تەواو بوو ئەنجامەکەی ڕادەگەیەنین".

## سەرا فرۆتنا کەرەستێن ب سەر ڤەچویی

# 4 بازرگانێن دهوکێ دهێنە دادگەهی کرن

**عەبدوللا نهێلی**

**ڕووداو- دهۆک**

پشتی ل مەها ئاداری بڕیار هاتیە دان کو هەر کەسێ کەرەستێن بسەر ڤەچویی بفروشیت دێ ڕوی ب ڕوی یاسایی بیت ژبەر هندێ 4 بازرگانێن دهوکێ ڕەوانەی دادگەهێ دبن.

بەرپرسا پشکا خوپاراستنێ دیار کر تیمێن وان بەردەوام سەرا فروشگەه و دوکانان ل هەمی دەڤەرێن دهوکێ ددەن، و بەری مەها ئاداری دەمێ مە کەرەتستێن بسەرڤەچویی ددیتن ب تنێ دهاتنە ژناڤبرن، بەلێ پشتی ڤێ بەرواری بڕیار ئەوە هەر بازرگانەکێ کەل و پەلێن بسەرڤەچویی بفروشیت ڕەوانەی دادگەهێ ببیت لەورا بو دوڤچونا ڤێ چەندێ تیمێن مە سەرا هەمی دەڤەرێن فروشتنا کەل و پەلان ددەن و دڤێ ماوەی دا 4 بازرگانێن دهوکێ هاتنە ڕەوانەکرن بو دادگەهێ دا کو ل دویف یاسایێ بهێنە سزادان.

ل دور چاوانیا دەربازبونا کەل و پەلێن ب سەر ڤەچویی گوت : تیمێن مە ل خالێن گومرکی ل زاخو و ئالوکا هەنە و ل وان جهان ژی گەلەک جار گەل و پەلان دەستەسەر دکەن، بەلێ پرانیا وان کەل و پەلێن ب سەر ڤەچویی ئەون ئەوێن ل ناڤ بازاری دهێتە دیتن کو دکوگەهان دا ماوێ وان ب سەر ڤەچویە .

د.بێریڤان ئامێدی بەرپرسا پشکا خوپاراستنێ ل ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیا دهوکێ بو ڕووداو گوت : ژبلی کەرەستێن ب سەر ڤەچویی تیمێن مە دگەل بازێرڤانیا دهوکێ ل ڤان ڕوژان هەوەک دناڤ خوارنگەه و ئوتێلێن سەنتەرێ دهوکێ ئەنجام دا ژبوی ئاگەهداربون ل دور مەرجێن ساخلەمیێ و دیار بو کو 3 خارنگەهێن مەزن دگەل 4 گازینویا و ئوتێلەکێ ل سەنتەرێ بازێرێ دهوکێ مەرجێن ساخلەمیێ تێدا نەبون و دەرگەهێ وان بو ماوێ هەفتیەکێ هاتە گرتن و هاتنە سزادان و دێ بەردەوامی ب ڤان هەوان هێتە دان ل دەرڤەی بازێرێ دهوکێ ژی.

# ترومبێلا 990 وەڵاتیێن دهۆکێ کوشتن و بریندار کرن

**عەبدوڵلا نهێلی**

**ڕووداو-دهۆک**



د ئەنجامێ 285 ڕوودانێن هاتنوچوونێدا 990 وەلاتی بوونە قوربانی، زێدەباری زەرەرەکا مەزن یا مادی ب ڤان ڕویدانان گەهشتنە وەلاتیێن پارێزگەها دهۆکێ .

ل دووڤ ئامارا ڕێڤەبەریا هاتنوچۆنا دهۆکێ د ماوێ ئەڤسالدا ل سنووری پارێزگەها دهۆکێ 285 ڕوودانێن هاتنوچونێ دروستبووینە و تێدا 62 وەلاتیا گیانێ خو ژ دەستدایە و 928 وەلاتیێن دیکەژی بریندار بووینە .

جیدارێ ئێکێ یێ ماڤپەروەر نایف خەلەف بەرپرسێ ڕاگەهاندنا ڕێڤەبەریا هاتنوچۆنا دهۆکێ ئەڤ ئامارە دا (ڕووداو) و گۆت"زێدەترین ڕوودان دڤێ ئامارێ دا ل مەها ئێکێ بوونە، کوهەژمارا وان گەهشتە 82 ڕوودانان و تێدا 19 کەسان گیانێ خو ژ دەست دا و 172 وەلاتیێن دی بریندار بوون "، هەر وەسا گۆت ئەڤ ڕوودانە ژ ئەگەرا نەپێگیریا شۆفێران ب ڕێنماییێن هاتن و چۆنێ هاژۆتنا بلەز دروستبوونە .

## سەرەڕای وشکەساڵی

# چەند کانییەک لە گەرمیان دەتەقن

**ڕووداو-سلێمانی**

سەرەڕای ئەو وشکەساڵییە سەختەی ڕووی لەناوچەی گەرمیان کردووە، لەگوندی ژاڵەی حاجی قادری سەر بەناحیەی پێباز چەند کانییەکی ئاو تەقیون، کە بوونەتە جێگەی سەرسوڕمانی خەڵکی ناوچەکە.

بەکر عەلی، کە دانیشتووی گوندی ناوبراوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کانی چەرموو کە چەند ساڵێکە وشکی کردووەو ئاوی لێوە نایەت، چەند ڕۆژێکە تەقیوەو ئاوێکی زۆری لێدێتە دەرەوە، کە بووەتە جێگەی خۆشحاڵی دانیشتوانی ناوچەکە".

تەقینی ئەو کانیانە لەناوچەی گەرمیان لەکاتێکدایە کە چەندین ساڵە کانیەکانیان ئاوی پێدا نەهاتووە، ئەوەش بووەتە جێگەی سەرسوڕمانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە.

ناوچەی گەرمیان لەسەرەکیترین ئەو ناوچانەیە کە بەهۆی وشکەساڵییەوە زیانی گەورەی لێکەوت.

# ناوەندی چاک هەڕەشە لەکۆمپانیای قوباد دەکات

**ڕوودا و-چاکنیوز**

ناوەندی چاک هەڕەشەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی دەکات دژی کۆمپانیای قوباد لەبەرامبەر قەرەبوونەکردنەوەی ئەو خێزانانەی خانووەکانیان بەر پرۆژەیەکی کۆمپانیای ناوبراو دەکەوێت.

دوای ئەوەی (ڕووداو) لەژمارەی ڕابردوویدا لەبەدواداچوونێکی ڕۆژنامەڤانیدا کێشەی ئەو 8 خێزانە شەهید و ئەنفالکراوەی وروژاند کە لەچەند کۆنە خانوویەکی سەردەمی بەعسدا لەشاری سلێمانی دەژین، ناوەندی چاک لەبەیاننامەیەکدا داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو خێزانانە دەکات "بۆ حکومەت زۆر ئاسانە قەرەبووی 8 خێزان بکاتەوەو ژیان و گوزرانیان باشتر بکات نەک ڕێگە بدات کۆمپانیاکە شکات لەو خێزانانە بکات و دادگاش بڕیاری دەرکردنیان بدات بەبێ قەرەبوو".

لەبەشێکی دیکەی بەیاننامەکەی ناوەندی چاکدا هاتووە "هەموو ڕێگەیەکی مەدەنیانەو یاسایی دەگرینە بەر بۆ بەرزکردنەوەی دەنگ و ناڵەی دایکێکی مێرد لەسێدارەدراوو خاوەن دوو کوڕی شەهیدو زاوایەکی ئەنفالکراوو خێزان و کچی شەهید جەباری کەئێستە لەو خانوانەدان و لەڕووی دەروونییەوە تێکچوون".

## 3352 خێزان ل بازاڕێ زاخۆ دژین

# هەیڤانە 20 خێزانێن کریستیان ژ بەغدا و میسل دێنە زاخۆ

**سامان سندی**

**ڕووداو – زاخۆ**

پشتی تێکچوونا ڕەوشا ئەولەهیا باژاڕێن عێراقێ، بێتر ژێ 3350 خێزانێن عێراقێ کۆچکریە زاخۆ کو 1692 ژوان کرستیانن.

ل دۆر ڤێ ئێکێ، بەرپرسێ پەیوەندیێن هەرێمداریا باژارێ زاخۆ عوسمان عەلی د داخویانیەکێدا بۆ (ڕووداو) گۆت داوی ئامارا وان پە نابەرێن سنوورێ قەزا زاخۆ یێن کو ژ هەرێمێن جودایێن عێراقی پشتی ساڵا 2003 و هێرڤە هاتینە دەرکەت 3352 پەنابەران ئەوێن کو ژبال ئاسایشا زاخۆ ڤە دەستیریا ئاکنجی بوونێ ل زاخۆ پێ هاتیە داین و ل گۆرەی وێ ئامارا پار ساڵ هاتییە ئەنجامدان نێزیکی 200 خێزانان جارەکا دن ڤەگەڕینا جهێن خوە، ژبەر گرانیا بازاری و نەبوونا دەرفەتا کاری و هنەک ژی ژبەر خوەشبوونا ڕەوشا دەڤەرێن بەغدا و میسل.

هەروەها ژێدەرێ ناڤبری ئەو ژی گۆت کو دەزگەهێ بارزانی یێ خێرخوازی بۆ دەمێ ئێک سالێ خارن و ڤەخارنا ڤان پە نابەران دستویێ خوەدا گرتیە .

ئەڤە و بەرپرسێ سەنتەرێ هیزل یێ ڕەوشە نبیری و جڤاکی ل باژارێ زاخۆ ئە میر گۆگە کو ب کاروبارێن کریستیانێن دەڤەرێ راد بیت بۆ (ڕووداو) گۆت، نها ئەژمارا وان کرستییانێن ژ دەڤەرێن عێراقێ هاتینە باژارێ زاخۆ 1692 خێزانن و هەیڤانە ژێ 20 تا 25 خێزانان زێدە دبن، وەک سەنتەرێ هیزل ژێ مەهانە هەر خێزانەکێ ژ 50 تا 75 هزار دینارێن عێراقی وە کە هاریکاری ددەتە وان . هەروەها هنەک ژوان خێزانان د ئە سلدا خە لکێن گوندێن سە ر ب زاخۆ ڤەنە و حکومەتا هەرێمێ ژێ گوندێن وان ئاڤاکرن، ژوان ژێ دێرا شیشا و دەشتە تەخێ لێ ژبەر کو ڕۆژانە لەشکەرێ تورکا وان دەڤەران تۆپباران دکە و کەس نە شێن ل وان گوندا ئاکنجی ببە .

## ڕوونکردنەوە

لەلاپەڕە 9ی ژمارە 6ی هەفتەنامەی ڕووداودا هەواڵێکی من بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (کوردستان بە دەمانچەی باوکی خۆی دەکوژێت)، لە بەشێکی هەواڵەکەدا هاتووە (برای کوردستان بەناوی پ لە لەندەن نیشتەجێیە بە کوردستانی ڕاگەیاندوە کە شوو بەو کوڕەی ئەوروپا نەکات چونکە لە ئەوروپا بەرەڵایی دەکات)، دوای بەدواداچوون بۆمدەرکەوتووە کە ئەم زانیاریەم بە هەڵە وەرگرتووە، بۆیە داوای لێبوردن لە ستافی ڕووداو و کەسانی پەیوەندیدار بەم هەواڵەوە دەکەم.

کامەران عەبدە ساڵح- ڕانیە

## وەڵامێک بۆ ڕۆژنامەی ڕووداو



بۆ / سەرۆکایەتی زانکۆ / تۆماری گشتی

ب / دەربڕینی ڕا

... سلاو ڕێز ...

ئاماژە بە نوسراوتان ژمارە 4329/2/1 لە 2007/10/4 ئاماژە کراو کراو بە نووسراوی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان ژمارە 1172 لە 29007/10/3 .

تایبەت بە گواستنەوەی خوێندنی قوتابی (طالب صباح سامە) یەکەمی سەر بەشی کۆمپیوتر لە کۆلێژی پەروەردەی زانستەکان بۆ کۆلێژەکەمان .

پێتان ڕادەگەیینین بە پێ ی بڕگەی (1- د ) لە ڕێنماییەکانی گواستنەوەی ساڵی خوێندنی 2008/2007 تەنها یەکەمی کۆلێژی زانست وەردەگیرێت لە کۆلێژمان لە بەشی کۆمپیوتر نەوەک کۆلێژی پەروەردە زانستەکان لەبەر ئەوە ناتوانین قوتابی ناوبراو وەربگرین بە پێ ی ئەم ڕێنماییە .

لەگەڵ ڕێزدا.....

یەکێک لەو بەڵگانەی ڕوونیدەکاتەوە قوتابییەکە دوور لە ڕێنمایی وەرگیراوە (ڕووداو)

ئاماژە بە بڵاوکردنەوەتان لە ڕێکەوتی 2008/6/2 لاپەڕە (1) سەبارەت بە قوتابی (تاڵیب سەباح سامە)، قوتابی ناوبراو لە کۆلێژی ئەندازیاری بەشی پرۆگرامسازی بەپێی ڕێنماییەکانی وەرگرتنی قوتابیان وەرگیراوە، چونکە پلەی یەکەمی لەسەر پۆلی یەکەمی بەشی زانستەکانی کۆمپیوتەر لە کۆلێژی پەروەردەی زانستەکان وەدەستهێناوەو ڕێژەی تێکڕای کۆنمرەکانی لەسەرووی 80%ەوەیە، جگە لەوەی ناوبراو لە بنەڕەتدا قوتابی بەشی کۆمپیوتەری پەیمانگای تەکنیکی بووە، دوای ئەوەی پلەی یەکەمی لەوێش بەدەستهێناوە لە کۆلێژی پەروەردەی زانستەکان وەرگیراوە، کەواتە قوتابیی ناوبراو سێ ساڵی خوێندنی بردووەتەسەر بە یەکەمی، لەپاداشتی ئەوەدا لە پۆلی یەکەمی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی پرۆگرامسازی وەرگیراوە.

بۆ ئاگاداریتان ئەم بڕیارە تەنیا بڕیاری وەزیر نییە، بەڵکو بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەتە کە تێیدا سەرجەم سەرۆکی زانکۆو سەرۆک دەستەکان ئەندامن، هەروەها قوتابیی ناوبراو بەپێی ڕای سەرۆکایەتی بەشی ناوبراو ئەمساڵیش بە یەکێک لە قوتابییە زیرەکەکانی بەشەکەی دانراوە.

لەگەڵ ڕێزدا

د. مستەفا محەممەد زەنگەنە

بەڕێوەبەری هەیڤانە 20 خێزانێن




## کۆمپانیایەکی چینی لەهەریر بەدوای نەوتدا دەگەڕێت

**رووداو-هەریر**

**◆ کۆمپانیایەکی چینی لەدەشتی هەریر سەرقاڵی گەڕانە بەدوای نەوتداو رزگار حەسەن بەڕێوەبەری ناحیەی هەریریش بە(رووداو)ی راگەیاند کە لەلایەن پارێزگاری هەولێرو وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئاگادارکراونەتەوە تا هاوکاری کۆمپانیای( A&T petroleum company LTD)ی چینی بکەن کە بۆ دۆزینەوەی نەوت سنووری ناحیەی هەریر دەپشکنن. گوتیشی لیژنەیەک پێکهێنراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی بەهۆی پشکنینەوە زیانیان پێدەگات.**

# مەلایەک هەڕەشەی سووتاندنی مەیخانەیەک دەکات

**شەوقی کانەبی**
**رووداو –هەریر**

وا بڕیار بوو بەم نزیکانە یانەیەکی مەیخواردنەوە بەناوی یانەی فەرمانبەران لەناحیەی هەریر بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی هەڕەشەی مەلایەکی ناحیەیەکە، کردنەوەی یانەکە بۆ کاتێکی نادیار دوا خرا.

رزگار حەسەن، بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر، هۆکاری کردنەوەی ئەو یانەیەی بۆ زۆربوونی ژمارەی مەیخۆران گەڕاندەوە لە ناحیەکەو گوتی "بەشی هەرە زۆری کڕیارەکانی مەیفرۆشانی شەقڵاوە، خەڵکی هەریرن بۆیە دەبێت دان بەکێشەکەدا بنێین کە مەیخواردنەوە بووەتە واقیع لەناحیەی هەریرو، ئەوەی دەڵێت نییە خۆی لەواقیع گێل دەکات".

ناحیەی هەریر سەر بە قەزای شەقڵاوەیەو 100 گوندی بەسەرەوەیە و ژمارەی دانیشتووانەکەشی نزیکەی 50 هەزار کەس دەبێ، زۆربەی ئەو کەسانەی لەناحیە مەی دەخۆنەوە، زۆربەی کات پەنا دەبەنە بەر چۆڵاییەکانی ناوچەکە، یاخود بۆ کڕین و خواردنەوەی مەیخواردنەوە دێنە شارۆچکەی شەقڵاوە.

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری ناحیە، بەهۆی نەبوونی یانەیەکی خواردنەوە زۆربەی مەیخۆرانی ناوچەکە روو لەشارۆچکەی شەقڵاوە دەکەن، بۆیە زۆرجار لەکاتی گەڕانەوەیاندا بەتایبەتی ئەوکاتەی سەرخۆشن دووچاری رووداوی هاتوچۆ بوونەتەوە، هەر بۆیە ناوبراو کردنەوەی یانەیەک لەناحیەی هەریر بەپێویست دەزانێت.

هەروەها لەلایەن زۆربەی حەڵکی ناوچەکەش رێگەی شەقڵاوە _هەریر بەسێگۆشەی بەرمۆدا بۆ مەیخۆران ناسراوەو لە ماوەی ساڵێکدا 8 هاوڵاتی هەریر کە بەسەرخۆشی لەشەقڵاوە گەڕاونەتەوە تووشی رووداوی هاتوچۆ بوونە و گیانیان لەدەست داوە.

رزگار حەسەن گوتی " بەجدی بیرمان لەچارەسەرکردن و سنووردارکردنی دیاردەکە کردۆتەوە، بۆیە بڕیارماندا یانەیەکی مەیخواردنەوە بکەینەوە، بۆ ئەوەی مەیخۆران لەکۆڵان و شەقامەکانەوە بگوازینەوە بۆ یانەکە، لەوێ دەتوانن پشوو بدەن وەمەی بخۆنەوەو ئازاد بن".

ئەگەر بەیانییەکی زوو بەکۆڵان و شەقامەکانی هەریردا گوزەر بکەیت ژمارەیەی بەرچاو قوتوی بیرەو شووشەی وێسکی شکێنراوت بەرچاو دەکەوێت، لەفرۆکەخانە کۆنەکەی دەشتی هەریریش شەوان کۆمەڵە گەنج و هەرزەکارێک کۆدەبنەوەو تا درەنگانی شەو دەخۆنەوە.

دوای بڵاوبونەوەی دەنگوباسی کردنەوەی مەیخانە لەهەریر، مەلا فەرزندە مزووری، کە پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی قەڵاتە سوورە لەهەریر دژایەتی خۆی بۆ پرۆژەکە راگەیاند و تەنانەت هەڕەشەی سووتاندنی یانەکەشی کرد، هەر بۆیە کردنەوەی یانەکە بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

مەلا فەرزندە مزوری، کە دەرچووی کۆلێژی شەریعەی دهۆکە بە (رووداو)ی راگەیاند "خەڵکی هەریر 100% موسڵمانن و عەشایەرن، هیچ مەسیحییەک و یەهودییەک لەسنوری ناحیەی هەریردا ناژیت، بۆیە من بەئەرکی دینی و سەرشانی خۆمی دەزانم، بەتوندی دژایەتی ئەو پرۆژەیەی بەڕێوەبەری ناحیە بکەم، ئەگەر راست دەکات با خزمەتی خەڵک بکات، نەوەک بەد رەوشتی لەناو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە".

ئەو مەلایە کە بەهەڵوێست توند و وتاری پڕ لە حەماسی ناسراوە، لەوتاری نوێژی هەینیدا خەڵکێکی زۆر لەمزگەوتەکەی ئامادە دەبن، پێشتریش لەوتاری نوێژی هەینیدا وتارێکی لەسەر کردنەوەی ئەو یانەیە دابوو "لەوتاری هەینی بەهاووڵاتییانم گوت کە نابێ بێدەنگ بن لەبەرامبەر کردنەوەی یانەی مەیخواردنەوە لەشارەکەیان دەنا دەکەونە بەر نەفرەتی خودا".

مەلا فەرزندە گوتیشی "من تەنیا کەس نیم دژایەتی ئەو پرۆژەیە بکەم، بەڵکو چەندین ریش سپی هاتوونەتە لام و پشگیرییان کردووم".

سەبارەت بەهەڵوێستی ناوبراو لەکاتی کردنەوەی مەیخانەکەدا، ئەو مەلایە بەتووڕەییەوە گوتی "هەرچۆنێک بێت ناهێڵم یانەی مەیخواردنەوە لەهەریر بکرێتەوە تەنانەت ئەگەر کەسیشم لەگەڵ نەبێت بەتەنها بەدەستەکانی خۆم مەیخانەکە دەسووتێنم و تێکیدەدەم".

ئەو مەلایە رەتی دەکاتەوە کە رێژەی مەیخۆران لەهەریر بەو زۆرییە بێت کە بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر ئاماژەی پێدەکات " رێژەی مەیخۆران لەهەریر لە 5% تێپەرناکات، ئەوەی دەڵێت مەیخواردنەوە لە هەریر زۆرە پرۆپاگەندە دەکات و پشتگیری مەیخۆران دەکات"

مەلا فەرزندە گوتیشی "مەیخواردنەوە جگە لەوەی زیانێکی زۆری بۆ سەر جەستەو تەندروستی مرۆڤ هەیە، هۆکارێکی سەرەکی شێرپەنجەیە، هەروەها پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرمووێت، مەیخواردنەوە کلیلی هەموو خراپەیەکە، لەهەر شوێنێک مەیخۆر زۆر بوو بەدرەوشتی زۆر دەبێت".

سەبارەت بەرێگرییەکانی ئەو مامۆستا ئاینییە لەکردنەوەی ئەو یانەیە، بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر گوتی "پێشتر مامۆستایانی ئایینی شارۆچکەکەمان کۆکردەوە و ئاگادارمان کردنەوە کە دیاردەی مەیخواردنەوە گەشەیکردووە دەمانەوێت کەمی بکەینەوە، ئێمە لەگەڵ مەیخواردنەوەدا نین، بەڵام حکومەت بەرپرسە لەرێکخستنی ژیانی خەڵک، هەموو مامۆستایانی ئایینی لێمان تێگەیشتن تەنها مەلا فەرزندە نەبێت و دژایەتی پرۆژەکەی کرد".

گەنجە مەیخۆرەکانی ناحیەی هەریر شێوازی جیا جیا دەگرنە بەر بۆ مەیخواردنەوەو زۆربەشیان بەبێ ئاگاداری ماڵەوەیان مەی دەخۆنەوە.

مێرد منداڵێکی تەمەن 18 ساڵ، بە جووتیار خۆی بە (رووداو) ناساند گوتی "دەچینە شەقڵاوە مەی دێنین دەیکەینە ناو قوتوی پیپسی و لەناو بازاڕ پیاسە دەکەین و دەخۆینەوە بۆ ئەوەی خەڵک پێی نەزانێت".

ئەو گەنجە گوتیشی "رێژەیەکی زۆری گەنج و هەرزەکاران روویان لەمەیخواردنەوە کردوەو زۆربەی هاورێکانیشم دەخۆنەوە".

## " بڕیارماندا یانەیەکی مەیخواردنەوە بکەینەوە، بۆ ئەوەی مەیخۆران لەکۆڵان و شەقامەکانەوە بگوازینەوە بۆ یانەکە"

رزگاڕ حەسەن بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر



## "بەڕێوەبەری ناحیە ئەگەر راست دەکات با خزمەتی خەڵک بکات، نەک بەدڕەوشتی لەناو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە"

مەلا فەرزەندە مزوری



# ململانێی پارتی و یەکێتی ناهێڵێت سەندیکای پارێزەران کۆنفرانس ببەستێت

**رووداو – هەولێر**

کۆنفرانسی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، کە بڕیار بوو لە 2008/5/21 ببەسترێت، بەهۆی دەستتێوەردان و ململانێی حیزبیی نێوان یەکێتی و پارتی نەبەستراو، پاش دواخستنیشی بڕیاردرا کە چیتر رێگە نەدرێت حیزب نوێنەر بۆ کۆنفرانسەکە دیاری بکات.

پارێزەرێکی ئاگادار لەکۆنفرانسەکە بە (رووداو)ی راگەیاند"ململانێکان لەو روانگەوە بوونە کە هەر یەک لەیەکێتی و پارتی ویستویانە زۆرترین ئەندامی خۆیان ببەنە کۆنفرانسەکەوە، ململانێکە لەهەر چوار لقی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکوکدا هەبووە، بەڵام زۆرترین ململانێ لەهەولێر بووە، چونکە پارتی دەیویست لەلقی هەولێر 14 ئەندامی لیستی زەرد هەبێت و 6 ئەندام لەلیستی سەوز بێت و 2 لەیەکگرتوو بێت و یەکێکیش بێلایەن".

ئەو هەوڵەی پارتی لەکاتێکدا بووە، کە بەپێی قسەی ئەو پارێزەرە هەردوو لیستی زەردو سەوز بڕیاریان دابوو دانانی ئەندام بەتەوافوقی بێت و وەک یەک ئەندامیان هەبێت لەکۆنفرانسەکەدا، وەک ئەو پارێزەرە دەڵێت"بۆیە لیستی سەوز ئەمەی قبوڵنەکردو بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆنفرانس".

کاکە رەش نەقشبەندی، نەقیبی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، کە سەر بە پارتییە رەتیکردەوە کە ململانێیەکە تەنیا لەهەولێر بووبێت و گوتی"لەسلێمانیش بەهەمان شێوە ململانێ هەبووەو پارتیش لەوێ گلەییان هەبووە کە ئەندام کۆنفرانسیان کەمە، لەکەرکوکیش گازندەیان هەبوو، لەبەرئەوەی هەولێر پایتەختە شتەکە گەورەبوو، بەڵام ئێمە بەچاوی بایەخ پێدانەوە ئەو گازندانەمان وەرنەگرت".

کاکە رەش نەقشبەندی، بوونی ململانێی حیزبی لەناو سەندیکاکەیاندا گەڕاندەوە بۆ ئەو تەوافوقییەی پەیڕەو دەکرێت و ئاماژەی بەوەدا کە "لەسەرەوە هەتاوەکو خوارەوە بابەتەکە هەموو شەراکەتەو دابەشکراوە، حکومەت و پەرلەمان دابەشکراوەو مومکینە رێکخراوەکانیش دابەشکرا بن، هەر شتێکیش حیزبی بێتە ناوەوە ململانێ هەر دەبێت، چونکە خەڵکانێک لەسەر بنەمایەکی رێککەوتن خۆیان هەڵبژاردووە و جارجاریش تەوجیهاتی حیزبیان بۆدێت، دەکرێ کەسەکە توانای وەرگرتنی بابەتەکەی نەبێت و گرفتێک دروست دەکات کەزۆر پێویست نییە".

بەندێکی رێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی ئەوەیە، کە لە هەموو هەڵبژاردنەکان بە کۆمەڵەو سەندیکاکانیشەوە یەکێتی و پارتی بە یەک لیست دابەزن.

ئەگەرچی نەقیبی سەندیکای پارێزەران دەیوت" ئێستا لە ئەنجوومەنی سەندیکادا هیچ ململانێیەکی حیزبی نییەو ئەوەی هەیە لەخوار ئێمەو لە لقەکانە، ئەو شێوازەی ئێمە دامانناکە لەهەر پارێزگایەک 20 کەس بێت، 3 کەسیان ئەندامی لق بن و 17 هەڵبژێردرێن، ململانێیەکە لەو هەڵبژادنەوە پەیدابوو، دەشبوایە ئێمە نەمانوتایە ئەندام هەڵبژێرن و خۆمان ئەندامەکانمان کاندید بکردایە".

سەندیکای پارێزەرانی کوردستان کە ئێستا 6 هەزار ئەندامی هەیەو ساڵی رابردوو کۆنگرەی یەکگرتنەوەی خۆی بەست و نەقیب و ئەنجوومەنی سەندیکا هەڵبژێردران و لەم کۆنگرەیەدا هیچ بڕیارێک بۆ هەڵبژاردن نەبووە.

نەقیبی سەندیکای پارێزەران تیشکی خستە سەر ئەوە کە" لەو کۆنفرانسەدا نەهەڵبژاردن هەیە و نە دەستکەوت، تەنها پارێزەران دادەنیشن بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەگەر پێویستییەکیان بەهەموارکردنی یاساکە هەبێت یان گرژییەک هەبێت لەفەرمانگەکانی حکومەت هەوڵی چارەسەر کردنی بدرێ". لەو روانگەیەشەوە کاکە رەش نەقشبەندی پێیوایە ئەو ململانێیە تووندە " لەنەفامییەوە دروستبووە، چونکە ئەگەر لەسەر ئاستی حکومەت و پەرلەمان دانان بەرێککەوتن بێت نابێت لەسەر شتێکی بچووک ململانێ هەبێت".

لەزۆربەی هەڵبژاردنەکان پارتی و یەکێتی، بەدەستوەردان لەهەڵبژاردنەکان تۆمەتبار دەکرێن، بەڵام نەقیبی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بڕیاریداوە کە چیتر رێگە نەدات حیزبەکان نوێنەر بۆ کۆنفرانسەکە دیاری بکەن و خۆی نوێنەری کۆنفرانس دەستنیشان بکات، ئەو دەڵێت"ململانێیەکە پەیدابوو، بۆ ئەوەی ململانێیەکە بەربەست بکەین کۆنفرانسەکەم دواخست و، لێنەگەڕام ململانێ بێتە ناو کۆنفرانسەکەوەو، بڕیارمانداوە خەڵک بەپێی ئاستی توانا و لێهاتوویی دابنێین، نەک لەرێگەی ململانێی حیزبییەوە".

# هەموارکردنی یاسای باری کەسیی کێشە دەنێتەوە

**رووداو – سلێمانی**

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، لقی سلێمانی رۆژی 5/28/ 2008 بەنووسراوی ژمارە (208) نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان کردووەو تێیدا سەرنج و تێبینی (لیژنەی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان) لە سلێمانی لە پێنج خاڵدا خستووەتەڕوو کە ئیمزای د.محەمەد گەزنەیی لەسەرەو تێیدا رەخنە لەوە گیراوە کە بەپێی یاسا هەموارکراوەکە رێگە بەزەواجی کاتی و سیغەو میسیار دراوە.هەر بەپێی نووسراوەکە پێناسەیەکی واش بۆ هاوسەرگیری دانراوە کە پیاو خوشک و پووری خۆشی مارە بکات کە ئەمانەش پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامن.

د.مستەفا زەڵمی سەرۆکی لیژنەی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی عێراقی، ئەو سەرنجانەی یەکێتی زانایان رەتدەکاتەوەو دەڵێ "ئەوەی کردوومانە پێچەوانەی ئیسلام نییە بەڵکو موخالەفە کردنی ئەو فیکرە فاسیدە خورافیەی مێشکی مەلایە".

یاسای باری کەسێتی عێراقی ژمارە "188"ی ساڵی 1959، تایبەتە بەماف و کاروباری ئافرەتان، کە ماوەیەکە لیژنەیەک پێکهاتووە بۆ هەموارکردنی، ئەوەش کێشمە کێشمێکی زۆری ناوەتەوە.

لەو یاداشتەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامدا کە وێنەیەکی دەست (رووداو) کەوتووە هاتووە " لەدەستووری عێراقی فیدراڵدا هاتووە لە مادەی 2ی بڕگەی 1،ناکرێت یاسایەک دابڕێژرێت دژی بەندە نەگۆڕەکانی ئیسلام". لەخاڵی چوارەمی ئەو یاداشتەشدا هاتووە " سەبارەت بەبڕگەی 1ی مادەی 3 کە تایبەتە بەپێناسەی هاوسەرێتی دەڵێت: (الزواج عقد تراض بين رجل و امراة بهدف تكوين الأسرة على أسس المودة الرفق والمسؤليه المشتركة) پێناسەکە هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ رستەی (تحل له شرعا) بەمەش پێناسەکە هاوسەرێتی و خێزانداری لەمانا شەرعیەکە دادەڕنێت، ئەمە بێجگە لەوەش کە رستەی (تحل له شرعا) گرنگی خۆی هەیە و فەرامۆشکردنی شەرعیەت بە زۆر لەو مومارەسە هەڵەو نادروستانە دەدات کە لەژێر هاوسەرێتیەوە ئەنجام دەدرێت و دەکرێت وەک هاوسەرگیری (متعة، صیغة، مؤقت، مسيار، عرفي، شغار، مزند و ...هتد) بێجگە لەوەش رێگا دەدات کە پیاو خوشکی خۆی، پوری خۆی، گرێبەستی لەگەڵدا بکات. (نكاح المحارم)".

لە دوا سەرنجیشدا کەدەربارەی فرەژنییە لە نووسراوەکەی یەکێتی زانایانی ئایینی دا هاتووە " سەبارەت بە برگەی 4 و 5 و 6 و 7 کە تایبەتە بەچەند ژنی، ئەوەی کە دەڵێت (لايجوز تعدد الزوجات). بەو رەهاییە پێچەوانەی دەقی قورئانی پیرۆزە، قورئان کاتێک رێگەی بە فرەژنی داوە بە مەرجی تایبەتی خۆی، بە رەهایی رێگەی نەداوە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە پیاو و ژن یەکسانن لە میراتدا بە هەموو شێوەیەک، وەک دەڵێت: (يكون توزيع الميراث للمستحقين فى التركة على اساس المساوات بين الذكر و الانثى بالنسبة للوارثين بالقرابة والنكاح الصحيح) ئەم بڕگەیەش پێچەوانەی دەقی نەگۆڕی قورئانە کە دەفەرمێت: (للذكر مثل حظ الأنثيين) النسا 176. ئەم سێ نموونەیە تایبەتن بە رەشنووسی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتییەوە کە لەلایەن لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان و ژنانی پەرلەمانەوە هەموار کرابوو کە شیاو نییە و ناگونجێت ئەمانە بکرێنە یاسا لە کوردستان".

یەکێتی زانایان لەکۆتاییدا داوا دەکات " لێژنەیەک پێکبێت کەهەندێ لەشەرعزان و یاساناس و کۆمەڵناس و سەرجەم رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان بۆ پێداچوونەوەی جارێکیتر بە وردتر و قوڵتر".

لەوەڵامی ئەم بۆچوون و تێبینیانەدا د.مستەفا زەڵمی سەرۆکی لیژنی هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراقی بۆ (رووداو) وتی " جارێ ئەو یاسایە نەگەیشتووەتە کاک نێچیرڤان و کەس دوایین دەستکاری ئەویاسایەش نازانێ تاوەکو لەلای سەرۆکی حکومەت نەگەڕێتەوە، ئەوانە هەر لەخۆیانەوە قسەی لەسەر دەکەن، پاشان ئەو یاسایە دەچێتەوە پەرلەمان و دواتر بەفەرمی بڵاودەکرێتەوە با مەلاکان بچن لەپەرلەمان موناقەشەی بکەن، ئێمە هیچ شتێکمان نەکردووە پێچەوانەی شەرعی ئیسلام بێت، بەپێچەوانەوە شتی وامان کردووە کەموخالیفی ئەو فیکرە فاسیدەیە کە لە مێشکی ئەواندا هەیە، هەرچیەکمان کردووە نە موخالیفی قورئانە و نە موخالیفی سوننەتە".

دەربارەی ئەوەی کەیەکێتی زانایان پێیانوایە لەمادەکانی "3،4،5،6،7"دا باس لەفرەژنی کراوەو قەدەغەی فرەژنی کردووە کەموخالیفی قورئانە، د. زەڵمی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا وتی " جارێ مادەی 5،6،7، لەو هەموارکردنەدا نییە، هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەوەدا نییە کە تۆ مەرج دانێی زوڵم لەئافرەت نەکرێ لەگەڵ ئەوەدا کەخەڵک خوشکی خۆی مارەبکات، ئەوە قسەیەکی بێ مەعنای پڕلەخورافەیە".

لە کۆتایی وەڵامدانەوەکانی د.زەڵمی بۆ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، دەڵێ " ئامادەم لەبەردەم هەموو مەلایەکدا موناقەشەی بکەم، کە هیچ شتێک لەو یاسایەدا نییە پێچەوانەی قورئان بێت ئەوەش کە لەسەر فرەژنی دەیڵێن مەرجەکانی لەقورئان دەرهێنراوە، ئێمە موخالەفەی قورئانمان نەکردووە، بەڵکو موخالەفەی ئەو فیکرە فاسیدە خورافیەی مێکشی ئەوانمان کردووە".

## بەپێی ئەو هەموارکردنە پیاو دەتوانێ زەواج لەگەڵ خوشک و پوری خۆی بکات

لیژنەی فتوا لە سلێمانی

## ئەوەی کردوومانە پێچەوانەی ئیسلام نییە، بەڵکو موخالەفە کردنی فیکری فاسیدی مێشکی ئەوانە

د.مستەفا زەڵمی سەرۆکی لیژنەی هەموارکردن




سیمنارێک لەسەر یاسای باری کەسی لە کوردستان (فۆتۆ:رووداو)



## ئێران دوو ژنە چالاکڤانی کورد ئازاد ناکات

تایبەت بەرووداو

◆ تائێستا دەسەڵاتدارانی ئێران ئامادەنین هەردوو ژنە چالاکڤانی کورد هانا عەبدی و رووناک سەفازادە ئازادبکەن، رۆژنامەنووسانی بێسنووریش داوا دەکەن فشار بخرێتە سەر ئێران بۆ ئازادکردنیان. رۆژنامەنووسانی بێسنووری هەرێمی کوردستان-باشوور لەبەیاننامەیەکدا بەتووندی رژێمی ئێران شەرمەزار دەکەن و داواش لەرێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەکەن فشار بخەنە سەر ئێران "بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئەو هەڵوێستە نامرۆڤانەیەی ببێت".

### دیمیستۆرا پێشنیاز دەکات

# مەخموورو ئاکرێ بۆ کوردستان.. قەراج و حەمدانییەو مەندەلی بۆ بەغدا

**رووداو- هەولێر**

پێنجشەممەی رابردوو ستیفان دیمیستۆرا نێردراوی تایبەتی ئەمینداری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق یەکەمین کاری شیکردنەوەی کە ئەو لیژنە نێودەوڵەتییە دەربارەی ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە پێشکەشی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق کرد. بەپێی ئەو پێشنیازە وەک هەنگاوی یەکەم و زەمینەسازی بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو، چارەنووسی چوار قەزا یەکلایی دەکرێنەوە. دیمیستۆرا وەبیردێنێتەوە کە ئەو پێشنیازانە مولزەم نین و بڕیاری کۆتایی لەوبارەوە بۆ حکومەتی عێراقە.

راپۆرتەکە ئەو پێشنیازانە بە"شیکردنەوەی یەکەم" ناودەبات کە نەتەوەیەکگرتووەکان لەپێناوی یارمەتیدانی عێراق لە چارەسەرکردنی کێشەی سنووورە نێوخۆییەکاندا پێشکەشی کردووە. نێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەسەڵاتی کارکردنی لەسەر ئەو کێشەیە لەبڕیاری ژمارە 1770ی ساڵی 2007ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە وەرگرتووە کە دەستەی سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆک وەزیری عێراق و سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان پێش تەواوبوونی ماوەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لەکانوونی یەکەمی رابردوودا لەسەری رێککەوتوون. رۆژی پێنجشەممەی رابردووش لیژنەکە چەند راپۆرتێکی شیکاری لەبارەی چوار لەو قەزایانەی کێشەیان لەسەرە پێشکەشی ئەو لایەنانە کرد کە هاوپێچ لەگەڵیدا میتۆدی کاری لیژنەکە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە رەوانەکراوە.

ستیفان دیمیستۆرا لەبارەی راپۆرتەکەوە گوتی "پێمخۆشە دڵنیاتان بکەمەوە کە تەنیا حکومەتی عێراق بەرپرسیارێتی سیادی هەیە بۆ وەرگرتنی هەر بڕیارێک دەربارەی پرۆسەکەو ئەو میتۆدەی بۆ چارەسەری کێشەی سنوورە نێوخۆییەکان گیراوەتەبەر".

راپۆرتەکە بۆ بنیاتنانەوەی متمانە لەنێوان دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرەو یەکلاکردنەوەی بەرپرسیارێتی ئیدارییان پێشنیازی کۆمەڵێک رێوشوێن دەکات، نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەعێراق رایگەیاند کە پێشڤەچوون لەبواری چارەسەرکردنی کێشەی سنوورە نێوخۆییەکاندا دواجار پێویستی بە رێککەوتنێکی سیاسی هەمەلایەن هەیە.

### ئەو چوار قەزایەی دەبنە پێشەنگ

راپۆرتەکە وادەخاتەروو کە هەڵبژاردنی ئەو چوار قەزایە تەنیا نموونەیەکەو دەکرێت لێیەوە پەرە بەو میتۆدە بدرێ کە لە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو چوار قەزایەدا دەگیرێتەبەر بۆئەوەی دواتر لە ناوچەکانی دیکەشدا جێبەجێ بکرێ.

### قەزای ئاکرێ – پارێزگای نەینەوا

پارێزگای دهۆک لەساڵی 1991ەوە بەڕێوەبردنی قەزای ئاکرێی گرتووەتە ئەستۆ، ئاکرێ دەکەوێتە باکووری هێڵی سەوز کە هەرێمی ئێستای کوردستانی لە ئیدارەی عێراق جیاکردووەتەوە، بەم شێوەیەش ئاکرێ بەیەکێک لەو قەزایانە دادەنرێ کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، لەو قەزایەدا کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، هەربۆیە لەحاڵەتی گواستنەوەیدا بەشێوەیەکی فەرمی بۆ سەر پارێزگای دهۆک پێویستی بەوە نییە گۆڕینێکی ریشەیی لە پێکهاتە ئیدارییەکەیدا بکرێ.

### قەزای حەمدانییە – پارێزگای نەینەوا

پارێزگای نەینەوا هەر لەساڵی 1932ەوە بەردەوام بووە لە بەڕێوەبردنی قەزای حەمدانییە، ئەو قەزایە دەکەوێتە دەرەوەی ئەو ناوچانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 19ی ئاداری 2003وە بەڕێوەیان دەبات. قەزای حەمدانییە لەڕووی ئیداری و ئابوورییەوە بەشێوەیەکی توند بە پارێزگای موسڵەوە گرێدراوەو لەڕووی مێژووییشەوە سنووری ئەو قەزایە لەچەند شارۆچکەیەکی گەورەی مەسیحی و گوندی پەرشوبڵاوی شەبەک و عەرەب پێکهاتووە بەتایبەتیش لەناحیەی نەمرود.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی لە قەزای حەمدانییە پاش ئاداری 2007 لەوانەیە کاریگەریی هەبێت لەسەر کۆمەڵگە لاوازەکانی ئەوێ کە چ ئیدارەیەک هەڵبژێرن، هەروەها خراپیی بارودۆخی ئەمنی لەعێراق کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر پێکهاتەی دانیشتوانەکەی داناوەو بەوهۆیەوە مەسیحی و شەبەک کە بەژمارەی زۆر لەناوچەکانی دیکەی عێراقەوە هەڵاتوون، لەنێو حەمدانیەدا بەشێوەیەکی بەرچاو روویان لەزیادبوون کردووە، بەپێی ئەو شیکردنەوەیەی پێشکەشکراوە، لەوانەیە حکومەتی عێراق حەزبکات بەردەوام بێت لەسەر بەڕێوەبردنی قەزای حەمدانییە لەڕێی پارێزگای موسڵەوە.

نێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێشنیاز دەکات کە بۆ بنیاتنانی متمانە بەشدارییەکی زیاتر بە عەرەب و مەسیحییەکانی حەمدانییە بکرێت لەریزەکانی پۆلیسی عێراقداو هێزەکانی پۆلیس بەخێرایی شوێنی هێزەکانی ئێستای پاراستنی ئاسایش بگرنەوە (کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە پێشمەرگە پێکدێن).

### قەزای مەخموور – پارێزگای نەینەوا- پارێزگای هەولێر

مەخموور لەساڵی 1932ەوە هەمیشە بەشێکبووە لەپارێزگای هەولێر، ژمارەیەکی زۆر لە بڕیارو فەرمان و یاسای حکومیش ئەمە دووپات دەکەنەوە، بەڵام پارێزگای نەینەوا لە ساڵی 1991 بەدواوە کە هێڵی سەوز دیاریکراو بووە هۆی جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستان لەئیدارەی حکومەتی عێراق، بەڕێوەبردنی قەزای مەخمووری گرتەدەست، بەهۆی ئەوەوە قەزای مەخموور بەشێوەیەکی گشتی لەریزی ئەو قەزایانە دادەنرێ کە دەکەونە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یاساو بڕیارێک نییە ئیدارەی قەزای مەخمووری بەشێوەیەکی فەرمی لە پارێزگای هەولێرەوە بۆ پارێزگای نەینەوا گواستبێتەوە.

ئەم ناڕۆشنییە لە مەسەلەی ئیداریی قەزای مەخمووردا بووەتە هۆی ئاڵۆزکردنی باری گەشەپێدان لەو قەزایەو وایکردووە کە بەیەکێک لە کەمخزمەتترین قەزاکانی عێراق بژمێردرێت، لەلایەکی دیکەوە دانیشتووانی ناحیەی قەراج زۆرینەیان عەرەبن، عەرەبەکانی ئەوێ بەتوندی دژی ئەوە دەوەستنەوە کە بەڕێوەبەرایەتیان بدرێتە دەست هەولێر، بەپشتبەستن بەم شیکردنەوەیە، لەوانەیە حکومەتی عێراق حەزبکات هەندێ هەنگاو بگرێتەبەر بۆئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی ئیدارەی قەزای مەخموور بگێڕێتەوە سەر پارێزگای هەولێر بەبێ ناحیەی قەراج کە لەوانەیە وا باشتربێت ئیدارەکەی بخرێتە سەر قەزا یان پارێزگایەکی دراوسێی.

### ناحیەی مەندەلی – قەزای بەلەدروز لە پارێزگای دیالە

مەندەلی کە بەیەکەمین قەزا دادەنرێ لەعێراقدا، بە مەرسوومێکی کۆماری لەساڵی 1987 ئاستی ئیداری دابەزێنراوە بۆ ناحیەیەکی سەر بە قەزای بەلەدروز، بەڵام هەمیشەش، هەر لەساڵی 1932ەوە بەشێک بووە لە پارێزگای دیالە، بەدوای دەرکردنی کوردە فەیلییەکان و پێکهاتەکانی دیکەیدا لەساڵانی حەفتاکان، بەهۆی ژمارەیەکی زۆر لە بڕیارەکانی پەیوەست بەجەنگی عێراق ئێران لەساڵانی هەشتاکاندا دانیشتوانی ئەو قەزایە بەرەورووی راگواستن بوونەوە، ئەم شەپۆلە گەورەیەی راگواستن بووە هۆی کەمبوونەوەیەکی زۆری دانیشتوانی قەزاکە.

پاشکەوتوویی لەڕووی گەشەپێدان و ساڵانێکی درێژ لە جموجوڵی سەربازی و سەرکوتکردن و پشتگوێخستنی بە بەرنامە لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و کەمیی ئاوی خواردنەوە رێگربوون لەبەردەم گەڕانەوەی بەکۆمەڵی دانیشتوانە رەسەنەکەیدا، بەڕێوەبردنی مەندەلی لەڕێی پارێزگای دیالەوە درێژەپێدان دەبێت بەو ریزبەندییە ئیدارییە مێژووییە.

نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق پێشنیازی زنجیرەیەک هەنگاودەکات بۆبنیاتنانی متمانە لەپێناوی مسۆگەرکردنی دانپێدانان بەمێژووی تراژیدیانەی مەندەلی (بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کوردو تورکمانەوە هەیە)و چارەسەرکردنی ئەو پشتگوێخستنە بە بەرنامەیەی قەزاکە.



مام جەلال پرۆژەی UN لە دیمستۆرا وەردەگرێ

### عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی:

# ئەگەر نەرمکێشی دەستبەرداربوون لە کەرکووکی تێدا نەبێ من لە گەڵیدام

هەفتەی رابردوو، پێش ئاشکراکرانی فەرمی پێشنیارەکانی دیمستۆرا بۆ چارەسەری " ناوچە کێشە لەسەرەکانی"ی چوارچێوەی مادەی 140، (رووداو) هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان ئەنجامدا، کە بەشێکی دیدارەکە تایبەت بوو بە کەرکوک:

رووداو- هەولێر

**رووداو: ئێستا کە شەش مانگە درێژکراوەکەش وا تێدەپەڕێ، دیمیستۆراش پرۆژەی تازەی پێیە، پێتوایە کێشەی کەرکووک دەگاتە کوێ؟**

**عەلی باپیر:** قەناعەتم وایە گەڕانەوەی کەرکووک زەحمەتە. بەپێی خوێندنەوەی من بۆ سیاسەت و هەڵوێست و سروشتی ئەمریکا کە جگە لەبەرژەوەندییەکانی خۆی نرخ بۆ هیچ شتێکی دیکە دانانێت، خوێندنەوەم بۆ هەڵوێستی دەوڵەتانی دراوسێ کەبەداخەوە کەمتر وا روودەدات دان بەمافە رەواکانی میللەتی کورددا بنێن، ئەوەش بووەتە کەلتوورێکی بەجێماو لەدڵیانداو پێموایە بەئاسانی هەڵناکەنرێت، بە خوێندنەوەی واقیعی حکومەتی عێراقیش و ئەو ناکۆکییەی هەیە لەنێوان هێزە سیاسییەکانیدا، بەشێوەیەکی گشتی وایدەبینم مەسەلەی کەرکووک نالێم لەدەستچووە، بەڵام ئەگەر بەتەمای ئەوەبین ئەمریکا ئەو مافەمان بۆ بچەسپێنێ و بەتەمای ئەو میکانیزمەبین کە تائێستا بە تەمای بووین ئەوە ناکرێ و دەبێت بیر لەشتی دیکە بکرێتەوە، پێشموایە مەسەلەی کەرکووک زەحمەتە، بەتایبەتی ئێستا کە بەنێودەوڵەتی کراوەو خراوەتە دەست نەتەوەیەکگرتووەکان کەهەندێک کەس پێی دڵخۆشن، هەندێک لێکۆڵەری سیاسیش گوتوویانە هەر کێشەیەک بکەوێتە دەست نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر درێژەدەکێشێت و مردار دەبێت، پێموایە ئەمریکا بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆی وایکرد بکەوێتە دەست نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەوەی زۆر گلەیی لێنەکرێت، هەرچەندە گلەیی لێدەکرێ بەراستیش ئەمریکا زیاتر قەزییەکەی بەزایەدا، چونکە ئەو کاتەی جەی گارنەر و پۆل بریمەر دەیانگوت نابێ عەرەبە هاوردەکان بنێردرێنەوە ئەوە پێچەوانەی دیموکراسی و مافی مرۆڤە ئەو کاتە ئەوان زەربەیان لە ئێمەدا. دیارە خۆشمان بێ خەتا نەبووین، بەڕاستی ئەدای سیاسی و ئیداری پارتی و یەکێتی لە کەرکووک شتێکی سەقەتبوو، خۆشیان دانی پێدادەنێن کە جاری واهەبووە لەسەر رەنگی پردێک کەوتوونەتە کێشە، بەیانیان رەنگێکیان لێداوەو ئێوارە رەنگێکی دیکە، لەسەر بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک رێکنەکەوتوون، باش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکاندا نەکردو نموونەیەکی خراپیان پیشانداون و هیچ نرخێکیان بۆ دانەناون، کە هەروایان هەڵسوکەوت لەگەڵ دەکردن دەبووایە هەر بە عەمەلیش سنوورەکەیان دیاری بکردایەو بیانگوتایە کاکە ئەوە بۆ خۆمان دەبەین، لەلایەکەوە ئەوەیان رانەگەیاندووە کە کەرکووک سەربە هەرێمی کوردستانە بەیەکجاری، لەلایەکی دیکەشەوە هەڵسوکەوتەکەیان وابووە وەکو بڵێی کەرکووکیان تەنیا بەهی خۆیان زانیبێ و نرخیان بۆ تورکمان و عەرەب دانەناوەو هەموویان رەشبین کردووە، ئیدی تورکمان خۆی بەناچار زانیوە روو لە تورکیا بکات و ئەوی دیکە روو لەلایەکی دیکە بکات، سەرئەنجام رەوشەکە ئاڵۆسکاوە کەدەستی دەوڵەتانی ئیقلیمی و نەتەوەیەکگرتووەکانیشی بێتە ناو، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە وەک کوردێک کەرکووک بەشارێکی کوردستانی دەزانین وهەرکەسێک بیەوێت بە ویژدان و دادگەرییەوە لەگەڵمان مامەڵەبکات پێویستە ئەو حەقەمان بۆ دەستبەرداری بین، بسەلمێنی کە بەشێک نییە لە کوردستان، باسی ئەوشتانە کرا. باسی ئەوەشکرا کە لەرابردوودا ئەزموونی تاڵمان هەبووە لەوەدا کە گوتومانە یان هەمووی یان هیچ، ئەنجامەکەش هیچەکە بووە. هەر لە ئەساسدا شتەکەمان بە هەڵە هێناوەو پێچەوانەی واقعیشە، چونکە خۆ کەرکووک دیارە کە شارێکی کوردستانییە، هەرچەندە من وەک ئیسلامییەک پێم باشە لە چوار چێوەی عێراقدا هەوڵبدەین مافەکانی خۆمان دەستەبەر

## دەبێ داکۆکی لەسەر ئینتیمای عێراقیمان بکەینەوە

**رووداو: تۆ لەگەڵ ئەو نەرمکێشیەی بۆ دەستبەرداربوون لەو شوێنانە؟**

**عەلی باپیر:** لەگەڵ ئەوەدابوون دووشێوەیە، من شتەکەم نەخستووەتەڕوو، پێویستیش ناکات بڵێم کێ خستوویەتییەڕوو، چونکە هەندێک شت ئەمانەتی کۆبوونەوەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو مەسەلەیە باسکراو من بە مەفهومێک لەگەڵیدام کە دەستبەرداری ئەسڵی کەرکوک نەبین، بەڵام دەستبەرداری قەزایەک و ناحیەیەک جیاوازە، ئەسڵی کەرکوک وەکو رەمزێک کە چەند ساڵە خەباتی لە پێناودا کراوەو قوربانی بۆ دراوە، دەستبەرداری ئەوەنەبین ئەگەر دەستبەرداری یەک دوو شوێنی دیکەشبین. ئەونەرمشە بەو مەفهومە لەگەڵیدام، بەڵام نەرمش بەو مانایەی کە دەستبەرداری کەرکووک بین نەخێر، چونکە کە وامانکرد نیشانەی پرسیار دەخەینە سەر هەموو خەباتی رزگاریخوازی کورد کە زۆرجار لەسەر کێشەی کەرکووک تێکچووە، مانای ئەوەیە بسەلمێنێت و خۆشمان بە حەقی خۆمانی بزانین، گرنگ ئەوەیە لێی نەیێینە خوارێ لەبەرئەوەی رەوشی سیاسیمان تەواونییە دەستبەرداری ئەو حەقە نەبین، ئیدی کە دەستبەرداری ئەو حەقە نەبووین لەوانەیە نەوەکانی داهاتوومان بتوانن ئەو حەقە وەربگرنەوە، ئەگەر لەئێمە بەتواناترو دڵسۆزتربوون.

**رووداو: لەئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان باسی ئەوە کراوە؟**

**عەلی باپیر:** من لەدوایین کۆبوونەوەدا بەشدار نەبووم، بەڵام لە کۆبوونەوەی پێشتردا باسکرا کە وەزعەکە بەو ئاقارەدا دەڕوات کە ئێمە دەبێت جۆرێک لە نەرمش پێشانبدەین لە هەندێک لەو شاروشوێنانەی دیکەی کەئێمە لەنێو جوگرافیای کوردستاندا دەیانبینین بۆ ئەوەی هەندێکی دیکەمان بۆ دەستەبەربن، بۆ وێنە دەبێت ئێمە لە مەندەلی نەرمکێشی بکەین بۆ ئەوەی خانەقینمان دەستبکەوێت.

**رووداو: نەرمکێشی بەمانای چی؟**

**عەلی باپیر:** بەو مانایەی کە



عەلی باپیر (فۆتۆ: رووداو)

بکەین، واتە هاوکات لەگەڵ ئەوەی داکۆکی لەسەر مافەکانی خۆمان دەکەین، دەبێت داکۆکی لەسەر ئینتیمای عێراقیشمان بکەین، ئەوە خراپ نییە لانیکەم بۆ ئەوەی گومان و تۆمەتی خەڵک بڕەوێنینەوە، بەڵام بەو واتایەش نا کە دەستبەرداری کەرکووک بین، چونکە دەبێت ئەوەشت لەبەرچاوبێت کە رەنگە رۆژێک لە رۆژان ئەگەر ناچارکرایت کیانێکی سیاسی خۆتت هەبێت، ئەوکاتە بەبێ ژێرخانێکی ئابووری وەزعت زەحمەت دەبێت، دیارە کەرکوکیش لەو بوارەدا شوێنێکی گرنگی هەیە.

## کوردستانی



**تورکیا 200 پەزان دکوژیت**

**ڕووداو - ئامێدی**

◆ هێزێن تورکیا تەقە ل پەزێ وەلاتیێن خەلکێ دەڤەرا کانی ماسێ سەر ب قەزا ئامێدیێ کر و نێزیکی 200 سەرە پەزێن وان کوشتن و خودانێن وان ژی ب زۆری شیان خۆ ڕزگار بکەن. سلێمان ئیسلام کو وەلاتیەکێ کانیماسێیە دیارکر کوئێڤاریا ڕۆژا 6/4 سێ وەلاتیێن وێ دەڤەرێ ب رێکێن قاچاخ بەزێ خو دەربازی سنووری تورکیا کربوون بۆ چەراندنێ و ل گوندەکێ سەر سنووری هێزێن تورکیا تەقا کوشتنێ لێ کرن.

# هاوبەندی 16 ساڵەی حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان خەریکە هەڵدەوەشێتەوە



عەبدولڕەحمان عەلی
ebdulrahman@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

لەسەرپێڕەوکردنی مۆدێلی (تەوافوق) کە لەسیستەمی سیاسی باشووری کوردستان و عێراقدا ڕەچاو دەکرێت، ماوەی چوار مانگە هاوبەندی دیموکراتیی کورد لە سوریا بەرەوڕووی قەیرانێکی ناوخۆیی بووەتەوە.

هاوبەندی دیموکراتیی کورد لەسوریا کە لە چوار حیزب پێکدێت، ناکۆکییەکانیان گەیشتووەتە لوتکەو خەریکن هاوبەندییەکی 16 ساڵە تێکدەدەن.

نزیکەی 4 مانگە هاوبەندی بەکردەوە بووەتە دوو بەش، پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆ بەڕێبەرایەتی حەمید حاجی دەروێش و حیزبی یەکێتی دیموکراتی کورد بەڕێبەرایەتی ئیسماعیل عومەر لایەنێکی پێکدێنن و باڵەکەی دیکەشی لە پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا (ئەلپارتی) بەڕێبەرایەتی نەسرەدین ئیبراهیم و پارتی چەپی کوردی لەسوریا بەڕێبەرایەتی محەممەد موسا پێکدێت.

نوری بریمۆ نووسەر و بەرپرسی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا (ئەلپارتی) بەسەرۆکایەتی نەزیر مستەفا، کە ئەوانیش لەگەڵ چوار حیزبی دیکە بەرەی دیموکراتیان هەیە، لەبارەی کێشەکانی ناو هاوبەندی دەڵێ "ئێمە حەزمان دەکرد ئەو کێشەیە لەناوخۆدا چارەسەر بکرێ، نەک ببێتە شەڕە قسەی ناو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت، لەبەر ئەوەی ئەو لێکدابڕانە زیان بە بەرژەوەندی کردو عەرەبەکان لەرێگای هەڵبژاردنەوە نوێنەرەکانی خۆیان گەیاندە ئەنجوومەن، بەڵام لایەنی دووەمی هاوبەندی لەسەر ئەوە پێداگرییان کرد کە دەبێ وەک مۆدێلی کارپێکراوی باشووری کوردستان پرەنسیپی تەوافوق پێڕەو بکرێت.

نەتەوەیی کورد دەگەیێنێ".

نوری بریمۆ کە خۆی پێشتر پێنج ساڵ ئەندامی کومیتەی باڵای هاوبەندی دیموکراتیی کورد لەسوریا بووە،لەسەر لیستی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد کە ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە بوو دەڵێ "ئەمڕۆ دەردەکەوێت کە پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆ و پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد بۆچی ساڵی 1998 بێ هیچ مەرجێک هاتنە ناو هاوبەندی، ئەوانە دەیانویست هاوبەندی کۆنترۆڵ بکەن، بۆیە هەر لە سەرەتاوە پارتە سەرەکییەکانی ناو هاوبەندییان پارچە پارچە کرد".

هەر پاش ئەو پارچەبوونە، هەریەک لە ئەلپارتی و حیزبی وەکهەڤی و حیزبی نیشتمانی کورد لەسوریا بەرەیەکیان پێکهێنا بەناوی بەرەی دیموکراتی کورد. کە پارتی یەکێتی کوردیش لەوانەوە نزیکە. ڕاپەڕینی 2005ی قامشلۆ بووە هەوێنێک بۆ یەکگرتنی لایەنە کوردییەکانی ڕۆژئاوا، هەربۆیە لەو ڕاپەڕینەدا، هاوبەندو بەرە یەکیانگرت و لیژنەیەکی هاوبەشیان پێکهێنا کە سەرکردایەتی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانی دەکرد.

لە ڕاپەڕینەکەی قامشلۆوە لە 2005/3/13 تا2007/12/1 کە ڕۆژی بەستنی کۆنگرەی ڕاگەیاندنی دیمەشق بوو، ئەو لیژنەیە نوێنەرایەتی کوردی دەکرد. لەو کۆنگرەیەدا 43 کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد بەشدارییان

## سەرکردایەتی هاوبەندی وەک مار خەریکی دڕینی سکی خۆیانن

نوری بریمۆ، ئەندام سەرکردایەتی ئەلپارتی



ئیسماعیل عومەر و حەمید حاجی دەروێش دوو هاوپەیمانەکەی دوێنێ و دوو ڕەخنەلێکگرەکەی ئەمڕۆ

## پارتی چەپ و پارتی یەکێتی دیموکراتی ڕاپۆرتیان بۆ پارتی و یەکێتی نارد کە حەمید حاجی دەروێش جنێوی بەسەرکردایەتی باشوور داوە، بەڵام ئەوان گوتیان حەمید حاجی دەروێش خەباتگێڕە و جنێو بە ئێمە نادات

ئەندامێکی سەکردایەتی پارتی پێشڤەڕۆ

نوری بریمۆ لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەبووایە لەنێوان بەرەو هاوبەنددا سێ کەس بۆ ئەنجوومەنی کۆنگرە هەڵبژێردرابان، بەڵام هاوبەندی لەنێوان خۆیاندا ڕێکنەکەوتن و دواتر لەهیچ وخۆڕا ئەو پرسەیان گەورە کردو کردیانە هەوێنی لێکدابڕان".



پارتەکانی ئەندام لەهاوبەندی داوای چارەسەری دۆزی کورد لەچوارچێوەی سوریادا دەکەن، پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد داوای ئیدارەی زاتی دەکا لە پرۆگرامەکەیدا، داواکانی حیزبەکانی دیکەی ناو هاوبەندی بەتایبەتی داخوازییەکانی حیزبەکەی حەمید حاجی دەروێش زۆر لەخوارترەوەن.

هاوبەندی دیموکراتی کورد لەسوریا، کە لە 1ی شوباتی 1992 بەبەشداری چوار حیزبی کوردی ڕۆژئاوا دامەزراوە لە پارتی، پارتی هەڤگرتنا گەل، پارتی چەپی کورد پێکدێت.

بریمۆ بەتوندی ڕەخنە لە لایەنەکانی ناو هاوبەندی دەگرێ و دەڵێ "ئەگەر مار برسی بوو زکی خۆی دەگەزێت، دیارە سەرکردایەتی هاوبەندیش برسین بۆیە خەریکی دڕینی زکی خۆیانن". پارتی چەپ و پارتییەکەی ناو هاوبەندی لایەنی ناکۆکی ناو هاوبەندین و حەمید حاجی دەروێش بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەکۆبوونەوەی کومیتەی باڵای هاوبەندیدا ڕەخنەو قسەی خراپی بە سەرکردەکانی باشووری کوردستان گوتووە. بەڕای نوری بریمۆ ئەگەر حەمید حاجی دەروێش بەو قسانەی جارێک هەڵەی کردبێ، ئەوانی دیکە بەهۆی گواستنەوەو گەورەکردنەوەی لەراگەیاندندا دووجار هەڵەیان کردووە.

ماوەیەک لەمەوبەر بۆ لاوازکردنی بزاڤی ڕاگەیاندنی دیمەشق دەزگای هەواڵگری سوریا زیاتر لە15 ئەندامی ئەو کۆنگرەیەی دەستگیر کرد، نوری بریمۆ ئەو گومانە نارەوێنێتەوە کە دەڵێ هاوبەندی دەستی لەو پیلانەدا هەبووە شانبەشانی سوریا "سیستەمی دەوڵەتی سوریا لەسەر موخابەرات دامەزراوەو شتێکی ئاساییە دەستی تێدا هەبێت".

هەرلەوبارەوە عەلی شەمدین نوێنەری پارتی پێشڤەڕۆی کورد دەڵێت "سوریا 35 ساڵە دەیەوێت لەنێوان کورداندا ناکۆکی و پارچەبوون دروست بکات، بەدڵنیاییەوە دەستی لەوەشدا هەیەو ئەوکارانەی برادەرانمان تەنیا لەبەرژەوەندی دەوڵەتی سوریادایە".

بریمۆ باس لەوە دەکات کە ئۆپۆزسیۆنی سوریا ئێستا پەرتەوازەیەو دەڵێت "جەماوەر لەناوەوەی وڵات ئەوانە بە ڕووڕەش دادەنێت بەڕادەیەک کە لەوانەیە ڕۆژێ لەڕۆژان بەر لە بەرپرسانی دەوڵەت، عەبدولحەلیم خەدام و عەلی سەدرەدین و سەلاح بەدرەدین و ڕەفعەت ئەسەد دادگایی بکەن".

ڕژێمی سوریا تەنیا لە ڕاگەیاندنی دیمەشق دەترسێت، چونکە لەکۆنگرەدا 265 کەسی سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیر لەسەرانسەری سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان بەشدارییان کردبوو، 50%ی ئەندامانی ڕاگەیاندنی دیمەشق هەرکامیان 5 تا 10 ساڵ لەزیندانەکانی سوریادا ژیاون.

نوری بریمۆ وێڕای ئەوەی ئەوە بەبیر دێنێتەوە کە ئەو دابڕانە لەبەرژەوەندی کوردی ڕۆژئاوادا نییەو قورسایی کوردیش لەڕاگەیاندنی دیمەشقدا کەم دەکاتەوە، پێیوایە ئەگەر هاوبەندی تێکبچێت ئەو حیزبانەش نامێنن چونکە ئەوان لەسەر ئەرزی واقیع نین و تەنیا ناون.

عەلی شەمدین لەبارەی سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانەوە، بیروڕای حیزبەکەی خۆیان پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کوردی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند و گوتی" لەکۆبوونەوەی2008/3/7 داو لەکاتێکدا دەستی پێکرد کە پارتی پێشڤەڕۆ و پارتی یەکێتی دیموکراتی ویستیان ئەزموونی سەرکەوتووی ئەنجوومەنی گشتی هاوبەندی دیموکراتی چالاک بکەن تا ببێتە ناوەندی بڕیار، بەڵام دوولایەنەکەی دیکە گوتیان دەبێ کەسانی سەربەخۆ مافی دەنگدانیان نەبێت و هاوبەندی تەنیا لەژێر کۆنترۆڵی ئەو چوار پارتەدا بمێنێتەوە". بەپێی پرەنسیپەکانی هاوبەندی بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێک دوو لەسەر سێی دەنگەکانی ئەنجوومەنی گشتی پێویستە.

ئەنجوومەنی گشتی هاوبەندی کە لە28 کەس پێکدێت، 14 کەسیان سەربەخۆن و 12یان لەنوێنەرانی چوار پارتەکە پێکدێن کە هەر پارتێک 3 نوێنەری هەیە. شەمدین دەڵێت "پاش ئەوەی ئەو دووپارتە بینییان کۆبوونەوەکە لە بەرژەوەندی ئەوان تەواو نەبوو، ڕاپۆرتێکیان بۆ هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نارد، کە تێیدا نووسیبوویان حەمید حاجی دەروێش لەکۆبوونەوەکەدا جنێوی بە سەرکردایەتی باشووری کوردستان داوە، دواتر لەبەرامبەر ئەواندا ئەنجوومەنی گشتی هاوبەندی بە واژۆی22 کەس ڕاپۆرتێکیان پێشکێشی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی کرد و ڕاپۆرتەکەی ئەوانیان بەدرۆ خستەوە، پاش ئەو مشتومڕەش یەکێتی و پارتیش لەوڵامی ئەو ڕاپۆرت و ڕاپۆرتکارییەدا ڕایانگەیاند کە حەمید دەروێش خەباتگێڕەو جنێو بەئێمە نادات".

شەمدین دەڵێ ئەوان دەیانەوێت پەیوەندییەکانی هاوبەندی لەگەڵ باشوور تێکبدەن و بەشداری کورد لەڕاگەیاندنی دیمەشقدا لاواز بکەن. هەرلەوبارەوە باڤێ سابیر نوێنەری پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە باشووری کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی میکانیزمی بڕیاروەرگرتن لە ئەنجوومەنی گشتیدا،لایەنێک داوای ئەوە دەکات کە وەک باشووری کوردستان لە هاوبەندیدا تەوافوق پەیڕەو بکرێت، بەڵام هەندێک دژی ئەوەن".سەبارەت بەرۆڵی دەزگای هەواڵگری سوریا لەو ناکۆکیانەدا باڤێ سابیر بەپلەی یەکەم "دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی کەسایەتی کوردو پارتە سیاسییەکانی، ئینجا دەزگای هەواڵگری سوریا"

## لەکاردانەوەی ڕاپۆرتەکەی دیمستۆرادا

# "دەترسم چەمچەماڵ و کفری و کەلاریش وەک ئاکرێیان لێبێت"

## وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم

**ڕووداو– هەولێر**

ئەگەرچی هێشتا لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانەوە هەڵوێستێکی فەرمی بەرامبەر ئەو ڕاپۆرتە شیکارییە ڕانەگەیێنراوە کە پێنجشەممەی ڕابردوو نێردراوی تایبەتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق لەبارەی چوار قەزای سنووری ناوچەکانی جێی ناکۆکییەوە پێشکەشی کرد، بەڵام هەموو ئاماژەکان وا پێشان دەدەن کە ڕاپۆرتەکە لەئاستی چاوەڕوانییەکانی کورددا نەبووەو ڕەنگە سەرلەبەری ڕەت بکرێتەوە، بەتایبەتیش کە سنووری دەسەڵاتی نێردەی تایبەتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری ژمارەی 1770ی ئەنجومەنی ئاسایش تەنیا پێشکەشکردنی یارمەتی و ڕاوێژو پشتیوانییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنوورە نێوخۆییەکان و هیچ لایەک ناچار بە پابەندبوون ناکات.

ستیفان دیمستۆرا لەو ڕاپۆرتە شیکارییەدا کە تایبەتە بەقۆناخی یەکەمی کارەکەی و چوار قەزای حەمدانییەو ئاکرێ و مەخموورو مەندەلی وەک نموونەی میتۆدە کارپێکراوەکەی وەرگرتووە، وا پێشنیاز دەکات کە حەمدانییە لەسنووری پارێزگای موسڵدا بمێنێتەوە، ئاکرێ بەشێوەیەکی فەرمی بگەڕێتەوە سەر دهۆک، مەخموور بەبێ ناحیەی قەراج بگەڕێتەوە سەر هەولێرو مەندەلیش لەسنووری پارێزگای دیالەدا بمێنێتەوە، ئەمەش لەکاتێکدا کە قەزای ئاکرێ بەپێی ماددەی 53ی یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەت، بەشێکە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چاوەڕوان نەدەکرا بکەوێتە چوارچێوەی ناوچەکانی جێی ناکۆکییەوە.

هەرچەندە فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە پێشنیازەکانی دیمستۆرا لەژێرلێکۆڵینەوەدایەوهێشتا هەڵوێستێکی فەرمیی لەبارەوە ڕانەگەیێنراوە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی محەممەد ئیحسان وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم دوێنێ 2008/6/8 بەشێکی کۆبوونەوەی خۆی بۆ تاوتوێکردنی ڕاپۆرتەکە تەرخان کرد، محەممەد ئیحسان لەو کۆبوونەوەیەدا ڕایگەیاند کە کاری ئەو نێردە نێودەوڵەتییە دوور بووە لەو میتۆدەی لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە. لەوبارەوە گوتی "ئەوەی لەگەڵ دیمستۆرا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە بریتی بووە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2005، بڕیارەکانی مەجلیسی قیادەی سەورە، بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکووری جاران، بارودۆخی ئەمنیی ئەمڕۆو پەیوەندیی ئابووریی ناوچەکان". بەڵام وەک ئەو گوتی، ئەو نێردە نێودەوڵەتییە بەگوێرەی ئەم میتۆدە کاری نەکردووە کە وەزارەت هەموو دۆکیومێنت و نەخشەو پێداویستییەکانی پەیوەست بەو کارەی خستووەتە بەردەم بۆئەوەی بەزووترین کات بتوانێ کارەکانی ئەنجام بدات.

وەک محەممەد ئیحسان ئاماژەی پێکرد، تاکە کارێکی باش کە بەهۆی کاری شەش مانگی ڕابردووی ئەو نێردە نێودەوڵەتیەوە کرابێت، پۆلێنکردنی ناوچەکان بووە، لەو ڕووەوە گوتی "ئەوە کارێکی گرنگ بوو کە بۆ یەکەمین جار بتوانین بەڕێگایەکی یاسایی بزانین کامانەن ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە، چونکە ئەمە نە لە دەستوور دیاری کراوە نە لە یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەت و نە لە یاسای ئۆتۆنۆمیی ساڵی 1974دا ناوچەکانی جێی ناکۆکی دیارە، بەڵکو دەڵێت ئەو ناوچانەی زۆرینەیان کوردن دەچنە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەڵام ئێستا دەتوانین دەستنیشانی بکەین کە چ ناوچەیەک جێی ناکۆکییە".

وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بەتووڕەییەوە باسی ئەو بەشەی ڕاپۆرتەکەی کرد کە تایبەتە بە ئاکرێ و گوتی "مەسەلەی ئاکرێ شتێکی چارەسەرکراوەو کێشەکە ئاکرێ نییە، ئەوە شتێکە هی ئێمەیەو لەگیرفانی ئێمەیەو وەک ئەوە وایە یەکێک بێت بڵێت بۆ تۆ". گوتیشی "من لە کەلارو کفری و چەمچەماڵ دەترسێم کە ڕۆژێک ڕاپۆرتەکە وەک ئاکرێی لێبکات. چونکە ئەوناوچانەش ئەگەر بەپێی پێوەری ناوچەکانی جێی ناکۆکی بێت دەتوانێ هەمان شتیان لەسەر بکات".

وەک محەممەد ئیحسان ئاماژەی پێکرد، قۆناخی دووەمی کاری ئەو نێردەیە تایبەت دەبێت بە ناوچەکانی خانەقین، شنگار، تلکێف، تەلەعفەرو شێخان کە بڕیارە پێش کۆتایی ئەم مانگە ئاشکرا بکرێت و هەر لەویشەوە سەروسیمای قۆناخی سێیەم بەدیاردەکەوێت کە تایبەتە بە ناوچەکانی کەرکووک و دەوروبەری.

## دیمستۆرا بە گوێرەی دیکۆمێنتەکان کاری نەکرد



محەممەد ئیحسان (فۆتۆ:ڕووداو)

## تاراوگه



**هێلا ئاسمانیا کوردستانێ زۆرا گرانه**

رووداو - ئه‌ڵمانیا

◆ حه‌سیبا ئه‌میریار، ژنه‌کا ئه‌فغانییه و شوی ب کورده‌کی کرییه، ئه‌و و مێرێ خوه ده‌مه‌کە درێژه حه‌زدکه‌ن پێکڤه بچنه کوردستانێ، لێ بهایێ گرانێ رێکێ ئه‌و هه‌مووجاران پۆشمان کرینه. حه‌سیبا ڤان رۆژان زۆر دلخۆشبوویه و دبێژیت "سوپاس بۆ خودێ کو هه‌ڤژینێ من هه‌ڤتایا بوری ره‌گه‌زنامه‌یا ئه‌ڵمانی وه‌رگرت و ئه‌م دێ شێین ب رێکا تورکی یان ئیرانێ، سه‌ره‌دانا کوردستانێ بکه‌ین و خزم و که‌سوکارێن خوه یێن کورد ژی بینین، چونکی ژ به‌ر بێسه‌روبه‌ری و گرانییا هێلا ئاسمانییا کوردستانێ ئه‌م نه‌دشیاین بچین و ئه‌م پێ ناچین ژی".

# گوڵاڵه له شێرپه‌نجه‌ی هار رزگار بوو

## خه‌ریکه ژیاننامه‌ی خۆی ده‌نووسێته‌وه

**رووداو — ئه‌مسته‌ردام**

هه‌موو شتێک له ئازارێکی که‌می ژێر مه‌مکێکیه‌وه ده‌ستپێده‌کات. ئه‌و خێرا ده‌ڕواته لای پزیشکه خێزانییه‌که‌ی و پێیده‌ڵێت گومانی ئه‌وه ده‌کات ئه‌و ئازاره نه‌خۆشییه‌کی ترسناکی به‌دوادابێت" ده‌ترسم شێرپه‌نجه‌ی مه‌مکم هه‌بێت!". به‌ڵام پزیشکه‌که‌ی تووڕه ده‌بێت و ده‌ڵێ" هیچ نییه و جارێکیتریش باسی مه‌که‌وه". به‌ڵام گوڵاڵه که بۆخۆی ساڵانێکی زۆر له به‌شی شێرپه‌نجه‌ی نه‌خۆشخانه‌ی ئه‌مسته‌ردام وه‌ک نه‌خۆشیار کاریکردووه، به قسه‌ی پزیشکێک ناتوانێت ئارام ببێته‌وه. بۆیه دوای پێنج مانگ تێستێک ده‌کات و ده‌رەنجامه‌که‌ی ده‌یتاسێنێ" زۆر دره‌نگ هاتوویت، تۆ شێرپه‌نجه‌ی مه‌مکت هه‌یه، ئه‌ویش له جۆره (هار)ه‌که‌ی!".

گوڵاڵه پشده‌ری سه‌ره‌تای ساڵی 1993 له گه‌ڵ هاوسه‌ره‌که‌ی له هۆڵه‌ندا نیشته‌جێبووه. ئه‌و له‌وێ خێرا ده‌چێته قوتابخانه‌ی زمان و ده‌یه‌وێ دواتر خوێندنی خۆی ته‌واو بکات" که له ئێران په‌نابه‌ر بووین نه‌خۆشیار بووم، دواتر که گه‌ڕامه‌وه باشووری کوردستان ده‌رمانخانه‌یه‌کی چکۆله‌م دانا و که هاتیشین بۆ هۆڵه‌ندا یه‌کسه‌ر ده‌ستم کرد به خوێندن، زۆر حه‌زم له‌وه بوو بتوانم سوود له‌و ده‌رفه‌ته‌ی هاتنه‌م بۆ تاراوگه وه‌ربگرم و شتێکی باش فێربم بۆ ئه‌وه‌ی دواتر بیبه‌مه‌وه بۆ کوردستان. بۆیه‌ش رووم‌کرده زانکۆی ئازادی ئه‌مسته‌ردام و له‌وێ هه‌م خوێندنی نه‌خۆشیاریم ته‌واوکرد و هه‌میش ساڵانێکی



گوڵاڵه پشده‌ری (فۆتۆ:رووداو)

زۆر وه‌ک نه‌خۆشیار کارمکرد".

ئه‌و له ساڵی 2007 دا بڕیاری گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ کوردستان دا و خه‌ریکی بنه‌وبارگه تێکنان ده‌بێت. چونکه به گوته‌ی خۆی خه‌ونی ئه‌وه‌بووه خزمه‌تی میلله‌ته‌که‌ی بکات، به‌ڵام هه‌واڵی تووشبوونی به شێرپه‌نجه‌ی مه‌مک هه‌موو خه‌ونه‌کانی له‌بیر ده‌باته‌وه و رزگاربوون لێیشی ده‌بێته تاکه هیوای ژیانی.

### پزیشکه شێته‌که

گوڵاڵه له‌سه‌رخۆ ئه‌وه بۆ (رووداو) ده‌گێڕێته‌وه که چۆن هه‌ستی به ئازارێکی که‌م و گرێیه‌ک له ژێر مه‌مکیدا کردووه و چووه‌ته لای پزیشکه‌که‌ی" من خۆم ساڵانێکی زۆر له به‌شی شێرپه‌نجه‌ی نه‌خۆشخانه‌ی ئه‌مسته‌ردام کارم کردووه، بۆیه‌ش زۆرم له‌باره‌ی شێرپه‌نجه‌وه خوێندووه‌ته‌وه و فێربووم. کاتێک به پزیشکه‌که‌م گوت ترسی شتێکی ئاوام هه‌یه به‌سه‌ریدا قیژاندم و گوتی: من له‌ده‌ستی تۆ خه‌ریکه شێت بم! تۆ هیچت نییه! ئیتر سه‌ره‌تا پێموابوو که ره‌نگه راست بکات و هۆی ئه‌و ترسه‌م ئه‌و کارانه‌م بن که ئه‌و رۆژانه پێیانه‌وه سه‌رقاڵبووم"، گوڵاڵه زۆر سه‌رقاڵ ده‌بێ به‌کاری سه‌رۆکایه‌تیکردنی بنکه‌ی رۆشنبیری و کۆمه‌ڵایه‌تیی کوردیی شاری ئاڵمیره‌و، نووسینی بابه‌تی زانستی له‌سه‌ر نه‌خۆشییه‌کان له ماڵپه‌ڕه کوردییه‌کاندا. هه‌روه‌ها به هاوکاریی چه‌ند ده‌زگایه‌کی هۆڵه‌ندی وۆرکشۆپێکیان رێکخستبوو بۆ زانیاری به‌خشین به ئافره‌تانی کوردی دانیشتووی هۆڵه‌ند، ده‌رباره‌ی شێرپه‌نجه‌ی مه‌مک. له‌نێو ئه‌و سه‌رقاڵییه‌یدا دوای پێنج مانگ هه‌ستده‌کات گرێیه‌که‌ی ژێر مه‌مکی گه‌وره‌تر بووه، بۆیه ئه‌و جاره رووده‌کاته نێوه‌ندێکی تێستکردن و چاوه‌ڕوانی وه‌ڵام ده‌بێت.

### شێرپه‌نجه‌ی هار

گوڵاڵه باسی ئه‌و رۆژه ده‌کات که ده‌ره‌نجامی تێسته‌که‌ی دراوه‌ته‌وه و تاساوه" هیچ کات باوه‌ڕم نه‌ده‌کرد تووشی نه‌خۆشییه‌کی ئاوا بم، من له‌وباره‌یه‌وه ده‌منووسی و ئافره‌تانی دیکه‌م هۆشیارده‌کرده‌وه، که‌چی خۆم گیرۆده‌ی ببووم". له‌و رۆژانه‌دا هاوڕێیان و که‌سوکاری گوڵاڵه هه‌وڵێکی زۆر ده‌ده‌ن که دڵخۆشیی بده‌نه‌وه و ئومێده‌واری بکه‌ن.

ئه‌و ده‌بیستێ که شێرپه‌نجه‌که‌ی له جۆره هاره‌که‌یه‌تی و ئومێدی چاکبوونه‌وه‌ی زۆر نییه، چونکه ره‌نگه ته‌شه‌نه‌ی کردبێ بۆ هه‌موو له‌شی، به‌ڵام نائومێد نابێ و به‌دوای چاره‌سه‌ردا ده‌گه‌ڕێت. سه‌ره‌تا ره‌زامه‌ندی ده‌دات له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی نه‌شته‌رگه‌رییه‌کی بۆ بکرێ و مه‌مکه تووشبووه‌که‌ی ببڕنه‌وه و دواتریش بڕیارده‌دات نه‌هێڵێ ئه‌و نه‌خۆشییه‌ی ئه‌وه‌نده بێوره‌ی بکات له ژیاندا که به‌و هۆیه‌وه که‌سوکار و هاوسه‌ره‌که‌ی که تازه له کوردستان گه‌ڕابووه‌وه ئازار بکێشن.

### هاوسه‌ری نموونه‌یی

جه‌لیل قه‌ڵادزه‌یی که هاوسه‌ری گوڵاڵه‌یه کاتێک گه‌ڕابووه‌وه بۆ کوردستان تا ئه‌و کارانه‌ی بۆ گه‌ڕانه‌وه‌ی یه‌کجاره‌کیان پێویستن ئه‌نجامبدات هه‌واڵی تووشبوونی هاوسه‌ره‌که‌ی به‌و نه‌خۆشییه ده‌بیستێ. بۆیه‌ش یه‌کسه‌ر ده‌گه‌ڕێته‌وه هۆڵه‌ندا. ئه‌و هاوسه‌ره‌که‌ی به ژیان ئومێده‌وار ده‌کات و به‌ڵێنی پێده‌دات که بۆ هه‌میشه پشتیوانی بێت. گوڵاڵه له باره‌ی جه‌لیله‌وه ده‌ڵێت:" ئه‌و هاوسه‌رێکی نموونه‌ییه". جه‌لیلیش که باسی گوڵه‌که‌ی ده‌کات به ده‌نگێکی ئومێدوارانه‌وه ده‌ڵێت" ئێمه تاڵی و شیرینیی ژیانمان پێکه‌وه چه‌شتووه، هیچ کاتێکیش خۆشه‌ویستیی من بۆ گوڵاڵه به مه‌رج نه‌بووه، بۆیه بۆ هه‌میشه پشتیوان و هاوڕێی ده‌بم".



گوڵاڵه له نه‌خۆشخانه‌یه‌کی هۆڵه‌ندا

### چاکبوونه‌وه

گوڵاڵه پشده‌ری مژده‌ی ئه‌وه به (رووداو) ده‌دات که نه‌شته‌رگه‌رییه‌که‌ی سه‌رکه‌وتوو بووه و دوای ئه‌وه‌ش هه‌موو ئه‌و چاره‌سه‌رانه‌ی که بۆی دانراون به رێکوپێکی به‌ڕێوه‌چوون و ته‌واوبوون. ئه‌و ئه‌م رۆژانه وه‌ک ئافره‌تێکی له‌شساخ له لایه‌که‌وه له‌گه‌ڵ خانمێکی هۆڵه‌ندی خه‌ریکی نووسینی کتێبێکه له‌سه‌ر ژیانی خۆی و له لایه‌کی دیکه‌شه‌وه هاوکاریی رێکخراوێکی تایبه‌ت به هۆشیارکردنه‌وه‌ی ئافره‌تانی به ره‌چه‌ڵه‌ک نا هۆڵه‌ندیی تووشبوو به نه‌خۆشیی شێرپه‌نجه‌ی مه‌مک ده‌کات، چونکه به بڕوای وی" به داخه‌وه زۆر له ئافره‌تان ناوێرن ئه‌وه بدرکێنن که تووشی نه‌خۆشییه‌کی وا بوون، چونکه ده‌وروبه‌ره‌که‌یان وه‌ک که‌سێکی مردەنی سه‌یریان ده‌که‌ن. من ده‌مه‌وێ ئه‌وه روون بکه‌مه‌وه که ئومێدی چاکبوونه‌وه‌ش هه‌یه و پێویسته ئافره‌تان بوێرن باسی بکه‌ن". ئه‌وه‌ی له هه‌مووشی دڵخۆشکه‌رتره ئه‌وه‌یه که به پێی راپۆرتی لیژنه‌یه‌کی یاسایی پزیشکی، ئه‌و پزیشکه خێزانییه‌ی گوڵاڵه هه‌یبووه، ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر سه‌لماوه که که‌مته‌رخه‌میی کردووه له ئه‌رکه‌که‌یدا و ره‌نگه دادگا لێپێچینه‌وه‌ی له‌گه‌ڵدا بکات.




## خودانێ نڤیسینگه‌ها فورات ل ئه‌ڵمانیا:

# کۆمپانیێن فرۆکه‌ڤانیا کوردستانی رێکێ نادەنه هیچ کۆمپانیایه‌کا دی کار بکه‌ت

**عه‌بدی یونس هاوولاتییه‌کێ کوردێ ئاکنجیێ وه‌لاتێ ئه‌ڵمانیایه. ل سه‌ر پاسپۆرتا وی نڤیسییه کو چێنابیت بچیته عێراقێ. لێ ژ به‌ر ره‌فتارێن نه‌باش یێن حکومه‌تێن ده‌وروبه‌رێن کوردستانێ،لێ وه‌کی گه‌له‌ک هاوولاتییێن دی یێن کوردستانی ئه‌و ناخوازیت د وان وه‌لاتان را بچیته کوردستانێ و هه‌رده‌م ب رێکا هێلا ئاسمانییا کوردستانێ سه‌فه‌رێ دکه‌ت. هه‌رچه‌نده بوهایێ وێ دووبه‌رامبه‌ریشه. پارسال ئه‌و و مالباتا خوه ژ ئه‌ڵمانیا فریبوون هه‌ولێرێ، ده‌ما زڤری ژڤانێ فرینێ گه‌له‌ک پاشکه‌فتبوو، ئاراسته‌یا فرۆکێ ژی ژ ته‌هران بۆ به‌حرێن هاتبوو گوهارتن، چانته و که‌لوپه‌لێن وان ژی لێ وه‌ندابوون. به‌ری هه‌یڤه‌کێ ئه‌و ژ ئه‌ڵمانیا فریبوو هه‌ولێرێ و پێشی چه‌ند رۆژان ڤه‌گه‌ریاڤه، به‌لام ڤێ جارێ ژی وه‌کی هه‌ر جار درێکا زڤرینێدا، تووشی نه‌خۆشی و ئاسته‌نگیان بوو. دیسان ژڤانێ فرینێ گه‌له‌ک پاشکه‌فت، ئاراسته‌یا فرۆکێ ژی ژ یۆنان بۆ به‌یرۆت هاته گوهۆڕین. هه‌ڵبه‌ت وه‌ک ئه‌م هه‌موو دزانین ته‌مه‌نێ هێلا ئاسمانی یا کوردستانێ بچووکه، لێ وه‌کی دیار کێشه گه‌له‌کن.**

**ژبۆ زانینا پتر پێزانینان و ئاگه‌هداربوون ل سه‌ر ره‌وشا سه‌فه‌ر و په‌یوه‌ندیکرنا ره‌ڤه‌ندا کوردستانی دگه‌ل وه‌لاتی. مه ئه‌ڤ هه‌ڤپه‌یڤینه دگه‌ل به‌درۆ خالد خودانێ نڤیسینگه‌ها فورات یا گه‌شتوگوزاری کو ل ساڵا 2005 ل ئه‌ڵمانیا هاتییه ڤه‌کرن سازکر:**

**سلێمانێ ئالیخان**
**رووداو- ئه‌ڵمانیا**

**رووداو: کارێ وه یێ سه‌ره‌کی و په‌یوه‌ندییا وه پتر دگه‌ل کێ یه؟**

**خالد:** کارێ مه یێ سه‌ره‌کی سه‌فه‌ر، پۆست و ترانسپۆرته دگه‌ل هه‌موو کۆمپانی و رێڤینگێن جیهانێ و ب تایبه‌ت یێن کوردستانێ. ئه‌ڤه سێ ساڵه ئه‌م کارێ سه‌فه‌رێ دکه‌ین و ساڵه‌که ژی پۆست و ترانسپۆرتێ ژی دگه‌ل کوردستانێ دکه‌ین. لێ ب راستی گه‌له‌ک کێماسی یێن هه‌ین و رێڤینگ گه‌له‌ک گازندا ژ بلندییا بوهایێ تکێتێ و نه‌رێکوپێکییا گه‌شتێن ئاسمانی یێن کوردستانێ دکه‌ن.

**رووداو: کی ل ڤێ گرانیێ به‌رپرسیاره ؟**

**خالد:** کۆمپانییێن فرۆکه‌ڤانییێن کوردستانێ، چونکی ئه‌ڤه سێ ساڵه تنێ سێ کۆمپانییێن سه‌ره‌کی یێن دبازارێ فرۆکه‌ڤانیا کوردستانێدا هه‌ین، ئه‌ڤجا مونافه‌سه چێنه‌بوویه و بهایێ تکێتان ژی ئه‌رزان نه‌بوویه. یه‌ک ژ وان کۆمپانیا زۆرکه ل میونشتن بۆ سلێمانی، کۆمپانیا زاگرۆس ژ فرانکفۆرت بۆ هه‌ولێرێ دچێت. کۆمپانیا فلای عێراقنا ژ دویسلدۆرف و کۆلن- بۆن بۆ هه‌ولێرێ. ڤان کۆمپانییێن کوردستانی، کارێ داگیرکری و رێکێ نادەن هیچ کۆمپانیایه‌کا دی کار بکه‌ت. گه‌له‌ک کۆمپانییێن ئه‌وروپی حه‌ز دکه‌ت دڤی واریدا کار بکه‌ن و ئه‌م ژی حه‌ز دکه‌ین کۆمپانیاییێن دی بێنه د مه‌یدانێدا دا بهایێ تکێتان ئه‌رزان ببن و رێڤینگێن مه ژی وێ ده‌مێ دێ زێده‌ببن و درێکا تورکی را ناچن. لێ گه‌له‌ک جاران حکومه‌تا عێراقێ گه‌له‌ک گڤاشتنان ددانیته سه‌ر کۆمپانیا و زوو ب زوو ره‌زامه‌ندیێ نادەته کۆمپانیاییێن فرۆکه‌ڤانی کو ل وێرێ کار بکه‌ن . هه‌روه‌سا کۆمپانییێن کوردستانێ ژی رێکێ نادەن چ کۆمپانیاییێن دی . ئه‌گه‌ر وان رێکدابا نۆکه ده‌ه کۆمپانیاییێن سه‌فه‌رێ ل کوردستانێ هه‌بان. کۆمپانیاییێن فرۆکه‌ڤانیێن کوردستانێ یێن تایبه‌تن و حکومه‌تێ هیچ ده‌سه‌لاته‌ک ب سه‌ر وان دا نینه. چونکه ب شێوه‌یه‌کێ نه راسته‌وخوه ئه‌و کۆمپانی ب خوه حکومه‌تن. که‌سه‌کێ وه‌کی من نه‌شێت کۆمپانیایه‌کێ ئاڤاکه‌ت، به‌لکو هه‌ر به‌رپرسیارێن حکومه‌تێ نه ڤان کۆمپانیا ئاڤادکه‌ن و ئه‌ون خودانێن وان. له‌وما هه‌ر ئه‌و ژی رێکێ نادەن خه‌لکه‌کێ دی بهێته دمه‌یدانێدا.

**رووداو: ئایا نه‌رێکوپێکییا ژڤان و گه‌شتێن هێلا ئاسمانییێن کوردستانێ سووچێ کێ یه؟**

**خالد:** بێگومان کۆمپانی به‌رپرسیارن . خودان و کارمه‌ندێن وان کۆمپانیان هیچ پێزانین ل سه‌ر کارێ فرۆکه‌ڤانیێ نینه، بۆ نموونه دێ رابن هه‌ڤبه‌سته‌کێ دگه‌ل کۆمپانیایه‌کێ مۆرکه‌ن بۆ ماوه‌یێ هه‌یڤه‌کێ، پشتی هه‌یڤه‌کێ پلان دێ هێته گوهۆڕین و دێ رێڤینگ تووشێ به‌رزه‌بوونێ بن یان دێ میننه ب رێڤه تا کۆمپانی هه‌ڤبه‌سته‌کا نوو دگه‌ل کۆمپانیایه‌کا دی مۆربکه‌ت و رێڤینگێن خوه ب رێکا وێ کۆمپانیایێ دهنێرن. ئه‌ڤجا جار درێکا به‌حرێن جار لوبنان، جار دوبه‌ی و جار ته‌هران و ...هتد. گه‌له‌ک ژ کارمه‌ندێن وان کۆمپانیان زمانان نزانن، رێکخستنا کاری نزانن، ئانکو نه دموئه‌هه‌لن. ئه‌ز دشێم بێژم باشترین هێل تا نۆکه فرانکفۆرت- هه‌ولێر بوو و ب شێوه‌یه‌کێ نیڤرێکوپێک هاتوچۆ دکر.

**رووداو: کی بوهایێ تکێتان ده‌ست نیشاندکه‌ت؟**

**خالد:** بوهایێ تکێت و هه‌موو تشت ژ هه‌ولێری بۆ مه دهێت و ئه‌م تنێ جێبه‌جێدکه‌ین. ئه‌ڤجا ژ به‌ر کو یێن هه‌ولێرێ ژی نه دموئه‌هه‌لن، کاروبارێن مه ژی بێ سه‌روبه‌رن. مخابن هیچ جاره‌کێ ژی دگه‌ل مه نه‌روونشتینه و ئه‌ز باوه‌ڕناکه‌م بروونن ژی و گوهێ خوه ژی نادەنه مه کو ئه‌م پێشنیارێن خوه پێشکێش بکه‌ین. هه‌روه‌سا بریکارێن ڤان کۆمپانیان ژی ئه‌وێن ل ئه‌وروپا وه‌ک کوێله‌یانه هیچ تشته‌ک ب ده‌ستێ وان نینه.

**رووداو: گه‌لۆ حکومه‌ت و کۆمپانیاییێن ئه‌وروپی چاوا ته‌ماشای کۆمپانی و گه‌شتێن هێلا ئاسمانییا کوردستانێ دکه‌ن؟**

**خالد:** ئه‌ورۆپیان گه‌له‌ک کێشه و نه‌خۆشی دگه‌ل مه یێن هه‌ین. ل سه‌ر ئۆرگانیزاسیۆنێ و تکێتان گه‌له‌ک کێشه دناڤ فرۆکه‌خانه‌یان دا چێدبن. ئه‌و رێکوپێکیا هه‌ی ژی ب هاریکارییا مه دهێته‌کرن، ئه‌م خودانێن نڤیسینگه‌ها هاریکارییا وان دکه‌ین و کارێ وان رێکدێخین و ل داوییێ ژی گلی و گازنده نه به‌رپرسیارین و ئه‌م تنێ خه‌له‌کا ب هه‌ڤرا گه‌هاندنا رێڤینگ و کۆمپانیاییێینه. تنێ بیرۆیا سه‌ره‌کییا کۆمپانیێ ب ڤان گوهرینان دزانیت ئه‌و ژی زووی ئاگه‌هدرایا بریکارێن خوه ناکه‌ت.

**رووداو: ئه‌گه‌ر ره‌وش هوسا یا خرابه، بۆچی رێڤینگ ب ڤێ رێکێ دچن؟**

**خالد:** رێڤینگێ کورد هیچ ئه‌لته‌رناتیڤه‌کێ دی نینه. چونکی تنێ ئه‌ڤ کۆمپانیه یێ د گۆره‌پانێدا. له‌وما کۆمپانی ژی ب بێمنه‌تی دبێژن یێ نه‌رازی بلا نه‌هێت. لێ ئه‌گه‌ر ئه‌ڤ کۆمپانیه ب هزره‌کا ئابووری یا دووربین ته‌ماشه‌ی مه‌سه‌لێ بکه‌ن، دێ زانن کو د به‌رژه‌وه‌ندییا هه‌موو لایه‌کی دایه



**گه‌له‌ک کۆمپانییێن ئه‌وروپی حه‌ز دکه‌ن ل ڤێ هێلێدا کار بکه‌ن لێ حکومه‌تا عێراقێ و کۆمپانییێن کوردستانێ ئاسته‌نگن**

به‌درۆ خالد

ژی هه‌ر بۆ مه‌نه. چونکی ئه‌م یێ ل واجیهێ و خه‌لک مه دنیاسیت، تکێت و هاتن و چوون ژی ب رێکا مه‌یه. گه‌له‌ک جاران بریکارێن کۆمپانیان ل ڤێره نزانن کو گه‌شته‌ک یا هاتییه راگرتن یان جه‌ و ده‌م یێ هاتییه گوهارتن. ئه‌ڤجا خه‌لک دهێن گازندێ ژ مه دکه‌ن و پرسیارا مه دکه‌ن. هه‌رچه‌نده ئه‌م گه‌شتێن خوه زێده‌بکه‌ن. که‌س ژی نه‌شێت موحاسه‌با وان بکه‌ت، چونکی ئه‌وێ ل هه‌ولێرێ روونشتی ب خوه حکومه‌تن و یاسایه‌ک ژی نینه مافێ رێڤینگێ بپارێزیت، یان کارێ فرۆکه‌ڤانیێ رێکبێخیت. گه‌له‌ک جاران چانته‌یێن خه‌لکی ناگه‌هن. رێڤینگه‌ک دچیته کوردستانێ جلوبه‌رگێن وی به‌رزه‌دبن و ناچن. ده‌ما دچیت پرسیارا تشتێن خوه ژی دکه‌ت یه‌ک دهنێریته جه‌م یێ دن.

**رووداو: وه‌ک ئه‌م دزانین لایه‌نه‌کێ هه‌ی به‌رپرسیاره ب ئینان و برنا چانته و که‌لوپه‌لێن رێڤینگان، گه‌لۆ کۆمپانییێن کوردستانێ هه‌ماهه‌نگییه‌ک دگه‌ل وان کریه؟**

**خالد:** تا نۆکه کوردان په‌یوه‌ندی و کۆنتاکت دگه‌ل وان دروستنه‌کرینه. ئه‌ڤ کۆمپانیایه چانته‌یێن رێڤینگان ژماره دکه‌ن، ئه‌ڤجا کیڤه بچن ئه‌و چانته کۆمپانی پێ دزانیت و بۆ خودانی ڤه‌دگه‌رینیت. هه‌ر ژ به‌ر ڤێ یه‌کێ ژی ئه‌ز دشێم بێژم کارێ هێلێن ئاسمانییێن کوردستانێ مه‌هزه‌له‌نه. ئه‌ڤجا دڤێت حکومه‌ت ژی ئاگه‌هداری کارێ وان بیت. ئه‌و رێڤینگێ پارێ خوه بده‌ت، نابیت بۆ چه‌ندین کاتژمێران برسی و تێهنی ل فرۆکه‌خانه‌یان بمینیت. دڤێت ئه‌م هه‌موو هه‌ولبده‌ین و حکومه‌ت ژی پشته‌ڤانیێ بکه‌ت بۆ هندێ کو تکێت ئه‌رزان ببن و رێڤینگ بشێت هاتوچوویێ بکه‌ت. چونکه ب راستی 850 یورۆ گه‌له‌که. دڤێت ژ شه‌ش سه‌د یورۆیا زێده‌تر نه‌بیت. گه‌له‌ک رێڤینگان نه‌ڤێن ب رێکا تورکی بچن، لێ ژ به‌ر گرانیێ دچنه وێرێ و تووشی ئیهانه و نه‌خۆشیان دبن.

**رووداو: وه به‌حسا ترانسپۆرت و پۆستێ ژی کر، ئه‌و کار چاوه‌یه؟**

**خالد:** ژ بلی کارێ رێڤینگان، نۆکه ئه‌م کارێ پۆستێ بله‌ز و که‌لوپه‌ل و باران ژی دهنێرینه کوردستانێ. ئه‌م بریکارێن (کۆمپانیا ستێر) ین کو بیرۆیا وێ یا سه‌ره‌کی ل هۆله‌ندایه و ئه‌م بریکارێن وانین ل ئه‌ڵمانیا. مه هه‌ڤبه‌سته‌ک دگه‌ل کۆمپانیا جیهانی یا فیدیکس یا پۆستی مۆرکرییه و ب 4 رۆژا پۆست دگه‌هیت.

# وەستا حەسەن ئەو دوو خۆکوژە دەبەخشێت کە هەوڵی تیرۆرکردنیاندا

## دانپێدانانی ئەو دوو خۆکوژەی ئەنسار کە لە ئێران مەشقدرابوون بۆ ئەوەی خۆیان بە بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانیدا بتەقێننەوە



سێ چەکداری قاعیدە لە عێراق

**ڕووداو- سلێمانی**

ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلام سەرەتای ساڵی ڕابردوو لەڕێگەی 6 کەسەوە ئامادەکاری پلانی تیرۆرکردنی عەمید حەسەن نوری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانیان کردبوو، کە ئەوکات ناوبراو بەڕێوەبەری بەشی ڕامیاری بوو لەئاسایش.

بەپێی پلانەکە، کە زانیارییەکان لە ڕێگەی دانپێدانەکانی دوو ئەندامی ئەنسارولئیسلامەوە دەست کەوتوون، ئەنسارولئیسلام دوو گەنجی ئامادەکردبوو، بۆ خۆتەقاندنەوە بە وەستا حەسەندا لەمانگی ڕەمەزاندا، ئەویش دوای ئەوەی ئەو کەسانە بۆ ماوەی چەند مانگێک لەئێران مەشقیان پێدەکرێت و ئامادە دەکرێن.

هەریەک لە (ئـ. ح، ع ح، ک ح، ن،ی) کە لەجێبەجێکارانی پلانەکە بوون، بەهۆی ئاشکرابوونیان لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکران و هەریەکەیان بە 6 ساڵ زیندان حکومدرا.

### دانپێدانانی دوو خۆکوژەکە

(ک ح) تەمەنی 27 ساڵە، یەکێکە لەو کەسانەی کە ئامادەکرابوو، بۆ کارە خۆکوژییەکەو خۆ تەقاندنەوە بە وەستا حەسەن دا. (ک) لەخێزانێکی مام ناوەندییەو دانیشتوی ناحیەی سیروانی سەر بە قەزای هەڵەبجەیە. تا قۆناخی ئامادەیی خوێندووە، ساڵی 1995 بووەتە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامی، ساڵی 2000 پەیوەندی بەڕێکخراوی جوندولئیسلامەوە کردووە، لەدوای لێدانی بنکەو بارەگاکانی ئەنسار لەهەورامان لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە خۆی گەیاندوەتە تاران، تا خۆئامادەکردن بۆ خۆ تەقاندنەوە لەتاران بووە.

(ک) کە ئێستا بە 6 ساڵ زیندانی حکوم دراوە، بەبێ ترس کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆئامادەکردنی بۆ خۆتەقاندنەوەو داڕشتنی پلانی کوشتنی وەستا حەسەن.

(ک) وتی "کاتێک لەئێران بووم، لەڕێگەی کەسێکەوە سوارەم بینی کە ئەوکاتە ئەمیری ئەنسار بوو لەئێران، دوای چەند ڕۆژێک لەیەکتر بینین داوای لێکردم کە کارێکی ئیستشهادی ئەنجامبدەم و خۆم بتەقێنمەوە بەکەسێکدا کە بەرپرسی ئاسایشە".

بەپێی قسەکانی (ک) ئەو لەلایەن ئەنسارولئیسلامەوە وا حاڵی کرا کە وەستا حەسەن پیاوێکی کافرە و زۆر عەزیەتی موسڵمانان دەدات. (ک) دەڵێت " لەسەرەتادا بەکارەکە ڕازینەبووم، بەڵام دوایی هەڕەشەیان لێکردم و بەبەرچاومەوە پیاوێکی ئێرانییان سەربڕی و پارچە پارچەیان کرد، ئیتر منیش لەترساندا وتم باشە".

بەپێی دانپێدانانی (ک)، دوای خۆ ئامادەکردن دەگەڕێتەوە بۆ ناحیەی سیروان و دواتر چاوەڕوانی هەریەک لە (ئـ ح، ع ح) دەکات کە زانیارییان لەسەر جموجوڵەکانی وەستا حەسەن کۆکردبووەوەو چاودێرییان دەکرد، دواتر چەند جارێک (ک) یان بردووەتە ئەو شوێنەی کە بڕیاربووە کارەکەی تێدا ئەنجامبدات و خۆی بتەقێنێتەوە، کە دەکاتە دەرگای پشتەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی، ئەویش لەکاتی تێپەڕینی کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی وەستا حەسەندا.

کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شوێن پێهەڵگرتنی وەستا حەسەن نزیکەی 7 مانگی خایاندووە، کارەکان لەڕێگەی تەلەفۆن و ئۆتۆمبیلێکی تەکسییەوە ئەنجامدراوە ئەویش بۆ شوێنکەوتنی ئۆتۆمبیلەکانی وەستا حەسەن، دوای تەواوبوونی زانیاری وەرگرتن خانوویەک ئامادەکراوە و داوا لەڕێکخەرانی پلانەکە کراوە پێداویستییەکانی خۆکوژییەکە ئامادە بکەن، وەک تەقەمەنی، پارە، ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو.

بەپێی دانپێدانانەکان، پلانەکە لەلایەن سوارە کە گەورە ئەمیرێکی ئەنسار ئیسلامە و ئێستا لەتارانی پایتەختی ئێران دادەنیشێت ئامادەکرا.

(ک) درێژەی بەگێڕانەوەکە داو گوتی "سوارە بەردەوام باسی بەهەشتی بۆ دەکردم و دەیگوت ئەم کارە لەبەر خاتری خوا دەکەیت و لەو دنیا خوا حۆریت پێدەبەخشێت".

بەپێی دانپێدانانەکان، جگە لە (ک ح) کەسێکی دیکەش کە لە هەمان گرووپ بووە، بەناوی (ن ی) دانراوە بۆ خۆتەقاندنەوە لەدوای خۆکوژی یەکەمەوە، دواتریش چەند کەسێک لەدوای تەقینەوەکان دەستڕێژی لە کاروانی ئۆتۆمبێلەکان بکەن و بۆئەوەی ئەگەری دەرچوونی وەستا حەسەن نەمێنێت، (ک) دەڵێت "من نەمزانیبوو جگە لەمن کەسێکی دیکەشیان داناوە بۆ خۆتەقاندنەوە".

### ئاشکرابوونی پلانەکە

دوای ئامادەکارییەکان، بەوتەی وەستا حەسەن زانیارییان لەبارەی پلانەکەوە پێدەگات، بەر لە چەند ڕۆژێک لە ئەنجامدانی کارەکە هێزەکانی ئاسایش چوار لەجێبەجێکارانی پلانەکە دەگرن، هەریەک لە (ک ح، ن ی) کە بڕیاربووە خۆیان بتەقێننەوە لەناحیەی سیروان دەستگیرکراون.

عەمید حەسەن نووری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی گوتی "زانیاری تەواومان لەبارەیانەوە هەبووە، هەر لەسەرەتای کارەکانیانەوە، دواتر هەموویان دەستگیر کران".

ئەگەرچی ئەوان مەبەستی سەرەکیان کوشتنی وەستا حەسەن بووە، بەڵام وەک ناوبراو ئاماژەی پێدا دوای دەستگیرکردنی ئەو شەش کەسە داوای لێکردوون لەکارەکەیان پەشیمان ببنەوە و ئەویش بیانبوورێت "پێشتریش بەڵێنم پێدابوون، کە ئەگەر لەکارەکە پەشیمان ببنەوە، ئەوا من عەفویان دەکەم، تەنیا سزای دادگا دەمێنێتەوە، ئێستا هەریەکەیان شەش ساڵ حوکمدراون، ئەگەر من عەفوم نەکردنایە ئەوا سزاکەیان دەبووە هەتاهەتایی".

(ک) ئێستا لەگەڵ سێ هاوەڵەکەی دیکەی لەزیندانی کانی گۆمە زیندانیکراوە، گوتی "پەشیمانم لەو کارەی کردوومە، چونکە بۆم دەرکەوت کە کارێکی ناڕاست بوو".

سەبارەت بەهەبوونی ئازارو ئەشکەنجەی زیندانەوە و بەتایبەت لەسەرەتایی دەستگیرکردنەکەیدا (ک) وتی "شەو بوو لەسیروان گیرام لەماڵی خۆمان، هیچ ئازارێکیان نەدام لەبەرئەوەی خۆم ئیعترافم لەسەر هەموو شتەکان کرد".

بەپێی زانیارییەکان لەسەروبەندی ڕووداوەکەدا هێزەکانی ئاسایش زیاتر لە 30 کەسیان بەتۆمەتی هەبوونی پەیوەندی بەڕووداوەکەوە لەناحیەی سیروان و هەڵەبجە و سلێمانی دەستگیرکرد، بەڵام دوای چەند مانگێک ئازادکران بەبێ ئەوەی تۆمەتەکەیان لەسەر ساخ بێتەوە.

بەوتەی هەندێک لەدەستگیرکراوەکان کە ئێستا ئازادکراون، لەکاتی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوەدا ئازاری جەستەیی دراون ئەویش بۆ ئەوەی دان بەتۆمەتەکەدا بنێن.

(ن ی) یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی کە بەنیازبوو خۆی بتەقێنێتەوە بە وەستا حەسەندا، لەداوی ئەوەی کە کەسی یەکەم کارەکە دەکات.

(ن)یش سزای 6ساڵ زیندانی بۆ بڕاوەتەوە و، تەمەنی 23 ساڵە، دانیشتووی ناحیەی سیروانە، لەساڵانی نەوەتەکاندا پێشمەرگەی پارتی بووە، لەساڵی 2001 پەیوەندی بە ئەنسارولئیسلامەوە کردووە، لەداوی ڕووخانی ڕژێمی سەدام و نەمانی ئەنسار گەڕاوەتەوە ناحیەی سیروان، دوای چەند مانگێک خۆی گەیاندووەتە ئێران و هەر لەوێوە پەیوەندی لەگەڵ ئەمیرەکانی ئەنساردا بەستوە.

(ن) وتی "من وازم لەئەنسار هێنابوو، لەئێران کرێکاریم دەکرد، بەڵام سوارە و جەماعەتەکەی وازیان لێنەدەهێنام تا قەناعەتیان پێکردم".

(ن) پەشیمانی لەکارەکەی دەربڕی بەوەی کارێکی هەڵەی کردووە، ئەو ئێستا چاوەڕێی ئەوە دەکات 6 ساڵەکە تەواو ببێت و بگەڕێتەوە ناو ژیانی ئاسایی خۆی.

هەرچوار دەستگیرکراوەکە لەزیندانی کانی گۆمە، کە نزیکەی 1000 دەستگیرکراوی لەلایەنگران و ئەندامانی ئەنسار ئیسلام و گرووپە ئیسلامییەکانی دیکەی تێدایە، هەفتانە دیدەنی کەسوکاریان دەکەن و باس لەگێڕانەوەی ژیانی ناو زیندانیان بۆ دەکەن.

وەستا حەسەن لەبارەی پلان و گرووپەکەوە وتی گرووپەکە بەنیازبوون کاری گەورەتر ئەنجامبدەن، بەڵام کوشتنی ئەویان بە دەستپێکی کارەکانیان داناوە .هەروەها وتیشی "ئەوانەی پلانەکەیان داناوە دەستیان لەچەندین کردەوەی تیرۆریستیدا هەیە".

دەستگیرکردنی ئەو چوار ئەندامەی ئەنسار بەدوایین جموجوڵی ئەو ڕێکخراوە دێت لەناو شاری سلێمانیدا، لەدوای ئاشکرابوونی ئەو گرووپە، جموجۆڵەکانی ئەنسار لەسەر سنوور قەتیس ماونەتەوە.

> " بۆ ترساندنی من ئەنسارەکان کەسێکی ئێرانیان لە ئێران بەبەرچاوی منەوە پارچە پارچە کرد"
>
> خوکوژێکی هەڵەبجەیی

---

### حوجرەو خانەقا لەژێردەستی شێخ و مەلاکاندا نامێنن

# قوتابخانە ئاینییەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو دادەخرێن و 30 قوتابخانەی دیکە دەکرێنەوە

**ڕووداو- هەولێر**

7 قوتابخانەی ئایینی کۆمەڵی ئیسلامی و 6 قوتابخانەی یەکگرتووی ئیسلامی دادەخرێن و، لەسەرەتای ساڵیشەوە 30 قوتابخانەی ئایینی تازە دەکرێنەوەو و هیچ حوجرەو خانەقایەکیش لەژێر کۆنتڕۆڵی شێخ و مەلاکاندا نامێنێت.

بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان، کە لە 2008/5/29 دەرچووە، تەواوی ئەو قوتابخانانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستاندا نەبوون و لەلایەن حیزبە ئیسلامییەکانەوە سەرپەرشتی دەکران دادەخرێن و لەبەرامبەریشدا 30 قوتابخانەی ئایینی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف دەکرێنەوە.

مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر داوای وەزارەتی ئەوقاف بووە، ئێستا 13 قوتابخانەی ئایینی لەژێر دەسەڵاتی حیزبە ئیسلامییە کاندان (7قوتابخانە هی کۆمەڵی ئیسلامین و 6قوتابخانەش هی یەکگرتوون) بڕیارەکەش تەواوی ئەو قوتابخانانە دەگرێتەوە".

بەشێکی زۆری ئەو قوتابخانە ئاینیانەی کۆمەڵ و یەکگرتوو لەناوچەکانی هەڵەبجەو سلێمانی و ڕانیەن

و لەسەر ئەرکی ئەو حیزبانە خۆیان بیناو کەرەستەی پێویست بۆ قوتابییەکان دابینکراوە و پرۆگرامی خوێندنیش هەرخۆیان دایاننناوە و جیاواز بووە لەو پرۆگرامەی لە قوتابخانە ئیسلامییەکانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف خوێندراون .

مەریوان نەقشبەندی، ئاماژەی بەوەدا لەگەڵ داخستنی ئەو قوتابخانانەدا وەزارەتی ئەوقاف لەسەرەتای ساڵی نوێی خوێندنەوە 13 قوتابخانەی دیکە بۆ جێگرتنەوەی ئەو قوتابخانانە دەکاتەوە و ئەو قوتابیانەش دەتوانن وانەی تێدابخوێنن کە لەقوتابخانەی حیزبە ئیسلامییەکانن و خودی وەزارەت تەواوی پێویستییەکانیان دابیندەکات و پرۆگرامی خوێندنیان بۆ دادەنێت.

یەکێک لەو گرفتانەی کە لەماوەی ڕابردوودا بۆ قوتابیانی قوتابخانە ئیسلامییەکان دروستبووە، دانپێدانەنانی حکومەتی کوردستان بوو بەبڕوانامەکانیان، هەر ئەمەش وایکردووە هیچ کام لەدەرچووانی ئەوقوتابخانانە لە دامەزراوەکانی حکومەتدا وەرنەگیرێن، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش لەماوەی ڕابردوودا وەزارەتی ئەوقاف جارێکیتر تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەو قوتابیانە دووبارە کردەوە .

داخستنی ئەو قوتابخانانە هیچ نیگەرانییەکی لای حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دروست نەکردووە، مەریوان نەقشبەندی ئاماژە بەوەدەکات کە "حیزبە ئیسلامییەکان خۆیان نیگەران نین بەداخستنی ئەو قوتابخانانە، چونکە ئەو قوتابیانەی ئەو قوتابخانانەیان تەواو دەکرد هیچ ئایندەیەکیان نەبوو، بەتایبەتی بۆ کچەکان کە زۆرینەی قوتابییەکانیان پێکدێنن، دەبووایە ئەو قوتابیانە بچوونایەتە دەرەوە جا یەمەن بێت یان ئەفغانستان یان شوێنێکی دیکە بۆ خوێندن، ئێستا ئەو حیزبانە خۆیان ناوی قوتابخانەو ماممۆستاکان و قوتابییەکانیان داوەتە وەزارەتی ئەوقاف بۆلێکۆڵینەوە".

ئەو 13 قوتابخانە ئیسلامییەی یەکگرتوو و کۆمەڵ 712 قوتابیان هەیە. بەپێی وتەی مەریوان نەقشبەندی "لەڕابردوودا چەند کەسێکی توندڕە و لەوقوتابخانانەوە پێگەیشتوون".

مەریوان زیاتر دەدوێت و دەڵێت "چەندین جار ئاسایش و پۆلیس لەبەر نەبوونی مۆڵەت بەسەر ئەو قوتابخانانەیاندا داداوە، بەتایبەتی لەکاتی مەترسییەکانی تیرۆر بۆ سەر کوردستان، کاتێکیش حیزبە ئیسلامییە توندڕەوەکان لەبیارەو تەوێڵە بوون هەستکرا جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان ئەوان و ئەو قوتابخانانەدا هەیە، بەتایبەتی بەشێکیان دەرچووی ئەو قوتابخانانە بوون، هەندێک لەوقوتابیانە بیرێکی توندڕەوانەیان هەڵگرت و کوردستانیان بەجێهێشت و تائێستا نەگەڕاونەتەوە، هەندێکیشیان ماستەر و دکتۆرایان لەدەرەوە وەرگرت و ئێستا گەڕاونەتەوە کوردستان و دامەزرێندراون".

مەریوان گوتیشی "کۆمەڵێک زانیاری هەواڵگری کە ئاسایش لەگەڵ وەزارەتی ئەوقافدا لەسەردەمی دوو ئیدارەییدا بەدەستیان هێنابوو، ئاماژەی بەوە دەدا هەندێک هاوکاری هەبووە لەنێوان گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان و ئەو قوتابخانانەدا، ئەمەش وایکرد کە حکومەت گومان بکات لەهەر دامەزراوەیەکی ئاینی کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت بێت".

جگە لەو 13 قوتابخانە ئیسلامییە، وەزارەتی ئەوقاف بڕیاریداوە پێداچوونەوە بەسەرجەم حوجرەو خانەقاکاندا بکات و ڕێگە نەدرێت هیچ مامۆستایەکی ئایینی سەربەخۆ وانەیان تێدا بڵێتەوە و هەموو حوجرەو خانەقاکان دەخرێنە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ئەوقافەوە.

وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف لەهەمانکاتدا ڕەتیکردەوە کە هیچ حوجرە و خانەقایەک دابخرێ و گوتیشی "هەندێک بێ سەروبەری لەدوای ڕاپەڕینەوە دروستبووە، هەر مزگەوتێک دەبینی مامۆستایەک کە خۆی خوێندەوارییەکەشی باش نەبووە 10 تا 15 فەقێی هەبووەو چوار ژووری مزگەوتەکەی گرتووە، هیچ ئەوەلیاتێکیشان لای حکومەت نەبووەو زۆرجار گرفتیان دروستکردووە".

وەزارەتی ئەوقاف لە تازەترین ڕێنماییدا چەند مەرجێکی بۆ ڕێکخستنەوەی خانەقا و حوجرەکان داناوە، لەوانەش مامۆستای وانەبێژ دەبێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێ و نابێ لە 6 فەقێ زیاتر لەمزگەوتدا بخوێنێت، هەروەها لە یەک ژووری مزگەوت زیاتر بۆ ئەو مەبەستە دابین ناکرێت.

جگە لەم مەرجانە وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف ئاماژە بەوەش دەدات کە "ئەو پرۆگرامەی لە حوجرەکاندا دەخوێنرێت، وەزارەتی ئەوقاف دیاری دەکات نەک ئەوەی مامۆستاکە بەویستی خۆی پرۆگرام دابنێت، لەوپرۆگرامەش کەوەزارەتی ئەوقاف دایدەنێت باسی مێژووی کورد هەیەو زانستی ئینتەرنێت و زمانەکان و چەندین وانەی زانستی تێدایە، دەبێت فەقێیەکەش ناوەکەی لەفایلی تۆماری وەزارەتی ئەوقاف و مامۆستا ئاینییەکەدا هەبێت و نابێت هیچ فەقێیەکیش6 ساڵ زیاتر لەو حوجرانەدا بمێننەوە فەقێی واهەیە 20 ساڵە لەو حوجرانەدایە".

جگە لەو حوجرانەی لە مزگەوتەکاندان، چەندین خانەقای گەورە لەکوردستاندا هەیە، کە نزیکەی 100 فەقێیان تێدایە، لەوانە خانەقای سەید حوسێن لەدەربەندیخان و خانەقای بیارە.

وەزارەتی ئەوقاف سوورە لەسەر سنووردارکردنی ئەم خانەقایانە، وەک وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف گوتی "خانەقا لەهەرکوێیەک بێت نابێت ژمارەی قوتابییەکانی لە6 قوتابی زیاتر بێت، ئەگەر لەو ژمارەیە زیاتر بوو وەزارەت قوتابخانەی بۆ دەکاتەوەو تاوەکو 2008/9/1یش وەزارەتی ئەوقاف نزیکەی 30 قوتابخانەی ئاینی دەکاتەوە، کە ناوەندی و دواناوەندی و سێ پەیمانگاو کۆلێژێکیشی تێدایە بۆ دروستکردنی پێشنوێژ و وتارخوێن".

> "بەشێک لەقوتابییەکانی قوتابخانە ئاینییەکانی یەکگرتوو و کۆمەڵ بوونەتە توندڕەو و کوردستانیان جێهێشتووە"
>
> وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف



خانەقای بیارە، یەکێک لە کۆنترین خانەقاکانی کوردستان

سەعید بومەدوحە توێژەر لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی Amnesty international :

# ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان باشترە و جێگەی بەراوردکردن نییە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا

ئەگەرچی لە ڕاپۆرتی ساڵی 2007 ی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی "ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ " باس لەوە کراوە کەلە کوردستاندا پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بەردەوامەو لە گرتووخانەکاندا ئەشکەنجەکردن هەیە،بەڵام سەعید بومەدوحەی توێژەر لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمنستی کە هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ شاندێکی ڕێکخراوەکە گەیشتنە کوردستان پێیوایە کەبەراورد لەگەڵ چەند ساڵی ڕابردوو ڕەوشی مافی مرۆڤ لەکوردستان گۆڕانکارییەکی زۆر باشی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمە دەقی هەڤپەیڤینەکەیە:

**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو : مەبەست لەسەردانی ئەمجارەتان بۆ کوردستان چییە؟**

**بومەدوحە :** ئەمە یەکەم سەردانمانە بۆ هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی 2003 وە،ئامانجیشمان بەدواداچوونی ڕاستییەکانە دەربارەی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ،بەدواداچوونی پێشێلکارییەکان وگفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان،هەروەها دەمانەوێ پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و NGO کانی کوردستان بەهێزبکەین بەتایبەتی ئەوانەی لەبواری مافی مرۆڤ کاردەکەن. ئێمە تا ئێستا چەندین کەسمان دیتووە لە ڕۆژنامەوانان وچالاکڤانانی بواری مافی مرۆڤ و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە جگەلەوەی چاومان کەوتووە بە بنەماڵەو کەسوکاری بەندکراوان کە مافەکانیان پێشێل کراوە.

**ڕووداو: ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**بومەدوحە:** بەشێوەیەکی گشتی ڕەوشەکە باشە، ئازادییەکی بەرفراوانی ئازادی ڕادەربڕین هەیە وڕێز لەمافەکانی مرۆڤ دەگیرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ پێشێلکاری دەکرێت، بۆنموونە لەگەڵ هەندێک ڕۆژنامەوان قسەمان کرد کە دەستگیرکراون ومامەڵەیەکی خراپیان لەگەڵ کراوە، هەروەها پێشێلکاری هەیە لە بەندیخانەکان بەتایبەتیش دەربارەی ئەو ئیسلامیانەی کەساڵانێکی زۆرە لەگرتووخانەکان وهی وایان تێدایە 6-7 ساڵە بەبێ دادگەییکردن و ئاراستەکردنی هیچ تۆمەتێک هەر لەزینداندا ماونەتەوە، لەمبارەیەوە قسەو گفتوگۆمان لەگەڵ بەرپرسان کرد، خۆشحاڵی خۆمان نیشاندا بەرامبەر ئازادکردنی 50 زیندانی کەبەڕاستی هەواڵێکی دڵخۆشکەرە.



سەعید بومەدوحە (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو: ئێوە هیچ ڕۆڵێکتان هەبووە لە ئازادکردنی ئەوانەدا؟**

**بومەدوحە:** ئێمە ناتوانین بڵێین ڕۆڵمان هەبووە یان نا، بەڵام لەوەتەی هاتووینەتە ئێرە بەردەوام لە گفتوگۆداین لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت، باسی زۆر بابەتمان کرد لەوانە کێشەی بەندکراوان، بە بەرپرسانمان گوت ئەگەر ئێوە بەبێ تۆمەت خەڵکتان گرتووە ئەوە دژی یاسایە، ئەگەر بەراستیش ئەوانە تاوانبارن دادگاییان بکەن.

**ڕووداو: لە ڕاپۆرتی ساڵی 2007 تاندا باسی ئەوەتان کردووە کەلە کوردستاندابەندکراوان ئەشکەنجە دەدرێن ومافەکانیان پێشێل دەکرێت، چۆن ئەم پێشێلکاریانەتان دەستنیشان کرد؟**

**بومەدوحە :** لە ڕاپۆرتی ساڵانەدا پاشکۆیەکی تایبەت هەیە دەربارەی ئەو پێشێلکاریانەی لە ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە،ئەو زانیاریانەی لەوێداهاتوون سەرچاوەکەیان چەند حاڵەتێکی تایبەتی چەند کەسێکی دیاریکراوە کەمافەکانیان پێشێلکراوە . بۆنموونە هەندێ ڕۆژنامەونووس . هەر کەسێکیش دووچاری گرتن بێت ومافەکانی پێشێل بکرێت ئێمە نامەیەک لەبارەی کەیسەکەیەوە دەنێرین بۆ دەسەڵاتداران وداوای ڕوونکردنەوەیان لێدەکەین .

**ڕووداو: بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2003 هەستان بە گۆڕانکاری ئەرێنی و نەرێنی کردووە؟**

**بومەدوحە :** بێگومان گۆڕانکاری زۆر گەورەی ئیجابی ڕوویداوە، بوارێک بۆ ئازادی ڕادەربڕین هەیە، ئەمەش تەنیا قسەی من نییە، بەڵکو قسەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەشە

## شێوەی دادگاییکردنی سەدام ناڕەوابوو

کە دەستگیرکرابوون ومامەڵەی خراپیان لەگەڵ کرابوو، ئەوانیش هەمان قسەی من دەکەن، بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی دوایی جیاوازییەکی باش ڕوویداوە، تەنانەت بەبەراورد لەگەڵ هەندێ وڵاتی دیکەش بەتایبەتی وڵاتانی دراوسێ ڕەوشەکە باشترەو جێگەی بەراوردکردن نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەردەوامە، بەڵام بەئاست و ڕادەی جاران نییە.

**ڕووداو: هیچ زانیارییەکتان دەربارەی بێسەروشوێنەکانی شەڕی ناوخۆی کوردستان هەیە؟**

**بومەدوحە:** ژمارەیەک خەڵک لەکاتی شەڕی ناوخۆوە بێسەروشوێنن،ئێمە ئەم بابەتەمان لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان باسکرد، بەڵام تا ئێستا هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان لەوبارەوە نەداوە، لەم سەردانەماندا زۆرکەس ناوی هەندێ کەسی بێسەروشوێنیان پێداین . ئێمە بەردەوام فشار دەخەینە سەر بەرپرسان بۆ ئەوەی زانیاریمان لەبارەی ئەو بێسەروشوێنانە پێبدەن، چونکە کەسوکارییان داوای زانیاریمان لێدەکەن.

**ڕووداو: چ هەڵسەنگاندنێکتان هەیە بۆ کوشتنی ژنان لە کوردستان؟**

**بومەدوحە:** ئێمە گەیشتووینەتە ئەو بڕوایە کە حکومەت کەمتەرخەمی نەکردووە لەوەی بەیاسا ئافرەتان بپارێزێت، بەڵام ئەوەی ئافرەتان دەکوژێت کەسوکاریانن.

**ڕووداو: ئایا ئێوە چاودێری ڕەوشی مافی مرۆڤی کورد دەکەن لە سوریاو تورکیاو ئێرانیش؟**

**بومەدوحە:** ئێمە چاودێری پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە زۆربەی وڵاتانی دنیا دەکەین، لەبەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش تیمێکمان هەیە کەچاودێری پێشێلکاریەکانی ئێران و سوریادەکات ولە بەشی ئەوروپاش چاودێری پێشێلکارییەکانی تورکیا دەکرێت وراگەیاندن وراپۆرتیش لەبارەی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ ومافی کورد لەو وڵاتانە بڵاودەکەنەوە.

**ڕووداو: ئێوە لەلایەن هەندێ گەورە ئەندامی پێشووتان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە بەهۆی هەبوونی هەندێ کەسی سەر بە سوریا و وڵاتانی عەرەبی پێشلکارییەکانی کوردستان زەقدەکەنەوەو پێشلکارییەکانی ئەو وڵاتانەش بۆ مافەکانی کورد پشتگوێدەخەن، ئێوە چی دەڵێن؟**

**بومەدوحە :** بەڕاستی ئەو قسانە شایانی وەڵامدانەوە نین،چونکە زۆر دوورن لەڕاستییەوە، ڕێکخراوی ئێمە ڕێکخراوێکی ناحکومییە وهیچ ئامانج وهۆکارێکی سیاسی لەپشت کارەکانمانەوە نییە، بۆ زانیاریشتان ئێمە لەوەتەی 1994وەوە هیچ ڕاپۆرتێکی بەرفراوانمان لەبارەی کوردستانەوە نەکردووە ئیدی چۆن ئەو تۆمەتە دەدرێتە پاڵ ئێمە.

**ڕووداو: لەڕاپۆرتەکەتاندا باسی ئەوەتان کردووە کەلە عەرەبستانی سعودی ئەوانەی بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە تەنها لە کاتی لەسێدارەداندا زانیویانە لە سێدارە دەدرێن، ئایا لە کوردستان شتی وا ڕوویداوە؟**

**بومەدوحە:** بەڕاشکاوی من نازانم لە سعودیە چی ڕوویداوە چونکە من کار لەسەر ڕەوشی مافەکانی مرۆڤی سعودییە ناکەم،بەڵام لە ڕووی پرنسیپەوە لێبوردنی نێودەوڵەتی دژی لەسێدارەدانە، بۆیە ئێمە هەڵوێستمان بەرامبەر لە سێدارەدانەکانی کوردستان ئەوەیە کەئێمە لە دژی لەسێدارەدانین.

**ڕووداو: ئێوە دادگاییکردنی سەدام حوسێنتان، بە ناڕەوا ونایاسایی ناوبرد، مەبەستتان چی بوو؟**

**بومەدوحە:** لەبەر ئەوەی ڕێکارو ڕێوشوێنەکانی دادگە ناڕەوا بوون. هەربۆیە ئێمە لەسەرەتای دەسپێکردنی دادگاییکردنی سەدام شاندێکمان ناردو لەوێ ئامادەبوو، فشارێکی زۆر لەسەر پارێزەرەکانی بەرگری و دادوەرەکانیش هەبوو تەنانەت یەکێکیان دەستیشی لەکارکێشایەوە، ئەمە جگە لەدەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدان کە ئێمە دژین.

نازم عومەر، نوێنەری حکومەتی کوردستان لەتاران:

# زۆرجار هاواری ئێمە تۆپبارانی ئێران دەوەستێنێ

**ساڵح قادر**
**ڕووداو - تاران**



نازم عومەر (فۆتۆ: ڕووداو)

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەتاران دەڵێت ماوەی ساڵێکە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەنوێنەری فەرمی حکومەتی کوردستان لەتاران ناسراوە،بەڵام لە هەمانکاتدا بە پێکەنینەوە گوتی "نازانم د.نوری شنگالی بۆچی ئەمرەکەمان بۆ دەرناکات".

نازم عومەر، کە پێشتر نوێنەری یەکێتی بووە لەتاران، دوای سەردانەکەی ساڵی ڕابردووی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تاران وەک نوێنەری فەرمی حکومەتی کوردستان بەبەرپرسانی ئێرانی ناسێنرا، بەڵام دەڵێت "بەمانای ڕەسمی، تا ئێستا کارەکانمان ڕەسمی نین، بەڵکو تەنیا لەبۆنەکاندا وا دەخوازێت کە بڵێین نوێنەری حکومەتین، چونکە مەسەلەی نوێنەرایەتی پێویستی بەکۆمەڵێک پرۆتۆکۆڵ و ڕێککەوتن هەیە، کە تا ئێستا ئەو کارانە نەکراون، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتییەکەمان سیفەتی ڕەسمی خۆی وەربگرێت".

نازم عومەر، باسیکرد کە چەند جارێک حکومەتی کوردستان و حکومەتی عێراقی ئاگادار کردووەتەوە بۆ ئەوەی کارەکانی نوێنەرایەتی تەواو بکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ نەکراوە، تا کار گەیشتووەتە ئەوەی واز لەهەوڵەکانی خۆی بێنێت.

ناوبراو کە ئێستا لەتارانی پایتەختی ئێران دادەنیشێت دەڵێت "بڕیارمداوە لەوە زیاتر هەوڵنەدەم، کاک نێچیرڤان و کاک فەلاحیشم ئاگادار کردووەتەوە، چەند جارێکیش بەئیمێل نووسینگەی وەزیری دەرەوەی عێراقمان ئاگادار کردووەتەوە کە بۆ ناساندنی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەئێران، پێویستە کارە ڕۆتینییەکان تەواو بکەن و بڕیارەکە دەربکەن".

ئەوگلەیی لەفەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم هەبوو، کە زۆر جدی نین لەکارەکە "پێویستە ئەو فەرمانگەیە جیدیتر بێ لەکارەکە بۆ ئەوەی بۆمان دەربکەوێت، کە ئایا کێشەکە لەلایەن حکومەتی کوردستانەوەیە یان لەلایەن حکومەتی عێراق".

ئێران تاوەکو ئێستا، هیچ نووسینگە و کەسێکی بەفەرمی وەک نوێنەری حکومەتی کوردستان قبوڵ نەکردووە، هەرچەندە کونسولخانەشی لە هەولێر کردووەتەوە.

ناو بەناو ئێران لوولەی تۆپەکانی ئاراستەی خاکی باشووری کوردستان دەکات و ناوچە سنوورییەکانی تۆپباران دەکات، کە بەو هۆیەوە بەدەیان گوندنشینی سەر سنوور ئاوارە بوونە و جگە لەمەش زۆربەی ڕەوەندەکانی کوردستان لەترسی تۆپباران نەیانتوانیوە بچنە کوێستانەکان.

نوێنەری حکومەتی کوردستان بەوە دڵخۆش بوو کە تا ئێستا ئەو تۆپبارانانەی ئێران زیانی گیانی بەدواوە نەبووە، لەهەمانکاتدا پێیوایە هەندێک هەواڵی نێو ڕۆژنامەکانی کوردستان پاساو دەدەنە ئێران تا خاکی کوردستان تۆپباران بکات "بەشێک لە پاساوەکانی ئێران بۆ تۆپبارانکردن ئەو هەواڵانەن کە لە ڕۆژنامەکانی کوردستان بڵاو دەکرێنەوە و دەڵێن چەکدارەکانی پژاک لەفلان شوێن دەرکەوتن و لەفلان شوێن چالاکیان کرد".

نازم عومەر گوتیشی "زۆرجار کە لەگەڵ ئێرانییەکان قسە دەکەین و حاشا لەچالاکییەکانی پژاک دەکەین، ڕووبەڕووی ئیحراجی دەبینەوە، کاتێک ئێرانییەکان پێماندەڵێن فلان ڕۆژنامە کە فلان حیزب و فلان کەس دەریدەکات دەڵێت پژاک چالاکی دەکات".

هەروەها ناوبراو پێیوابوو بوونی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK (پژاک) کە باڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی PKK یە لەناو خاکی باشووری کوردستان و ئەنجامدانی چالاکیان لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەو تۆپبارانە "تۆپبارانی ئێران وەڵامدانەوەی چالاکییەکانی پژاکە، کە دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجامیدەدات".

سەبارەت بەهەڵوێستی نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان لەتاران لەکاتی تۆپبارانەکاند، نازم عومەر گوتی "لەکاتی تۆپبارانەکان ئێمە لەلایەن حکومەتی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبینەوە، بۆیە کە تۆپباران دەکرێ، ئێمە هاوارمان لێ هەڵدەستێ، کە زۆرجار دەبێتە هۆی ڕاگرتنی تۆپبارانەکان".

بەپێی قسەی نازم عومەر، لەزۆربەی دانیشتنەکانیان لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران مەسەلەی پژاک یەکێکبووە لەبابەتە گەرمەکانی نێوانیان، کە هەمیشە بەرپرسانی ئێران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە قەناعەت بە چەکدارانی پژاک بکەن بۆ ئەوەی واز لەچالاکی سەربازی بێنن.

## بەرپرسانی ئێرانی پێماندەڵێن دەتوانین داوا لەئێوە بکەین کە پژاک دەستبەرداری چالاکی سەربازی بێ

نازم عومەر گوتی "زۆرجار بەرپرسانی ئێرانی پێماندەڵێن ئێمە ناتوانین گوشارتان بخەینە سەر کە پژاک دەربکەن، بەڵام دەتوانین داوا لەئێوە بکەین کە پژاک دەستبەرداری چالاکی سەربازی بێ، بەڵام ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەو کارە بکەین، چونکە لەخۆمان ڕادەبینین قسە لەگەڵ کۆمەڵە و دیموکرات و حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی ئێران بکەین، بەڵام هەتا ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کورد بڕوای بەوە نییە، قسە لەگەڵ پژاک بکات، بۆ ئەوەی دەستبەرداری چالاکی سەربازی ببێ".

چەند ڕۆژێک بەر لەئێستا بارگرژییەک لەسەر سنوور دروستبوو، ئەویش بەهۆی دزەکردنی 3 بەرپرسی ئیتلاعاتی ئێران بۆ ناو خاکی کوردستان و دەستگیر کردنیان لەلایەن ئاسایشی کوردستانەوە، کە لەئەنجامدا پاسەوانێکی سنووریش کوژرا.

نازم عومەر ڕەتیکردەوە کە ئەو 3 کەسە لەبەرپرسانی ئیتلاعات بووبن و پێیوابوو ڕۆژنامەکان بەمەبەستی سەبکی ڕۆژنامەنووسی ئەو هەواڵەیان بەو شێوەیە بڵاو کردووەتەوە و گوتی "ئەوانە دوو چەکداری کوردی سەر بەسوپای پاسدارانی ئێران بوون، بەمەبەستی دانانەوەی بۆسە بۆ چەکدارانی پژاک هاتبوونە ناوخاکی کوردستان و ئاسایشیش دەستگیری کردبوون، دوای ئەوەی پەیوەندیمان پێوە کردن و مەسەلەکەمان تێگەیاندن چەکدارەکانیان ئازاد کرد". گوتیشی "ئەو کەسانە هەر شتێک بووبن، گرنگ ئەوەیە سەر بەئەنسارولئیسلام نەبوون".

یەکێکی دیکە لەو سەر ئێشانەی بۆ حکومەتی کوردستان دروستبووە بوونی چالاکی ناو بەناوی چەکدارانی ئەنسارولئیسلامە لەسنووری پێنجوێن و شوێنە سنوورییەکانی دیکە لەگەڵ ئێران، کە تا ئێستا بەو هۆیەوە چەند پاسەوانێکی سنووری بوونەتە قوربانی. زۆرجار پەنجەی تۆمەت بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران درێژدەکرێت، کە هاوکاری ئەو گرووپە ئیسلامییە توندڕەوە دەکات، بەتایبەتی دوای لێدانی ئەو هێزە لەلایەن ئەمریکاوە لەناوچەی هەورامان، کە بەشێک لەو هێزە دەربازی ناو خاکی ئێران بوون و لەوێدا دەستیان کرد بەرێکخستنەوەی خۆیان.

سەبارەت بەبوونی ئەو هێزە لەنێو ئێراندا و کۆمەک کردنیان لەلایەن ئێرانەوە، نوێنەری حکومەتی کوردستان لەتاران گوتی "بەدڵنیاییەوە ئەو هێزە هاتووچۆیان هەیە و خەڵکیشیان هەیە لەناو ئێران، ئەگەر خەڵکیان نەبووایە دەستگیر نەدەکران، ئێمە ناتوانین بەئێرانییەکان بڵێین چەکدارانی ئەنسار لەفلان شوێنن و لەفلان سەربازگە مەشق دەکەن، چونکە هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە، بەڵام ئێرانییەکان لەدانیشتنەکان بە ئێمە دەڵێن بارەگای پژاک لەنێو خاکی کوردستان لەفلان شوێنە و لەبن فلان بەرد چالاکی ئەنجامدەدەن".

گوتیشی "لەدانیشتنەکانمان لەگەڵ ئێرانییەکاندا هەمیشە دەڵێین با چەکدارانی ئەنسارلەنێو خاکی کوردستان چالاکی ئەنجام نەدەن و پژاکیش لەنێو ئێران چالاکی سەربازی ئەنجام نەدات، جگە لەمەش ئێمە ڕێککەوتنمان هەیە لەگەڵ ئێران بۆ پاراستنی سنوورەکان لەچالاکی ئەو چەکدارانە".

بەپێی قسەی نازم عومەر چەند چەکدارێکی ئەنسارولئیسلام ئێستا لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە دەستگیر کراون و لەزیندانەکانن "تەنانەت لەنێو دەستگیر کراوەکانیشدا بەرپرسی گەورەی ئەنسار هەن".

مەسەلەی دروستکردنی بەربەرست لەسەر ئاوی ئەڵوەن و گرتنەوەی بەشێک لەو ئاوە، یەکێکە لەو باس و کێشانەی کە ئێستا لەنێوان ئێران و حکومەتی کوردستان و حکومەتی عێراق هەیە.

سەبارەت بەقسە کردنیان لەسەر ئاوی ئەڵوەن، نازم عومەر گوتی "تا ئێستا ئەو باسەمان لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی نەکردووەتەوە چونکە ئەو کێشەکە تەنیا لەنێوان ئێران و کوردستان نییە، کێشە پەیوەندی بەحکومەتی عێراقیشەوە هەیە". نازم عومەر گوتی لە سەردانی ئەو هەفتەیەی د.نوری مالیکی و لەتیف ڕەشیدی وەزیری سەرچاوەکانی ئاو یەکێک لەباسەکان مەسەلەی ئاو بووە.

**بەدڵنیایەوە ئەنسارولئیسلام لەنێو ئێراندا هەیە، ئەگەر نەبوونایە، دەستگیر نەدەکران**

### رۆبن بریمس سەرۆکی تازەی زانکۆی کوردستان:

# کارێکی زۆر ئاسایی نییە کەسێکی نائەکادیمی ببێتە سەرۆکی زانکۆیەک

**زانکۆی کوردستان لەهەولێر کە خوێندن تێیدا بە ئینگلیزییە لە ساڵی 2006 بەبڕیاری سەرۆکی حکومەتی کوردستان دامەزرا، ماوەیەک لەمەوبەر بەڕێز د.عەباس وەلی کە سەرۆکی ئەو زانکۆیەبوو لە پۆستەکەی لادراو رۆبن بریمس کە ئەفسەرێکی خانەنشینکراوی بەریتانییە و کەسێکی ئەکادیمی نییە لە شوێنی دانرا، بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو گۆڕانکاریانە و هەندێ بابەتی تایبەت بەو زانکۆیە و زانینی بیروبۆچوونی مستەر بریمس، ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ کرد.**

**رووداو–هەولێر**

**رووداو: لەکەیەوە ئەم پۆستەتان وەرگرتووە؟**

**مستەر بریمس:** سێ مانگ دەبێ لە سەر داوای سەرۆکی حکومەت هاتوومەتە کوردستان، بۆ یارمەتیدانی قۆناخی داهاتووی گەشەپێدانی زانکۆی کوردستان، کە بریتییە لە رێکخستن و بەڕێوەبردنی زانکۆکە. من کەسێکی ئەکادیمی نیم، لە سوپای بەریتانی لە بواری ئاوەدانکردنەوە و بیناسازی ژێرخاندا کارمکردووە.

**رووداو: هەندێ کەس رەخنەی ئەوەیان هەیە کە چۆن دەبێ کەسێکی نائەکادیمی بکرێتە سەرۆکی زانکۆ؟**

**مستەر بریمس:** لە راستیدا ئەوە کارێکی زۆر ئاسایی نییە کەسێکی نائەکادیمی ببێتە سەرۆکی زانکۆیەک و کەمجار ئەوە روودەدات، بەڵام ئیشوکاری من پتر رێکخستن و بەڕێوەبردنە و زۆر ناچمە ناو وردەکاری کاروباری ئەکادیمییەوە، بەڵکو هەوڵدەدەم بارودۆخێکی ئازاد بۆ خەڵکی ئەکادیمی و قوتابییەکان دروست بکەم بۆ ئەوەی خوێندنەکەیان تەواو بکەن. ئێمە پێویستمان بە رێکخستنێک هەیە، چونکە ئەم زانکۆیە نوێیە. دیارە من ئەو دەسکەوتانەی لەماوەی دووساڵی رابردووشدا بەدیهاتوون بەرز دەنرخێنم.

**رووداو: دەڵێن هەندێ مامۆستا ئەو زانکۆیەیان بەجێهێشتووە، گوایە لە دەرەوە دان بە زانکۆی کوردستان نەنراوە؟**

**مستەر بریمس:** من ئاگادارنیم و نەمزانیوە هیچ ئەندامێکی ستافەکەمان لەبەر داننەنان بە زانکۆی کوردستان ئێرەی بەجێهێشتبێ.

**رووداو: بەڵام قوتابیانی ماستەر و دوکتۆرا مەترسی ئەوەیان هەیە لە لایەن زانکۆکانی دەرەوە دان بە بڕوانامەکانیان نەنرێ بەتایبەتی لەلایەن زانکۆی براتفۆردی بەریتانی، کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و تایبەتی لەگەڵ زانکۆی ئێوە هەیە؟**

**مستەر بریمس:** من هیچ ئاگادارنیم و کەسیش بە منی نەوتووە کە مەترسییەکی وا لە ئارادایە، زانکۆی کوردستان لە قۆناخێکدا لەگەڵ زانکۆی براتفۆرد کاریکردووە کە دان بە بڕوانامەی قۆناخی undergraduate (بەکالۆریۆس) بنرێت، بەڵام لە هیچ قۆناخێکدا ئێمە لەگەڵ براتفۆرد کارمان نەکردووە بۆ پرۆگرامی Postgraduate (ماستەر و دوکتۆرا)، ئاگاداری هیچ پلانێکیش نیم کە زانکۆکانی دەرەوە ماستەرو دوکتۆراکانی زانکۆی کوردستان پشتڕاست بکەنەوە.

**رووداو: پەیوەندیتان لە گەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵای کوردستان چۆنە؟**

**مستەر بریمس:** پەیوەندییەکی زۆر باشمان لەگەڵیان هەیە.

**رووداو: دەڵێن هەندێک قوتابیتان وەرگرتووە بەبێ ئەوەی مەرجی وەرگرتنیان تێدابێت، راستە؟**

**مستەر بریمس:** بەڵێ راستە، ئەوە پێش هاتنی من روویداوە و من لە وەرگرتنی ئەوکاتی قوتابیان بەرپرسیارنیم، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگ بێت ئەوەیە ئایا ئەو قوتابیانەی خوێندن لێرە تەواو دەکەن ئاستێکی باشیان هەیە یان نا. مەبەستیش لە ستانداردەکانی وەرگرتنی قوتابیان ئەوەیە کە قوتابی لە ئاستێکدا بێت بتوانێت خۆی لەگەڵ پرۆگرامە ئەکادیمییەکانی کۆرسەکەی بگونجێنێت، بۆیە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەر زانکۆیەک بۆخۆی مەرج و ستانداردەکانی وەرگرتنی قوتابیان دادەنێت بۆ ئەوەی هاوتەریب بێت لەگەڵ مەرج و ستانداردی ئەو پرۆگرامی خوێندن و سکۆلەرشیپەی پێشکێشی دەکەن.

## پێش 2003 کەم کەس لە دەرەوە دەیزانی کوردستان کەوتووەتە کوێ

**رووداو: وەرگرتنێکی بێ رەچاوکردنی مەرجەکانی وەرگرتن کار لە زانکۆکەتان ناکات؟**

**مستەر بریمس:** بەڕاستی جارێ نازانم چۆن دەبێت، دەبێ چاوەڕێ بین، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەنزیکەوە کار لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بکەین، ئەگەر لە دوارۆژدا ئێمە مەرج و ستانداردە لەبەرچاوگیراوەکانی ناوچەکەمان رەچاو نەکرد ئەوکات دەرگا کراوە دەبێت کە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەر بڕیارێک بدات. هەندێک جار شتێکی باشە ئەو مەرج و ستانداردانەی لە زانکۆکانی دەرەوە پەیڕەو دەکرێن کە رەنگە لێرە جیاوازیش بن، ئێمەش لەبەرچاویان بگرین ئەمەش بێگومان لە قازانجی پرۆسەی خوێندندایە. من لێرەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا دڵنیا دەکەمەوە کە ئێمە ئامادەین بۆ بەرەوپێشبردنی خوێندن گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین.

**رووداو: وەزیری پەروەردە گلەیی ئەوەی لە زانکۆی ئێوە هەبووە، کە پلان و پرۆگرامی خوێندنی ساڵی داهاتووتان نەبووە؟**

**مستەر بریمس:** ئێمە خەریکی دانانی پلانێکی پێشکەوتووین بۆساڵی داهاتوو، ساڵی داهاتووی خوێندن لە هەفتەی یەکەمی مانگی دە دەستپێدەکات و ئێستا 400 قوتابیمان هەیە و بەشی زۆری مامۆستایەکانیشمان لە دەرەوە هاتوون.

**رووداو: سەرنجت چییە دەربارەی سیستەمی خوێندن لە کوردستان؟**

**مستەر بریمس:** من ماوەیەکی زۆر لە کوردستان نەبووم تا بتوانم سیستەمی خوێندنی ئێرە هەڵبسەنگێنم، بەڵام ئەوە دەزانم کە سروشتی سیستەمی خوێندنی زانکۆی کوردستان جیاوازە لە سیستەمی خوێندنی قوتابخانەو زانکۆکانی دیکەی کوردستان، ئەگەر سیستەمی بیست ساڵ لەمەوبەری خوێندن لێرە بێنینە پێش چاوی خۆمان، بوون بە قوتابی لەم زانکۆی کوردستانە لەراستیدا رووبەڕووبوونەوەو تەحەدایەکی گەورەیە، چونکە ناوەڕۆکی کتێب وتێکستەکانی خوێندن و میتۆدی وانە وتنەوەش جیاوازە، بەتایبەتی چونکە زمانی خوێندن لێرە ئینگلیزییە و ستایلی خوێندنیش جیهانیوئینتەرناشناڵە.

بەشێکی زۆر کەم لە خوێندنی ئێرە بریتییە لە لێکچەرو وانە وتنەوە، هەندێکی کۆڕ و سیمینارە، بەڵام زۆربەی خوێندنەوەیە، بۆ نموونە بابەتێک دەخوێنیەوەو بە گرووپ گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت و پاشان دەبێ وتارێک لەبارەی بابەتەکە بنووسیت. بۆیە ئەو جۆرە خوێندنە جیاوازە لە سیستەمی خوێندنی ئێرە، من ئێستا لە گەڵ هەندێ کەسی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە گفتوگۆدام، هەروەها گوێ لەوانە دەگرم کە لە قوتابخانەکانن، بۆ ئەوەی بزانم سیستەمی خوێندنیان چۆنە.

**رووداو: ئایا ئێوە سیستەمی خوێندنی بەریتانی پێڕەو دەکەن؟**

**مستەر بریمس:** ئێمە سیستەمی خوێندنی بەریتانیمان بە بنەما وەرگرتووە و لەگەڵ زانکۆیەکی بەریتانی هەوڵدەدەین بڕوانامەکانمان بەهەند وەربگرێ و دانی پێدا بنێ، بۆیە دەتوانم بڵێم ئێمە سیستەمی خوێندنی بەریتانی لەبەرچاو دەگرین، بەڵام مەرج نییە دەقاودەق پابەندی بین، چونکە ئەگەر میتۆدێکی بەسوودی نێودەوڵەتی بدۆزینەوە دەبێ پابەندی ئەویش بین نەک تەنیا میتۆدی بەریتانی، پێویستە سوود لە هەموو میتۆد وسیستەمی خوێندنی نێودەوڵەتی وەربگرین.

**رووداو: دیارە تۆ جێگەو شوێنی د.عەباس وەلی–ت گرتووەتەوە، کە ماوەیەک لەمەوبەر لێرە لەسەر کار لابرا، لەمبارەیەوە هەست و بۆچوونت چییە؟**

**مستەر بریمس:** من هاتووم کاری خۆم بکەم و رێزێکی زۆریشم هەیە بۆ ئەوەی پێشتر لێرە کراوە، ئەو گۆڕانکارییەی کراوە پەیوەندی بەمنەوە نییە، بۆیە من هیچ لێدوان وکۆمێنتێکم لەوبارەوە نییە.

## پێش هاتنی من هەندێ قوتابی بەبێ رەچاوکردنی مەرجەکانی وەرگرتن لە زانکۆی کوردستان وەرگیراون

**رووداو:هەندێک کەس پێیانوایە ئێوە لە بڕیارداندا سەربەخۆ نین، بەو پێیەی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن؟**

**مستەر بریمس:** لەراستیدا ئەم زانکۆیە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە دامەزراوە، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاش هەماهەنگی و کاردەکەین، لەرووی داراییشەوە وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران یارمەتیمان دەدەن، ئەنجوومەن و دەستەیەکی حکومەتیش لێپرسینەوە لەگەڵ من دەکات لەبارەی بەڕێوەبردنی زانکۆکەوە. ئەم دەستە حکومییەش لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە دەستنیشان دەکرێت. ئەگەر بشمەوێ گۆڕانکارییەکی کارگێڕی بکەم دەبێ پرس و را لەگەڵ ئەم دەستەیە بکەم.

**رووداو: پێتوایە زانکۆی کوردستان و زانکۆی ئەمەریکی لە سلێمانی نیشانەی دروستکردنی پردێک بن لەنێوان کوردستان و وڵاتانی رۆژئاوا؟**

**مستەر بریمس:** بەڵێ نیشانەیەکە بۆ پەیوەندی و پردێکی خوێندن و پەروەردەیی لەنێوان کوردستان و دەرەوە. بێگومان ئەمەش گرنگترە لە بوونی پردی نێوان کوردستان و وڵاتێکی دیاریکراو. هیوادارم ئەوانەی دەرفەتی خوێندنیان دەبێت لێرە بتوانن لە داهاتوودا گۆڕانکاری باش بکەن، نەک تەنیا لەبواری سیاسیەوە بەڵکو لەبواری ئابووری و بازرگانی وسیستەمی خوێندنیشەوە، چونکە بەشێکی زۆری ئەوانەی لێرە دەردەچن دەبنە کارمەند و بەڕێوەبەر و خاوەن بڕیار لە حکومەت.

**رووداو: گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**مستەر بریمس:** ئەم ناوچەیە سی چل ساڵە زۆر ئێشو ئازاری بینیوە، گەورەترین دەسکەوت ئێستا ئەوەیە کەئێوە توانیوتانە بمێنن. ئێوە ئێستا ئازادن و بڕیار لەدەستی خۆتاندایە، من هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە دەستنیشانکردنی بڕیاری خۆتاندا.



لیوتنانت جەنەراڵ رۆبن بریمس
– فەرماندەیەکی خانەنشینکراوی سوپای بەریتانییە
– ماوەیەک لە وەزارەتی بەرگری بەریتانیا کاریکردووە
– لەساڵی 1995 فەرماندە بووە لە هێزە فرە رەگەزەکان لەبۆسنیا

**رووداو: زۆر کورد گلەیی ئەوە لەبەریتانیا دەکەن کەکاتی خۆی رۆڵێکی کاریگەری لە دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی باشووری کوردستان هەبووە بەعێراقەوە، وەک بەریتانیەک هەستت لەوبارەوە چییە؟**

**مستەر بریمس:** (بەپێکەنینەوە) لە راستیدا من هاوسۆزم لەگەڵ کورد. راستە من بەریتانیم، بەڵام ئەو شتە لەسەردەمێکدا روویداوە کەمن هێشتا لەدایک نەبووم، نابێ ئەوەمان لەبیربچێت کە کەس ناتوانێت مێژوو بگۆڕێت، زۆرکەس حەزدەکەن مێژوو بگۆڕن، بەڵام رەوشەکە ئەوەیە کەلەئارادایە، پێویستە لەوە تێبگەین کە بۆچی بەو رەوشە گەیشتووین چونکە ئەوە یارمەتی بەرەو پێشچوونمان دەدا، پێویستە سوود لەهەڵەکانی خەڵک وەربگرین بۆئەوەی ئێمە دووبارەیان نەکەینەوە، لەم رێگەیەشەوە دەتوانین سوود لەمێژوو وەربگرین وداهاتوو بگۆڕین، ئەمەش پتر بە سیستەمێکی پێشکەوتووی خوێندن دەکرێت.

**رووداو:بەرای تۆ دۆزی کورد تاچ رادەیەک لە رۆژئاوادا ناسراوە؟**

**مستەر بریمس:** بەرای من زۆربەی خەڵک لەدوای 2003 وە کوردیان ناسی و ئاشنای پرسی کورد بوون. رەنگە پێش 2003 جیهان هەندێ شتی دەربارەی کورد زانیبێت، بەڵام ئەگەر پێش ئەوکاتە هەندێ لێکۆڵینەوەت لەبارەی کوردەوە کردباو چووبایە بەریتانیا، ئەمەریکا، جاپان، روسیاو فەرەنسا و بتپرسیبا کوردستان لەکوێیە؟ لەوانەیە وەڵامێکی زۆر سەرنجڕاکێشت دەستکەوتبا و لێیان پرسیبای کورد کێن؟ لەکوێ دەژین؟ من دڵنیانیم بیانزیبایە کورد لە عێراق وتورکیا وئێران وسوریا دەژین، بەداخەوەم کە ئەوەت پێدەڵێم، بەڵام ئەوە راستییەکەیە. راستە خەڵکی سیاسەتکار دەیانزانی، بەڵام خەڵکی ئاسایی نەیاندەزانی. پێموایە کوردی عێراقیش زیاتر ناسراوترن لەبەر ئەو رووداوانەی لە 2003 وە لەعێراق روویانداوە.

**رووداو:کەواتە کێ بەرپرسیارە لە نەناسراوی کورد لە دەرەوە، گلەیی لە کورد دەکرێ یا لە خەڵکی دەرەوە؟**

**مستەر بریمس:** پێموایە پێویست ناکات لەم رووەوە گلەیی لەکەس بکرێت، چونکە هەر بۆنموونە لەکاتی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتدا چەندین شوێنی تازە هاتنە ئارا کەکەس زانیاری ئەوتۆی لەبارەیانەوە نەبوو، بەهەمان شێوە لەکاتی هەڵوەشانەوەی یوگسلاڤیای پێشوو زۆر کەس زانیاری پێویستی لەبارەی بۆنموونە بۆسنیا نەبوو، بۆیە ئەگەر کەسێک شایەنی گلەیی بێت، ئەوە جیهانە.

# دوو پرۆفیسۆر بەنیوەی شەو بەشەڕدێن

**رووداو– هەولێر**

کاژێر 1:50 خولەکی شەوی 3 لەسەر 2008/6/4، شەڕو ئالۆزییەک لەنێوان مامۆستایەکی زانکۆی کوردستان و سەرۆکی پێشووی ئەو زانکۆیەدا روویدا، پەلاماردان و بەیەکدادانی بەدەستی لێکەوتەوە.

بەقسەی د.عەباس وەلی، سەرۆکی لادراوی زانکۆی کوردستان لە هەولێر، زافەر یورک کە مامۆستایەکی تورکی زانکۆیەکەیە لە کاتێکدا مەست بووە هاتووە دەرگای پێگرتووە و پەلاماری داوەو شەڕ لەنێوانیاندا روویداوە، بەڵام یورک ئەو قسانەی وەلی بەراست نازانێت و رووداوەکە بەشێوەیەکی دیکە دەگێڕێتەوە.

لەوبارەوە زافەر بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو کاتژمێرەی عەباس باسی دەکات راستە، بەڵام "کاتێک من لە ئاسانسۆرەکەوە دەچوومە سەرەوە، بەرێکەوت ئەویش هاتەناو ئاسانسۆرەکە و لەوانەشە چاوەڕوانی منی کردبێت، لەوێدا دەستمان کرد بە موناقەشە و باسی ئەو شتانەی ناو رۆژنامەی هاووڵاتیمان کرد و پێمگوت زۆر عەیبە بۆ تۆ ئەو شتانە دەڵێی، ئەوە بێ ئەخلاقییە، هەم بەرامبەر من و هەم بەرامبەر رەفیقەکانم، وەک تانیال و ساندرا و دالیا".

بەڵام پرۆفیسۆر عەباس وەلی دەڵێ گێڕانەوەکەی زافەر لە روانگەی پۆلیسیشەوە هەڵەیە " ئاخر چۆن کەسێک لە نهۆمی 13 بێت، دەتوانێ هاتووچۆی کەسێک لە نهۆمی 8و 9 کۆنترۆڵ بکات، مەگەر تێلسکۆپی ژێر زەریام پێ بوو بێت تا لە سەرەوە هاتووچۆی زافەرم کۆنترۆڵ کردبێ و پێم زانیبێ". وەلی ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئەوان لە ئاسانسۆردا یەکتریان بینیبێت " چونکە من لەماڵی خۆم دانیشتبووم، کاتێک کاتژمێر 1:50 خولەک زافەر لەدەرگەی داو زۆر جنێوی دا و پەلاماری دام". وەلی هەروەها دەڵێ پاش تەواوبوونی شەڕەکە برادەرێکی زافەر بەناوی مستەفا هەروەها مولازمێکی پۆلیس کە لە شوێنی رووداوەکە ئامادە بوو، شاهیدن کە زافەر بەدەیان جار سووکایەتی پێکردم. پرۆفیسۆر عەباس وەلی هەروەها دەڵێ "زافەر بەوە ناسراوە کاتێک مەشروب دەخواتەوە ئاژاوەگێڕی دەکات و شەڕ دەفرۆشێت". سەبارەت بەقسەکانیشی دەڵێ "ئەو شتانەی لە هاووڵاتی گووتوومن سەبارەت بە زافەر و برادەرەکانی راستن و لێیان پەشیمان نیم".



## ئەگەر منیش لە زافەر خۆشبم نابێ کۆمەڵگە لێی خۆش بێت

پرۆفیسۆر عەباس وەلی

زافەر هەروەها دەڵێ" جیا لەو کێشانەی کە لەگەڵ عەباس هەمە، من ئەو بەپیاوێکی تێگەیشتوو و زانا دەزانم و هەموو کتێب و بابەتەکانیم خوێندوونەتەوە، رێزی نەتەوەی کورد دەگرم و ئەویش یەکێک لە ئاکادیمییە گەورەکانی کوردە، من ئەو کابرایەم پێ رەتناکرێتەوە، بەڵام ئەزموونی لەسەرۆکایەتی زانکۆدا باش نەبووەو زانکۆی بەشێوەیەکی دیکتاتۆرانە بەڕێوەدەبرد".

پرۆفیسۆر وەلی ئەو قسەیەی زافەر رەتدەکاتەوە و پێیوایە دەسەڵاتی تەواوی دابووە سەرۆک بەشەکان تا رادەیەک کە ئەو دەسەڵاتەیان خراپ بەکارنەهێنابێت هیچ لێپرسینەوەیەکیشی لەگەڵ نەکردوون " قسەکانی زافەر پێچەوانەی ئەو قورساییەن کە من بەوم دابوو، چونکە زافەر سەرۆکی دیپارتمێنتی سیاسی نەبوو، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوەندە دەرفەتم پێدا بوو کە وەک سەرۆکی بەش هەڵسوکەوتی دەکرد".

د.زافەر، کە لە گفتوگۆکانیدا زۆر پشتیوانی کورد دەکات، گوتی "سەرەڕای ئەوەی کە هەڵگری روانگەیەکی مارکسیستیم سوێندتان بۆ دەخۆم قسەی خراپم بەوەلی نەگوتووە".

زافەر یورک وەها درێژە بە قسەکانی دەدات" لەگەرمەی موناقەشەکاندا بووین کە دەستی گرتم و تێری لێدام، وێڕای ئەوەی دەست و لووتی بریندار کردم و کارتی نیشتەجێبوونەکەشی لێوەرگرتم، کەچی من هیچ خۆم تێکنەدا و رۆیشتمەوە شوقەکەم".

زافەر دەڵێ" پاش15–20 خولەک لەگەڵ چەند پۆلیس هاتە بەردەرگاکەم، سەرەڕای ئەوەی وەلی پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە بمگرن، بەڵام چونکە پۆلیسەکان ئەمری دادگایان پێنەبوو هیچیان پێنەگوتم، بەڵام چۆنیەتی رووداوەکەیان لێپرسیم".

لەلایەکی دیکەوە وەلی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوە یەکەمجار نییە زافەر ئەو "بێئەخلاقییانە" دەکات، بەڵکو دوو سێ جاری دیکەش لە دەرەوە جنێو و قسەی ناشیرینی پێگوتووم" زافەر ئەخلاقی مرۆڤی پێنەگەیشتووی تێدایە".

بەقسەی زافەر هەر ئەو شەوە خۆی کونسولخانەی بەریتانیای لەهەولێر ئاگادار کردووەتەوەو سبەینێ بۆ وەرگرتنەوەی کارتی نیشتەجێبوونەکەی چووەتە بەردەرگای ماڵی عەباس، بەڵام ئەو دەرگای لێنەکردووەتەوە. وەلی دەڵێ کارتی نیشتەجێبوونەکەیم لەشەڕدا لێوەرگرتووەو بەیانییەکەی کە ئەو هاتووەتە بەردەرگا، من لەدادگای عەنکاوە بووم و نایجێل گریڤس کە مامۆستایەکی زانکۆی کوردستانە ئاگادارە.



## ئەگەر عەباس وەلی دەست لەسکاڵاکەی هەڵبگرێ منیش دەکشێمەوە

زافەر یورک

زافەر کە لەو گێرەو کێشە ماندوو بووەو دەڵێ" ئەگەر عەباس دەست لە داواکەی هەڵبگرێت منیش داواکەم دەکشێنمەوە". بەڵام پرۆفیسۆر وەلی دەڵێ من دەست لەو داوایەم هەڵناگرم چونکە ئەو سکاڵایە دوو لایەنی هەیە، "یەکەم ئەوەیە کە زافەر پەلاماری مافی مرۆڤی منی داوە، لەلایەکی دیکەشەوە داب و نۆرمی گشتی شکاندووە. کاتێک تۆ کاتژمێر لەیەکی نیوەشەوو دەچیت پەلاماری یەکێک دەدەی ئەوە شتێک نییە کە مرۆڤ بتوانێت لێی خۆش بێت". عەباس وەلی دەڵێ "ئەگەر ئەو وەک شەخسیش لێی خۆشبێت دەبێ کۆمەڵگا لێی خۆش نەبێت چونکە کەسی دیکە ئەمنییەتی نامێنێت".

## هونەر



### میرا دەبێتە پاڵەوانی فیلمێکی سینەمایی

تایبەت بە ڕووداو

◆ هونەرمەندی لاو میرا، دوای بڵاوبوونەوەی یەکەم ئەلبوومی بەناوی (ببورە) سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا،دوای ئەوەی ساڵی ڕابردوو لە بەرنامەی ستۆدیۆی ئەستێرانی تەلەڤزیۆنی زاگرۆس پلەی دووەمی بەدەستهێنا. میرا کەساڵی ڕابردوو بە گۆرانی (ببورە) لە فیستیڤاڵی ژنپارێزی چووە پێش جەماوەر، ئێستا لەلایەن کۆمپانیایەکی نەرویجی بۆ پاڵەوانێتی فیلمێکی سینەمایی هەڵبژێردراوە، کە باس لە بارودۆخی کوردستان دەکات کە میرا وەک ئەکتەری یەکەم بەشداری تێدا دەکات .

## ئێرەجی کەریمیان:

# ئەو مۆسیقایەی لە باشوری کوردستان گوێم لێبووە تەنیا درۆی مۆسیقییە

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو– هەورامان**

بەپێچەوانەی ئەو هونەرمەندانەی کە پێیانوایە لەباشووری کوردستان، هونەری میوزیک پێشڤەچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە، ئێرەجی کەریمیان، هونەرمەندی تەمبوورژەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت "تائێستا لەباشووری کوردستان لەدرۆی مۆسیقا زیاترم گوێ لە هیچیتر نەبووە".

ئەو میوزیکژەنە بەردەوام ئامۆژگاری قوتابییەکانی دەکات کە نەچنە ناو گرووپە میوزیکەکانەوە "چونکە میوزیکژەنی مەزن پێویستی بەوە هەیە ماوەی دەساڵ لەئوستادەکەی دوور نەکەوێتەوە".

تەمبوور بەلای یارسانەکانەوە، تەنها ئامێرێکی میوزیکژەنین نییە. بەڵکو بەشێوەک لەناو ئاینەکەیاندا ڕەگی داکوتاوە و پیرۆزە، کە بڵێن "خودا لە ڕێگەی تەمبورەوە ڕۆح بەبەر مرۆڤدا دەکاتەوە".

ئێرەجی کەریمیان ئەو پیرۆزییە دووپات دەکاتەوەو دەڵێت "تەمبوور لەناو خوێنی کورد دایەو جگە لەکورد هیچ میللەتێکی دیکە ناتوانێت بەدروستی تەمبوور بژەنێت، فارسەکان تەقەللایەکی زۆریان لەگەڵ تەمبوور داوە، بەڵام تا ئێستاش نەیانتوانی وەک کورد ئەو ئامێرە بژەنن".

لەفیستڤاڵی کولتووری هەورامان، ئێرەجی کەریمیان یەک لەو هونەرمەندە داوەت کراوانەبوو، کەپارچەیەک لەسروودی ڕوحی یارسانانی بەتەمبوورەکەی چڕی، لەجیاتی ئەوەی ئامادەبووان وەک نەریتی یارسانان بەبیستنی ئەو سرووده بچنە دۆخێکی تایبەتی سۆفییانەوە، فیکەو چەپڵە ڕێزان لیژنەی باڵای فیستڤاڵی نیگەرانکرد.

ئەیوبی حاجی ڕۆستەم، بەرپرسی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان لەبەردەم ئامادەبووواندا نیگەرانی خۆی دەربڕی و گوتی "بەداخەوە وادیارە کەس لەو گۆرانییە تێنەگەیشتن ئەوەی ئەو پیاوە چڕی، گریانی دەویست نەک فیکە"، کەریمیانیش لەدیمانە تایبەتییەکەی (ڕووداو)دا گوتی "یارسانەکان ڕێگە نادەن هەموو کەس تەمبوور لێ بدات و ئەو سرووده بڵێت، هەرکەس ئەو سرووده بژەنێت و لاواز بێت، یارستانەکان لێی توورە دەبن، ئەو خەڵکەش بۆخۆیان دوایی بیردەکەنەوە و تێدەگەن کەمۆسیقا چییە".

یارسانەکان (ئەهلی حەق )جیاواز لەهەموو ئایینەکانی دیکە، زۆر بایەخ بەدنیای ڕوح دەدەن و هاوکات زۆر بەتوندیش کار لەسەر ئەوە دەکەن کە یاساو ڕێسا ئاینییەکانی خۆیان لای خەڵکانی دەرەوەی ئەو ئاینە ئاشکرا نەبێت و کەس بەنەریتە دینی و سرووتە ڕوحییەکانیان نەزانێت . ئەوان پێشیانوایە دەبێت کەسێک وەک هەڵبژێردراوی خۆیان مافی ئەوەی هەبێت سرووده ئاینییەکەیان بۆبڵێت و ئوستادی تەمبوور ژەنینیان بێت .

## فارسەکان تەقەللایەکی زۆریان لەگەڵ تەمبوور داوە، بەڵام تا ئێستاش نەیانتوانی وەک کورد ئەو ئامێرە بژەنن

کەریمیان دەڵێت "من لەهەورامانی تەختدا لەناو سەد کەسی بەتواناداا هەڵبژێردراوم کە هەزار کەس لەهەورامانی تەخت ساز دەژەنن کەحەوتسەت کەسیان قوتابی خۆم بوونە، هەورامییەکان هەرلەکۆنەوە، تەمبووریان لێداوەو مێژووی تەمبوور بۆ 7 هەزار ساڵ پێش ئێستە دەگەڕێتەوە لەناو ئەواندا".

تاسەت ساڵێک لەمەوبەریش وتەیەکی باو، کەلەسەر زمانی هەر تاکێکی ناوچەی یارسانان بووە، پیرۆزی تەمبووری گەیاندووەتە ئاستی ڕەها "تەمبوور بکڕیت، قورئان دەفرۆشیت".واتە تەمبوور کڕین حەرام کرابوو تانەچێتە بازاڕ و بایەخی ڕوحی خۆی لەدەست نەدات.

بەڕای کەریمیان، هونەری میوزیک وەک بەشێک لەکولتور و فەرهەنگی پیرۆزییەکانی هەرنەتەوەیەک تەماشا دەکرێت و داخباریشە لەوەی کە نەوەی نوێ تێروانین و ئینتیمای بۆهونەر نەماوە "دوو سەت ساڵ بەرلەئێستا مۆسیقا زۆر پیرۆز بووە، لەهەورامانی تەختدا خەڵک بۆ ماوەی دوانزە ساڵ بەبەردەوامی دەچوونە ماڵی ئوستادو لەوێ ڕاهێنانیان دەکرد، ئەوجا دەچووە ناوخەڵک و تەمبووری لێدەدا، بەڵام ئێستە هەمووی بۆخۆی خەریکەو کەس گوێ بەپیرۆزی مۆسیقا نادات"

گوتیشی "ئاینی ئێمە جوزئێکی هەیە کەتەمبوور زۆر موقەددەس دەکات، بەڵام دواتر و لەژێر کاریگەری ئیسلامدا، ئەوەش نەما".

ئێرەجی کەریمیان، لەساڵی 1964 لەگوندی نەوسوتی هەورامان لەدایکبووەو لەساڵی 1988 بووەتە مامۆستا لەناوچەکانی کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ماوەی بیست و پێنج ساڵە بەبەردەوامی خەریکی ژەنینە، کەهەشت ساڵ بەتەنها و لەبەردەستی ئوستادەکەیدا بووە . لەتارانیش ماوەی نۆ ساڵ خولی مۆسیقی بینیوە . ئیرەج بۆ گەیشتنی بەو ڕۆژە هەرچی هەبووە فرۆشتویەتی " تەنانەت شتی ماڵەکەشم نیوەی فرۆشت و پارەکەم بەدەم ڕاهێنانی مۆسیکەوە خوارد".

کەریمیان ئەو کەسانەی پێ قبوڵ ناکرێت کەحەزیان لەخۆدەرخستن و تەلەڤزیۆنەو هاوکات ڕاشیدەگەیەنێت"بلیمەتوئوستادە جیهانییەکانی موسیقا، زۆر بەدەگمەن تێیاندایە لەناو تیپێکی مۆسیقا بێت، بەڵکو هەموویان بەتەنها و لەژێر چاودێری ئوستاد پێگەیشتوون".

هەروەها کەریمیان ڕەخنەی لەتەلەڤزیۆنە کوردییەکانی باشووری کوردستان گرت، کە ناوبانگی هونەری کوردی لەبەرچاوناگرن "هەرچی دەچێتە بەردەستیان، خاس و خراپ بڵاوی دەکەنەوە، دەبێت کوردسات و کوردستان تیڤی زۆرباش بزانن کەگوێی مۆسیقی وڵاتان زۆر گەورەو بەهێزەو ئەو هونەرەی ئەوان دەیخەنە بەرگوێیان، ناوبانگی هونەری ئێمە وەک کورد دەشکێنێت". ناوبراو چارەسەری ئەو مەسەلەیە لەوەدا دەبینێتەوە کە "میوزیکژەن تانەگاتە پلەی ئوستادی، نابێت بیر لەتەلەڤزیۆن و دەرکەوتن بکاتەوە".

سەبارەت بەهونەری میوزیک لەباشووری کوردستان،کەریمیان دەڵێت "ئەو جۆرە مۆسیقایەی لێرە بیستوومە، هەمووی درۆی مۆسیقییە، ئەگەر بەپێی تێڕوانینی ئوستادە ئێرانییەکان بێت، لێرە ناتوانی بڵێی مۆسیقا هەیە".

یەک لەپێنج پایە گرنگ و بەهێزەکەی میوزیکی جیهان، بەلای کەریمیانەوە ئێرانەو پێشکەوتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەبواری هونەری میوزیکدا دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات پەیوەندییان لەگەڵ فارسەکان هەیە "هونەری ئێرانی زۆر گرنگە، من لەتاران خوێندوومەو تارانیش یەک لەپێنج کۆڵەکە مۆسیقییەکەی جیهانە" کەریمیان درێژەی دەداتێ و دەڵێت "کوردەکانی باکووری کوردستان، کەپەیوەندیان لەگەڵ تورکەکان هەیە تارادەیەکی باش سوودیان لەوان بینیوە، بەڵام کوردەکانی باشوور بەهۆی ئەوەی سەروکاریان لەگەڵ عەرەب هەبووە، تازە بەتازە لەگەڵ هونەر دەکرێنەوە".



ئیرەج بەبیری هونەرمەندەکانی باشووری کوردستان دەهێنێتەوە کەدەست بەناوبانگی هونەری کوردییەوە بگرن و خۆیان لەدەرکەوتن دووربخەنەوە "پیانۆ لێدان بەس نییە بۆ ئەوەی بڵێن فلان کەس هونەرمەندە، چونکە دوگمەی پیانۆ تەنها دەنگێکەو موهیمەی تێدا نییە، بەڵام خولقاندنی ئاوازێکی ڕاستەقینەیە لەئامێری تەمبوور یان ساز یان کەمانچەیە".

ئەو لەناو هونەرمەندانی باشووری کوردستاندا، حەزی لەبینینی بەهجەت یەحیایەو جارێکیش عەدنان کەریمی بینیوەو بەکەسێکی ناسک ناوی دەبات، هەروەها حەزیش دەکات بێتە هەولێر و سلێمانی، دەستی خەڵک بگرێت و فێری کاری میوزیک ژەنینیان بکات بەتایبەتی هەردوو ئامێری تەمبوورو تار.

ئیرەج دیسان ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە هونەرمەند تا بەتەواوی لەژێر دەستی ئوستادەکەی پێنەگات نابێت خۆی دەربخات، کە بە مەزندەی خۆی نەبوونی ناوبانگی ئەو لەباشووری کوردستان بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە "من تا ئێستا لەمیدیاکاندا دەرناکەوم، ئەوەش ئامانجی خۆم بووەو بڕوای تەواوم هەیە کە هونەرمەند تانەگاتە پلەی ئوستادی، دەرکەوتنی بێماناو بێبەرهەمە".

کەریمیان هیوای خواست، کەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو دەرفەتە گەورەیەی بەدەستی هێناوە، کەمتەرخەمی تێدانەکات پشتگیری هونەرمەندانی بەتواناو ڕاستەقینە بکات "کورد ئەگەر ڕێگەی ڕاستی هونەر بدۆزێتەوەو عیشقی بۆی هەبێت، زۆر بەخێرایی پێشدەکەوێت، باوەڕیشم وایە ئایندەی هونەری کوردانی عێراق، ئایندەیەکی زێڕینە، هەرچەندە نابێت لەبیست ساڵ کەمتر دیاری بکەین بۆ دەرکەوتنی میوزیکژەنی مەزن".

# پاراستنی مافی هونەرمەندان لەدەسەڵاتی حکومەت دەرچووە

**دڵپاک زرار**
**ڕووداو – هەولێر**

چەند پۆستەری گەورەی هونەرمەندە کوردو فارس و عەرەبەکانی لە جامی دوکانەکەی داوە، چەند کەسێک لەنێو دوکانەکە بوون، دوای ئەوەی دوکانەکەی چۆڵ بوو، یەکێک داوای چەند بەرهەمێکی نوێی هونەرمەندەکانی لێکرد بەکۆپی، ئەویش لەوەڵامدا گوتی "یەک دوو ڕۆژی دیکە وەرەوە بە کۆپی دەتدەمێ".

هەرچەندە دیاردەی کۆپیکردن لەهەموو شوێنێکی دنیادا هەیە، بەڵام لەکوردستان بووەتە شتێکی ئاسایی و لایەنە پەیوەنددارەکانیش دەڵێن "لەدەسەڵاتی ئێمە دەرچووەو هەر ئەوەندەش بەئێمە دەکرێت".

ئەوەش وادەکات هونەرمەندان نەک هەر سودێکی دارایی لە بەرهەمەکانیان نەبینن و کۆمپانیای گەورەش بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هونەرمەندان دروست نەبن. ئەگەر کەسێک بەرهەمێکی هونەری کۆپی بکات یان دەستدرێژی بکاتە سەر مافی کەسێکی دیکە بەپێی یاسا سزا دەدرێت، بەڵام دیدار شێرزاد خاوەنی سەنتەری ئەربائیلۆ کە بە کۆنترین و بەنێوبانگترین سەنتەری بڵاوکردنەوەی هونەری دادەنرێ لە هەولێر بۆ (ڕووداو) گوتی "دیاردەی کۆپی ڕۆژ بەڕۆژ لەزیادبووندایە"، هۆیەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە سزای کۆپیکاران لای پۆلیس قورس نییە "تەنیا پڕکردنەوەی پەیمانێکە کە چیدی کاری کۆپی نەکات یان داخستنی دوکانەکەیە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر".

## "دیاردەی کۆپیکردن ڕۆژ بەڕۆژ لەزیادبووندایە"

خاوەنی گەورەترین سەنتەری بڵاوکردنەوە

محەممەد حوسێن ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر بەوەکالەت دەڵێ "ئێمە دوای ئەوەی نووسراومان لەوەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ دێت کە بەرهەمەکە بڵاودەکرێتەوە، ئێمەش نووسراوێک بۆ هۆبەی ئابووری ئاسایشی هەولێر دەنێرین بۆ ئەوەی کارمەندی خۆیان ئاگادار بکەنەوە ئەو بەرهەمە مافی پارێزراوە بۆ ئەو لایانەی هونەرمەندەکە لەگەڵی ڕێککەوتووە، بەڵام ماوەکە دیاری ناکرێت". ئینجا کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەر لەهەولێر لەگەڵ کارمەندی دەزگای ئاسایش بەڵێننامە لەخاوەنی هەموو سەنتەرەکانی ناو شارو دەرەوەی شار وەردەگرن کە تا تەواوبوونی ئەو ماوەیە بەرهەمەکە کۆپی نەکەن.

محەممەد حوسێن گوتیشی کە ناتوانن بەتەواوی ڕێگە لە کۆپیکردنی بەرهەمەکان بگرن "ئەوە لەدەسەڵاتی ئێمە دەرچووەو هەر ئەوەندەش بەئێمە دەکرێت".

هێمن خاوەنی تۆمارگای بروسک تاتلیساس کە خەریکی کۆکردنەوەی سیدییەکانی نێو دوکانەکەی بوو، دەڵێت "هەرچەندە من دوای تەواوبوونی ماوەکە بەرهەم کۆپی دەکەم، بۆیەش کۆپی دەکەین چونکە یان نرخەکەی گرانە یانیش لەبازاڕ کەم دەبێتەوە". دیداریش ئاماژەی بەوەکرد کە سەنتەرە گەورەکانی بازاڕ بەر لەتەواوبوونی ماوەکە بەرهەم کۆپی ناکەن"بەڵام دوکانەکانی کۆڵانان کاری کۆپی دەکەن، چونکە کەس لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکات".

خەندە محەممەد، قوتابی ئامادەییە و خەریکی کڕینی بەرهەمێکی ئۆرجینال بوو، وەکو خۆی گوتی تەنیا بەرهەمی ئۆ ر جینا ڵ دەکڕیت، بەڵام

کاروان بەپێچەوانەی خەندەتا بەرهەمی کۆپی هەبێت هیچ بەرهەمێکی ئۆرجیناڵ ناکڕێ، لەبەرئەوەی خەندە پێیوایە "چونکە کۆپی و ئۆرجیناڵ وەکو یەکن"، هەرچی تارایە بەپێی هونەرمەندەکە سیدی دەکڕێ، ئەگەر هونەرمەندەکە باش بوو بەرهەمی ئۆرجیناڵ دەکڕێ ئەگینا بەرهەمی کۆپی دەکڕێت.

زۆر کڕیار لە کوردستان هەست بەوە ناکەن یاخود گوێ نادەنە ئەوە کە بەکۆپیکردن هونەرمەند ڕەنج بە خەسار دەکەن و ڕێگەی پێشکەوتن و سەربەخۆ کارکردنی لێدەگرن.

لەبارەی دادگاییکردنی ئەو کەسانەی بەرهەمەکان کۆپی دەکەن، سامح عوسمان دادوەری یەکەم لەدادگای بەرایی هەولێر، لەرووی لێکەوتە یاساییەکانی ئەو کردەوەیە بۆ (ڕووداو) دواو گوتی "لەم سێ ساڵەی دواییدا هیچ داوایەکمان لەوبارەوە بۆ نەهاتووە، پێشتریش هەر کەمبوو، جاری واش هەبووە دادگاییەکە تەواونەکراوەو خاوەن ماف لەمافی خۆی خۆش بووە". سەنتەری ئەربائیلۆ لە ساڵی 2005 داوایەکی یاسایی بەرز کردبۆوە لەدژی ئەو سەنتەرانەی بەرهەمی ئەوانیان کۆپی کردبوو، بەڵام دواتر داواکەی کێشایەوە.

بەپێی بەندی111ی یاسای سزادانی عێراقی ساڵی 1969 و ماددەی 476 "هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەرماف و موڵکی کەسێکی دیکە لەڕێگای یاساییەوە سزا دەدرێت و سزاکەش بریتییە لەدەستبەسەرداگرتنی هەموو ئەو شتانەی کە بەدەستی هێناوە". پارەیەکی کەمیشی لێ وەردەگیرێت وەک سزادان بۆ خەزێنەی حکومەت.

بەڵام لەپڕۆژە یاسای پاراستنی موڵکایەتیی و هزری و هونەرسازی کە پەرلەمانی کوردستان کاری لەسەر دەکات مافی پاراستن و جۆری سزاکە بەتەواوی گۆرانکاری بەسەردا دێت، چونکە هەموو بەرهەمێکی هونەری دەگرێتەخۆ و سزاکەشی قورس کراوە، بەپێی ئەو پڕۆژە یاسایە، ئەو دوکاندارەی بەرهەمەکە کۆپی دەکات دوکانەکەی بۆ ماوەی مانگێک تا دوو مانگ دادەخرێت و سزا داراییەکەشی لە5 ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نابێت و لە50 ملیۆن دیناری عێراقیش زیاتر نابێت. ئەگەر دووبارەشی کردەوە مۆڵەتی دوکانەکەی لێ دەستێندرێتەوەو چیتر ڕێگەی پێنادری کار بکات.

بۆ ئەو بەرهەمانەش کە لە دەرەوەی کوردستان دێن، وەک بەختیار لە تۆمارگەی مێرگەسۆر دەڵێت "بەرهەمی هونەرمەندانی باکووری کوردستان و بیانی کۆپیان زیاتر دەفرۆشرێت چونکە نرخیان گرانەو مافیشیان پارێزراو نییە"، بەڵام لەپڕۆژە یاساکەدا هاتووە هەر بەرهەمێکی هونەری لە 10 نوسخە زیاتر بێت و لەڕێگای سنوورەکان یان فرۆکەخانەوە بێتە ناو خاکی کوردستان، خاوەن بەرهەم یان هێنەرەکە دەبێ لەدەزگای پاراستنی بەرهەمی هونەرسازیی هونەرمەندان MCHی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری پێویستە بەڵگەداری بکات و ڕەزامەندی فەرمیش بۆ بڵاوکردنەوەی وەربگیرێت، ئەگەرنا دەستیان بەسەر دادەگیرێت.



گەرمی بازاڕی نایاسایی کۆپیکردن لە کوردستان

(فۆتۆ: ڕووداو)

# مۆسیقایا سلێمانیێ چۆ دهۆکێ

## ڤالاهییەک دناڤبەرا هونەرێ دهۆک و سلێمانیێ دا هەیە



**ڕووداو– دهۆک**

ب چاڤدێریا دڵشاد عەبدولڕەحمان وەزیرێ پەروەردەیا کوردستانێ، پشکا موزیکێ یا پەیمانگەها هونەرێن جوان یا سلێمانیێ ئێڤاریا 3 خزیرانێ، فیستەڤالا خوەیا ساڵا نە ل هۆڵا محەممەد عارفێ جزیری ل دهوکێ پێشکێشکر.

دڤێ فیستەڤالێ دا چەندین بەرهەمێن قوتابیێن پشکا موزیکێ هاتنە نمایشکرن، کو دگەل دا 8 مامۆستاییێن پەیمانگەهێ ژی میوزیک د ژەنین .

عادل محەممەد سەروکێ پشکا موزیکێ یا پەیمانگەها هونەرێن جوانێن سلێمانیێ د داخویانیەکێدا بۆ (ڕووداو) مەرەما گێڕانا ڤێ فیستەڤالێ ل دهوکێ دیار کر کو بۆ وێ یەکێ بوویە هونەرمەندێن دهوکێ ئاشنای وان شیانێن هونەری و تەکنیکی ببن کو ل پشکا میوزیکی هەی ل سلێمانیێ هەین و هیڤی خواست کو ئەوژی ئاشتا ببن ب هونەرێ پەیمانگەها هونەرێن جوان یا دهوکێ و گۆت " مە دڤێت پەیوەندییەکا هونەری دناڤبەرا مە و پەیمانگەها هونەرێن جوان یا دهۆکێ پەیدابیت، ژبەر کو هەستدکەین ڤالاهییەک دناڤبەرا مە و دهۆکێدا هەبوو، ژبەر هندێ مە ب پێدڤی زانی ڤێ فیستەڤالێ ل دهۆکێ سازبکەین".

میوزیکژەنێ کەمانێ یێ ب ناڤ و دەنگ، زاهد بریفکانی کو ئامادەی ڤێ فێستەڤالێ ببوو دەستخۆشی ل مامۆستاییێن پشکا میوزیکی یا پەیمانگەها هونەرێن جوان یا سلێمانیێ کر کو شیاینە قوتابیێن خوە بگەهیننە ڤی ئاستێ بلند و، تێکەڵی و گونجاندنەک باش دناڤبەرا ئامێرێن ڕۆژئاوایی و کوردی دا دروستکرینە .




## ژیانی نوێ

### ژنان شکایەت لەئێران دەکەن

ڕووداو- مۆبین

◆ کۆمەڵێک لەچالاکگەرانی بزووتنەوەی ژنان لەئێران بەهۆی ڕێگەنەدان بە چوونە ژوورەوەی ژنان بۆ یاریگە وەرزشییەکانی بۆ بینینی یارییەکانی تۆپی پێ، لەلای فیفا شکایەتیان لەحکومەتی ئێران کرد.ئەو ژنانە لەنامەیەکدا کە ئاراستەی هەریەک لە یەکێتی تۆپی پێی جیهان FIFA و AFC کراوە، داوایان لەو دوو ڕێکخراوە وەرزشییە کرد حکومەتی ئێران ناچاری بکەن ڕێگە چوونە یاریگەکانیان پێبدات و لەبەشێکی نامەکەیاندا هاتووە "ماوەی دوو ساڵە هەوڵدەدەین بەرپرسانی ئێرانی ڕازی بکەین کە ڕێگە بە ژنان بدەن بۆ چوونە نێو ستادیۆمەکان، کەچی جگە لەوەی ڕازی نابن، سووکایەتیشمان پێدەکەن".

دەشنێ موراد:

# چەند خەڵکێکی ناو ڕاگەیاندن دەیانەوێ بمڕووخێنن

دەشنێ مراد، لە 1986/1/1 لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، لە 1997/1/10 ماڵیان چووەتە هۆڵەندا، نزیکەی دووساڵە بە پێشکێشکردنی بەرنامەی (بێ کۆنترۆڵ) لە تەلەڤزیۆنی کوردستان، نێودەنگی دەرکردووەو بووەتە جێی گفتوگۆ. لەسەردانێکیدا بۆ نووسینگەی سەرەکی (ڕووداو) لەهەولێر، زۆر پرسیارمان لێکرد و بەڵێنیشدا لە ئایندەدا بۆ (ڕووداو) بنووسێ:

**ڕووداو: تۆ جیاواز لە زۆر کچان هەمیشە تەمەنی خۆت ئاشکرا دەکەی، بۆچی؟**

**دەشنێ:** ئێستاش دەڵێمەوە 22 ساڵم. لەبەرئەوەی ساڵ بەساڵ شانازی بەخۆمەوە دەکەم. هەست بەپیر بوون ناکەم. کەی بووم بە سی ساڵ ئەوکاتە دوو ئەوەندەی تر شانازی بە خۆمەوە دەکەم، ئەوکاتیش کە بڵێم سی ساڵم لەوانەیە خەڵکەکە بڵێ واو سی ساڵە کەچی هێشتا سپۆرت خۆی دەگۆڕێ و چالاکە.

**ڕووداو: ئەو کچانەی لە هۆڵەندا لەگەڵیان ژیاوی وەک تۆن؟**

**دەشنێ:** نەخێر زۆرجار لەوێش دەڵێن ئۆو نابێت لە ئافرەتێک بپرسیت تەمەنت چەندە. کچان لە هەموو شوێنێک وەک یەکن، ئەوانەی

## کاتی ئەوەم نییە خۆم بە شووکردنەوە خەریک بکەم

کوردستان چۆن حەزیان لە سووراوە، کچانی ئەورووپا و هۆلیودیش هەر وان. بۆیە لای من هیچ جیاوازییەک لەنێوان کچێکی کورد و ئەورووپی و کچانی هۆلیود نییە.

**ڕووداو: کە چوویتە هۆڵەندا بۆ برادەرانی سلێمانیت نەدەگریای؟**

**دەشنێ:** کە لەکوردستان ڕۆیشتم تەمەنم 11 ساڵ و چەند مانگێک بوو، ئەقڵم پێی نەدەشکا بۆ کوێ دەچین، کە ڕۆیشتین هەموویان دەگریان، ئێمە منداڵەکانیش لە حەوشەی ماڵەوە سەیری یەکترمان کردو وتمان ئێمەش دەبێت بگرین. دراوسێ کچەکان نامەیان دامێ و بووکی خۆیان پێدام، کە چوومە دەرەوەی وڵات گریام وتم شاخەکان کوان؟ ئیتر هاتینە گەڕەکێک ژیاین هەمووی قژزەردبوون، وتم خۆ ئەوانە هەموویان خەڵکی ناو تەلەڤزیۆنەکەن، لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی قسەیان لەگەڵ بکەم ئیتر من و براکەم و خوشکەکەم و برابچوکەکەم وەکو گرووپێک لەبەردەم حەوشەکەی خۆمان یاریمان دەکرد و دوای مانگێک منداڵەکانی دیکە لەگەڵمان تێکەڵ بوون و باوکم لە پەنجەرەکەوە سەیری دەکردو دەیوت توبڵێی ئەمانە چۆن لەگەڵ ئەوان قسەبکەن، ئیتر ئاواهی بوو. هەر ساڵی یەکەم زۆر سەخت بوو.

**ڕووداو: کە لەوێ جێگیر بوون، حەزت دەکرد ببیە چی؟**

**دەشنێ:** منداڵ لێرە وا هاندەدرێ کە هەمیشە بیر لەوەبکاتەوە ببێتە پارێزەر و دکتۆر، هەر ئەوەش خەونی من بوو تا تەمەنی 16 ساڵ، ئیتر لەو تەمەنەدا زۆر سەیری گۆرانیم دەکرد و حەزم لە جوڵەبوو، لە تیپی دانس بووم و چوومە تیپی دووگۆڵیش، لە قوتابخانەش کە ساڵانە قوتابی دەهاتن بەشەکانم پێدەناساندن، مامۆستاکەم پێیگوتم تۆ دەبێ بەو کەسەی ڕیکلام دەکەن. ئێستا تێدەگەم دەتوانم سەرنجی خەڵک ڕابکێشم و پەیامێکیان پێبدەم.

**ڕووداو: لەوێ دەتخوێند و لە دوکانێکش کارت دەکرد و بەرنامەی تەلەڤزیۆنیشت هەبوو، بۆچی لە قوتابخانەو ئیشکردن تەلەڤزیۆنت هەڵبژارد؟**

**دەشنێ:** ئەوە شتێکی ڕێکەوت بوو، خەونم ئەوەنەبوو ببمە بێژەر و پێشکێشکار، زۆرتر حەزم دەکرد لە هۆڵەندا بچمە تەلەڤزیۆن، لە شوێنێکی گەورە وتیان وەرتدەگرین بۆ کاری تەلەڤزیۆن، بەڵام دایک و باوکم وتیان تۆ لە قوتابخانەی و حەزناکەین، منیش دەبوایە ڕێگەیەکی دیکە بدۆزمەوە بتوانم توانای خۆم لە تەلەڤزیۆن پیشانبدەم، کە زانیم کوردستان تیڤی نووسینگەیەکی بچکۆلەیان هەیە لە نزیک ماڵی خۆمان، یەکسەر پلان و بەرنامەیەکم نووسی دەربارەی گەنج و ئاهەنگ و مۆدە و دام بە خەلیل شنگاری بەڕێوەبەری نووسینگەی تەلەڤزیۆنی کوردستان لە ئەڵمانیا. کە ئەویش وتی ئۆکەی منیش وتم ئۆکەی و بەبێ پرۆڤە مایکرۆفۆنی پێدام و چوومە سەر شەقام، ئیتر بێ کۆنترۆڵ فۆرمی وەرگرت و هەمووی بە ڕێکەوت دروست بوو تاوەکو ئێستاش بە سوتفە ماوەتەوە.

**ڕووداو: کچی کورد ئەگەر 20 ساڵیش لە ئەورووپا ژیابێت هەر شەرمنە، تۆ بەپێچەوانەوە پڕ جوڵە و بوێری، ڕاستەوخۆ مایک لە کوڕێکی نەناس دەبەیە پێشەوە، ئەوە لەچییەوە سەرچاوە دەگرێ؟**

**دەشنێ:** بەداخەوە خەڵکی لای ئێمە دوو ڕووخساریان هەیە کە دێنە دەرەوە ڕووخسارەکەی دیکەیان پیشان نادەن، دەبێت ئەوە بشکێنین چونکە ئەوە پەیوەندی بە ڕێزەوە نییە، بەڵکو بە ئازادبوونەوە هەیە لە خستنەڕووی کەسایەتی خۆت.

**ڕووداو: لە کوردستان زۆر گوتراوەو نووسراوە، نابێت کچێکی کورد وەک دەشنێ جلی ئاوا لەبەر بکات و بەوشێوەیە لەسەر تەلەڤزیۆن هەڵسوکەوت بکات، ئایا دایک و باوکیشت ئەو ڕەخنەیەت لێدەگرن؟**

**دەشنێ:** نەخێر چونکە دایک و باوکم دەزانن من لە دەرەوەی تەلەڤزیۆنیش هەر وام، لە 16 ساڵیەوە من بەو شێوەیە خۆم گۆڕیوەو زۆریش شانازی بەو کاراکتەرەوە دەکەم، ئەگەر وابووایە کەمن بەس لە تەلەڤزیۆن وابومایە ئەوکاتە ڕەخنەیان لێدەگرتم. ئەوەی من دەیکەم تەمسیل نییە. بەڵام زۆرجار بۆ قسەکردن ڕێنوێنیان کردووم، بۆ نموونە ئەگەر لە کەسێکم بپرسیبا چەند منداڵت هەیە،کە دەیگوت ئەوەندە دەمگوت ئۆکەی، دەیان وت بڵێ خوا لێت نەستێنێت.

**ڕووداو: هەندێک کەس پێیوایە هەندێک جار دەچیتە ناوژیانی تایبەتی خەڵکەوە؟**

**دەشنێ:** ڕاستە، بەڵام من لەگەڵ خەڵک قسەدەکەم و ناچمە ناو هەموو تایبەتییەکانیانەوەو چەند شتێکی سەرتاییان لەگەڵ باس دەکەم بۆ ئەوەی کوردەکانی ئەورووپاو ئێرە لەیەکتر تێبگەن. کۆمەڵگای ئێمە ئەو مەترسییەی هەیە لەیەکتر تێناگەن، باوک لەکچی خۆی تێناگات و پەیوەندیان نییە. من زۆر شانازی بەکوردبوون و کۆمەڵگاکەمەوە دەکەم، لەبەرئەوەیە کولتورمان دەوڵەمەندە، بەڵام دەبێ هەندێ شت پێشبخەین.

**ڕووداو: بەرنامەی بێ کۆنترۆڵت لە زۆر وڵاتی ئەورووپا کردووە، بەو دواییەش لە کوردستان، جورئەتێکی وات پێدان بێ ترس بدوێن؟**

**دەشنێ:** کە هاتمەوە وتم توبڵێی کوردانی ئێرە بەشێوازێکی دیکە لەگەڵم بدوێن، ئەی جلەکانم؟، بەڵام کە گەیشتمە هۆتێل و بیرم کردەوە وتم نەجلم دەگۆڕم نەخۆم دەگۆڕم، ئەگەر وامکرد دەبمە ئەکتەر کەواتە واناکەم، کەچوومە دەرەوە زۆرم لاسەیربوو لە هەموو شوێنێک ڕێزم لێدەگیرا، بەتایبەت لە بازگەکان دەیانوت: ئێمەت سەربەرزکردووە، پیاوەکان



دەیانوت ژنەکەم تۆی خۆشدەوێت، کچەکەم شێتی تۆیە، ئەوانە بۆمن زۆر گرنگ بوون. کە دەچووم بۆ شوێنێک بۆ دیمانە، نەمدەتوانی پشووبدەم لەبەر ئەوەی لە هەموو لایەکەوە ڕایاندەکێشام بۆ وێنەگرتن.

**ڕووداو: ئەوپرسیارەی زۆر لە کوردستان لێتدەکەن چییە؟**

**دەشنێ:** کچەکان دەستیان لەقژم دەدەن و دەڵێن ڕەنگەکەی ڕاستییە؟، جلەکانت زۆر جوانە، کوڕەکان دەیانپرسی شووت کردووە؟، منیش ئامۆژگاری کوڕەکانم دەکردو دەموت تازە هەژدە ساڵن جارێ ژن مەهێنن. هەموویان بەجدی گوێیان دەگرت.

**ڕووداو: بەڵام کوڕانی ئێرە ناتوانن دۆستێکی کچیان هەبێت و، ئەگەر هەشیانبێت بە تەلەفۆنە، کە زۆر جار کچ لەسەر تەلەفۆنکردنێک کوژراوە، چیبکەن باشە؟**

**دەشنێ:** دەبێت ئازابن.

**ڕووداو: ئازابن دەکوژرێن؟**

**دەشنێ:** دەبێت لەماڵەوە دیالۆگ بکەن، لە دایک و باوکیان نزیک ببنەوە، سەردان و سەیرانکردن پێکەوە باشترین دەرفەتە بۆ لەیەکترگەیشتن.

**ڕووداو: کەس لەکوردستان پێیگوتی ئەو جلوبەرگانە لەبەر مەکە؟**

**دەشنێ:** تەنیا یەک پیاو پێیگوتم، لەگەڵ باوکم لە کوردستان چوومە دوکانێک بۆ کڕینی ملوانکەیەکی زیوینی بەئاڵای کوردستان. پیاوەکە لەبەرچاوی باوکم وتی زۆرم خۆشدەوێی، بەڵام ئەگەر جلێک لەبەرکەیت وەک کچانی کوردو زیاتر داخراو بێت دوو ئەوەندەیتر خۆشماندەوێی، منیش وتم هەوڵدەدەم. بەڵام من حەزناکەم خۆ بگۆڕم لەبەر ئەوەی جلەکانم هیچ عەیبیان نییە، لەئەورووپا کچ هەیە لەچکی بەسەرەوەیە، بەڵام تەنورەیەکی وا تەسک لەبەردەکات هەموو لەشی بەهەڵە دەردەکەوێت، بەڵام وەرە پانتۆڵێک لەبەرکە لەگەڵ کراسێکی بێ قۆڵ وا لەبەری دەکەیت کەدەڵێت بەڕێوەبەرێکی، ئۆکەی.

**ڕووداو: بەتەنیا سەفەر دەکەیت یان کەسێکی خۆت لەگەڵ دەبێ؟**

**دەشنێ:** سەفەری یەکەم کە هاتمەوە کوردستان، لەگەڵ باوکم بووم، ئیتر ئەو پاش دوو هەفتە ڕۆیشتەوە لەبەر ئەوەی کاری هەیە لەوێ، بەڵام ماڵی پوورم لەهەولێرە و ئەوان ئاگایان لەمن دەبێت. دایکم و باوکم باوەڕیان بەمنە، دەزانن ئەگەر لە چینیش بم ناکەومە کێشەوەو لێم دڵنیان.

**ڕووداو: حەزدەکەیت بەیەکجاریی بگەڕێیەوە کوردستان؟**

**دەشنێ:** زۆر زۆر، بەڵام یەکەمجار دەبێت سوود لە ئەورووپا وەربگرم و ئەو شارەزابوونە بێنمەوە بۆئێرەو سوود لە خەڵکی ئێرەش وەربگرم.

**ڕووداو: دەڵێن بێژەرانی تەلەڤزیۆنی کوردستان ڕقیان لێتە، وایە؟**

**دەشنێ:** نازانم، شۆخانی خەندەم زۆر خۆشدەوێت و زۆر هاوکاری بەرنامەیەکی بێ کۆنترۆڵی کردو لەگەڵم هات بۆ بارزان، حەزناکەم لەبارەی ئەوانەش بدوێم کە وان، لەبەر ئەوەی حەسودی لە هەموو شوێنێک هەیە.

**ڕووداو: دەڵێن، گیرانت لەلایەن پۆلیس لە فڕۆکەخانە، ژنانی سەتەلایتی لەپشتەوە بوو، وایە؟**

**دەشنێ:** منیش وام بیست، بەڵام دەزانم کەتنیان پێکردم، من نامەوێ وەک چەند

## لەبەر سێ عەزیە کەتنیان پێکردم و بە مادەی 240 گیرام

خەڵکێکیتر خۆم بچووک بکەمەوەو باسی کەس بکەم، بەڵام دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە پارەم وەرگرت چووم قوماشی چەند عەزییەیەکم کڕی، پیاوەکە زۆر قۆڵی بڕیم و بۆ سێ پارچە قوماش زۆر پارەی لێسەندم و منی ناردە لای خەیاتێک و خەیاتەکە وتی باشە جلەکانت بۆ دەدوورم، سێ هەفتەی پێچوو تا عەزیەی یەکەمی دووری، منیش خەریکبوو دەڕۆیشتمەوە عەزیەی دووەمی دووری و وەک ئەوە نەبوو کەمن دەمویست، وتم کوردستان تیڤی دوایی پارەکەت دەداتێ، بە شوفێرەکەم وت بە کوردستان تیڤی بڵێ، ئەوە ڕاستییەو شۆفێرەکەش وتی باشە پێیاندەڵێم، لەبەر ئەوەی من دەبوایە بڕۆیشتمایەتەوە، چونکە داوای پارەیەکی زۆری کرد منیش پارەی کاشم پێنەبوو، ئەوپیاوەش گوتی گوایە لە کوردستان تیڤی پێیانگوتم، دەشنێ وەسڵی نییە. تێناگەم چۆن لەماوەی 24 کاتژمێر و کەمتردا بە مادەی 240 کەنازانم چییە گیرام لەبەر سێ عەزیە، لە هۆڵندا گەورەترین دز لەماوەی 42 کاتژمێردا ناگیرێت. لە فڕۆکەخانە مۆبایل و پاسپۆرتەکەیان لێسەندم، بەڵام بە ئۆتۆمبیلی خۆم چووم بۆ پۆلیس، لەوێ دادوەر وتی تۆ ئازادیت بڕۆ، واتە نەگیرام هەر ئەوەندەبوو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم و ئازادکرام. دادوەر وتی مافی تۆ پێشێلکراوەو ئەگەر دەتەوێ دەتوانی شکاتی لێبکەی.



دەشنێ موراد

(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو: ئەو بابەتە لە ڕاگەیاندن زۆر گەورە کرا، بۆچی؟**

**دەشنێ:** من بەرپرس نیم و کچێکی ئاساییم و ئەو شتەیان ئەوەندە گەورە کرد، بەڵام کەسێک لە ڕاگەیاندنی کوردی نانووسێ و ناڵێ لەوەکاتەوەی بێ کۆنترۆڵ دروستبووە، تەلە فزیۆنە کوردییەکانیش کراوەبوون، یەکێک نەهاتووە دان بەوەدا بنێ کە بەهۆی بێ کۆنترۆڵەوە چەند شتێک لەکچاندا گۆڕاوە لە بواری جل و خۆگۆڕینیان و خەڵک ئەورووپای بینیوە و توانیویەتی سوود ببینێت، بەڵام هەڵەیەک بکەی، یەکسەر دەیتەقێننەوە ئۆو دەشنێ وای کرد.

**ڕووداو: گوتبووت کە گەڕامەوە کوردستان سکاڵایان لە دژ تۆمار دەکەم، ئەوە دەکەی؟**

**دەشنێ:** تاوەکو ئێستا شکاتم نەکردووە، لەبەر ئەوەی سەرقاڵی کاری زۆر گرنگم، پێویستیش ناکات بچم خۆم وەک چەند کەسێک نزم بکەمەوە.

**ڕووداو: بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی کوردستان ڕای چییە بەرامبەر بەرنامەکەت؟**

**دەشنێ:** زۆر شانازی بەمنەوە دەکات و وتی بێ کۆنترۆڵ زۆر گرنگە بۆ کوردستان. سەدان ئیمێلم لە دوبەی، ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆدێن هەمووی دەڵێن خۆشمان دەوێی و کەی دێیە لای ئێمەش.

**ڕووداو: کێ نەیارتە؟**

**دەشنێ:** چەند خەڵکێکی ناو ڕاگەیاندن دەیانەوێ بمڕوخێنن، ئینجا نازانم لە حەسودییە لەچییە. کە چوومەوە بۆ هۆڵندا گوتم هێی باوکە خەڵکی ئاسایی خۆشیان دەوێم و وێنەم لەگەڵ دەگرن.

**ڕووداو: ئەوانە کە ڕقیانە لە تۆیە، زیاتر ژنن یان پیاون؟**

**دەشنێ:** لەو بڕوایەدام ئەو پیاوانەن کە حەزدەکەن خەڵک تەنیا گوێ لەوان بگرێ. چەند ئافرەتێکیش ئەگەر حەسودیم پێ ببەن،بەڵام تاوەکو ئێستا کەمبووە. حەزیشناکەم خەڵک واتێبگا دوژمنم زۆرە.

**ڕووداو:یەکێک لەو ڕەخنانەی لەبەرنامەکەت دەگیرێ ئەوەیە کە گەنجان هاندەدات بچنە ئەورووپا تۆ چ دەڵێی؟**

**دەشنێ:** ڕاستە ئەوە ڕەخنەیەکی بەجێیە، ساڵ و نیوێک لەدەوەرەی وڵات بێ کۆنترۆڵم ئامادەکرد و، ئاگاداری ئەوە نەبووم کە لێرە بەبۆنەی منەوە گەنج دەچنە ئەورووپا، لەبەر ئەوەی جارێ من هەر سەیری میدیای کوردیم نەدەکرد، بەڵام کە گەڕامەوە و زانیم بێ کۆنترۆڵ بەتایبەت چ لەکوڕان دەکات، ڕاستەوخۆ بەرنامەکەم گۆڕی وتم: دەبێت بچم

## کچانی کورد و هۆلیود وەک یەک حەز لە سوراو دەکەن

پیشانی گەنجانی ئەوروپا بدەم کەکوردستانیش پێشکەوتووە.

**ڕووداو: تۆ زیاتر ژیانی خۆشی ئەورووپا پیشاندەدەیت نەک ژیانی سەختی پەنابەرانی کورد، بۆچی؟**

**دەشنێ:** ڕاستە، بەڵام زۆرجار شتی ناخۆشیشم پیشانداوە، بۆ نموونە چوومە لای کوڕێک هەموو لەشی سوتابوو، چووم بۆ کەمپێکی پەنابەران لە دانیمارک، چوومە لای خەڵک لەپاریس دەگریا و دەیوت من دەساڵە مافی پەنابەرێتیم نییە، بەڵام من چبکەم شتەخۆشەکان زیاتر دەنگدەدەنەوە. لەلایەکی دیکەوە تەنیا من و کامیرامانین، قوتابخانەو کاری تریشم هەیە لەگەڵیدا، ئینجا چۆن دەتوانم ئەو هەموو خەڵکە بدۆزمەوە.

**ڕووداو: لە قسەکانتدا هەمیشە دەڵێی "واو" ئەوە کەوتووەتە سەرزاری خەڵکیش، حەزدەکەی بەشێوەی قسەکردنیش دڵی خەڵکی خۆشبکەی؟**

**دەشنێ :** حەزدەکەم بەردەوام لەگەڵ هەموو خەڵکدا ڕوو خۆشبم، لەبەر ئەوەی بە ڕووخۆشی پەیوەندیت زۆرتر دەبێ و کارەکانت ئاسانتر بەڕێوەدەچن. هەندێ جار هەندێ وشەی پێویستی کوردیم بۆ نایێن و دەڵێم واو، ئێستە تووشبووم لەگەڵ واو.

**ڕووداو: تۆ لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنی کوردستانەوە ناسرای، ئەگەر کەناڵێکی دیکە پەیوەندیت پێوەبکا ئامادەی واز لە تەلەڤزیۆنی کوردستان بێنیت؟**

**دەشنێ:** پرسیارێکی قورسە، ئەگەر دەزگایەک بێت بڵێت دەشنێ من پرۆژەیەکم هەیەو لەگەڵ من کاربکە، یەکەم جار بیری لێدەکەمەوە، من کەسێکی بێ سفەت نیم ڕاستەوخۆ بڵێم بای بای کوردستان تیڤی. ئەگەر شتەکە زیاتر گەشەم پێبدا و خۆم و بینەر زۆرتر سوودی لێ ببینن ئەوجا دەڵێم ئۆکەی. مرۆڤ دەبێ کراوەبێت بۆ بیرکردنەوە لە هەموو شتێک ئینجا فیلمێک بێ، دانسێک بێ یان نووسین بێ بۆ ڕۆژنامەیەک.

**ڕووداو: دەتەوێت ڕۆژێک لە ڕۆژان وتار بنووسی؟**

**دەشنێ:**زۆر حەزدەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم بنووسم، دەبێت بەدڵنیاییەوە لەهەموو بوارێکدا گەشە بەخۆم بدەم و،ئەگەر نووسیم بۆ (ڕووداو) دەنووسم.

**ڕووداو: بڕیارتداوە بەشداری هیچ فیلمێک بکەی؟**

**دەشنێ:** بۆ فیلمێکی سینەمایی داوای بەشداریم لێکراوە، وەک پاڵەوانی فیلمەکە.

**ڕووداو: زۆر مەرجت بۆ شووکردن داناوە، بەڕادەیەک کە گەنج بیرت لێنەکەنەوە بۆچی؟**

**دەشنێ:** ئێستا حەزدەکەم خۆم پێبگەیێنم، کاتی ئەوەم نییە خۆم بەشووکردنەوە خەریک بکەم، هیوادارم کچەکانی ئێمە کە دەگەنە تەمەنی 18 ساڵی یەکەم ئامانجیان ئەوەنەبێت شووبکەن، مێرد ئۆو ئەوەندە گرنگ نییە. قوتابخانەت تەواوبکە پاشان کاربکە بزانە کەسایەتیت چ توانایەکی تێدایە ئەوە بکە، پاش ئەوەی ئەزموونی ژیانت پەیداکرد، ئەگەر ئەوکات خۆشەویستی بکەی خۆشترە و چێژێکی زۆرتری دەبێت.

**ڕووداو: ئەگەر ئەو مەرجانەی بۆ ئەو کەسەی داتناون کە شووی پێدەکەی: هەموو ڕۆژ وەرزش بکات، چەند زمانێک بزانێ، کاری ناوماڵ بکات .. ئەوکات کوردت دەست ناکەوێ و دەبێ مێرد بە بیانییەک بکەی؟**

**دەشنێ:** نامن زۆر بڕوام بەکوردە، ئێمەی کورد توانیومانە لەماوەی چەند ساڵێکدا ئەم کوردستانە زۆر پێشبخەین، بۆیە چەند ساڵێکی دیکە ئەو کوردانە زۆر دەبن کە ئەو مەرجانەی منیان تێدا بن و ئێستاش هەن.

**ڕووداو: مەرجە هەر شوو بە کورد بکەی؟**

**دەشنێ:** نەخێر، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی خۆشم دەوێ، خوا مرۆڤی وا دروستکردووە کە نابێت جیاوازی لەنێوان یەکتردا بکەن.

**ڕووداو: ئەگەر کەسێک ماتە داوات شووی پێبکەی و مەرجی ئەوەبێت ببیە ژنی ماڵ و کارنەکەی هەڵوێستت چ دەبێ؟**

**دەشنێ:** یەک شەقی تێهەڵدەدەم بۆ ئەوپەری یابان.

**ڕووداو:جارێکیان لە بەرنامەیەکدا گوێ درێژێکت بینیوەو پێتگوتووە چۆنی کاک کەر، کەرت خۆشدەوێ؟**

**دەشنێ:** هەموو گیاندارێکم خۆشدەوێ، لە هۆڵندا منداڵەکان وا فێر دەکەن ڕێز لە حەیوان بگرێ، من دڵم پاکە چی لەدڵمدا بێت یەکسەر دەیڵێم، ئەگەر لە تەلەفزیۆنیش پێیان باش نەبوایە دەیانتوانی بە مۆنتاژ دەربیبێنن. ئێستاش دەڵێم ئەوە هەڵەنەبوو بەو کەرەم وت کاک کەر.

**ڕووداو: چۆن زانیت کەرەکە نێرە واوتت کاک کەر، چۆن دەزانی مێ نییە؟**

**دەشنێ:** لەبەر ئەوەی کە نەمدەزانی بەژنی کەر دەڵێن ماکەر.

**ڕووداو: تۆ کەهەمیشە بە جوڵەی لەماڵەوە چالاک و ماڵ پاکراگری ؟**

**دەشنێ:** لەماڵەوە یەک شت پاک ناکەمەوە، کەدێمەوە دەڵێم دایە برسیمە ئەگەر خواردنی ئامادە نەکردبێ خەریکدەبێ بگریێم، لەبەرئەوەی زۆر لەدەرەوە سەرقاڵم و دایک و باوکیشم دەزانن تەمبەڵم و قسەناکەن، زۆرجار هەوڵیان داوە ژوورەکەی خۆم پاک بکەمەوە و نەمکردووە، هاورێکانم دێن پێکەوە لەگەڵمدا جەلەکانم ڕێکدەخەین، بەڵام کەچوومە ماڵی خۆم ئینشاڵڵا دەبێت سیستەمێک بدۆزمەوە کەچۆن ماڵەکەم پاک بکەمەوە.

# هەورامان بەهەشتە سەوزەکەی ژن

## "بۆ ئەوەی بحەسێیەوە ژن لە هەورامی بخوازە"



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**ڕووداو – هەورامان**

لەسێبەری دارگوێزێکی باڵابەرزدا، ژن و پیاوێک شان بەشانی یەک دانیشتوون و خۆیان بەدەزووە وردەکانی کڵاش چنینەوە سەرقاڵ کردووە. لە 31 ساڵی رابردووی ژن و مێردایەتی ئەو دووانەدا، زویربوون نەبووەتە چرکەساتێکی یادەوەرییەکانیان. جەمال و نەسرینی هاوسەری، بە ڕێکەوت بەیەک گەیشتوون و لەدوای زەماوەندی هاوسەرییەوە ئەو خۆشەویستییە هەمیشەییەیان بەیەکەوەنا"ئاشتی ناوماڵ بەرەکەتی خوایە". نەسرین، دەستی ڕاستی لەچنینەوە دەگوێزێتەوە بۆ سەرشانی پیاوەکەی و زەردەخەنەیەک دێنێتە سەرلێوان ودەڵێ " ژن و پیاو هەتا بەینیان خۆش بێت و ڕێز لە یەک بگرن، هەرکەمە".

کاتێک بەشێوەیەکی مەیدانی بەنێو ژیانە سادەو ساکارەکەی ئەو دەڤەرەدا شۆڕدەبیتەوە، زۆر بایەخ بەو وتەباوەی ناو خەڵک نادەیت کە دەڵێت " بۆ ئەوەی بحەسێیتەوە، ژن لە هەورامیان بخوازە". پوورە عەینا محەممەد بەوپەڕی بڕوابەخۆبوونەوە دڵنیامان دەکاتەوە، کە زیادەڕۆیی ناکەی ئەگەر بڵێی "لەهەورامان، لەپشت هەر ژنێکەوە پیاوێکی دڵخۆش هەیە". ئەو ژنە تەمەن 75ساڵە کە تاوەکو ئێستاش سێبەری پیاوەکەی لە سێبەری دارەکانی هەورامان بەفێنکتر دەزانێت، وتی" ئێ وایە کاکە، پیاو گەورەی ماڵەو سەرۆک عایلەیە و نان پەیاکەر و خۆشەویستە".

بەدرێژایی شەش هەزار ساڵ، هەموو گۆڕانگارییەکانی ژیان نەیانتوانیوە هەورامان دەستبەرداری کولتورە تایبەتی و ئیرۆسییەکەی بکەن، کە ژن تێیدا پایەیەکی خێزانی بڵندی هەیە. تەنانەت ئامارو داتا دۆزەخییەکانی تایبەت بە ژنان، بە بەراوورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان، کتێبی گینسی جیهانی دەوێت. مامۆستا هومایۆن ساحب مێژووی نیشتەجێبوونی 6000 ساڵەی هەورامییەکان لەو ناوچەیەدا، بە کاریگەرترین هۆکاری دروستبوونی ئەو کولتورە دەزانێت" مرۆڤ کەنیشتەجێبوو، هەوڵەکانی بۆداهێنان ویەکتر قبوڵکردن وژیانکردنێکی تەندروستانە چڕدەکاتەوە، ئەندێشەو بیرو ئەخلاقی ئایینیانەی خەڵکی ناوچەکە وای لەخەڵک کردووە کە هەر زوو بیرلەنیشتەجێبوون بکەنەوە، بەپێچەوانەی جافەکانەوە کە هەمووی چوارسەد ساڵێکە نیشتەجێبوون". ئەو مێژوونامە جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە "پەیامە ئایینیەکان، هەر لە ئاینی مانی و زەردەشتیەوە، تادەگاتە یارسانەکان و تەریقەتی نەقشبەندییەکان، تێڕوانینی تاکی ناوچەکەیان بەشێوەیەک دروستکردووە بۆ ژیان، کە تێڕوانینێکی مرۆڤدۆستانەیە".

بارزان عەبدوڵڵا هەورامی، ئەندامی پەلەمانی کوردستان فیستیڤاڵی کولتوری هەورامان وەک نموونەیەکی بەدیارخەری شوێنی دیاری ژن لەناو هەورامییەکاندا باس دەکات، دەڵێ لە فیستیڤاڵەکەیاندا کە ڕۆژی 2008/5/30 سازکرا وەکیەکی ژن و پیاو بەتەواوی دەرکەوت. بەڕای ئەو پیاوە، لەناوچەی هەورامان، هەر لەدێرزەمانەوە کۆمەڵگایەکی مەدەنی لەشێوە ساکارەکەیدا هەبووەو ئێستاش ماوە، بەهۆی بوونی ئابووری ئازادی تاکەکان " ژن و پیاو بەهۆی پیشە دەستییەکانیانەوە،خاوەنی ئابوورییەکی ئازادو خودکەفان و مرۆڤیش کە ئابووری ئازاد بوو، بیریشی ئازاد دەبێت". هەورامی زیاتر لەمەش وتی " بەهێزی و تەندروستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەهەورامان، لەسەر بنەمای تیرەو هۆز و خێڵ نییە و پەیوەندی بەعەقڵانییەتێکی سادەو مەدەنییانەوە هەیە ". هومایۆنیش دەڵێت " لەهەموو ناوچەی هەوراماندا شتێک بەناوی سەرۆک عەشیرەت نییەو مرۆڤ،چ ژن بێت یان پیاو، لەکولتورو ئەندێشەی خەڵکی ناوچەکەدا سەنتەرە".

بارزان عەبدوڵڵا هەورامی، بەراوردێکی سەرپێی باری کۆمەڵایەتی هەورامان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەکات ودەڵێ " دەبینی دەنگوباسی خۆسووتاندنی کچێک یان ژن بەژن و شیربایی و ئەو حاڵەتە سلبییانە لەهەوراماندا نییە و ئەگەر هەشبێت، نامۆیە".

نازەنین محیەدین، ژنێکی شووکردووی ناوچەی هەورامانە و دەڵێ ئازادی ژن لە هەورامان لە بنەماڵەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە "بەڵام هەموو کەس دەزانێ کە ژنی هەورامی لە ژنی ناوچەکانی دیکە باشترن لەگەڵ مێردەکانیان و ئازادی لەناو خێزانی هەورامیدا زیاترە".

ماوەی سێ ساڵ چەکدارانی جوندولئیسلام، دواتریش کە ناویان گۆڕا بۆ ئەنسارولئیسلام، ئیمارەتێکی ئیسلامی چەشنی تاڵیبانیان لێ دامەزراند . بەهۆی ئەوەی ژنانی هەورامان شان بە شانی پیاوەکانیان، هەمیشە لەناو کار و باخ و جموجوڵدابوون، زۆرترین لادان لەیاساکانی ئەوان، ژنان پێوەی دەبوون. هەر لەو یاسایانەی ئەواندا، ئەو ژن و کچانە غەرامە دەکران کە دەهاتنە بەر دەرگای حەوشەکانیان و کەمترین غەرامەی ئەوەش 500دیناری سویسری بوو. کچێک لەو کچانەی کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە نموونەیەکی ئەوکات دێنێتەوەو دەڵێ، ئێوارەیەک چەکدارانی جوندولئیسلام لە ڕێگەی دووربینەوە ئەویان بینیبوو کە هاتووەتە بەر دەرگا، لەبەر ئەوە چوون بڕی 500دیناریان وەک غەرامە لە باوکی ستاندووە" بە درێژایی ئەو ساڵانە دەبوو هەر لەناو ماڵەکانی خۆمان کاربکەین و نەماندەتوانی دەرەوە ببینین " . لەکاتی هێرشی ڕووخاندنی سەدامدا، ئەمریکا ئەو گرووپەی لەناوچەکە دەرکرد، ئەو کچە هەورامییە ئەمڕۆ بە خۆشحاڵییەوە دەڵێ" ئەولاتر بچن " .

کەژان محەممەد، هێشتا شووی نەکردووە، ئەو ناتوانێ بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی هاوسەری بدات " ئێمە بەوە ناسراوین کە لە ناو خێزانی خۆماندا زۆر ڕێزمان لێدەگیرێت و ئازادییەکی زۆرباشمان هەیە". مامۆستا بەهجەت ئەحمەد، سەرسووکی خێزان لە ناو هەورامیاندا دەگێڕێتەوە بۆ دێرزەمان و دەڵێ " تۆران و ژن بەژن و تەڵاق و شیربایی و گەورە بەبچووک، لەناو هەورامییەکاندا زۆر زۆر کەمە،لەهەمانکاتدا زۆر بەکەمیش بەدڵداری شوویان کردووە، بەڵکو لەدوای زەواجەوە خۆشەویستی دروست دەکەن" .

لە تەوێڵەی هەوراماندا، تەنیا یەک حاڵەتی ژن بەژن هەبووە، ئەوان ئێستا ژن و مێردی بەتەمەنن و سی و پێنج ساڵ لەمەوبەر بووە. لەو نیشتمانە سەوزەدا، دەنگوباسە تراژیدییەکانی نەوت و سێ بەردەکەی تەڵاق، کە پەتایەکی کوشندەی ناوچەکانی دیکەی کوردستانە، نامۆ دەبیسترێن لەهەورامان.

موقەددەم عابیدین عەبدولرەحمان، بەڕێوەبەری پۆلیسی بیارە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە بەدرێژایی ساڵی 2007، تەنیا دوو حاڵەتی سووتانی ئافرەت لەهەورامان هەبووە، ئەو دوو حاڵەتەش، یەکەمیان ژنێک بووە باری دەروونی تەواو نەبووەو ئێستاش لە ژیاندا ماوە، دووەمیشیان هەموو ڕاپۆرت و بەدواچوونەکان نەیانتوانی بیسەلمێنن کەخۆی خۆی سووتاندبێت، بەڵکو لەئەنجامی ئاگرکەوتنەوە سووتاو گیانی لەدەستدا " بەشێوەیەکی گشتی ئەم سنوورە لە ڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆر ئارام و بێدەنگە". وەک بەڕێوەبەری پۆلیس دەڵێ" ئەمساڵ تا ئێستا هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و خێزانی لەلای ئێمە تۆمارنەکراوە".

هومایۆن ساحب دەڵێت " ئەگەر پیاو بەو لێهاتوییەی خۆی بنی کڵاش بەو تۆکمەییە بچنێت، ئەوا ئافرەت بەتەقەڵە وردو سپی و جوانەکانی وەڵامی پیاوەکەی داوەتەوە، هەرلەبەر ئەوە ئافرەت لەناو ئێمەدا مێگەل نییە تاپیاوەکەی شوانی بێت ". هەرچەندە بارزانی عەبدوڵڵاهەورامی دەڵێ هیچ ئیمپراتۆر و داگیرکەرێک نەیانتوانیوە ناوچەکە بگرن، بەڵام دیکۆمێنتە مێژوویەکانی ناوچەکە باس لە شەڕە دژوارەکانی عەرەبە موسڵمانەکان دەکەن بۆ گرتنی ناوچەکە و سووتاندنی ئاڤێستاو تێکدانی ئاتەشگەدەکانی موسڵمانان.

هەڵکەوتەی جوگرافی هەورامان، هێندە سەخت و نالەبارە، ئەگەر لە ژینگەو شارۆچکەو گوندەکانیان ورد ببیەوە، لەهاوبەشی و کاریگەری ژن لەناوچەکە تێدەگەی. چونکە لەناو ئەوهەورازو نشێو و شاخ و کێوە چڕوپڕانەدا، جوانترین و سەرنج ڕاکێشترین گوند و زادگەیەی دروستکراون، چەندە لەسایەی مەچەکی پیاوەوە بووە، هێندەش مەچەکی ژنی لەعارەقەدا خوساندووە. هومایۆن لەو بارەوە وتی " کاریگەری ئایینی زەردەشتی لەسەر خەڵکی ناوچەکە بۆ جێگیربوون و ژیان، زۆرە . چونکە هەورامییەکان بەشێوەیەک بە ئایینی زەردەشتییەوە پەیوەست بوون، کە ئێستاش بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەری ئەو ئاینە ماوە".

جەمال و نەسرینی هاوسەری، وەک زۆر خێزانی دیکەی هەورامان، کڵاش چنین پیشەی سەرەکیانەو کڵاشی هەورامیش،جوانترین پێڵاوی خۆماڵی کوردییە. نەسرین و جەماڵ دەڵێن ئەوان نایکەینە مەرج بەسەر خۆیانەوە بەچەند ڕۆژ جووتێک کڵاش تەواو بکەن، نەسرین دەڵێ "گرنگ ئەوەیە کارەکە بکەین " .

ئەو پیشە دەستییە، یەک لە تایبەتمەندییەکانی بوونی دۆخێکی دەروونی ئارامە، تاحەوسەڵەی چنین و هونەری بەیەکداچوونەوەی دەزووەکان، جوانتر بێت. لەوسێبەرە چڕانەدا، کولتورێک فەرمانڕەوایی دەکات، کە دەروونەکان لەسایەیدا ئارامن.



فیستیڤاڵی کولتووری هەورامان 2008/5/30، نموونەیەک لە پێگەی دیاری ژن لەناو هەورامییەکاندا

(فۆتۆ:ڕووداو)

# سەکینە یەکەمین ژنە دادنووسی کورد

## دوای 24 ساڵ خزمەتکردن لە دادگە منیان لە قوشتەپە دانا



لەنجە عەبدوڵڵا
lanja@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

سەکینە محەممەد، یەکەمین ژنە دادنووسی کوردە کە دوای ئەوەی خوێندنی لە بەغدا تەواو کردووە، لەساڵی 1984 لەدادگەی دهۆک دامەزراوە و ئێستاش، لەدادگەی قوشتەپە کاری دادنووسی دەکات.

سەکینە محەممەد، 48 ساڵ، کە لەخێزانێکی ئایین پەروەری گەڕەکی عارەبانی شاری هەولێر لەدایکبووە، بەهۆی ئەوەی باوکی فەرمانبەری وەزارەتی ئەوقاف بووە لەبەغدا، کاتێک تەمەنی 11 ساڵ دەبێ ماڵیان دەگوازنەوە بەغدا، دوای تەواوکردنی قۆناخی ئامادەیی لە کۆلێژی یاسا و رامیاری وەردەگیرێت و ساڵی 1983 خوێندن تەواو دەکات.

سەکینە هەرچەندە ئەو کاتەی چووەتە بەغدا تەمەنی زۆر منداڵبووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات هەستی کوردبوون لەناخیدا چەکەرە دەکات و وەک خۆی دەگێڕێتەوە خێزانەکەی بەهۆی کوردبوونیانەوە ڕۆژانە لەلایەن خێزانە عەرەبەکانەوە سووکایەتیان پێدەکرا.

ئەو دادنووسە بەپێکەنینەوە یەکێک لەیادەوەرییەکانی منداڵی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێ "پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، عەرەبیم باش نەدەزانی کوڕی هونەرمەند سەلیم بەسری قوتابی بوو لەگەڵم، جنێوی بەمەلا مستەفادا دیاربوو فێریان کردبوو، منیش گرتم و تێرو پڕم لێدا ئەو کاتە زۆر هار بووم".

### تێکەڵبوون بەکاری سیاسی و گرتنی سەکینە

سە کینە ، کاتێک لە قۆناخی دووەمی کۆلێژ سەرقاڵی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ دەبێ، لەلایەن دەزگای ئەمنی بەغدا بەتۆمەتی بڵاو کردنەوەی بەیاننامەیەکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەبەشە ناوخۆییەکانی کچاندا، دەستگیر دەکرێ.

سەکینە وەک خۆی باسیکرد هیچ پەیوەندییەکی بەو ڕێکخراوانەوە نەبووە، بەڵام لەناخەوە زۆری خۆشویستوون "جارێک بڵاوکراوەیەکیان هێنا بەعەرەبی نوسرابوو، پێشانی منیاندا پێش ئەوەی بڵاو بکرێتەوە چونکە من عەرەبیەکەم زۆر باش بوو".

بەو تۆمەتە سەکینە بۆ ماوەی 12 کاتژمێر لەبەڕێوبەرایەتی ئەمنی بەغدا دەمێنێتەوە و لەلایەن 6 کەس لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ئەو هەر نکۆڵی لەوە دەکات کە هیچ پەیوەندییەکی بەو کارەوە هەبێت .

سەکینە دەڵێت "لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵمدا چەند جارێک هەڕەشەیان لێکردم کە چەندین شێوازی ئەشکەنجەدانیان هەیە کە ئەگەر قسە نەکەم، لەگەڵم بەکاری دەهێنن، ئەو شەوە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانم بوو، چونکە زۆر ترسام".

ئەو ڕووداوە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر سەکینە جێدەهێڵێت بۆیە بۆ ماوەی ساڵێک واز لەخوێندن دەهێنێ و دەگەڕێتەوە هەولێر. سەکینە دەڵێ"ئەمنەکان لەهەولێریش چەند جارێک دەهاتنە سەر ماڵی باوکم لەترسی ئەوەی من بچمە دەرەوەو ببمە پێشمەرگە".

### یەکەم ژنە دادنووسی کورد

سەکینە دوای ئەو ساڵە دەگەڕێتەوە بەغداو درێژە بەخوێندنەکەی دەدات و لەساڵی 1983 کۆلیژ تەواو دەکات وەکو باسیدەکات بڕیاری دامەزراندنیان ئەوکات بەبڕیاری حکومەتی مەرکەزی بوو، بۆیە ئەو یەکەم دامەزراندنی لەبەڕێوبەرایەتی چاودێری ناکامەکانی لەڕۆژی 1984/11/17 دەبێت لە هەولێر، دواتر بۆ ماوەی 4 مانگ بەشداریی خولێکی دادنووسەکانی بەغدا دەکات .

سەکینە دەڵێت "ئەو کاتەی خولەکەم تەواوکرد لەبەر ئەوەی لەهەولێر دوو دادنووس هەبوون بۆیە من لەدهۆک ناوم هاتەوە ماوەی 10 مانگ لەوێ مامەوە، دواتر یەکێک لەدادنووسەکانی هەولێر بەتۆمەتی سیاسی دەستگیر کراو ئەویتریان خانەنشین کرا، بۆیە بڕیاری گواستنەوەم درا بۆ دادگەی هەولێر، تەنیا من دادنووسی ئافرەت بووم".

### شووکردنی سەکینە بەپارێزەرێکی عەرەب

سەکینە لەو ماوەیەی لەزانکۆ بووە، لەلایەن پارێزەرێکی عەرەب کە دانیشتووی دیوانییە بووە چەند جارێک داوی لێدەکرێت شووی پێ بکات، بەڵام سەکینە دوودڵ دەبێت لەبڕیارەکەی و ناتوانێت ماڵەوەیان ڕازیبکات، دواتر لەساڵی 1988 شوو بەپارێزەرە عەرەبەکە دەکات کە ناوی عەلی ڕەئوفە و ئێستا 3 منداڵیان هەیە.

سەکینە لەساڵی 1979 تاکو 2005 لە دادگەی دیوانییە وەکو دادنووسی یەکەمی ئەو دادگەیە کار دەکات، ئەو وەکو باسیدەکات ڕۆژانە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ئەمنەوە بانگکراوە بۆ ئەوەی ببێتە بەعسی وکاریان بۆ بکات "مانگانە بانگیان دەکردم، کە ببمە ڕەفیق حیزبی، بەڵام من هەر ڕازی نەبووم و بەسەربەرزی مامەوە".

سەکینە لەماوەی کارکردنی لەدیوانییە دەبێتە جێی سەرنجی خەڵکی شارەکە و زۆر بەزوویی شوێنی خۆی لەدڵیان دەکاتەوە، ئەوەش وا دەکات لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەساڵی 2003 لەلایەن سەرۆک هۆزەکان و دانیشتوانی ئەم شارە وەکو ئەندامی شارەوانی پارێزگای دیوانییە هەڵبژێردرێت" کە منیان دەست نیشانکرد لەناو 21 ئەندام، تەنیا من ئافرەت بووم، ناڕەزاییەکی زۆر لەنێو ئافرەتانی دیوانییە لەسەر هەڵبژاردنی من دروستبوو، کە بۆچی ئافرەتێکی کورد بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردرێت، بەڵام ئەوان سووربوون کە من هەڵبژێرن".

### لەدیوانییەوە بۆ قوشتەپە

سەکینە دوای 24 ساڵ خزمەتکردن لەبواری دادگە بڕیاری گەڕانەوەی دەدات بۆ شاری هەولێرو دوای دەستکردنی بە مامەڵەی گواستنەوەی لەلایەن سەرۆکی دادگەی تێهەڵچوونەوە پێی ڕادەگەیێندرێت لەدادگەی قوشتەپە دەوام بکات، ئەو بڕیارەش بووەتە جێگەی نیگەرانی ئەو ژنە "من پێمنەگوتن با لەهەولێر بم، بەڵام ئەوان خۆیان دەبوایە باشترین پلەم بدەنێ، چونکە ئەوان ڕابردوو و توانای من دەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا بە بڕیارەکەیان ڕازیبووم".

سەکینە بەو پەڕی هێمنیەوە باسی لەوەکرد کە خەڵکی ڕاستگۆو ئیشکەر لەم وڵاتە مافی خۆی نادرێتێ و گوتی "ئەوان بیانوی ئەوەیان بۆ من هێنایەوە کە لە ناو دادگەی هەولێر جێگایان نییە، سەرۆکی دادگەی تێهەڵچوونەوە گوتی تۆ خزمەتت زۆرە بۆیە ناکرێت لەبن دەستی کەسێک بیت خزمەتی لەتۆ کەمتر بێت، لەبەئەوە دادگەی قوشتەپە بۆ تۆ باشترە".



سەکینە محەممەد

(فۆتۆ:ڕووداو)



## پۆلیسی بەریتانی بەدوای پەنابەرێکی کوردەوەیە

ڕووداو- لەندەن

◆ پۆلیسی بەریتانیا داوای لەبەریتانیەکان کرد کە هاوکارییان بکەن بۆ دەستگیرکردنی پەنابەرێکی کورد. کازم ڕەسوول تەمەن 22 ساڵ پەنابەرێکی کوردی باشووری کوردستانە، لەسەر پەلاماردان و دەستدرێژیکردنە سەر ژنێک لەلایەن پۆلیسی بەریتانیەوە داواکراوە، بەڕێوەبەرایەتی شاری بۆڵتن-ی بەریتانی ڕایگەیاند کە "کازم کەسێکی مەترسیدارە و هەرکەسێک زانیاری لەبارەی شوێنی خۆحەشاردنیەوە هەیە تکایە بە زووترین کات پۆلیس ئاگاداربکاتەوە".

## لەبەر زۆر خۆشویستنی ژنەکەی

# پیاوێک خۆی دەخنکێنێ



ئازیزمەحمود
azizshane@yahoo.com

ڕووداو – سلێمانی

"براکەم ئەوەندە ژنەکەی خۆشدەویست نەیدەتوانی تەڵاقی بدات، بۆیە بڕیاریدا خۆی بخنکێنێت"، ئەمە وتەی مستەفا محەممەدکەریمە کە هەفتەی ڕابردوو عەبدوڵڵای برای بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە لە ژووری نووستنەکەیدا بە پشتێنەکەی خۆی خنکاند.

مستەفا محەممەد کە براگەورەی عەبدوڵڵایە و یەکەم کەسبووە خۆی گەیاندووەتەماڵی عەبدوڵڵای برای لەدوای ئەوەی زانیاری لە ژنی براکەیەوە پێدەگات براکەی بەنیازی خۆخنکاندن بووە. ئەو کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆخنکاندنی براکەی و وتی "ژنەکەی هۆکاری خۆکوشتنەکەی براکەمە، چونکە داوای لێکردبوو تەڵاقی بدات، براکەشم ئەوەندەی خۆشدەویست نەیدەتوانی تەڵاقی بدات، بۆیە بڕیاریدا خۆی بخنکێنێت".

بەوتەی مستەفا، عەبدوڵڵا کە تەمەنی 32 ساڵ بوو، لەساڵی 1999 دا لەگەڵ چرۆی تەمەن 23 ساڵدا ژیانی هاوسەری پێکهێنا، زیاترلە 9 ساڵ ژیانی هاوسەرییان بەردەوام بووە، خاوەنی کور و کچێکن.

مستەفا زیاتر قسەی کردو وتی کە براکەی لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا هیچ کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ خێزانەکەیدا نەبووە، بەڵام "ماوەی دوو مانگ بوو کێشەیان کەوتبووە نێوان، ئەویش چرۆی ژنی داوای تەڵاقی لێدەکرد".

مستەفا باسی لە سەرەتای کێشەکان کرد، کە 10 ڕۆژ بەرلە خۆخنکاندنی عەبدوڵڵای برای، لەگەڵ چرۆی خێزانیدا دەبێتە شەڕیان و لەژنەکەی دەدات، دواتر ژنەکەی دەچێتە نەخۆشخانە و لەوێ بە پزیشکەکان دەڵێت پیاوەکەی لێیداوە، دواتر بە بڕیاری دادگە عەبدوڵڵا 13 ڕۆژ زیندانی دەکرێت.

مستەفا وتی "حاکم بەناهەق براکەمی زیندانیکرد، هەرئەوزیندانیکردنەش بووکە براکەمی تێکداو وایلێکرد تووشی نەخۆشی دەروونی ببێت و خۆی بخنکێنێت".

ڕووداوەکە ئاسایی دەڕوات تا دوای ئازادبوونی عەبدوڵڵا . دوای ئەوەی مستەفای براگەورەی کەفالەتی دەکات لەگەڵ چرۆی خێزانیدا ئاشت دەبنەوە و دەگەڕێنەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان.

بەپێی قسەی مستەفا دوای چەند ڕۆژێک لە ئازادبوونی عەبدوڵڵای برای، دیسانەوە چرۆی خێزانی داوای تەڵاقی لێدەکات، بەڵام عەبدوڵڵا ڕازی نابێت.

چرۆ دەتۆرێت و دەچێتە ماڵی دایکی، چرۆ جگە لە دایکی هیچ کەسێکی دیکەی نییە، دایکیشی شووی کردووەتەوە.

مستەفا وتی"بە براکەمم وت مادام ژنەکەت داوای تەلاقت لێدەکات تەڵاقی بدەو هەرچیەکیشی دەکەوێت بیدەرێ، چونکە تازە ئەوژنە بە کەڵکی تۆنایەت و پێکەوە ناژین".

هەروەها وتی"چرۆ بەمنی وت من لای عەبدوڵڵای برات دانانیشم، نەخۆیم دەوێت نە منداڵەکانی".

کێشەکە بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات، چرۆ تۆراوەو گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی دایکی، عەبدوڵڵاش کوڕو کچەکەی ناردووەتە ماڵی باوکی کە ئێستا لە گوندی گەرەدێی قەزای شارباژێرە.

لەزاری مستەفاوە کە چیرۆکەکەی گێڕایەوە وتی" چەند سەعاتێک بەر لەخۆکوشتنی براکەم، چرۆی خێزانی تەلەفۆنی بۆکردم وتی بە عەبدوڵڵام وتووە تەڵاقم بدات، بەڵام ئەو وتوویەتی ئامادەنیم تەڵاقت بدەم و خۆم دەکوژم".

مستەفا کە جلوبەرگێکی کوردی لەبەردابوو، ڕیشی بەهۆی پرسەی براکەیەوە هێشتبووەوە، درێژەی بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە تراژیدییەدا و گوتی "دواتر چرۆ تەلەفۆنی بۆ کردمەوەو گوتی عەبدوڵڵای برات تەلەفۆنەکەی داخستووە لەوانەیە خۆی کوشتبێت، منیش خێرا گەیشتمە ماڵەکەی".

عەبدوڵڵا ماوەی دووساڵ بوو لەگەڕەکی کەنەکەوە لە نزیک گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی نیشتەجێبوو، خۆی وەستای دارو تەختە بەستن بوو، خاوەنی خانوویەکە.

مستەفا وتی"چوومە ژووری میوان لەوێ نەبوو، چوومە هۆڵەکە لەوێ نەبوو، دوایی بینیم لە ژووری نووستنەکەیدا بە پشتێنەکەی، خۆی هەڵواسیوەو خۆی خنکاندبوو".

مستەفا باسی لەوەکرد کە هەرچەندە پێشتر نەیبینیوە، براکەی مەشروب بخواتەوە، بەڵام لەکاتی خۆخنکاندنەکەیداو لەهەمان ژووردا چەند بوتڵێکی بیرەی بینیوە، کە لەکاتژمێر 10 شەودا لەدوای خواردنەوەی مەشروبەکە خۆی بەئاسنی ژوووڕەکەدا هەڵواسیبوو.

دوای گەیشتنی هەواڵەکە، هێزەکانی پۆلیس کەوتنە لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە، درکەوت کە ناوبراو خۆی خنکاندووە، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ نووسراوێکی لەدوای خۆی بەجێهێشتبێ و هۆکارەکەی نووسیبێ.

دوو هەفتە بەسەر خۆکوشتنەکەدا تێپەڕیوە، مستەفا و برایەکی دیکەی داوای یاساییان لەدژی چرۆی براژنیان تۆمار کردووە، بەتۆمەتی ئەوەی کە هۆکارێک بووە بۆ خۆکوشتنی براکەیان.

مستەفا وتی"دەمەوێت چرۆ لەبەردەم حاکمدا ئەوەم پێ بڵێت کە بۆچی داوای جیابوونەوەی دەکرد، من ناڵێم ئەو براکەمی کوشتوە، بەڵام ئەو هۆکاربوو بۆ ئەوەی براکەم خۆی بکوژێت، هەرچەندە براکەم ئەگەر عەقڵی زەعیف نەبووایە چۆن بۆ شتی وا خۆی دەکوشت، با هەر جیابووایەتەوە".

ئێستا چرۆی خێزانی عەبدوڵڵا، کە کچە پووری خۆشیەتی، لە دوای ئەوەی لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەدۆزرێتەوە، دواتر ڕەوانەی یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ژنانی دەکەن، ئەویش لەترسی ئەوەی"نەوەک بنەماڵەی عەبدوڵڵا شتێکی لێبکەن ".

مستەفا محەممەد، ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەوان بەنیازی تۆڵە بوون لە چرۆ، بەڵام وتی دەمەوێت لەڕێگەی دادگاوە ئەوەم بۆ بسەلمێنێت کە بۆ داوای تەڵاقی لەبراکەم دەکرد، ئەمەوێت بزانم کەسێک هانی نەداوە تا ئەوە بکات".

بەوتەی مستەفا، چرۆ نەهاتووەتە پرسەی هاوسەرەکەی، ئێستا دۆسیەکەش لەبەردەم دادوەردایەو چاوەڕوانی دادگان تا ڕۆژی دادگایی کردنەکە دیاری بکات.

بەخۆخنکاندنی عەبدوڵڵا، خێزانە 4 کەسیەکەی پەرتەوازە بوون، چرۆ لەلایەن ڕێکخراوێکەوە داڵدە دراوە، دوو منداڵەکەشی ئێستا لەماڵی باپیریانن .

مستەفا لە کۆتایی گێڕانەوەکەدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوان بەهیچ شێوەیەک هەڕەشەیان لە چرۆ نەکردووە، تەنیا ئەوەندە نەبێت بزانن هۆکاری جیابوونەوەکە چیی بووە.

هەروەها وتی"عەبدوڵڵای برام دوو ڕۆژ بەر لە خۆکوشتنەکەی بە خوشکەکەمی وتبوو کە، ناتوانم چرۆ تەڵاق بدەم بۆیە خۆم دەکوژم".

ڕووداوەکە بووە جێگەی سەرسوڕمانی هاووڵاتیانی کوردستان بەوەی کە ساڵانە سەدان ژن لەداخی پیاوەکانیان پەنا بۆ خۆکوشتن و خۆ سوتاندنن دەبەن، ئەمجارە هاوکێشەکە پێچەوانە بووەوە، پیاوێک لە داخی ژنەکەی خۆی خنکاند.



عەبدوڵڵا و چرۆ لە ڕۆژی زەماوەندیاندا

# ئایا گوڵبەهار دەستی لە کوشتنی خوشکی مێردەکەیدا هەیە؟

## "لەترسی پۆلیس ئیعترافم لەسەر کوشتنی خوشکی مێردەکەم کرد"

ڕووداو–هەولێر

گوڵبەهار، مەکسییەکی ڕەنگ شینی لەبەردابوو، دەسماڵێکی ڕەنگا و ڕەنگی لەسەر نابوو، ئەو کە باڵایەکی زۆر لاوازی هەبوو، تەنیا ژن بوو لەو 10 ژنانەی بەتاوانی کوشتنی مێرد و کەسوکارییان دەستگیر کراون، ئامادەیی خۆی نیشاندا قسە بۆ (ڕووداو) بکات و دەیگووت "خۆ من هیچ تاوانم نەکردووە، بۆچی قسە نەکەم".

ئەو یەکێکە لەو 48 ئافرەتەی بەتاوان و تۆمەتی جۆراو جۆر لەبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەولێر زیندانیکراون، تۆمەتی گوڵبەهار کوژرانی خوشکی مێردەکەیەتی لەنێو ژوورەکەی گوڵبەهاردا بەدەمانچەی مێردەکەی.

ئەگەرچی گوڵبەهار نکۆڵی لەوە دەکات دەستی لەکوشتنی خوشکی مێردەکەیدا هەبووبێ، تەنانەت دەڵێت "ماڵی خەسووم و دراوسێکانیشم گەواهی ئەوە دەدەن کە من دەستم لەکوشتنی ئەو کچەدا نییە". گوڵبەهار سەرەڕای ئەو پێداگیرییەی ماوەی 80 ڕۆژە لەگرتووخانەی چاکسازی ئافرەتان لە هەولێر زیندانیکراوە، بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێ.

ئێوارەی پێنج شەممەیەک، کە تەنیا گوڵبەهار لەگەڵ دوو لەشوو براکانی لەماڵەوە دەبێ، دەنگی فیشەکێکی دەمانچە لەژوورەکەی گوڵبەهار دێت، ئەو دەنگە مەرگی "ە"ی خوشکی مێردی گوڵبەهاری بەدوادا دێت و سەرئەنجام گوڵبەهاریش دەگەیێنێتە زیندان.

گوڵبەهار، کە ماوەی دوو ساڵە شووی کردووە و منداڵێکی هەیە، لەیەکێک لەقەزاکانی دەوروبەری شاری هەولێر نیشتەجێییە، نێوبراو بە هەموو جۆرێک ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوە کە دراوەتە پاڵی و ئێستاش باوەڕ ناکات خوشکی مێردەکەی خۆی کوشتبێت، گوڵبەهار بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی "هیچ تاوانێکم نەکردووە، بە زمانی خۆم، خۆم گەیاندە ئێرە".

گوڵبەهار وردەکاری ڕووداوی کوشتنی (ە)ی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوەو گوتی "ئێوارەیەک لەگەڵ شووبراکەی دیکەم لەسەرەوە دانیشتبووین، (ە) گوتی دەچمە خوارەوە بۆ خۆم سەیری سیدی دەکەم، زۆری پێنەچوو گوێمان لە دەنگی گوللەیەک بوو، بەڵام نەمانزانی لەماڵی ئێمەیە، دواتر مێردەکەم هاتەوە، چووە ژوورەکەی خۆی، بینی (ە) کوژراوە، ئێمەش لەجێگەی خۆمان حەپەساین، سەرەتا وامانزانی کارەبا گرتوویەتی، کە بەرزمان کردەوە بینیمان دەمانچەی مێردەکەم لەبن سکییەتی".

سەبارەت بەتێوەگلانی لەڕووداوەکە، گوڵبەهار گوتی "زۆر نکۆڵیم کرد کە دەستم لەکوشتنی ئەو کچەدا نییە، بەڵام کاتێک بردمیانە بنکەی پۆلیس، لەوێ پۆلیسەکان قسەی ناشیرینیان پێگوتم، پێیانگوتم بێ ناموس ئیعتراف نەکەی بە پەت هەڵت دەواسین، بۆیە منیش بۆ ئەوەی چیتر سووکایەتیم پێنەکەن، گوتم من کوشتوومە".

ئەو ئێستا دڵنیا نییە، کە ئیعترافی لەسەر کوشتنی (ە) کردبێ و دەڵێت "نازانم چۆن بوو گوتم من کوشتوومە، بەڵام پۆلیسەکان زۆر سووکایەتیان پێکردم نەمتوانی بەرگەی ئەو هەموو ئیهانەیە بگرم".

گوڵبەهار قسەی لەبارەی پەیوەندی نێوان خۆی و خوشکی مێردەکەی کردو گوتی "نێوانمان زۆر خۆشبوو، زۆر یەکتریمان خۆشدەویست، زۆرجار بەیەکەوە دوو گۆڵێنمان دەکرد، ئێستاش باوەڕ بەمردنی ئەو کچە ناکەم".

ئەگەرچی لەکاتی کوژرانی (ە) یەکێک لەخوشکەکانیشی لەماڵەوە بووە، بەڵام تا ئێستا تەنیا گوڵبەهار تۆمەتبارە، گوڵبەهار دەڵێت "نازانم بۆ ئەویان دەستگیر نەکرد، ئەو گوتیشی براژنم وەک من ئاگای لەهیچ نەبووە، بەڵام پۆلیس دەڵێت مادەم کارەکە لەژوورەکەی تۆ بووە و بە دەمانچەی مێردەکەت بووە، کەواتە دەستی تۆی تێدایە".

بەپێی قسەی گوڵبەهار ماڵی (ە) هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نییە، کە گوڵبەهار دەستی لەکوشتنی (ە) هەبێت، گوڵبەهار بەقوڕگێکی پڕ گریانەوە گوتی "ئەوان هیچیان لەسەر من نییە، من خۆم خۆم تووشی ئێرە کرد، مەرکەزی پۆلیسی ... منی تووشی ئێرە کرد زۆریان لێکردم"، گوڵبەهار گوتیشی "مێردەکەم پارێزەریشی بۆ گرتووم، ماڵی خەسووشم عەفویان کردووم، چونکە باوەڕ ناکەن دەستم لەکوشتنی کچەکەیاندا هەبێ، بەڵام نازانم بۆچی بەرم نادەن".

هەرچەندە گوڵبەهار ئاگاداری پشنکینی پزیشکی دادوەری نییە، کە بۆ (ە) ئەنجامدراوە، کە ئایا کوژراوە یان خۆی کوشتووە، بەڵام دڵی بەوە خۆشە، کە پەنجە مۆری بە مەبەستی پشکنین وەرگیراوە "باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی بسەلمێنم کە من دەستم لەو تاوانەدا نییە، دەستم نەداوەتە دەمانچەکە چونکە من ناوێرم دەمانچە هەڵبگرم". گوتیشی "تەنانەت مێردەکەشم دەڵێت تۆ هیچ تاوانێکت نییە، چونکە من ناوێرم دەستکاری دەمانچە بکەم".

ئەگەرچی گوڵبەهار لەگەڵ منداڵە ساواکەی ماوەی 80 ڕۆژە لەزیندان دایە، بەڵام بەپێی قسەی خۆی تاوەکو ئێستا دادگا و دادوەری نەبینیوە، بۆیە داوا دەکات بەزووترین کات دادگایی بکرێت "ئەگەر دادگایی بکرێم دەتوانم بۆ دادوەر بسەلێنم و سوێند بخۆم من دەستم لەو کارەدا نییە".

## دوای 3ساڵ تازە دەرکەوتووە کوژراوە

# دوو پۆلیسی تەقتەق ڕاپۆرتی کوشتنی کچێک دەشارنەوە

ڕووداو–تەقتەق

دوای تێپەڕبوونی 3 ساڵ بەسەر گیان لەدەستدانی کچێک، تازە دەدەکەوێت ئەو کچە بە فیشەک کوژراوە، نەک وەک ئەوەی خێزانەکەی بانگەشەیان بۆ کردبوو گوایە "خۆی خستۆتە ئاوەوەو خنکاوە".

ئەو کچە کە تەمەنی لەنێوان 25-35 ساڵدا بوو، دانیشتووی ناحیەی تەقتەق بوو، لەمانگی ئابی 2005 گیانی لەدەستداوە، سەرەتا خێزانەکەی وایان بڵاوکردەوە کە کچەکەیان خۆی فڕێداوەتە زێی بچووک و خنکاوە، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە ئەو کچە بەفیشەک کوژراوە، بۆیە هێزەکانی ئاسایش 3 برای کچەکەیان دەستگیر کردووە، کە گومان دەکرێت یەکێکیان دەستی لەکوشتنی ئەو کچەدا هەبێ.

بەپێی قسەی چالاکڤانانی بواری بەرگریکردن لە ئافرەتان، زۆر لەو ئافرەتانەی دەگوترێ بەخۆیان خۆیان کوشتووە، یان کوژراون یاخود ناچاکراون خۆیان بکوژن.

سەرچاوەیەک لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی کۆیە لەبارەی ئەو ڕووداوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کچە لەمانگی ئابی 2005 کوژراوە و فڕێدراوەتە ناو زێی بچووکەوە، دوای دۆزینەوەی تەرمەکەی بردراوەتە نەخۆشخانە بەمەبەستی پشکنین، دواتریش ڕەوانەی پزیشکی دادوەریی سلێمانی کراوە".

هەر بەپێی قسەی سەرچاوەکەی پۆلیس "دوای پشکنین دەرکەوتووە ئەو کچە بەفیشەک کوژراوە، دوای ماوەیەک ڕاپۆرتە پزیشکییەکە لەگەڵ ئەو فیشەکەی لەناو سەری ماوەتەوە ڕەوانەی بنکەی پۆلیسی تەقتەق کراوەتەوە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ڕاپۆرتی پزیشکی ئەو کچە لەلایەن دوو پۆلیسی بنکەی پۆلیسی تەقتەق شاردراوەتەوە، کە یەکێک لەپۆلیسەکان پلەی مفەوەزە.

سەرچاوەکەی پۆلیسی کۆیە وێڕای پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەو پۆلیسەی وەک پۆستەچی لەنێوان بنکەی پۆلیسی تەقتەق و کۆیە کاردەکات، ناوی (ە.ج)ە و لەگەڵ مفەوزێکی دیکە بەناوی (ف،ر) ئەو کات ڕاپۆرتەکەیان شاردووەتەوەو نەیانداوەتە پۆلیس، ئەمەش لەبەر ئەوەبووە کە برایەکی ئەو کچە پۆلیسە و پەیوەندی لەگەڵ ئەو دوو کەسەدا زۆر بەهێز بووە، بۆیە فیشەکەکە دەدەنە دەست برایەکەی، هەر لەبەر ئەوە نەزانراوە، ئەو کچە کوژراوە تاوەکو چەند هەفتەیەک بەر لەئێستا".

هەروەها سەرچاوەکەی پۆلیس گوتیشی "پێدەچێت لەکاتی هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ نەخۆشخانە هەریەک لەبنکەی پۆلیسی تەقتەق ونەخۆشخانەی تەقتەق چاوپۆشیان لەو کێشەیە کردبێت ئەگەرنا چۆن نازانن فیشەک بەسەری کەوتووە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕووداو کەوتوون، هەر دوای ئاشکرا بوونی ئەو ڕووداوە 3 برای کچەکە و ئەو دوو پۆلیسەی ڕاپۆرتەکەیان شاردبووەوە بەبڕیاری دادوەر دەسگیر کران، کەدووانیان کارمەندی پۆلیس و ئاسایشن.

هەر لەو بارەیەوە دادوەر مەجید سەعید لە دادگای تەقتەق، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵی دەستگیر کردنی براکانی ئەو کچە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەهۆی ئەوەی کێشەکە زۆر کەسی تێدایە تا ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەین، بەڵام ئەوە روونە کچەکە بەفیشەک کوژراوەو یەکلاییش نەبووەتەوە کامە برای ئەو کارەی کردووە".

گوتیشی "دوو پۆلیسەکەی ڕاپۆرتەکەیان شاردبووەوە دەستگیر کراون و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانیش دەستیپێکردووە".

هەر بۆ ئەو مەبەستە (ڕووداو) عەقید ڕەشادی، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیەی دواند، ناوبراو لەو بارەیەوە گوتی "ئێمە چاوەڕێی بڕیاری دادوەرین تاوەکو بزانین هۆکاری ونکردنی ئەو ڕاپۆرتە لەلایەن پۆلیسەکانمان چیبووە، دواتر لەدادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دادگایی دەکرێن".

بەڵام دکتۆر دەوەن دڵشاد کە ئێستا بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی تەقتەقە ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک لەبارەی کوشتنی ئەو کچە بدات و گوتی "ئەو کێشەیە لەساڵی 2005 ڕوویداوە و من لەساڵی 2007 بوومەتە بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، بۆیە ئاگاداری کێشەکە نیم".

**پێدەچێت هەریەک لەبنکەی پۆلیس و نەخۆشخانەی تەقتەق چاوپۆشیان لەو کێشەیە کردبێت ئەگەرنا چۆن نازانن فیشەک بەسەری کەوتووە**

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کۆیە

## ئۆرهان پاموک، وەرگری خەڵاتی نۆبڵ:

# هەڵسوکەوتمان بەرامبەر بە کورد ڕوون نییە

نووسەری تورک و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات ئۆرهان پاموک، دەربارەی ژیانی خۆی وەک هاندەری تۆپی پێ و ئەوەی کە دۆڕان بەر لە هەر شتێکی نەتەوەپەرستی بەرهەم دێنێ، دەدوێ.

پاموک لە ساڵی 1952 لە ئیستەنبوڵ لە دایکبووەو ناسراوترین نووسەری تورکە. کتێبەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە پەنجا زمان. لەبەرئەوەی لە ساڵی 2005 دا ڕەخنەی لە هەڵوێستی تورکیا لەمەڕ کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان گرت، بە تاوانی "سوکایەتیکردن بە "تورکایەتی" درایە دادگا. بەڵام دواتر پرۆسەی دادگایی کردنەکەی ڕاگیرا.

**شپیگل: بەڕێز پاموک، ئایا سەیری گەمەکانی پاڵەوانێتی تۆپی پێی ئەورووپا 2008 دەکەن؟**

**پاموک:** بێگومان. ناشتوانم بەرگەی دۆڕانی هەڵبژاردەی تورکیا بگرم. زۆر تاڵە. کاتێک فەنەرباخچە لە خولی پێش کۆتایی پاڵەوانێتیی یانەکانی ئەورووپا لە بەرامبەر چێلسی یاریی کرد، لە نیوەی دووەمی گەمەکەدا تەلەفزیۆنەکەم کوژاندەوە، چونکە فەنەرباخچە پاشەکشەی دەکرد. شتێکی زۆر خەمگین بوو مرۆڤ چاودێری بکات چۆن وەک منداڵ تۆپ لە پێی یاریزانەکانمان دەردەهێنرا.

**شپیگل: ئایا بەڕێزتان هاندەری تۆپی پێن؟**

**پاموک:** لە منداڵیمدا هاندەر بووم. لە ماڵی ئێمە شتێک هەبوو کە ئەمڕۆ مرۆڤ دەتوانێ بە خەیاڵی بچوێنێ. مامێکم هەواداری گاڵاتەسەرای ئیستەنبوڵ بوو، یەکێکی دیکەیان هاندەری بێشکتاش بوو، لە کاتێکدا باوکم و بەشی ئێمە لە خێزاندا لایەنگری فەنەرباخچە بووین.

**شپیگل: ئایا بەڕێزتان لەگەڵ باوکتاندا دەچوونە یاریگا؟**

**پاموک:** بگرە زۆریش، بەڵام گەورەترین ئەو ساتانەی کە بیرم دەکەوێتەوە، گۆڵەکان نین، بەڵکو وێنەی ئەوە لە بیرەوەریمدا ماوە کە چۆن یاریزانەکانی فەنەرباخچە، پێش لێدانی فیکەی ناوبژیوان دەڕژانە ناو یاریگاوە. لەبەرئەوەی جلەکانیان زەرد بوو، بە باڵندەی کەرنەڤاڵ ناو دەبران. وەک ئەوە وابوو چەشنی باڵندەی کەرنەڤاڵ لە کونێکەوە خۆیان بکەن بەناو یاریگادا. من زۆر حەزم لەو دیمەنە بوو، فرە شاعیرییانە بوو.

**شپیگل: بەڕاستی بۆچی فەنەرباخچە؟**

**پاموک:** ئەمە لە کاری ئایین دەچێ کە "بۆچی"ی تێدا نییە. ئێستاش دەتوانم وەک شیعر ناوی تەواوی پێکهاتەی تیمی فەنەرباخچە لە ساڵی 1959دا ڕیز بکەم. بێگومان ئەمە پەیوەندی بە ناسنامە و باوکمەوە هەیە. ئێمە هەمیشە لە بەشی سەرەکیی یاریگا دادەنیشتین، لە تەنیشت کۆمەکبەخشانی یانەوە کە چەشنی سەرمایەدارانی ناو شانۆنامەیەکی پێرتۆلت برێخت دەهاتنە بەرچاو. ئەمانە، بە درێژایی کات جگەرەیان دەکێشا و ئەمەش لەو سەردەمەدا نیشانەی دەوڵەمەندی بوو. شنەبایەک کە هەمیشە لە بوسفۆرەوە هەڵی دەکرد، دووکەڵی جگەرەکانی بە سەرووچاوی مندا دەهێنا و چاوەکانم تەڕ دەبوون. وەک چۆن خاوەن کارێک کرێکارە گەمژەکانی خۆی دەشکێنێتەوە، ئەمانیش لە میانەی گەمەکاندا سوکایەتیان بە یاریزانەکان دەکرد. من ئەمەم بە شتێکی خراپ دەزانی.

**شپیگل: بۆچی؟ شتی وەها لە یاریگایەکی تۆپی پێدا ڕوودەدات.**

**پاموک:** جنێوەکانی ئەوان لە سووکایەتی پێکردنی هاندەرە خەیاڵشکاوەکان نەدەچوو، چونکە ئەوان وەک من بە پاڵەوانەکان سەرسام نەبوون. ئەوانە زۆر جار لە کاتی یارییەکاندا لەبارەی بازرگانییەوە دەدوان و منیش هەستم دەکرد پاڵەوانەکانم لەژێر باری ئەواندا دەناڵێنن.

**شپیگل: سەرسامیتان بە پاڵەوانەکان بە چ شێوەیەک بوو؟**

**پاموک:** وێنەی یاریزانانم لە پاکەتی بنێشت دەبڕی و کۆمدەکردەوە، کە ئێستا هەوڵ دەدەم لە (ebay) بیانکڕمەوە. هەموو ڕۆژانێکی دووشەم، من وتاری تایبەت بە فەنەرباخچەم لە ڕۆژنامەکان دەبڕی. ڕاستییەکەی، تەواوی منداڵیم بریتی بوو لەوەی سەیری ئەو وێنانە بکەم کە مرۆڤ تیایاندا لە میانەی تۆڕی گۆڵەکە و لەودیو هێڵەکەوە تۆپ و لە پێشیشەوە گۆڵچیی داماو دەبینێ.

**شپیگل: ئایا خۆتان یاریی تۆپانێتان کردووە؟**

**پاموک:** هەرگیز لە یانەیەکدا یاریم نەکردووە، بەڵام لە کاتی قوتابخانە و لە دوای دەوامیش لە کۆڵانەکانی ئیستەنبوڵ گەمەم کردووە.

**شپیگل: ئایا لێهاتوو بوون؟**

**پاموک:** نامەوێ خاکی بم: لێهاتوو بووم، بەڵام هیچ کات مرۆڤێکی ماسولکە بەهێز نەبووم. خەیاڵی یاری، لە خودی یارییەکان گرینگتر بوو بۆ من. ئەم خەیاڵانەی سەردەمی منداڵی، شێوەی ژیانمان دادەڕێژن و منیش لە خەیاڵی خۆمدا پاڵەوانێکی تۆپی پێ بووم. لە خەونی ڕۆژانەمدا هەمیشە هەڵوێستی وا هەبووە کە فەنەرباخچە لە پاڵەوانێتی جامی ئەورووپادا گەمەی دەکرد و منی منداڵ لە خولەکی 89یەمدا دادەگیامە ناو یاریگا و بێگومان گۆڵیشم دەکرد.

**شپیگل: زانای کولتوری ئەڵمانی کلاوس تێڤەلایت لە کتێبێکدا وەسفی ئەوەی کردووە کە تۆپی پێ "دەروازەی جیهان"ی بە ڕووی ویدا کردووەتەوە.**

**پاموک:** تێدەگەم، بەڵام تۆپی پێ منی زیاتر بە ڕووی جەماوەردا کردەوە، بەر لە هەموو کەسێکیش بە ڕووی براکەمدا کە تەینا 18 مانگ لە خۆم گەورەترە. بە گوللە شووشە لەسەر ڕایەخی ماڵەوە لاسایی هەموو پاڵەوانێتییەکانی تورکیا یان پاڵەوانێتیی جامی ئەورووپامان دەکردەوە. یەکێکمان وەک پەیامنێری ڕادیۆ هەموو ڕووداوەکانی سەر ڕایەخەکەی بۆ جەماوەرێکی خەیاڵی دەگێڕایەوە. هەر گوللە شووشەیەک ناوی یاریزانێکی ناسراوی درابووێ. کاتێک براکەم ناوی یاریزانێکی لێ تێکدەچوو، من بۆم ڕاست دەکردەوە، بەڵام زۆر لەسەرخۆ، چونکە نەمدەویست ئەو چەندین ملیۆن گوێگرەی بەردەم ڕادیۆ قەڵس بکەم.

**شپیگل: چ شتێک لە ڕادیۆدا هێندە گرینگ بوو؟**

**پاموک:** ڕادیۆ ئەو ئامێرە بوو کە گەمەی بۆ ئێمە دەگواستەوە. پێشکەشکارانی ڕادیۆ منیان فێر کرد گوێ لە شتێک بگرم و کەمێک پێشبینیی بکەم. گوێتەی شاعیری ئەڵمان لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا چووە ئیتالیا بۆ بینینی تابلۆی "نانی ئێوارە"ی لیۆناردۆ داڤنشی کە تا ئەوکاتە خەڵک لە ئەڵمانیا نەیانبینیبوو، تەنیا لەبارەیانەوە بیستبوو. دواتر گەڕایەوە و لەسەری نووسی. لە زمانی یۆنانیدا وشەیەک بۆ ئەوە هەیە ئەکفراسیس: واتا گۆڕینی وێنە بۆ وشە. پێشکەشکاری تۆپی پێش لە ڕادیۆدا بە هەمان میتۆد کار دەکات. ئاشکرایە کە پێشکێشکار هەمیشە ڕووداوەکە دەبزرکێنێ و پێویستە بەردەوام ڕستەکانی کورت بکاتەوە. تۆپی پێ لە وشە خێراترە.

**شپیگل: ئایا هیچ بیرتان لەوە کردۆتەوە بە زمانی ئەدەب لەسەر تۆپی پێ بنووسن؟**

**پاموک:** بێگومان یاریگا شانۆیەکە کە درامایەکی بەوپەڕی واتای کۆنەوە لەسەر نیشاندەدرێ و دیمەنی پاڵەوانێتییەکی تەواوی جیهانی لەسەر نمایش دەکرێ. بەڵام تۆپی پێ مژارێکی بینراوە و ئەدەبیاتیش کارکردنە لەسەر وشە. ئەمەش کار دژوار دەکات. هەروەها حەز بەو شێوازی هەڵسوکەوتە ڕۆژنامەگەرییەش ناکەم دەربارەی چیرۆکی مافیا و شتی لەو بابەتە لە تۆپی پێدا، چونکە دەمەوێ بڕوا بە ئەفسانەی خۆم بکەم و نامەوێ بزانم تۆپی پێ چەند گەندەڵە. بەڵام لە ڕۆمانی "کتێبی ڕەش"مدا کە لە ساڵی 1990دا دەرچوو، دەبوو تۆپی پێ ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێ. لە کتێبەکەدا فیگوری پیاوێک هەیە کە لە سەرەتای هەشتاکاندا لە ئیستەنبوڵ بەدوای ژنەکەیدا دەگەڕێ. لەو کاتەدا لە ڕادیۆوە گوێی لێ دەبێ کە چۆن تورکیا لە گەمەیەکدا لەسەر خاکی نشتیمان لە بەرامبەر ئینگلتەرا دەدۆڕێنێ و گۆڵ لەسەر گۆڵ دەخوات. تورکیا لە ساڵانی هەشتادا دوو جار لە پاڵاوتنەکاندا (8 بە 0 — هەشت بە سفر) بە ئینگلتەرای دۆڕاندووە. یاریزانانی ئینگلیز لە یاریگاکەدا بە یاریزانانی ئێمەیان ڕادەبوارد و ڕۆژنامەکانی ئینگلیزیش قەشمەریان بەوە دەکرد کە ئێمە لە کاتی یاریی یەکەمدا تەنانەت لە ئیستەنبوڵ یاریگایەکی سەوزیشمان نەبووە. بۆ من ئەمە مەجازی ڕەوشی وڵات و هەستکردن بوو بە سوکایەتی. من دوایی ئەم بەشانەم لە ڕۆمانەکەدا لابرد، چونکە کتێبەکە تا دەهات ئەستوورتر دەبوو. ئەمڕۆ بەداخم بۆی.

**شپیگل: ئەمڕۆ تۆپی پێ چۆن گوزارە لە ڕەوشی وڵات دەکات؟**

**تۆپی پێی تورکی ئەمڕۆ لە خزمەتی نەتەوەپەرستیدایە نەک لە خزمەتی نەتەوەدا**



ئۆرهان پاموک

**پاموک:** سالازاری دیکتاتۆری پورتوگال لەکاتی خۆیدا بە هاوکاریی تۆپی پێ فەرمانڕەوایی وڵاتی خۆی دەکرد. تۆپی پێ لەکن وی ئەفیۆنی گەل بوو بۆ ئەوەی ئارام ڕایبگرێ. منیش زۆرم پێ خۆش دەبوو ئەگەر لای ئێمەش وای لێ بهاتایە. بەڵام تۆپی پێ لێرە ئەفیۆن نییە، بەڵکو ئامێرێکە بۆ بەرهەمهێنانی نەتەوەپەرستی (ناسیۆنالیزم) و دوژمنایەتیکردنی بیانی و بیری دەسەڵات. هەروەها باوەڕدەکەم بردنەوە نا، بەڵکو دۆڕان هەستی نەتەوەپەرستی گەرم دەکات.

**شپیگل: چۆن؟**

**پاموک:** نەتەوەپەرستی لە هەناوی کارەساتەوە پەیدا دەبێ، جا چ بوومەلەرزە بێ یان شەڕی دۆڕاو. مرۆڤ دەتوانێ لە ڕۆمانەکانی تۆلستۆیدا بخوێنێتەوە کە چۆن ناسنامەی نەتەوەیی ڕووسی لە میانەی شەڕ لەدژی ناپلیۆن گەشەی کرد. ئەنجامێکی هەشت بە سفریش بەرامبەر بە ئینگلتەرا، کارەساتێکی لەو جۆرەیە.

**شپیگل: پێش شەش ساڵ، هەڵبژاردەی تورکیا لە پاڵەوانێتی جامی جیهاندا پلەی سێهەمی بەدەستهێنا.**

**پاموک:** بەڵێ ڕاستە، بەڵام یاریزانانی ئێمە دوای دۆڕانیان لە پاڵاوتنەکانی پاڵەوانێتی جامی جیهانی ساڵی 2006دا لە ئەڵمانیا، پەلاماری یاریزانانی سویسرایان دا. ئەمە کارێکی دوور لە ڕەوشت بوو و مایەی پەسەند کردن نەبوو. بەر لە هەموو شتێکیش هەڵسوکەوتی دواتری ڕۆژنامە تورکییەکان لەگەڵ ڕووداوەکەدا شتێکی ناشیرین بوو، ڕۆژنامەکان دۆڕانەکەیان دەخستە ئەستۆی ناوبژیوان و جۆرێک لە گەلەکۆمەکێ. شتێکی ترسناک بوو. تۆپی پێی تورکی ئەمڕۆ لە خزمەتی نەتەوەپەرستیدایە نەک لە خزمەتی نەتەوەدا.

**شپیگل: پێویستە لە پایزدا تورکیا لە چوارچێوەی پاڵاوتنەکانی پاڵەوانێتی جامی جیهانی ساڵی 2008دا لە ئەرمەنستان یارییەک بکات و ڕەنگە ئەمە لە سۆنگەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەوە یارێکی قورس بێ. ئێوە چاوەڕێی چی دەکەن؟**

**پاموک:** هەڵبژاردەی تورکیا دەیباتەوە، چونکە لە ڕووی وەرزشییەوە بەتواناترە، هیوادارم هەر واش بێ. بێگومان ڕەنگە تورکیا لە حاڵەتی دۆڕاندا بڵێ: "ئەوەندەش خراپ نییە! ئەرمەنییەکانیش وەک ئێمە مرۆڤن". بەڵام ئایا پێشبینیی شتێکی وەها دەکرێ؟

نەخێر، هێندەش ساویلکە نیم.

**شپیگل: مرۆڤ دەتوانێ چی لە تۆپی پێ فێر بێ؟**

**پاموک:** زۆر شت، بۆ نموونە، فێرمان دەکات وڵات و خەڵکیتر هەن کە ڕەنگی پێستیان جیاوازە و لەتەک ئێمەدا یەکسانن و پێویستە ڕێزیان لێ بگرین. مرۆڤ دەتوانێ لە تۆپی پێوە فێر بێ کە لاوازیی هەڵبژاردەیەک بۆ تاک و تەرای یاریزانەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش، ئەگەر ئاوەز بەکاربێنێ، دەتوانێ سەرکەوتوو بێ. یاخود ئەوەمان فێر دەکات کە لە دۆخی دۆڕانێکی هەژێنەردا پەلاماریی جەستەیی نەبەینە سەر لایەنی بەرامبەر. هەروەها شتێکی دیکەش: کاتێک سارکوزی دەڵێ "تورکیا ئەورووپا نییە"، ئێمە دەتوانین بڵێین: ماوەی پەنجا ساڵە فەنەرباخچە وەک یانەیەکی تۆپی پێ بەشێکە لە ئەورووپا.

**شپیگل: بەڵام بەر لە هەموو یارییەکی فەنەرباخچە لە یاریی خولەکاندا، هێشتا سروودی نیشتمانیی تورکیا دەخوێندرێ.**

**پاموک:** منداڵیی من سەڵماندوویەتی کە بێ هاوبەشیی گرووپ چێژ لە تۆپی پێ وەرناگیرێ. بەڵام کارێکی دژوارە ئەگەر ئەم گرووپە کێشەی لەگەڵ ناسنامەی خۆیدا هەبێ، چونکە ئێمە ئەزموونمان لەتەک هەموو فۆرمێکی زیادەڕۆیی لە نەتەوەپەرستیدا هەیە و لە تورکیاش زۆر لەو فۆرمانەمان هەیە: هێشتا هەڵوێستمان بەرامبەر یەکێتی ئەورووپا و هەڵسوکەوتمان بەرامبەر کورد ڕوون نییە.

**شپیگل: ئایا ئەمە تۆپی پێی بە بەڕێزتان نامۆ کردووە؟**

**پاموک:** من هێشتا دڵم بۆ یانەکەم لێ دەدات، بەڵام ئەمە زیاتر کاردانەوەیەکی پاڤلۆڤانەیە کە لە کاتی بینینی ڕەنگەکانی فەنەرباخچەدا لەکنم دروست دەبێ. وەلێ ئەگەر فاتیح تەریمی ڕاهێنەری نیشتیمانی نەتەوەپەرستێکی دەمارگرژی لەو جۆرە بێ، ئەوا منیش لە کاتی پاڵەوانێتیی ئەورووپادا لایەنگری هەڵبژاردەی تورکیا دەبم، هەروەک چۆن بەڕێزتان لایەنگری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دەبن، بەڵام هاندەر؟ نەخێر.

**شپیگل: چ قەوماوە؟**

**پاموک:** من لە ساڵانی هەشتادا زیاتر رووم لە نووسەری کرد و هەروەها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژیام. لەپڕ وام لێ هات ئیدی نەمدەزانی کێ جامی تورکیای بردووەتەوە. جگە لەوەش، تۆپی پێی تورکی زۆر خراپ بوو. ئیدی بە پاڵەوانەکان نا، بە دۆڕانەکان سەرسام دەبووین. بەمجۆرە تا درەنگانێکی ساڵانی نەوەدیش گۆڵچییەکان ڕۆڵێکی گرینگیان بۆمان دەگێڕا، چونکە ڕزگار کردنی نەتەوە لە یارییە نێودەوڵەتییەکاندا لە دەستی ئەواندا بوو. دوای ئەوەش، لەپڕ چێژ وەرگرتن لە تۆپی پێ کەوتە چوارچێوەی پەیوەندیی تەسکی کۆمەڵایەتییەوە و منیش متمانەم بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نەما.

**شپیگل: ئەلبێرت کامۆس دەربارەی ئەو سەردەمەی کە گۆڵچی بووە، دەڵێ: "سوپاسگوزاری وەرزشم لەپای هەموو ئەو شتانەی کە لە ئاکامدا بە دڵنیاییەوە دەربارەی ڕەوشت و ئەرکە مرۆییەکان دەیانزانم."**

**پاموک:** تکا لە بەڕێزتان دەکەم. ڕەنگە ئەمە بۆ ساڵی سییەکان لە جەزایەر دەستی بدایە، بەڵام بۆ ئەمڕۆ ساویلکەییە. بە دڵنیاییەوە ڕەوشت دوا شتە کە مرۆڤ بتوانێ لە تۆپی پێی ئەم سەردەمەوە فێری بێ.

سەرچاوە: گۆڤاری دێر شپیگل"ی ئەڵمانی، ژمارە 23، ڕۆژی 2008/6/2

وەرگێڕانی: بەکر شوانی

## ئۆرتێزی ئۆروتیکۆئیتزێای ڕۆژنامەنووسی باسکی:

# زیاتر لە 80 %ی پەرلەمانتارانی باسک داوای سەربەخۆیی دەکەن

**عەبدولڕەحمان عەلی**
**ڕووداو –هەولێر**

ئەو هەر چەندە کورد نییە، بەڵام کێشەی وڵاتەکەی تاڕادەیەک لەکێشەی کوردستان دەچێ، کە ئەویش وڵاتی باسکی داگیر کراو و دابەشکراوە بەسەر فەرەنسا و ئیسپانیادا.

کاتێک ناوی چوار پارچەکەی کوردستان لەلای ئۆرتێزی ئۆروتیکۆئیتزێا دێنی، دەڵێت "ئەدی بەشی ئەرمینیات لەبیر چوو، چۆن کوردایەتی وەها دەبێ"، ئەو هەرگیز ناوی پارچەکانی کوردستانی لێکێنراو بەوڵاتانی عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا نەدەهێنا، بەڵکو دەیگووت، باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان.

ئۆرتێزی دەیگووت " کە لێم دەپرسن خەڵکی کوێی قەت ناڵێم ئیسپانیم، بەڵکو بەسەربەرزییەوە دەڵێم باسکیم".

ئۆرتێزی ئۆروتیکۆئیتزێا، کە نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی باسکییە، ئەندامی ئەنجومەنی قەڵەمی باسکەو ئەو ئەنجومەنەش بەشێکە لەئەنجومەنی نێونەتەوەیی قەڵەم کە وەک خۆی گوتی پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئەنجومەنی قەڵەمی کورد دا هەیە، ئەو ڕۆژنامەنووسە کە لەنزیکەوە لەگەڵ دۆزی کورد تێکەڵە، یەکەمجارە دێتە باشووری کوردستان، بەڵام پێشتریش لەگەڵ تیپێکی هونەری لەسەر داوەتی عوسمان بایدەمیری، سەرۆکی شارەداری دیار بەکر"ئامەد"، سەردانی دیاربەکری کردووە.

ئۆرتێزی ئۆروتیکۆئیتزێا، مەبەستی سەردانەکەی خۆی بۆ کوردستان بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوەو گوتی "کە سزای نادادوەرانە بەسەر ڕۆژنامەنووس عەدنان حەسەنپوور و چالاکڤان هیوا بوتیمار و مامۆستا فەرزاد کەمانگەردا لەلایەن ئێرانەوە سەپێنرا، وەک بەشێک لەئەرکی خۆمان ئەوەمان پرۆتیستۆ کرد، هەروەها لەگەڵ کۆمیسۆنی مافەکانی مرۆڤی پەرلەمانی باسک دا پرسەکەمان باسکرد، ئێمە ئاسانکاریمان بۆ ئەوە کردووە کە خوشکی عەدنان حەسەنپورو برای هیوا بوتیمار بێنە پەرلەمانی باسک و لەوێ لەگەڵ کۆمیسۆنی مافەکانی مرۆڤی پەرلەمانی باسک قسە بکەن".

باسک هەرێمێکی بچووکە لەڕۆژئاوای ئەورووپا هەڵکەوتووە، لە سەدەی 16 و 17ی زایینی لەناو چووە، ئەو وڵاتە کە لە 7 پارێزگا پێکهاتووە، 3 پارێزگای لەلایەن ئیسپانیا و4 پارێزگاشی لەلایەن فەرەنساوە داگیر کراوە. وەک ئۆرتێزی دەڵێ زمانی تایبەتی خۆیانیان هەیە و یەکێکە لەگەلانی کۆنی ئەورووپان.

ساڵی 1936 شەڕێکی قورس لەپێناو دروستبوونی کۆماری دیموکراتی لەئیسپانیادا ڕوویدا، کە هاوکات داوای ئۆتۆنۆمی بۆ وڵاتی باسک دەکرا، شەڕەکە 3 ساڵی خایاندو لەو شەڕەشدا بەهەزاران باسکی گیانیان لەدەستدا. فاشیستەکان شارێکی باسکیان بەناوی (گیانلیکا) وێران کرد و خەڵکێکی زۆریان کوشت، کە ئەوەش وەک یەکەمین هێرش لەدژی خەڵکانی مەدەنی باسی لێوە دەکرێت.

پاش کۆتایی شەڕەکە سیاسەتی دیکتاتۆرییەت لەدژی باسک پەرەی سەند تا 1975 کە دیکتاتۆری ڕووخا. دواتر لەکۆتایی حەفتاکانەوە خەڵکی باسک وشیار بوونەوەو بڕیاریاندا پارتێکی چەکداری بەناوی ETAدابمەزرێنن.

**گەلی باسک هاوسۆزی گەلی کوردستانە**

هەر چەندە ئەو وڵاتە بچووکە چەندینجار بەهەردوو لایەنی ئاشتی و شەڕەوە هەوڵی سەربەخۆ بوونی داوە، بەڵام هەردوو وڵاتی ئیسپانیا و فەرەنسا ئامادە نین ملکەچی هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بن.

بەپێی قسەی ئۆرتێزی ساڵی ڕابردوو زۆر هەوڵدرا کە پرۆسەی ئاشتەوایی بەرەو پێش بچێت، بەڵام هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبوون، ناوبراو هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "هەندێک لایەنی ناو دەوڵەتی ئیسپانیا پابەندی ئاگربەست نەبوون، جگە لەوەش ئۆرگانی سەربازی ETA شەڕ دەکات و ئۆرگانێکی توندڕەوەو لەدژی وتووێژە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا".

سەبارەت بەهەڵوێستی خەڵکی باسک لەبەرامبەر چالاکییەکانی ETA، ئۆرتێزی دەڵێت "ئەگەر لەخەڵک بپرسیت لەوانەیە زۆربەیان بڵێن ئێمە خۆشمان ناوێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکەکە سەرقاڵی کاری ئابوورین و ڕەوشیان باشەو لەوبڕوایەشدان کە نابێت بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئامانجەکانیان توندوتیژی بەکاربهێنرێت. لەهەمانکاتیشدا دەڵێن پۆلیس وسەربازی ئیسپانیمان ناوێت".

ئەگەرچی فەرەنسا بەلانکەی دیموکراسی دادەنرێت، بەلام



ئۆرتێزی ئۆروتیکۆئیتزێای (فۆتۆ:ڕووداو)

تا ئێستا ئامادەنییە دەستبەرداری ئەو 4 پارێزگایەی وڵاتی باسک ببێ، ئۆرتێزی لەو بارەیەوە دەڵێت "فەرەنسا بەهیچ شێوەیەک نایەوێت پرسی باسک هەتا لەڕێگای دیموکراسی و ئاشتی و دیالۆگەوە چارەسەر بکرێت. ئەو بەوەشەو نەوەستاوە بەڵکو یارمەتی دەوڵەتی ئیسپانیاش لەشەڕکردن دەدات".

سەبارەت بەداواکاری خەڵکی ئەو وڵاتە کە خوازیاری ئۆتۆنۆمین یان سەربەخۆیی، ئەو ڕۆژنامەنووسە باسکییە دەڵێت "ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی پەرلەمانی باسک لایەنگری ئۆتۆنۆمین، زیاتر لە 80%ی پەرلەمانتاران پشتگیری لەدۆزی سەربەخۆیی دەکەن، بەڵام ئیسپانیا ئەو ڕاستییەی پێ قبووڵ ناکرێت".

کوردستانیش وەک نیشتمانەکەی ئۆرتێزی، کە پێشتر یەک پارچە بووە، بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە، ئاخۆ هەستی ئۆرتێزی چیبووە، لەکاتێکدا سەردانی شوێنێکی کردووە، کە هەردووکیان گیرۆدەی دەستی وڵاتانی داگیر کەرن؟

ئەو ڕۆژنامەنووسە باسکییە دەڵێت "کە هاتمە ئێرە هەستم بەخۆشحاڵی کرد. حکوومەتی کوردستان لێرە کاری زۆر باشی ئەنجامداوە، هەروەها لێرە زۆر ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر ڕەخنە لەدەسەڵاتی سیاسی کوردستان و دوو پارتی دەسەڵاتدار دەگرن کە ئەوەش زۆر گرنگە. ئەگەر یەکێتی و پارتی لەگەڵ پارتەکانی تورکیاو سوریا و ئێراندا بەراورد بکەی زۆر لە ئەوان باشترن".

هەروەها گوتیشی "دەزانم لێرەش شەڕی ناوخۆیی لەنێوان ئەو دوو پارتە و هەروەها لەگەڵ گەریلاکانیPKKدا هەبووە. ئەوەشم بینی کە ئێستا کوردەکانی باشوور هەستێکی بەهێزیان لەبارەی براکانیانەوە لەپارچەکانی دیکەدا هەیە".

PKK و ETA یەکێکیان لەکوردستان و ئەوی دیکەشیان لەباسک، بەدیالۆگ و شەڕ هەوڵی دەستبەرکردنی مافی نەتەوەکانیان دەدەن، ئاخۆ ئۆرتێزی تا چەند باوەڕی بە میتۆدی سەربازی ئەو دوو پارتە هەیە، لەمبارەیەوە دەڵێت "هەمووکەس حەز دەکات کێشەکان لەڕێگای دیالۆگ چارەسەر ببن، بەڵام بەدبەختانە هەندێک لە وڵاتان ئاشتییان ناوێت. لەوانەیە میتۆدی سەربازی هەڵە بێت، بەڵام تۆ ناتوانیت ئەوان سەرکۆنە بکەی. کاتێک ئەو دەوڵەتانە هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەری پرسەکەیان هەڵناگرن لەوانەیە ئەوە تەنیا ڕێگا بێت بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان".

هەر چەندە چالاکییەکانی ئەو دوو پارتە بە تیرۆر لەقەڵەم دەدرێ، تەنانەت ئەمریکا لەماوەی ڕابردوودا جارێکی تر ناوی PKKی لەلیستی ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان داناوە، بەڵام ئۆرتێزی وەکو ڕۆژنامەنووسێک هەرگیز وشەی تیرۆریست بەکارناهێنێ و دەڵێت "بەرای من ئەو کارانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو باسک دەیکەن ناچێتە چوارچێوەی تیرۆرەوە".

سەبارەت بەتێڕوانینی خەڵکی باسک بۆ کێشەی کورد، ئۆرتێزی گوتی "لەبەر ئەوەی پرسەکەمان لەیەکتر دەچێت خەڵکی باسک هاوسۆزییەکی قووڵیان لەگەڵ گەلی کورددا هەیەو هەست بەدۆستایەتی گەلی کورد دەکەن. پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان پەرلەمانی کورد لەتاراوگەو پەرلەمانی باسک دا هەیە کە کاتی خۆی دەوڵەتی ئیسپانیا ڕێگری لەو پەیوەندییە کرد".

ئەو ڕۆژنامەنووسە باسکییە لەو باوەڕەدایە پرسی سەربەخۆیی کوردستان بۆ خودی گەلی کورد دەگەڕێتەوەو دەڵێت "دەبێ ئەوان بڕیار بدەن لەیەک دەوڵەت یان دوو یان سێ یان چواردا بژین یان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت، کورد ئێستا لەباشوور حکوومەتی هەیەو سەرەڕای گوشاری هەندێک لەو وڵاتانە، بەڵام بەپشتبەستن بەگەلی خۆی و لەپرۆسەیەکی دیموکراتیکدا دەتوانێت بڕیاری سەربەخۆیی بدات".

# ڕۆشنبیرێک بەئاراستەی پێچەوانەدا



بەدران ئەحمەد حەبیب

له کوردستان ڕاگەیاندنێک هەیە جیا لە ڕاگەیاندنی فەرمی، لە نووسینێکی پێشوودا ناوم لەم ڕاگەیاندنە نابوو ڕاگەیاندنی قەراغ. واتە ئەو ڕاگەیاندنەی سەر بەدەسەڵاتە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نا، بگرە ژێراوژێر و شاراوە. بەشێک لەم ڕاگەیاندنە (هەمووی نا) کە لێرە مەبەستمە لێی بدوێم، پێوەندیی حزبییانەی خۆی دەشارێتەوە، بەڵام لە ئاگر گەرمترە بۆ داکۆکی لە کێشە حزبییەکان. ئەمەش بەڕاست خستنەوەی ئەو قسە کوردییەیە کە دەڵێ "بەدزی کەڵ دەگرێ، بەئاشکرا دەزێ". ئەوەی چەند بابەتێک لەم ڕاگەیاندنە ببینێ دەزانێ چ بۆنێکی لێ دێ! بۆنی حزبایەتی یان سەربەخۆیی! ئەوانەی تێیشیدا کار دەکەن، زۆر ڕەخنە دەگرن لە حزب و لە حکوومەت، ناکۆکیی نێوان حزبەکان بچووکیش بێ گەورەی دەکەنەوە، لاپەڕەکانی شەڕی ناوخۆ هەڵدەدەنەوە و پەلاماری هەموو کەسێک و هەموو شتێک دەدەن. بەکورتی، لەبەرئەوەی ئەم ڕاگەیاندنە سەر بەهیچ بەرپرسیارییەتییەکی ئاشکرا نییە، شەرمی بەهیچ شت نییە و هەموو کردەوەیەکی لێ دەوەشێتەوە. بۆ نموونە: "وتارێکی پێ بدە دەسکاریی دەکا، چاوپێکەوتنت لەگەڵدا دەکا دەیشێوێنی، ئاخاوتنێکت لێ وەردەگرێ پاشان قسەکانی خۆت ناناسییەوە". یەکێک بانگەشەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بکات دەبێ بەر لە هەر شت ڕەچاوی پیشەوەری و میهەنییەت بکات. دەبێ دەستی پاک بێ لە گەیاندنی ڕاسپاردەی خەڵک. بەڵام ئەوەی بوونی نەبێ لەم ڕاگەیاندنەدا، بنەماکانی کاری پیشەیییە. سەربەخۆبوون و پیشەییبوون دووانەی ڕاگەیاندنی ئازادن، ئەم دووەش بەهیچ شێوەیەک و بەقەدەر یەک تۆزقاڵیش لەم ڕاگەیاندنە کوردییەدا بەرچاو ناکەون.

من پێم وایە ڕاگەیاندنی حزبی لە کوردستان کە زۆریش بەستراوەیە، هێشتا حاڵی پیشەییبوونی تێدا باشترە لەم ڕاگەیاندنە بەناو ئازادە. بۆ ئیسپاتکردنی ئەوەی کە سەربەخۆن و ڕێنوێنی لە کەسەوە وەرناگرن، بەرپرسانی ئەم ڕاگەیاندنە وایان بردووەتە مێشکی هەندێک خەڵکەوە گوایە لەسەر فرۆشی خۆیان و تیرێژی بەرز، یان لەسەر داهاتی ڕیکلام و شاباش بەڕێوە دەچن. ئەوەی نێزیک بێ لە دۆخی چاپەمەنیی کوردییەوە، دەزانێ ئەم بانگەشەیە چەند دوورە لە ڕاستی. نەک تەنیا ڕۆژنامەیەک یان گۆوارێک بگرە بەڕێوەبردنی ڕادیۆیەک یان سایتێکیش کە زۆر کەمی تێ دەچێ لەچاو ڕۆژنامەیەک، بێ باریووی دەرەوە شتێکی لە توانا بەدەرە. زۆر جۆرە خەڵک لەم ڕاگەیاندنەدا بەشداری دەکەن. ئێرە جێی ئەوە نییە بیانژمێرم. هەیانە بەهۆی تەسکیی سنووری ئازادیی بڵاوکردنەوە لە ڕاگەیاندنی حزبەکاندا ڕوو لەوێ دەکا، بەڵام بیەوێ و نەیەوێ دەکەوێتە بەر تەوژمی سیاسەتی ئەو ڕاگەیاندنە و بۆ ئامانجێکی چەوت سوود لە بۆچوونەکانی وەردەگیرێ. هەیە لە ناو کرۆکی دەسەڵاتەوە دێ و لەو ڕاگەیاندنەدا بەتەڵەوە دەبێ. ئاخاوتنێک یان نووسینێکی لێ وەردەگرن و لە هەواڵێکی بزرکاودا هەندێک قسەی ئەو لەگەڵ شتێکی خۆیاندا تێک هەڵکێش دەکەن و بەمەش کابرا دەخلیسکێننە ناو سەنگەرەکەی خۆیانەوە، کە بەناڕەوا ناویان ناوە سەنگەری ئۆپۆزسیۆن. زۆریش هەن لە خەڵکی سەربەخۆ، بەخۆهێشتی خۆیان لەم گەمەیە ئاڵاون، ئەمانە زۆریان لە دوارۆژدا پەشێمان دەبنەوە. ئۆپۆزسیۆن لە هیچ شوێنێکی دنیا "تارمایی" نییە تا خەڵک نەیبینێ. ئۆپۆزسیۆن بزاوێکی سیاسییە، بەرنامەی ئاشکرای هەیە و ناوێکی بۆ خۆی داناوە. ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لەمەڕ خۆمان نەکەسێک دیارە و نەتەڤگەرێکی ڕوو ئاشکرا. تەنیا کارێکی ڕۆژنامەنووسییانەی ناپیشەییانەیە و بەس.

لەبەرئەمە، بەهەر بارێکدا لێکی بدەینەوە، دێینەوە سەر ئەو خاڵەی کە ئەم ڕاگەیاندنە لە قووڵاییی حزبی کوردییەوە چەکەرەی کردووە و سەری دەرهێناوە. تەنانەت ئەگەر کارێکی بەرنامەداری حزبەکەش نەبێ هەر دەچێتەوە ناو هزر و بیری حزبایەتی و ئەو باکگراوندەی لەگەڵ حزبدا ژیاوە و دەژی، یان ئەو خەونە پاوانخوازییانەی بەردەوام دەیبینێ: سڕینەوەی بەرامبەر و بەهیچ زانینی کارەکانی و ناوبەدکردنی، هەندێک جار فایل بۆ دروستکردنیشی. ململانەی باڵەکانی ناو حزبێک یان نێوان دوو حزب لەم ڕاگەیاندنەدا شتێک نییە بەکەس بشارێتەوە. بەکورتی، دەتوانین بڵێین هیچ بەرنامەیەکی سیاسی و چاکخوازی لەم کارە ڕۆژنامەنووسییەدا نییە تا پێی بگوترێ ئۆپۆزسیۆن، یان بگوترێ ئۆپۆزسیۆنێکی کوردی وا بەڕێوەیە. تەنیا دەتوانین بڵێین ئەم ڕاگەیاندنە نیشاندەری نەخۆشییەکانی ناوەوەی حزبی کوردییە. داهێنانێکی ئەم ڕاگەیاندنە زاراوەی "ڕۆشنبیری ئۆپۆزسیۆن"ە لەبەرامبەر ڕۆشنبیرێکی دیکەدا کە ناوی ناوە "ڕۆشنبیری دەسەڵات".

دیارە مەبەستی لە ڕۆشنبیری دەسەڵات ئەو ڕۆشنبیرانەیە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزب و حکوومەت یان نیمچە سەربەخۆدا کار دەکەن، یاخۆ ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی پشتیوانی لە سەرکردایەتیی کورد دەکەن لە دۆزە سیاسییە گشتییەکاندا. دەڵێ ئەمانە پیاوی دەسەڵاتن، بەرگری لە کەموکورتییەکانی دەکەن و بۆی دادەپۆشن. بەقەڵەمی شەڕی ناوەخۆ و گەندەڵخۆر ناویان دەبات و دەیان ناتۆرەی تریان دەداتە پاڵ. لە بەرامبەریشدا، خۆیان بەرۆژنامەنووسی پیشەیی و سەربەخۆ دەخوێننەوە، کە لەگەڵ

## زۆر لەو ڕۆشنبیرانەی پێیاندەگوترێ ڕۆشنبیری دەسەڵات ڕوویان کردووەتە ڕاگەیاندنی بەناو ئازاد و کراون بە ئاگردووی گەمەیەکی ناجوامێرانە

ئێش و ئازارەکانی میللەتدا دەژین و تەنیا بۆ خزمەتی پیشە کاردەکەن و چەوساوەی دەستی دەسەڵاتی کوردیشن. ئەم جیاوازییە بەو شێوە زەق و ڕەقەی ئەوان باسی دەکەن، بێگومان ئەگەر وابێ، خەڵک دەخاتە دڵەڕاوکەی ئەوەی کەوا کوردستان لە شتێکی تریشدا بووە بەدوو لەتەوە. لە کاتێکدا هەموو ئەو شتانەی باسی دەکەن، دەقاودەق پێچەوانەکەیان ڕاستە. ئەم ڕاگەیاندنە، جگە لەو چەواشەکارییەی بەدەستی خۆی دەیکا، هەوڵ دەدا ڕێکخراوەگەلی بیانی و ڕۆژنامەنووسانی دەرەوەش بهێنێتە سەرهێڵ. زانیاریی چەوت و چیرۆکی دروستکراویان پێ دەدا تا لە دەرەوە بڵاوی بکەنەوە و ئەزموونی کوردستان ڕیسوا ببێ. یان شتێک بەدەمەوە دەگرن و دەیکەن بەبنێشتە خۆشە، بۆ نموونە بەخەڵک گوتراوە "سەگ" یان بەرۆژنامەنووسان گوتراوە "بەمانگەشەو دەوەڕن"، بەڵام ئەگەر خۆیان ئەم وشانە بۆ ناحەزێکیان بەکار بێنن، ئەمە بە بوێری و چاونەترسیی ڕۆشنبیری ئۆپۆزسیۆن حسێب دەکەن. زۆرجار لەم ڕاگەیاندنەوە گێچەڵ بەهەندێک بەرپرسیار دەکرێ تا وای لێ بکەن کاردانەوەکی توندی هەبێ و ئەوانیش بیقۆزنەوە بۆ گەمەیەکی بێ نرخ و هەرزان. بێگومان خەڵک هەستدەکەن، ئەم گەمەیە گەمەی ڕۆشنبیر نییە کە دەبێ خاوەن ڕامان و بیرکردنەوە و کەسایەتییەکی ڕێزدارانە بێ. ئەمە گەمەی هەرزە و نەزانانە.

ڕەنگە پێویستیش نەبێ باسی ئەوە بکەم، لەم ڕاگەیاندنەدا چ بازرگانییەک بەکەموکورتییەکانی خەڵکەوە دەکرێ، یان بەخوێنی شەهیدان و تێکۆشانی پێشمەرگەی دێرین. ئەم بابەتانە هێند سواون وایان لێ هاتووە بوونەتە کەرەستەی گاڵتەکردن بە داخوازەکانی خەڵک یان خوێنی شەهیدەکانیان و تەمەنی وەریوی باوک و براکانیان لە خەباتی ڕێی کوردایەتیدا. زۆر کەس پێم دەڵێن بۆ واز لەم بابەتە ناهێنی و بۆ خۆت دەکەی بەسووپەر بۆ کەسانێک کە هەر خۆیان نانی ئەمانەیان دا و پێیان گەیاندن. بۆ من، ئەم بەڵگەیە بیانوویەکی پێ سەلمێن نییە، من بەرگری لە کەس ناکەم، تەنیا ڕاستی ئەوە دەهێنێ مرۆڤ قوربانیی بۆ بدا. لەوەش ترسم نەماوە ئەم ڕاگەیاندنە چیرۆک و بەڵگەی ترم بۆ هەڵبەستی. ئەمانە شتێک نەما سووک و هەرزانی نەکەن. گەلێک جار بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ ئەو مل لە چەقۆ سووینەی لە کاتی خوێندنی زانکۆدا دەمکرد لە نیوەی یەکەمی هەشتایەکاندا، تێکۆشین بوو بۆ وڵات یان ناپاکی بوو لێی. نەک خەڵک، خۆشم کەوتوومەتە دوودڵی لە ڕابردووی خۆم. ئەو چەواشەکارییەی ئەمڕۆ ئەم ڕاگەیاندنە دەیکا، لە داهاتوودا خەڵکی کوردستان، بێگومان تەنیا ئەوان، بەتایبەتی ڕەشوڕووتەکەی حسێبەکەی دەدەنەوە. بۆیە بەئەرکی خۆمی دەزانم لێی بێدەنگ نەبم و تا پێم بکرێ ڕووتی بکەمەوە لەو بەرگەی لە خۆوەی ئاڵاندووە. بێگومان ئەگەر پرس پرسی ڕەخنە بێ، حکوومەتی هەرێم کەموکورتیی هەیە، لە زۆر بواریشدا هەیەتی نەک تەنیا لە بوارەکانی خزمەتگوزاریی گشتی. ڕەخنەگرتنیش لە کەموکورتی ڕەوایە و هەر کەس ئازادە بیری خۆی بەئاشکرا دەربڕێ. دیموکراسی دیموکراسییە و مافی هەموو کەس وەکو یەکە لە قسەکردن. گومان لە دڵسۆزیی ڕەخنەگریش ناکرێ. بەڵام ناشتوانین نکووڵی لەوە بکەین کە دەرگە داخستن بەسەر بیروبۆچوونی ڕەخنەگرانە لە ڕاگەیاندنی حزبیدا گەورەترین هۆ بووە بۆ سەرهەڵدانی ئەم ڕاگەیاندنە و تەشەنەکردنی. تەنانەت زۆر لەو ڕۆشنبیرانەی پێیان دەگوترێ ڕۆشنبیری دەسەڵات، لەبەر نەبوونی بچووکترین ترووسکەی ئازادیی بۆچوون لە کەناڵەکانی حزبەکانی خۆیاندا، ڕوویان کردووەتە ئەم ڕاگەیاندنە و لەوێ کراون بە ئاگردووی گەمەیەکی ناجوامێرانە. باشە ئەم بانێک و دوو هەوایەی حزبی کوردی: لە ئاشکراییدا، سەرکوتینەوەی ڕاگەیاندنی خۆی و دەمامکدانی، لە ژێرەوەش دنەدانی ڕاگەیاندنێکی چەوت و چەواشەکار، هەروەها پارە لێ بەفیڕۆدان و ئاژاوە پێ دروستکردنی، دەبێ چی بێ جگە لە بەدەردانەوەی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی ناوەخۆی! یان جگە لە ململانێیەکی بەرژەوەندپەرستانەی شاراوە کە ناکرێ بخرێتەڕوو؟ یان چی بێ لە غەیری ترس لە دوارۆژی دیموکراسیی کوردستان و چەسپانی یاسا و وەکیەکی؟ کە ئەو کاتە دەنگدانی خەڵک دەبێ بەبناخەی دەست نیشانکردنی ئەو کەسەی دەچێ بۆ سەر کورسیی دەسەڵات نەک هێزی حزب. سەیرکەن هەندێک نووسەر و ڕۆژنامەنووس چۆن بوونەتە ئامێری ئەم گەمەیە!

## دانانی ئەنجوومەنی سیاسیی حزبەکان جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە حزب خاوەنی وشەی کۆتاییە نەک سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران

حکوومەتی هەرێم دوای حەڤدە ساڵ تەمەن، ڕاگەیاندنی نییە. جاروبارێک هەشیبووبێ لەناو ململانەی حزبیدا لاواز و سادە بووە، یان بەدەست خەڵکانی نالێهاتووەوە شتێکی کاڵ و بێ تامی لێ دەرچووە. تەنانەت حکوومەت خۆشی بۆی گرینگ نەبووە ڕاگەیاندنی هەبێ. لەولاشەوە ڕاگەیاندنی حزب بەردەوام خەریکی ئەوە بووە نەهێڵێ ڕاگەیاندنی حکوومەتی هەرێم لە دایک ببێ نەوەکا لەو زیاتر ببێ بەمایەی پەسندایەتیی خەڵک. من خەم لەمە ناخۆم، دەستی هەردووکیان خۆش بێ لەبەرئەوەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی لە دنیای ئەمڕۆدا باوی نەماوە، هەرچەندە ئەوان بۆ ئەو مەبەستەشیان نەبووە. بەڵام نەبوونی ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆی ئازاد لە کوردستان کە بەپێی یاسا دامەزرابێ و حکوومەت پشتیوانیی داراییی بۆ دابین بکا و بیپارێزێ لە پاڵپەستۆ و دەست تێوەردانی حزبی، کەموکورتییەکە حکوومەتی هەرێم لێی بەرپرسیارە. بێگومان هەر نەبوونی ئەم ڕاگەیاندنە داواکراوەشە بووەتە هۆی چۆڵبوونی گۆڕەپان بۆ ئەو ڕاگەیاندنەی باسی دەکەین، واتە ئەو ڕاگەیاندنە بێ پرەنسیپەی کە بووە بەیەکێک لە کێشە لە کۆنترۆڵ بەدەرەکانی کوردستان. لە ئەزموونی کوردستاندا لەمەش کەموکورتیتر، نەبوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی چەپە کە بەرنامەی ڕادیکاڵانەی هەبێ بۆ گۆڕینکاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری. هەموو ئەو حزبانەی لە ئەنجوومەنی سیاسیدا کورسییان هەیە بەشێکن لە هێزی بەرپرسی کوردی نەک ئۆپۆزسیۆنەکەی. ئەم حزبانە، بەم کورسییە و بەکورسییەک لە ئەنجوومەنی وەزیران و مانگانەیەک بۆ بژێویی هەندێک بارەگا یان مووچەی بەرپرسانیان، ڕێی ئەوەیان لە خۆیان بڕیوە ئۆپۆزسیۆن بن و ڕاگەیاندنێکی کارایان هەبێ، یان ببن بەپاڵپەستۆ بۆ گۆڕین بەرەوپێش. من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان هەبێ و کە دەشبێ ببێ، نابێ لەم قۆناخەدا ئەرکی ئەوە بێ لە حکوومەت بچێتە پارێزەوە یان بەرەخنەگرتن لە کەموکورتیی هەندێک کارە خزمەتگوزارییەکان، کە چارەسەریان وا بەڕێوەیە، حاڵی حکوومەت شڕتر بکات لەوەی هەیە. ئەم کەموکورتییانە ڕاستە پێوەندییان بەخۆشگوزەرانیی خەڵکەوە هەیە و زۆریش گرینگە زووتر چارەسەر بکرێن، بەڵام بچووک و ڕواڵەتین بۆ قۆناغی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان و ئەو ستراتیجەی کورد هەیەتی لە دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسیی پارێزراو لە مەترسیی چاوەڕوانکراوی دەرەکی لە هەر ساتێک کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێزی خۆی کێشایەوە. نووستن لەو گوێیەی کە ئەمەریکا هەر لێرە دەبێ، سروشتی مرۆڤی ساویلکەی خۆشباوەڕە نەک مرۆڤی سیاسیی گوماناوی یان ڕۆشنبیری دووربین و قووڵبیر. ئۆپۆزسیۆنێک هەبوایە، ئەرکی ئەوە دەبوو لە سەنگەری حکوومەتدا بێ بۆ بەشداریکردن لە هەڵگرتنی ئەرکەکانی قۆناغێکی مێژوویی فرە گرینگ، کە ئەویش گواستنەوەی حاڵی سیاسەتی کوردییە لە قۆناغی بزاڤی ڕزگاریخوازییەوە بۆ قۆناغی کاری دەوڵەتی. ڕۆشنبیرێکی ئۆپۆزسیۆنیش لە کوردستان هەبوایە هەمان ئەرکی دەبوو، پاڵەپەستۆی دەخستە سەر حزبەکان تا دەور و تەسلیمی دەسەڵات لەگەڵ حکوومەتدا بکەن و چیتر لە پشتەوە لنگی حزب نەکێشنەوە. ئەو شتەی باسمان کرد کە ناوی لە خۆی ناوە "ڕۆشنبیری ئۆپۆزسیۆن" ئەوە هەر ئامێری حزب خۆیەتی کە پاشقول لە حکوومەت دەگرێ. ئەم ڕاگەیاندنە ئۆپۆزسیۆنە کە "ڕۆشنبیری ئۆپۆزسیۆن" تێیدا لافی سەربەخۆیی لێ دەدات، ناتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بچووکە بداتەوە: ئاخۆ ئەو پارەیەی وەری دەگرێ لە حزب بۆ کاری ڕۆژنامەوانی، بۆچی ڕەتی ناکاتەوە و داوا ناکات لە دەستی یەکەمەوەی وەربگرێ کە حکوومەتە و حکوومەتی دیموکراتیش یاسای هەیە نەک سیاسەت، هەڵبەت یاسای گشتی بۆ کاری ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆ گونجاوترە نەک ڕێنوێنیی هەموو ڕۆژ گۆڕاوی حزب. ئەم ڕۆشنبیرە یان نازانێ چی دەکا یان دەزانێ و ئەمەی پێ خۆشترە. جیاوازیی ڕۆشنبیرێک چییە لە هاووڵاتییەکی سادە کە بەهۆی جێبەجێ نەبوونی مامەڵەکەی دەستیەوە، کاتێ لە دەزگایەکی حکوومەتی دێتە دەرەوە، تەڕ و وشک بەیەکەوە دەسووتێنێ و نەفرەت لە هەموو شت دەکات. لەوانەشە مامەڵەکەی بەپێی ڕێنوێنی و یاسا کێشەی بۆ دروست بووبێ نەک بەهۆی بیرۆکراسی. بۆچی دەبێ هەموودەم هاووڵاتی لەسەر ڕاستی بێ و داوودەزگا لەسەر چەوتی بن! بۆ یەک جاریش لەو ڕاگەیاندنە کوردییەدا هەستم نەکردووە ڕەخنە لە هاووڵاتی بگیرێ یان ڕێنوێنیی خەڵک بکرێ کە ڕێز لەیاسا بگرن.

من بەرگری لە داوودەزگا ناکەم و خۆشم لە هیچ دەزگایەکی ڕەسمی بەرپرس یان کارمەند نیم، بەڵام ڕۆژانە دەبینم هاووڵاتیان زیاتر لە بەرپرسان یاسا پێشێل دەکەن. ڕاستە لەم بارەشدا هەر دەبێ گلەیی لە داوودەزگا و بەرپرسان بکرێ لەبەرئەوەی ئەوان خەڵکیان وا ڕاهێناوە بەڕێی ڕاستدا نەڕۆن. بەڵام خۆ نابێ تۆ هەر بەرۆکی حکوومەت بگریت و داکۆکی لە هەموو شتێکی خەڵک بکەیت، ئەمە وا بێ واتە بەهیچ شێوەیەک و لە هیچ سەردەمانێکی داهاتوودا دەوڵەتی کوردی دروست نابێ. مومکین نییە دەوڵەتێک هەبێ هەموو شت بەقسەی هەموو خەڵک و بەپێی ویستی هەر تاکێک لە کۆمەڵگە ئەنجام بدات. دەوڵەت واتە یاسا، یاساش واتە ڕێز لێگرتنی. ئەمەش دوو دەستی دەوێ وەک چەپڵە، دەستی حکوومەت و دەستی میللەت. ڕۆشنبیر دەبێ هاوکار بێ بۆ ڕێنوێنیکردنی حکوومەت و کۆمەڵگە بەیەکەوە بەڕێگایەکی ڕاستدا، بەتایبەتیش یەکێک ناو لە خۆی بنێ ئۆپۆزسیۆن. لە دنیاشدا هەموودەم دەسەڵات پێویستی بەئۆپۆزسیۆنە بۆ زیاتر چەسپاندنی خۆی نەک بۆ زیاتر پەرێشانکردنی. دەسەڵاتی کوردی، ئەگەر مەبەست لێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێ نەک حزبی کوردی، دەسەڵاتێکە دوای حەڤدە ساڵ لە دامەزرانی، هێشتا تەواو جێگیر نەبووە نە لەناوەخۆ و نە لەدەرەوەدا. هێشتا بڕیاری سیاسیی کوردی لە کۆبوونەوەی هەردوو حزبی سەرەکییەوە دەردەچێ. هەروەها پەرلەمانی کوردستان بڕیارە گرینگەکان لەوان وەردەگرێ تا پاشان بیخاتە قاڵبێکی یاساییەوە. مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، تا ئێستا دوو حزبەکە دەیکەن. لەگەڵ ئەمەریکاش هەر وایە. لەمەوە، دەشێ بڵێین دۆخی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە هێشتا درێژەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە بەهەموو ئاڵۆزییەکانییەوە چ لە پێوەندیی نێوان باڵەکانی خۆی و چ لە تێکەڵاوییەکانی لەگەڵ دەرەوەدا لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوو، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەییدا. نووسینگەی حزبەکان لە وڵاتانی دراوسێ ئەگەرچی وەک جارانیش نین، بەڵام هەر ئەکتیڤ و کاران. دانانی ئەنجوومەنی سیاسیی حزبەکانیش جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە حزب خاوەنی وشەی کۆتاییە لە سیاسەتی کوردیدا نەک سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران. هەروەها ڕێککەوتنی ستراتیجیش لە نێوان پدک و ینک تا ڕادەیەکی زۆر دەچێتە ئەو چوارچێوەیەی کە حزب خاوەنی وشەی یەکلاکەرەوەیە. ئەم دۆخەش، وەنەبێ تەنیا ویستی دوو حزبی کوردی بێ و مەبەست لێی هێشتنەوەی حکوومەت بێ وەک دەزگایەکی خێرخوازی، هەرچەندە ئەمەش بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ناوەخۆوە تا ڕادەیەک ڕاستە، بەڵام لە هەمان کاتدا ویستێکی دەرەکیشە، بەتایبەتی ویستی وڵاتانی هەرێمییە. هەر ئێمەش لە ناوچەکەدا وا نین، ئەوە فەڵەستینییەکان حاڵیان لە ئێمە باشتر نییە. بەهەمان شێوەش لبنانییەکان. ئەم دۆخەی ناوەخۆی کوردستان و ئەو وڵاتانەی ئاماژەیان پێ درا، بەشێکە لە ویستێکی هەرێمی و ئامانج لێی هێشتنەوەی بارودۆخی ئەو وڵاتانەیە لە ناجێگیریدا، یان وەک پرۆژەیەکی بەردەست بۆ دەست تێوەردان و یاری لەگەڵدا کردن هەر کات بویسترێ. گومانی تێدا نییە، ململانەی نێوان لایەنەکانی ناوەخۆ چ ململانەی شاراوە بێ چ ئاشکرا، ڕێخۆشکەرن بۆ دروستبوونی ئەو دۆخە. وڵاتانی هەرێمی بەردەوام لەگەڵ لایەنەکاندا دادەنیشن. لە حاڵەتی کوردیدا کەمتر، بەڵام لە حاڵەتی فەڵەستین و لبناندا حکوومەت تەواو بووەتە بووکەڵەی سەر تاخچەکە. لە کوردستانیش تا هەردوو ئیدارە یەکیان نەگرتبووەوە حکوومەت هەردووکیشی نەبێ، یەکێکیان شتێک بوو لەو جۆرە. حکوومەت واتە بڕیاری سیاسی، واتە ئاسایش، پێشمەرگە، دارایی. لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا ئەو بوارانە بەدەستی حکوومەتەوە نین. وەزیری حکوومەتی هەرێم ئەگەر خۆی ئەندامی سەرکردایەتیی دوو حزبەکە نەبێ یان کەسێکی پلە یەکی نێزیک نەبێ، تەنانەت نازانێ پرسی یەکگرتنەوەی وەزارەتە جیاوازەکانیش گەیشتووە بەچی کە ئەم پرسە زۆر پێوەندیداری خۆیەتی! ئەم جۆرە وەزیرە، کتومت وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی، دەنگوباسی سیاسیی هەرێمیش لە ڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە وەردەگرێ نەک لە کەناڵی تایبەتەوە. وەک گوتم حکوومەت زیاتر وەک دەزگایەکی خزمەتگوزاری وەرگیراوە نەک وەک ناوەندی بڕیاری ستراتیجی. تەنانەت سەرنەکەوتنیشی لە هەندێک بواری خزمەتگوزاریدا هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بڕیاری سیاسی بەدەستی خۆیەوە نییە، هەموو شتیش دواجار سیاسەتە. بێگومان جێی وەزیرێکی فاشیل یان بەڕێوەبەرێکی ئاست نزم بەحکوومەت دەستکاری ناکرێ. ئەگەر جارێک حکوومەت ویستبێتی بڕیاری هەنگاوێکی سیاسی بدات و کەمتر بگەڕێتەوە بۆ چاوکانیی حزب، بەو کارەی گومانی ناوەتەوە، بۆ نموونە ئەوەی لەم یەک دوو مانگەی دواییدا لە پرسی گرێبەستەکانی نەوتدا بینیمان. ئەمە یەکەمین جاربوو حکوومەت بوێرێ بڕیاری سیاسی بدات. بۆ حزبی کوردی هێشتا حکوومەت کایەیەکی گوماناوییە. لەوێ هەموو شت ون دەبێ: دەسەڵاتی حزب، مێژووی پڕ لە سەروەری، چیرۆکی خوێنی شەهیدان، داستانی قارەمانیەتیی پێشمەرگە، شۆڕشی یەک لەدوای یەک، چیرۆکی هەزاران بنەماڵەی قوربانیدەر و هەموو شانازییەکان، باسیان نامێنی و دەبن بەبەردی بن گۆم. حکوومەت یاسایە، یاساش ڕەچاوکردنی مافی هەموو خەڵکە بەیەکسانی، حکوومەت خزمەتگوزاریی گشتییە کە بۆ دوو ماڵ یەکێکیان سەرتاسەر ڕابردووی بڕیتی بی لە خەبات و قوربانی پێشکێشکردن و ئەویتر هیچی نەکردبێ یان تەواو پێچەوانەش بووبێ، وەک یەکە. پێم سەیرە ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر بڵێن فیسارە چالاکیی حکوومەت نەدەبوو بکرایە و وا باشتر بوو بکرێ بەخانوو بۆ بنەماڵەی شەهیدان. حکوومەت بۆ ئەوەی حکوومەتایەتیی خۆی پێشان بدا، زۆر جار پارەیەکی زۆر خەرج دەکات بۆ ڕووداوێکی ڕۆشنبیریی پڕووپووچ. لە هەموو دنیاشدا وایە. کاری حکوومەت تەنیا شتی بەرجەستەیی نییە، شتی واتاییش زۆرە دەبێ بیانکا.

خوێنی شەهید و خەباتی پێشمەرگایەتی و ڕابردووی پڕ شکۆی حزبی کوردی، سەر سەر و سەرچاو. نەک کەس نکوولیی لێیان نییە بگرە تا هەتایەش پارێزراون لەناو هەست و هزری ئەم میللەتەدا. هەقی خۆشیانە مافیان بەباشترین شێوە ڕەچاو بکرێ و قەرەبووی زیانی هەر کەس بکرێتەوە کە زیانەکە ڕژێمی بەعس هۆکاری بووبێ. بەڵام باس باسی دەوڵەتدارییە و پێویستە ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس دەوڵەتییانە و گشتییانە بیر بکەنەوە. ئەوەی چیرۆکی خوێنی شەهید لە دەمی نابڕێ، حەز بکات یان نا کابرایەکی حزبییە، بەجەستەش ئەندامی حزب نەبێ کولتوورەکەی ئەندامی حزبە. ڕۆشنبیری

## هێشتا حاڵی پیشەییبوونی ڕاگەیاندنی حیزبی لە ڕاگەیاندنی بەناو ئازاد باشترە

کورد، بەتایبەتیش ئەوەی ناوی لە خۆی ناوە ئۆپۆزسیۆن دەبوو لە سەنگەری حکوومەتدا بێ، دەبوو بەشداری خەمی بەجێهێنانی ئەرکەکانی بێ نەک دەستوپێگری، دەبوو پارێزەری حکوومەت بێ نەک بەبێ ئاگای خۆی لە سەنگەری حزبدا بێ و لە هەموو شتی حکوومەت گومان و پرسیاری هەبێ. ئێمە دەبێ ئەو ڕاستییەمان دائیما لەبەرچاو بێ کەوا حکوومەتێکی یەکگرتوو، یەکگرتوو لە هەموو ڕوویێکەوە، تاکە ڕێگەیە بۆ چەسپاندنی قەوارەیەکی سیاسیی کوردی، تاکە ڕێگەیە بۆ کۆتاییهێنان بە فرەناوەندیی دەسەڵاتی کوردی، کە ئەم فرە ناوەندییە هەموو حزبەکان تێیدا بەشدارن بەگەورە و بچووکیانەوە. بچووکترین حزب خۆی پێ گەورەترە لە حکوومەت. بچووکترین حزب زۆرترین پێوەندیی سیاسی لەگەڵ دەرەوە دادەنێ و حکوومەتی پێ فشەیە. ڕۆشنبیری بەناو ئۆپۆزسیۆن کە هەموو شتی حکوومەت دەخاتە ژێر گومانەوە وەک ئەوەی باس باسی ڕژێمی بەعس بێ، خۆی جۆرێکە لە پاشکۆی حزب، جێبەجێکەری هەمان بەرنامەیە کە دەیەوێ حکوومەتێکی لەڕ و لاواز و بێ بڕیار و بووکەشووشە ئاسا هەبێ. حکوومەتێک نەک تەنیا پرسە گرینگەکانی لە پەنا پەردەدا یەکلا بکرێنەوە، بگرە لە دانانی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە دوورترین گوندیشدا پرس بەحزب بکرێ. زۆر سەیرە ڕۆشنبیری ئۆپۆزسیۆن لە سەنگەری ئەم حکوومەتەدا نییە و لەگەڵ خەمەکانیدا ناژی. ڕۆشنبیرێک لافی ئەوە لێ بدا کەوا لەگەڵ خەمەکانی ڕەشوڕووت و هەژاراندا دەژی، دەبێ بزانێ خەمەکانی ئەمانە لەگەڵ پرۆژەکانی حکوومەتدا ئاوێتەن نەک لەگەڵ شتێکی تر. ڕۆشنبیری کورد لەم قۆناغەدا، چ حزبی و چ سەربەخۆ، من هەر ئەم دوو ناو لێنانەم پێ ڕاستە و چی تریش زاراوەی "ڕۆشنبیری ئۆپۆزسیۆن" بەکارناهێنم، لەبەرئەوەی ئەمەی دوایی بڵقی کێشە شاراوەکانی حزبایەتییە، ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە بەڕاست بڵێن ڕاست و بەچەوت بڵێن چەوت. نەک بوخچەی خەمەکانی خۆیان لەسەر حسێبی خەونەکانی خەڵک بکەنەوە و پۆزیشیان لەسەر لێ بدەن. خەڵک ئەوەندە نەزان نین تا یەکێک وا تێ بگا دەتوانێ بازرگانییان پێوە بکا. هیچ شت شاراوە نییە لێیان، بەڵام ئەمە کولتووری بەعسە کە کورد خۆی زۆرترین داهێنانی تێدا کردووە، وایان لێ دەکات چەپڵە بۆ شتێک لێ بدەن کە لە ژێر سمێڵەوە فشەیان پێی دێ. خەڵک هەست بە هەموو شتێک دەکەن، وەلێ پێیان خۆشە بەردەوام ئەم گاڵتە و گەپە دووبارە ببێتەوە، بێهوودەیە ژیان بۆیان، بەلایانەوە دنیا چەرخ و خولی ئەم گاڵتەوگەپەیە. هێندەیان سیستەمی بێدادی و ڕاگەیاندنی چەواشەکار بینیوە قالبیان بەستووە پێیان. ئەمە کولتوورێکی ڕیشە داکوتیوە لەم وڵاتەی ئێمەدا و دەبێ ڕۆشنبیر ئەرکی گۆڕینی بگرێتە ئەستۆ. ئەمەش تەنیا لە سێبەری دەولەتدا دێتە دی. ڕۆشنبیری ئاراستە پێچەوانە، بە دووڕوویی خۆی، بەشدارێکی کارایە لە دواخستنی لە دایکبوونی دەسەڵاتێکی کوردیی یەک ناوەند، هەروەها لە دروستکردنی ڕایەکی گشتیی دەم هەراش و جنێودەر وەک خۆی، کە هیچ شتێکی بەلاوە گرینگ نییە جگە لە بەرژەوەندیی کەسانیی خۆی.

## حکوومەت بۆ ئەوەی حکوومەتایەتیی خۆی پێشان بدا، زۆر جار پارەیەکی زۆر خەرج دەکات بۆ ڕووداوێکی ڕۆشنبیریی پڕووپووچ

## موعتەسەم ئەکرەم بریکاری وەزیری نەوتی عێراق:

# دەبووایە هەرێمی کوردستان پێش هەرشتێک ژێرخانی پیشەسازیی نەوت بنیات بنێ پاشان بیر لە گرێبەستی نەوتی بکاتەوە

**ڕووداو - هەولێر**

بریکاری وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە پاش دوایین سەردانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ بەغداو کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری نەوتی عێراق، کێشەی نێوان هەولێرو بەغدا هێور بووەتەوەو لێدوان لەدژی یەکدی نەماوە، گوتیشی کێشەی گرێبەستەکانی نەوت زیاتر کێشەیەکی سیاسییەو پەرلەمانی عێراق یان دادگای دەستووری دەتوانێ چارەسەری بکات. هەروەها گوتی شەهرستانی ڕقی لەهەندێ کەسی کوردە، بەڵام مام جەلالی زۆر خۆشدەوێت، چونکە عێراقییە.

موعتەسەم ئەکرەم بریکاری وەزیری نەوتی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لەبارەی کێشەی گرێبەستەکانی نەوت لەنێوان هەولێرو بەغدا کە تائێستا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، گوتی "ئەو کێشەیە زیاتر کێشەیەکی سیاسییە، بەهۆی تەفسیرکردنی دەستوورەوە کە دەبێت لە پەرلەمان چارەسەربکرێت پاش ئەوەی ڕێککەوتنی سیاسی لەسەر دەکرێت، چونکە هەریەکەو دەستوورەکە بەشێوەیەک تەفسیر دەکات. دەستوورەکەش لاستیکییە". هەروەها گوتی "ئەو کێشەیە ئەگەر لە پەرلەمانیش چارەسەر نەبوو دادگای دەستووری دەتوانێت چارەسەری بکات".

لەو کێشەیەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیدایە، حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوت وەک بەرهەڵستکاری گرێبەستەکانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان لە گۆڕەپاندایە، زۆرینەی کورد ئەمە وەک هەڵوێستێکی سیاسیی دژ بەکورد لێکدەدەنەوە، بەڵام موعتەسەم ئەکرەم کە لە کۆتایی ساڵی 2003وە بریکاری ئەو وەزارەتەیە، ڕایگەیاند کە دوای سەردانی ئەم دواییەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت بۆ بەغدا ئەو کێشەیە هێور بووەتەوە، گوتیشی "ئێستا تێگەیشتن لە نێوانیان زۆر زیاترە لەجاران، گفتوگۆش هەیە لە نێوان هەردوولا تاوەکو بگەنە ئەنجامێک، بەڵگەش ئەوەیە کە ئێستا لێدوان لەدژی یەکتری نەماوە".

موعتەسەم ئەکرەم وەک پسپۆڕێکی بواری نەوت بەجۆرێک لە ڕەخنەگرتنەوە باس لە سیاسەتی حکومەتی کوردستان دەکات لە بواری مۆرکردنی گرێبەستەکانی نەوتدا، ئەو پێیوایە بۆ هەرێمی کوردستان کاری گرنگتر ئەوەبوو پێش هەرشتێک ژێرخانی پیشەسازیی نەوت بنیات بنێ و پاشان بیر لە گرێبەست بکاتەوە. لەوبارەوە گوتی "وەک بیروڕای تایبەتی خۆم دەبووایە یەکەمجار هەوڵ بدرێ تۆڕەکانی بۆری لە هەرسێ پارێزگاکە "هەولێرو سلێمانی ودهۆک" دروست بکرێ، ئەو تۆڕە لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی بەغدا دەبوو، ئەو پارەیە لەبەغدا دەدرا، لەگەڵ بۆرییەکان پاڵاوگەم دروست دەکرد، مستودەعاتم دروست دەکرد کە ئەوانە هەمووی لەسەر بودجەی بەغدا دەبوو، هەوڵم دەدا یەکەمجار قاعیدەیەکی نەوتی دروست بکەم، ئەو پارانە وامدەکرد لە بەغداوە بێت، چونکە پلانی ئیستیسمارییە، کێڵگەی نەوت هەر دەمێنێت میزانیەکەش هەر 17% وەردەگریت، وەک نەجەف و کەربەلا ئێستا بۆ نموونە پاڵاوگەی بچووک دروست دەکەن و تۆڕی بۆری و شتیان بۆ دروست دەکرێت، چونکە ڕژێمی پێشوو هیچ گرنگییەکی بە 6 پارێزگا نەدابوو، لەباشوور کەربەلا و نەجەف و عەمارە، لێرەش هەولێرو دهۆک و سلێمانی کە گرنگیی پێنەدان، دەبووایە وایانکردبایە تەرکیزەکە بکرابایە سەر قاعیدەی نەوتی". ئەو گوتیشی "ئەمە ڕای تایبەتیی خۆمەو حکومەتی کوردستانیش بەرژەوەندی خۆی باشتر دەزانێت".

موعتەسەم ئەکرەم ئەوە بەتوندی ڕەت دەکاتەوە کە وەزارەتی نەوتی عێراق لەدانانی پاڵاوگەی نەوتی تەقتەقدا کێشەی دروست کردبێت "ئێمە هیچ کێشەمان دروست نەکردووە، مەسفا لە بەغدا دروستبوونی ئاسان نییە، دیراساتی دەوێت و ڕۆتینی زۆرە، بەڵام بەغدا لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو شتێک دەکات، کە پاڵاوگەکە پێشنیازکراو تەندەرکرا 7 کۆمپانیا پێشکەشیان کردو 3 کۆمپانیا دەستنیشان کران، ئەو 3 کۆمپانیایەش پسپۆڕی پاڵاوگە نەبوون، دوای ئەوەی بودجەکە تەحویلی 17%ی کوردستان کرا لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بڕیاردرا کە هەرچی ئیستسمارێک یان پرۆژەیەک بکرێت لە کوردستان لەسەر بودجەی 17% کەیەو 17% ەکەش کە تەحویلی ئێرە بوو ئیشەکە ڕاگیرا".

دەربارەی ئەوەش کە بۆچی پرۆژەکە نەخرایە سەر بودجەی وەبەرهێنانی عێراق، گوتی "لەبەغدا وەزارەتی دارایی دەڵێت ئەوە لەچوارچێوەی 17% ەکەیە، پێش دیاریکردنی 17% کە ئێمە کێشەمان نەبوو، چونکە ئەمە کێشەیەکی داراییەو هیچ پەیوەندییەکی بە وەزیری نەوتەوە نەبوو".

یەکێک لەو کێشانەی دیکە کە تائێستا لەنێوان کوردستان و بەغدا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، مەسەلەی پرۆژەیاسای نەوت و گازە کە مانگی شوباتی 2007 لەنێوان هەردوولا ڕێککەوتنی لەسەرکرا، بەڵام دواتر ئەنجومەنی شورای دەوڵەت دەستکاریی هەندێ لە بڕگەکانی ئەو پرۆژەیاسایەی کرد، ئەوەش نارەزایی حکومەتی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێناو هاوپەیمانیی کوردستانیش بەهەڕەشەکردن لەوەی دەنگ بۆ پرۆژەکە نادات، بووە ڕێگر لەبەردەم هێنانی پرۆژەکە بۆ پەرلەمان. بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو کێشەیە بەرەو چارەسەربوون دەچێت و هەردوولا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی وێنە دەستکارینەکراوەکەی ئەو پرۆژەیاسایە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

لەکاتێکدا ئیبراهیم باجەلان سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە چەندین جار حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی بەوە تاوانبار کردووە کە لە بەرامبەر وشککردنی کانە نەوتەکانی ناوچەی خانەقیندا لەلایەن ئێرانەوە بێدەنگیی دەکات، بریکاری وەزارەتی نەوت ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو کێشەیە تەنیا لە خانەقین نییە، بەڵکو لەچەند کێڵگەیەکی دیکەی خوارووی عێراقیش بەتایبەتی لە عەمارەو بەسرە هەمان کێشە لەگەڵ ئێران و کوێت هەیەو گوتیشی "ئێستا چەند لیژنەیەکی هاوبەش دروست بووە لە نێوان هەردوولا، بەڵام یەک مەسەلەی هونەریی زۆر گرنگ ئەوەیە کە ئەو مافە ناڕوات، بەڵکو لایەنێکی سێیەم دێت و تەماشادەکات بزانێ نەوتی ژێرزەویی ئەو کێڵگەیە چەندە کە (مەکمەن) ی پێدەڵێن، ئێران چەندی دەرهێناوەو چەندیش عێراق دەریهێناوە، ئەو حسابی دەکات، بۆنموونە ڕووبەری ئەو کێڵگەیە 60 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، 40 ی کەوتووەتە ناو عێراق 20 یشی کەوتووەتە ناو ئێران، بەشی عێراق دەبێت چەند بێت لەو 40 کیلۆمەترەو 20ەکەش دەبێت چەندبێت لایەنی سێیەم دێت ئەو کارە دەکات، عێراق ئێستا هەوڵدەدات لایەنی سێیەم بهێنێت".

> **هەستناکەم شەهرستانی دژی کورد بێت و زۆرجار بەمن دەڵێت مام جەلالم لە هەموو کەس خۆشتر دەوێ چونکە عێراقییە**

بەپێی ڕێککەوتنێک کە لەنێوان حکومەتی بەغداو هەرێمی کوردستان کراوە، لەمەودوا کوردستانیش لە پاراستنی بۆرییەکانی نەوت لەکاری تیرۆریستی بەشداریی دەکات و بڕیارە بۆ ئەو مەبەستەش دوو فەوجی سەربازی دیاری بکرێ، بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق ئاماژە بەوەدەکات کە تائێستاش یەکێک لەو کێشە گەورانەی بەرەورووی ڕەوانەکردنی نەوتی خاو دەبێتەوە لێدان و کونکردنی بۆرییەکانە، ڕاشکاوانەش دەڵێت لەوبوارەدا تەنانەت متمانە بە سوپای عێراقیش ناکرێ، بۆیە ئێستا هەوڵی حکومەتی عێراق بۆئەوەیە کە لەگەڵ کوردستان و لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکان لەوبارەوە ڕێککەوتن بکات، موعتەسەم ئەکرەم نموونەی ڕێککەوتن لەسەر پاراستنی بۆریی نەوتی بێجی لەلایەن کوردەوە بە نموونەیەکی سەرکەوتوو دەزانێ و دەڵێت "لە نێوان ساڵانی 2005-2006 لە پاڵاوگەی بێجی نەوت دەهات، بەڵام پەلامار دەدرا، بۆریەک هەبوو لە نێوان بێجی و کەرکوک بۆریەکی 12 ئینجە لەگەڵ بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و عومەر فەتاح دانیشتین و داوامان کرد ئەو بۆریە چاودێریی بکرێت بۆ ئەوەی بەرهەممان بە ئاسانی بگاتە کوردستان، لەو ڕۆژەشەوە یەک جار لێیدراوە".

بریکاری وەزارەتی نەوت ڕەتیکردەوە لە بەرامبەر ئەو کارەدا هیچ پارەیەک بدەنە ئەو فەوجە سەربازییانەو گوتی "فەوج عەسکەرییەو دەبێت وەک واجبی خۆی ئەو کارە بکات، تەنیا ئەگەر گرێبەستێکت هەبێت لەگەڵ عەشیرەتێک کە ئەوەندە کیلۆمەترەت بۆ بپارێزێت پارەیان دەدرێتێ".

موعتەسەم ئەکرەم ئاشکرای کرد کە لەم ناوچەیە ڕێککەوتنی لەوجۆرە لەگەڵ عەشایەرەکان نەکراوە، بەڵام لە ناوچەکانی خوارووی عێراق کراوەو عەشایەرەکان بۆریەکانی نەوت بە پارە دەپارێزن.

بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە ئەوان ئاگادارن ئێستا کوردستان چووەتە قۆناخی بەرهەمهێنانی نەوت، لەبارەی هەڕەشەکانی شەهرستانیشەوە لەو کۆمپانیایانەی گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی کوردستان مۆرکردووە، گوتی "ئێستا ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکرێت". بەگوێرەی هەڕەشەکەی حوسێن شەهرستانی هەر کۆمپانیایەک گرێبەستی لەگەڵ کوردستان کردبێت ئەوان کاری لەگەڵ ناکەن، ئەوەشی پێشتر گرێبەستی لەگەڵ کرابێت گرێبەستەکەی هەڵدەوەشێننەوە. موعتەسەم ئەکرەم وا نازانێت کە ئەمە دژایەتی کوردە لەلایەن شەهرستانییەوە "شەهرستانی بە من دەڵێت من قەرزاری کوردم، جگە لەوە ئەو ئەکادیمییەکی سرفەو لە یاساکانی ئەودا هیچ نەرمییەک نییە، بەڵام هەستناکەم دژی کورد بێت". دەربارەی ئەو تۆمەتانەش کە گوایە شەهرستانی زۆر لایەنگری ئێرانە، گوتی "چ شیعەیەک هەیە لایەنگری ئێران نەبێت؟ من دەڵێم وەزیرێکی توندەو زۆرجار بینیومە لە ئێرانیش تووڕە بووە".

موعتەسەم ئەکرەم وەک کوردێکی نزیک لە شەهرستانی زیاتر باسی پەیوەندییە تایبەتییەکانی ئەو دەکات "شەهرستانی گلەیی لەچەند کەسێک هەیە، چەند کەسێکیش دەزانم لە قیادییەکانی کوردستان نزیکترین هاوڕێی ئەون، ئەو مام جەلالی لەهەموو کەسێک زیاتر خۆشدەوێت چونکە دەڵێت مام جەلال عێراقییە".



موعتەسەم ئەکرەم بریکاری وەزیری نەوتی عێراق (فۆتۆ:ڕووداو)

# 438 هەزار تەن سەوزەو میوە لەدەرەوە دەهێنرێتە کوردستان

**ڕووداو - هەولێر**

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ کە لەسەرتاسەری کوردستاندا ئامادەکراوە لەماوەی ساڵی ڕابردوودا 438577تەن سەوزەو میوەو بەر وبوومی زستانە لەدەرەوەی کوردستانەوە هێنراون و لەناوخۆشدا 292984 تەن بەرهەم هەبووە.

هەروەها بەپێی پلانی وەزارەتی کشتوکاڵیش ئەگەر گرفت نەبێت لەپێنج ساڵی داهاتوودا کوردستان پێویستی بەبەرهەمی دەرەکی نامێنێت.

وەزارەتی کشتوکاڵ لەڕێگەی چوار تیمەوە کە لەپارێزگاکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کاریانکردووە بەمەبەستی چاودێری بەروبومەکانی میوەو سەوزەی خۆماڵی و ئەوانەی لەدەرەوە دەهێنرێتە عەلوەکانی کوردستان، بەئامارێک بڕو جۆری بەرووبومەکانیان تۆمارکردووە.

بەشێک لەو بەروبوومە خۆماڵیانەی کەبەرهەم دێن ناگاتە عەلوەی پارێزگاکان و بەهۆی بردنیان بۆ عەلوەی قەزاکان یاخود فرۆشتنیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان بۆ شتی دی بەکاردەهێنرێن وەک بەرهەمی خۆماڵی یان دروستکردنی دۆشاو، بەڵام ئەنوەر عومەر قادر، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون دەڵێت "ڕووپێوێک ئەنجامدرا لەلایەن هەر چوار بەڕێوەبەرایەتییەکەوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەم ڕێژەیە و تۆمارکراون لەو ئامارانەدا هەموو ئەوانە هەن و جێگایان کراوەتەوە".

ئەگەرچی ئەم ئامارانە تایبەتە بەساڵی 2007، بەڵام هیچ ئامارێکی ورد بۆ ساڵانی ڕابردوو لەبەردەستدا نییەو بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچونیش دەڵێت"ئەمساڵیش بڕی هاوردەنی بەهەمان ڕێژەی ساڵی ڕابردوو دەبێت و وشکەساڵیش کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کەمبوونەوەی سەوزەو میوە نابێت لەبەر ئەوەی خۆیان ئاو دەدرێن و ئاویان هەیە".

گرفتی سەرەکی کوردستان لەوەدایە کەتەنها لەوەرزێک یان ماوەیەکی دیاری کراودا بەروبومی کشتوکاڵی هەیەو لەوەرزەکانی تردا بەتەواوەتی پشت بەبەرووبومی دەرەکی دەبەسترێت.

ئەنوەرعومەر، دەڵێت "لەهەندێک لەوەرزەکانی ساڵدا 100% بەروبوومەکان لەدەرەوە دەهێنرێن، بۆنمونە لە لەناوڕاستی حوزەیران تەماتە لەکوردستان پێدەگات هەتاوەکو ناوەڕاستی کانوونی یەکەم تەماتەمان هەیە، لەو 6 مانگەدا بازاڕەکان لەژێر کۆنترۆڵی خۆماندایەو ئەگەر10% لەدەرەوە بێت، بەڵام لەپاش مانگی 12 ەوە تادەگاتە مانگی 6 هیچی خۆمان نییە".

وەک لەئامارەکاندا دەردەکەوێت بەرهەمی دەرەوە زیاترە لەناوخۆ، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ بەدروستکردنی خانوی پلاستیکی دەیەوێت هاوکێشەکە پێچەوانە بکاتەوەو پەرە بە بەرهەمی خۆماڵی بدات.

هەروەک بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوونیش دەڵێت "پلانمان هەیە تاوەکو ماوەی 5ساڵ 6800 خانوی پلاستیکی دابەشبکەین لەسەر بودجەی حکومەت و لەوانەیە هاووڵاتیانیش خۆیان 15 هەزار خانووی پلاتسیکی دابنێن، چونکە جوتیاری ئێمە ئێستا فێری ئەوەبووە لەزستاندا تەماتە بەرهەم بهێنێت و دوای هێنانی بیرۆکەی ئەم کارەش لەسلێمانی و هەولێر چەندین جوتیار هەن لەسەر ئەرکی خۆیان ئەو خانووە پلاستیکیانە دروست دەکەن، هەر خانووەیەکیش 6تەن تاوەکو8 تەن لەوەرزێکدا بەرهەمی هەیە".

ساڵی پار وەزارەتی کشتوکاڵ لە50% نرخی گواستنەوەی بەروبومە کشتوکاڵییەکانی گرتە ئەستۆی خۆی، بەڵام ئەم لەئەستۆگرتنەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ هەموو کوردستان نەبوو، تەنها ناوچە دوورەکانی گرتەوە، بۆ نمونە ناوچەی سیدەکان، سۆران، بارزان، بەڵام لەئەمساڵدا ئەم بڕیارە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو هەموو ناوچەکانی کوردستان دەگرێتەوە.

ئەنوەر عومەر، گوتی "ئەمساڵ پارەی گواستنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی هەموو شوێنەکانی کوردستان دەگرێتەوەو100% نرخی گواستنەوەکەش حکومەت خەرجی دەکات و نرخی گواستنەوەکەشمان بۆ هەموو شوێنێک داناوە، نرخەکانیش لە 30هەزار دینارەوە دەستمان پێکردووە تاوەکو 100 هەزار دینار بۆ هەر تەنێک، ئەگەر کەمتریش بدات ئێمە هەر ئەو بڕە پارە دەدەین، ئێستا وەسڵەکان وەردەگیرێن و داخلی خەزێنە بووەو لەچەند ڕۆژی ئایندەدا هەموو پارەکان خەرجدەکرێن".

> **پارەی بەروبووم گواستنەوە بۆ جووتیاران خەرجدەکەین**



ئەنوەر عومەر (فۆتۆ:ڕووداو)

ئێستا نرخی ئەو بەروبومە کشتوکاڵیانەی لەدەرەوە دەهێنرێن هەرزانترە لەهی ناوخۆو لەڕواڵەتیشدا جوانترە لەو بەرووبومانەی کە لەناو کوردستان بەرهەم دێن، بەمەش بەوروبومی دەرەکی باشتر لەبازاڕەکاندا خەرجدەبێت و کاریگەری لەسەر بەرووبومی ناوخۆی دەکات، بۆ ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگییە، ئەنوەر عومەر دەڵێت " لەسنورەکانیش باج دەخەینە سەر ئەو میوانەی کە دێن و بۆ هەر تەنێک200 هەزار دینار دەخەینە سەری، ئەو باجەش لەو وەرزانەدایە کە بەرهەمی ناوخۆی پێدەگات".

ساڵی پێرار 250 هەزار تەن گەنم لەکوردستان بەرهەم هات ساڵی پار ئەو بڕە گەنمە بۆ 300 هەزار زیادیکرد، بەڵام بۆ ئەمساڵ ئەم بڕە بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی.

بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان، هۆکاری کەمبوونەوەی ڕێژەی گەنمی بەرهەمهاتووی بۆ کاریگەری وشکەساڵی گەڕاندەوەو گوتیشی "پلانمان دانابوو لەماوەی پێنج ساڵدا بەرهەم هێنانی گەنم بگەینینە 500 هەزار تەن، کەکەمترین بڕی پێویستی کوردستانە بۆ ئارد و ساوەرو بروش، بەو پێیەی کە گەنمی باوەڕپێکراو دابەشدەکەین بەسەر کوردستاندا، بەڵام ئەمساڵ پێشبینی دەکەین 25 هەزار بۆ 30 هەزار تەن گەنم لە کوردستاندا بەرهەم بێت".

بەهۆی وشکە ساڵییەوە گرفتی نەبوونی بنەتۆو بۆ ساڵی ئایندە دروست دەبێت و جوتیارانیش مەترسی دەست نەکەوتنی بنەتۆوی باشیان هەیە، بەڵام بەرپرسەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ جوتیاران لەو مەترسییە دڵنیا دەکاتەوەو دەڵێ "بڕی 3.5ملیارو نیو دینار بۆ کڕینی بنەتۆو تەرخانکراوەبۆ ساڵی ئایندە ئێستا سێ بنکەمان هەیە لەهەولێر و دهۆک و سلێمانی کە گەنم و جۆ دەکڕینەوەو ئەگەر گەنمەکەی باوەڕ پێکراوبوو 10%ی زیاتر دەدەین لەو نرخەی کە لەسایلۆکان دەدرێت".

لەبارەی ئەو بڕە گەنمەشی کە بۆ بنەتۆو پێویستە ناوبراو وتی"بڕی 30 هەزار تەن گەنم و 3 هەزار تەن جۆ دەکڕینەوەو گرفتەکە لەپارەدا نییە گرفتەکە لەوەدایە چۆن ئەو گەنمە پەیدادەکەیت، داوامان لەسوریاو عێراق و تورکیاو ئێران کردووە ناماندەنێ، بەڵام ئەمریکییەکان بەڵێنیان پێداوین بڕێکی باشمان پێبدەن".

**خشتەی بڕی بەرووبوومی بەکاربراو بە (تەن) لە کوردستان لە ساڵی 2007**

| جۆری بەروبووم | خۆماڵی | دەرەکی | ڕێژەی بەربوومی هاوردە بۆ بڕی بەکاربراو |
|---|---|---|---|
| تەماتە | 84309 | 89425 | ٪51 |
| خەیار | 42943 | 37613 | ٪47 |
| باینجان | 16081 | 11726 | ٪42 |
| بامیَ | 6326 | 6591 | ٪51 |
| پیاز | 14803 | 41697 | ٪74 |
| کولەکە | 10042 | 8849 | ٪47 |
| پەتاتە | 883 | 62285 | ٪99 |
| شوتی | 36526 | 32431 | ٪47 |
| گندۆرە | 8029 | 3660 | ٪31 |
| ترۆزی | 1897 | 161 | ٪8 |
| بیبەر | 7378 | 4764 | ٪39 |
| لۆبیا | 1386 | 280 | ٪17 |
| فاسۆلیای تەڕ | 1008 | 1198 | ٪54 |
| پرتەقاڵ | — | 22723 | ٪100 |
| ترێ | 8810 | 6666 | ٪43 |
| سێو | 9982 | 35029 | ٪78 |
| قەیسی | 2887 | 8821 | ٪75 |
| هەنار | 12057 | 7584 | ٪39 |
| هەنجیر | 1500 | 120 | ٪7 |
| هەرمێ | 1105 | 1820 | ٪62 |
| مۆز | — | 19669 | ٪100 |
| لالەنگی | — | 13077 | ٪100 |
| خۆخ | 16686 | 650 | ٪4 |
| لیمۆ | 495 | 3615 | ٪88 |
| ئالوباڵو | 1794 | 1703 | ٪49 |
| گێزەر | 54 | 2187 | ٪98 |
| شێلم | 1482 | 686 | ٪32 |
| چەوەندەر | 1544 | 407 | ٪21 |
| قەرنابیت | 1652 | 2128 | ٪56 |
| خاس | 1504 | 2250 | ٪60 |
| کەلەم | 1813 | 4343 | ٪71 |
| کۆی گشتی | 292984 | 438577 | |

# هەمەجۆر



## هۆمەر دزەیی : عارەب عوسمان هەڵەی کردووە

تایبەت بە ڕووداو

◆ هونەرمەند هۆمەری دزەیی لەلێدوانێکی تایبەت بە(ڕووداو)دا گوتی هونەری ئێستای کوردی ڕەسەن نییە "ئەوەش تەنیا بەسەر کورد نەهاتووە، بەڵکو فارسەکانیش گلەییان هەیە کە هونەرەکەیان ڕەسەنایەتی لەدەستداوە، لەگەڵ ئەوەشدا من لەگەڵ گۆرانکاریم لە بواری ستایلی گۆرانی گوتندا". دزەیی کە بەحەیرانبێژێکی سەرکەوتوو ناسراوە، هاتەسەر حەیرانبێژ عارەب عوسمان و گوتی "هەرچەند عارەب عوسمانم خۆشدەوێ،بەڵام زۆر جار لەحەیران هەڵە دەکات، حەیران نابێ لەسێ بەیت کەمتر بێت، بەڵام عارەب زۆر جار ئەو ڕێسایە دەشکێنێ و ئەوەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە".

# کامکاران بە(تارا)وە دەگەڕێنەوە

**تایبەت بەڕووداو**

بەڕێوەبەری کارەکانی گرووپی کامکاران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دوایین ئەلبوومی کامکاران ناوی (تارا)یە و لەسەرەتای مانگی داهاتوو لەسەرتاسەری جیهان بڵاودەکرێتەوە.

کامەران ئەحمەدی لەوبارەیەوە ئاماژەی بەوەدا کە لەماوەی 6 مانگی ڕابردوودا ئەوە چوارەمین بەرهەمی گرووپی کامکارانە، کە ئاوازی گۆرانییەکانی لەلایەن هۆشەنگ و ئەرسەلان کامکار و مۆسیقاکەشی لەلایەن ئەردەوان کامکارەوە دانراوەو شیعرەکانیشی فۆلکلۆرین و شیعرێکیشی لەلایەن شاعیر شێرکۆ بێکەسەوە دانراوە.

ئەحمەدی ڕاشیگەیاند کە لەسەرەتای مانگی 7ی ئەمساڵدا گرووپی کامکاران لەئوستراليا کۆنسێرتێک ساز دەکەن کە بە گۆرانی (خۆشە هەورامان) دەستپێدەکات.



# ڕۆنی ماسی سەرئێشە نەهێڵێت



**ڕووداو – ئاژانسەکان**

پسپۆرانی پزیشکی ڕایانگەیاند خواردنی ڕۆنی ماسی چارەسەرە بۆ سەرئێشە و نەخۆشی گورچیلە.

بەپێی توێژینەوەیەک پسپۆران بۆیان دەرکەوت ئەو کەسانەی بۆ ماوەی 6 مانگ ڕۆنی ماسی بەکار دەهێنن سەرئێشەیان زووتر لەوانەی ڕۆنی ماسی ناخۆن چاکدەبێتەوە، هەروەها سوودیشی هەیە بۆ ئەو کەسانەی دووچاری نەخۆشی گورچیلە بوونەو بەبەکار هێنانی ڕۆنی ماسی لەماوەیەکی کەمدا نەخۆشییەکەیان نامێنێ چونکە ڕۆنی ماسی ڕێژەیەکی زۆری لەپرۆتین و ڤیتامینەکان و پرۆتین و پۆتاسیۆم وئاسنی تێدایە.

# سەلما هایک پێیخۆشە هەر مانگەی شوو بە کەسێک بکات



**ڕووداو – مادرزن**

سەلما هایک ئەکتەری مەکیسکی بەڕەگەز لوبنانی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەوەڵامی پرسیارێکدا گوتی "پێمخۆشە هەموو مانگێ جارێک ئاهەنگی بووک گواستنەوەم بۆ بگێڕدرێت و شوو بکەمەوە".

هایک کە بەئەکتەرێکی سەرکەوتووی سینەمای هۆلیوود ناسراوەو تائێستا 45 خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرگرتووە، لە 1966/9/2 لەمەکسیک لەدایکبووەو، بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سینەمای لەزانکۆ تەواوکردووەو دووجار شووی کردووە، باوکی لوبنانییەو بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی نەوتییەو دایکیشی گۆرانیبێژە.

سەلما عاشقی سەگەو بەشداری 35 فیلمی سینەمایی کردووەو، داهاتی ساڵی ڕابردووی 20 ملیۆن دۆلار بوو.

# پرا دەلال نا هەڕفیت

**هیڤیدار سندی**

**ڕووداو –زاخۆ**

ڕیڤەبەرێ فەرمانگەها شینوارا ل پارێزگەها دهۆکێ د داخویانیەکێدا بۆ (ڕووداو) گۆت "پرا دەلال ناهەرفیت و تنێ پێویستی ب سەخبیریێ هەیە".

حەسەن ئەحمەد قاسم، ڕێڤەبەرێ فەرمانگەها شینوارا ل پارێزگەها دهۆکێ د داخویانییەکا تایبەتدا بۆ (ڕووداو) گۆت ئەڤ "ئەو زانیارییێن ل دەزگەهێن ڕاگەهاندنێ بەلاڤدبن کو پرا دەلال یا دیرۆکی مەترسییەکا زێدە هەیە بهەرفیت ڕاست نینە، بەلکو هەرفینا وێ ژ موستاحیلاتایە، لێ تنێ پێتڤی سە خبیری کرنێیە مینا هەر جهەکێ شینواریێ دیکە".

حەسەن ئەحمەد دا دیارکرن کو ئەڤە دەمێ سێ سالانە ڕاپۆرتەکێ ل دۆر سە خبیرکرنا شینوارێن پارێزگەها دهۆکێ بۆ وەزارەتا گەشتوگوزار فرێدکەن " د هەرسێ ڕاپۆرتاندا پرا دەلال سەر لیستیا مە بوویە، لێ مخابن تا نها هزار دینارێن عێراقی ژێ بۆ چارەسەرکرنا پرا دەلال ژ چ ئالیان بۆ مە نەهاتیە دابینکرن".

گۆت ئەڤ ساڵ ژێ ئەو هەر چاڤەڕێنە.

هەروەها شارەزایێ شینوارا ل پارێزگەها دهۆکێ تەحسین عەبدولوهاب دەربارەی هەرفینا پرا دەلال د لێدوانەکێدا بۆ (ڕووداو) گۆت "چ ئە سل و ئەساس بۆ مەترسیا هەڕفینا پرا دەلال نینە، لێ ئەگەر نەهێتە سەخبیرکرن، ڕۆژ ب ڕۆژ زرار ب هندەک جهێن وێ دکەڤن" .هەروەسا گۆت ئەو کامیۆنێن کو ب سەر دکەڤن زرار دگەهینێ. ئەوەژی گۆت کو پرادەلال چار جاران هاتییە سەخبیرکرن، لێ ژ سالا 1990 تا نها چ گوهداری ل ڤێ پرا مێژوویی نەهاتیە کرن. ل گۆری ڤان پێزانینێن گەهشتینە مە، فە رمانگەها شینوارا ل پارێزگەها دهۆکێ داوایا ئێک ملیون دۆلارا ژ حکومەتا هەرێما کوردستانێ داخواز کریە بۆ سەخبیرکرن و پڕکرنا کێماسیێن پرا دەلال.

فەرمانگەها رەوشەنبیری ل باژارێ زاخۆ ل 28 2008/2/ د فیستەڤاڵەکا تایبەتدا بۆ پاراستنا پرا دەلال داخواز ژ حکومەتێ کر کو بایەخێ ب ڕاگرتنا ڕەوشا پرا دەلال بدەت.



# ئەنجلینا گەورەترین هوتێلی جیهان لەدوبەی دروستدەکات



**ڕووداو – ئاژانسەکان**

ئەنجلینا جولی بە هاوکاری براد پیتی هاوسەری گەورەترین هوتێلی دونیا لەدوبەی دروستدەکات.

ئەنجلینا جولی ئەکتەری نێوداری سینەمای جیهان ڕایگەیاند کە لەگەڵ براد پیتی هاوسەری، بڕیاریانداوە 1 ملیار و 800 ملیۆن دۆلار بۆ دروستکردنی گەورەترین هوتێلی دونیا لەدوبەی تەرخانبکەن، کە بریتی دەبێت لە 800 ژوور، جگە لەستۆدیۆو هەندێ خزمەتگوزاری دیکە.

پێش ئەوە ساڵی ڕابردوو برات پید نزیکەی 50 ملیۆن دۆلاری بۆ دروستکردنی چەند ستۆدیۆو 150 خانووی لەناوچەی نیو ئۆرلانزی شاری لوس ئەنجلێس تەرخانکرد، کە تائێستاش کاری تێدا دەکرێ.

# کینیا ئاهەنگ بۆ ئۆباما دەگێڕێ



**ئاژانسەکان– نایرۆبی**

کینییەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە باراک ئۆبامای پاڵێوراوی دیموکراتەکان پێش هیلاری کلینتۆنی ڕکابەری کەوتووە.

لەچەند گرتەیەکی تەلەڤزیۆنیدا کە لەچەندین ناوچەی جیاجیای ئەو وڵاتە گیراوە، کینییەکان بەدیاردەکەون کە بەبۆنەی سەرکەوتنی ئۆباماو بوونی بە پاڵێوراوی دیموکراتەکان لەسەر شەقامەکان سەمادەکەن.

گەنجێکی کینی دەڵێت "حەزدەکەم پیاوێکی ڕەشپێست حوکمی ئەمریکا بکات، بۆئەوەی گەلی ئەمریکا ئەو گۆڕانکاریانە بەچاوی خۆی ببینێ کە ئۆباما بەڵێنی جێبەجێکردنی داون".

ئۆباما کوڕی باوکێکی بەڕەگەز کینی و دایکێکی سپی پێستی خەڵکی ولایەتی کەنساسی ئەمریکایە، ناوبراو لەنێو کینییەکاندا کەسایەتییەکی زۆرخۆشەویستە، بەتایبەتیش لەڕۆژئاوای ئەو وڵاتە کە ژمارەیەکی زۆر لەخزمەکانی لێ نیشتەجێیە.

ئافرەتێکی کینی کە لەتەلەڤزیۆنەوە تەماشای ئەنجامی ڕکابەرییەکانی نێو دیموکراتەکانی دەکرد، گوتی "زۆر دڵخۆشم کە ڕۆڵەیەکی ئێمە دەبێتە سەرۆکی ولایەتە یەککگرتووەکان".

هاوینی ساڵی 2006 کاتێک ئۆباما بۆ یادکردنەوەی ساڵڕۆژی مەرگی باوکی کە لەساڵی 1982 لەڕووداوێکی ئۆتومبێلدا گیانی لەدەستدا سەردانی کینیای کرد، دەیان هەزار کینی لەسەر شەقامەکانی نایرۆبی پایتەخت

# یەک لەسەر سێی ژنان لێیان دەدرێ

**ڕووداو – ئیونا**

ئەندامێکی ڕێکخراوی جیهانی بەرگری لەقوربانیانی توندوتیژی ڕایگەیاند یەک لەسەر سێی ژنانی دونیا توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ و لێیاندەدرێت.

خاتوو باتیا کران ئەندامی ڕێکخراوی بەرگری لەقوربانیانی توندوتیژی لەکۆنفرانسێکدا کە بۆ بەرگری لەمنداڵان و ژنان سازدرابوو، ئاماژەی بەوەدا کە 30 ساڵی ویستووە تاکو مافی ژنان وەکو مافی مرۆڤ بناسرێت، هەروەها گوتی "لەوڵاتانی وەکو نیپال، بەنگلادیش و پاکستان کچ وەکو کاڵایەک مامەڵەی پێدەکرێ بەشێوەیەک کە کچان پێش ئەوەی لەدایکببن یان دوای ئەوەی لەدایکدەبن دەکوژرێن، یان لەتەمەنی بچووک بەشوو دەدرێن".

خاتوو باتیا لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی بەوەدا کە 67%ی تووشبووانی ئایدز لەژنان پێکدێن، گوتی "یەک لەسەر سێی ژنانی دونیا توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ و لێیاندەدرێت".

# بەختی ڕووداو

**کاوڕ** Mar 21-Apr 19

ماوەیەکە لەخۆت دڵنیا نیت کە ئەو کارەت پێدەکرێ یان نا، مەترسە تۆ دەتوانی بە باشترین شێوە ئەو کارە ئەنجامبدەی، کەواتە بڕوات بەخۆ بێت و توانات زۆرە.

**گا** Apr 20-May 20

کەسانی دەوروبەرت لێت تووڕەن، کارێکی وات ئەنجامنەداوە دڵیان بەتۆ خۆش بێت، هەوڵبدە بەکارەکانی پێشووتدا بچیتەوەو هەڵەکانت دووبارە نەکەیتەوە.

**جمک** May 21-Jun 21

ڕۆژی چوارشەممە ڕۆژی خۆشی تۆ دەبێ، لەو ڕۆژە لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە دیارییەکت پێشکێش دەکرێ، ئەو زۆر حەز دەکا تۆ کەسێکی پۆشتە و خاوێن بیت.

**قرژاڵ** Jun 22-Jul 22

سەفەرێکت لەپێشە، بەڵام پێشوەخت دەبێ دڵی ئەو کەسانە بدەیتەوە کە لێت نارەحەت بوونەو دڵیان لەتۆ ئێشاوە، چونکە لەوانەیە کارئاسانی زیاترت بۆ ئەو سەفەرە بۆ بکەن.

**شێر** Jul 23-Aug 22

خۆشەویستەکەت چاوەڕوانی زۆر زیاتری لەتۆ هەیە، بۆیە پێویستە یارمەتی بدەی و هەوڵبدەی کێشەکانی بۆچارەسەر بکەی، ئەو هەردەم چاوی لە یارمەتی تۆیە.

**گوڵەگەنم** Aug 23-Sep 22

لەو یەک دوو ڕۆژەی داهاتوو هەواڵێکی خۆشت لە کەسێکی دوور پێدەگات کە بەنیازیشە لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانت بکات، کە ساڵانێکی زۆر نەتبینیوە.

**تەرازوو** Sep 23-Oct 23

هاوڕێیەکانت پێویستیان بە ڕاوێژی تۆ هەیە، بۆیە ئەگەر داوایان لێکردی ڕەتیان مەکەوە، لەوانەیە بۆ تۆش سوودێکی زۆری هەبێت و باری دارایيت باشتر بکات.

**دووپشک** Oct 24-Nov 21

هەست بە دڵتەنگی دەکەی و، قسەکانی دڵت لەنێو خۆدا هێشتووەتەوە، پێویستە هەڵیانرێژی، چونکە ئەگەر وانەکەی لەوانەیە لە داهاتوودا تووشی نەخۆشی دەروونی ببیت.

**کەوان** Nov 22-Dec 21

کەسێک پێویستی بە یارمەتی تۆ هەیە و داوای پارەت لێدەکات، ڕەتی مەکەوە، بەهەر شێوەیەک بێت پارەی بۆ پەیدا بکە، تۆ دوایین کەسی کە داوات لێدەکات، ئەگەرنا نائومێد دەبێ.

**کارژۆلە** Dec 22-Jan 19

کارێکی باشت نەکردووە کە ئەو کەسانەت بۆ هاوڕێیەتی هەڵبژاردووە، باشتر بیری لێبکەوە، ئەو کەسانە لەداهاتوودا زیانیان بۆ تۆ دەبێ. پێویستە خۆت لێیان دوور بکەیتەوە.

**سەتڵ** Jan 20– Feb 18

خێزانەکەت زۆر بەبوونی تۆ لەماڵەوە خۆشحاڵن، هەمیشەش باسی چاکەی تۆ دەکەن، کە یارمەتیدەریانی، پێویستە کارێک نەکەی دڵیان لەخۆت بڕەنجێنی.

**نەهەنگ** Feb 19-Mar 20

شانسێکت دێتە پێش، پێویستە بە ڕاوێژکردن لەگەڵ کەسێکی بەئەزموون سوودی لێوەرگری. شانس تەنیا یەکجار لەدەرگات دەدات.

# سکاڵای مەلاکان بۆ گیرفانیانە!



هاوڕێ باخەوان- هۆڵندا
hawreh@bakhawan.com

چەند ڕۆژێک بەر لەئێستا کۆمەڵێک مەلا و ئیسلامییەکانی کوردستان یاداشتێکیان دایە دەست بەرپرسانی باشووری کوردستان لە دژی نووسەران و ڕەخنەگران، مەلاکان لە یاداشتەکەیاندا داوای دادگاییکردنی ئەو نووسەرانە دەکەن کە ڕەخنە لە ئیسلام و ئیسلامییەکان دەگرن.

پەنابردنی ئەو مەلایانە بۆ ئەو سکاڵانامەیە بەهۆی ئەوەوەیە کە ئێستا هێزێکی ئەوتۆیان نییە بۆ دەمکووتکردنی نووسەران، ئەگینا لەجیاتی ئەو سکاڵانامەیە چەند نووسەرێکیان سەردەبڕی و بەدەردی ڕەوانشاد مامۆستا عەبدولخالق مەعروفیان دەبردن.

نامەوێت لێرەدا هیچ لاباسێکیتر دەربارەی مەلا و ئیسلامییەکان بکەمەوە و هەوڵدەدەم هێندەی سەرباسەکەم وشە ڕیزبکەم.

کەم هەڵکەوتووە مەلایەک یان پیاوێکی ئایینی ئیسلامی، هاوکات لەگەڵ مەلایەتییەکەیدا کارێکی کردبێت و بژێویی خۆی پێ دابین کردبێت. ئەوانە هەردەم مشەخۆربوون و چاوەڕوانی مووچەی حکومەتی ئێراق یان پارتی یان یەکێتی بوون و دوای ئەمانیش هەر چاو لەدەستی هەر میرێکی دیکەن کە جڵەوی کاری بەدەستەوەبێت. واتە بۆ خۆژیاندنی خۆیان هەردەم چاولەدەستی دەسەڵاتن.

سەرباری ئەوانەش ئەم مەلایانە بەئارەزووی خۆیان خەریکی ڕووتکردنەوەی خەڵکین لە پرسەکان و خوێندنەوەی قورئانی سەر گۆڕستانەکان. هەر بۆ نموونە لە ڕۆژی 17ی مانگی مایی ئەمساڵدا لە ساڵڕۆژی کۆچی دوایی ڕەوانشادی باوکمدا مەلایەکی قورئانخوێنیان هێنابوو و بۆ ماوەی نزیکەی دوو کاژێر لە خوێندن، پەنجا هەزار دیناری لێوەرگرتین. ئەو برە واتە نزیکەی 45 دۆلار لە ماوەی دوو کاژێردا. هەڵبەت لەم بێکارییەی کوردستاندا کەسێک نییە لەماوەی دوو کاژێردا 45 دۆلاری دەستکەوێت.

یەکێک لەپایە گرنگەکانی خودی ئیسلام بریتییە لە تاڵانی و پارە. هەرئەمەشە خەڵکانێکی زۆری بەدرێژایی مێژوو هانداوە تاوەکو هۆگری ببن و زۆرتر بەناوخەڵکیدا بڵاویبکەنەوە. تەنانەت بیرۆکەی حەجیش هەر پەیوەندیی بەپارە و ئابوورییەوە هەیە. بڕواننە ئەمیرەکانی سعودییە کە هیچیان موسوڵمان نین و تەنیا لەبەر موجامەلە جارجارێک لەبەرچاوی ڕاگەیاندن نوێژێک یان دووان دەکەن، بەڵام هەرگیز دەستبەرداری حەج و حاجی نابن، لەبەرئەوەی دەسکەوتێکی باشیان لێوەیدەبێت.

هەریەکێک بەجۆرێک ڕەخنەیەکی لە ئایینی ئیسلام گرت، مەلاکانی لای خۆمان یەکسەر بیری مووچە و وەرگرتنی پارەی خوێندنەوەی قورئانییان دەکەوێتەوە و بۆ ئەوەی ئەو داهاتەیان نەکەوێتە مەترسییەوە پەنا دەبەنە بەرهەموو شتێک بۆ بەرگریکردن لە ئیسلام. چونکە بەرگریکردن لە ئیسلام بەرگریکردنە لە مووچە و بژێویی ژیانیان. زۆربەی کاتیش بەرگریکردنەکەیان دڕندانە و ناهاوچەرخانە بووە. یان دەتکوژن یان سکاڵایەکی واهیت لە دژ دەنووسن، کە ئەویش جۆرێکە لە تیرۆر.

مەلاکانی لای ئێمە دژی پێشکەوتن و عەولەمەن. بەڵام ئەگەر ئەو زانست و عەولەمەیە لەخزمەتی خۆیان و دەستکەوتی خۆیاندا بێت ئەوا زۆر باش بەکاری دێنن. بۆ نموونە ئێستا زۆربەی مەلا قورئانخوێنەکان بۆ ئەوەی دەستکەوتی باشتری ببێت، لەگەڵ خۆیدا باترییەکی 12 ڤۆڵتیی ئۆتومبیل و ئەمپریفایەرێک و دوو بەرزگۆی پێیە، هەندێکیان نابیناشن کەچی زۆرباش کار بەو عەولەمەیە دەکەن. هەیانە دوو مۆبایلی پێیە و دژی عەولەمەیە. کەچی ئەوەی جێی سەرسووڕمانە پێیان دەگووترێت زانا!. ئەگەرچی هەموویان کۆبکەیتەوە یەک باترییان پێ دروست ناکرێت، دیارە باسی ئەمپریفایەرەکە هەرناکەم.

بەدرێژایی ئەو 17 ساڵەی فەرمانڕەوایی پارتی و یەکێتی، نووسەران و ڕووناکبیران زۆرتر لە دەیان هەزاران نامەی کراوە و سکاڵانامەیان دایە دەست دەسەڵاتی کوردی. ئەو نامە و سکاڵایەی نووسەران زۆربەی هەرە زۆریان بۆ پێشکەوتنی ئەو ئەزموونەی کوردستان و باشترکردنی گوزەرانی ئەنفالکراوان و نەهێشتنی شەڕی ناوخۆ و دادگاییکردنی فایلداران و گەندەڵان و زۆر دیاردەی دیکەی پەیوەست بەو ئەزموونەی کوردستانەوە بوون، بەڵام دەسەڵاتی کوردی بێدەنگ بوو لەوەڵامدانەوە و بەهەندگرتنی ئەو نامە و سکاڵایانەی نووسەران! کەچی لە ئاست ئەم سکاڵایەی مەلا و ئیسلامییەکانی کوردستان لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنرا بۆ ئەوەی لەمەودوا باشتر دەمکووتی نووسەران بکرێت و مەلا بێکارەکانیش بەردەوام دەستکەوتییان هەبێت و بژین. هێشتاش کاکی مەلا ناڕازییە و بەدەسەڵاتی کوردی دەڵێت عیلمانی! هێشتاش داوای دروستکردنی مزگەوتی زۆرتر دەکەن! هێشتاش داوای بودجەی زۆرتر بۆ وەزارەتی ئەوقاف دەکەن، چونکە زۆرکردنی ئەو بودجەیە زۆرتربوونی مووچەکانیانە! هێشتاش داوای کردنەوەی قوتابخانە و کۆلیژی ئیسلامیی زۆرتر دەکەن. هێشتاش داوای هەڵواسینی دروشمی زۆرتر دەکەن بۆ یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر! هێشتاش هەر نووسەران بە دەججال دەزانن کە ملپەڕاندنیان غەزایە.

ئەگەر بەپێی ئەو سکاڵایە دادگاییکردنی نووسەران ڕەوابێت. ئەی دەبێت ئەو مەلا وتارخوێنە چیی لێبکرێت کە ڕۆژانی هەینی بیری تیرۆر لە بڵندگۆی مزگەوتەکان بڵاودەکاتەوە و دەڵێت ئەوە پێغەمبەر لە دەرگای هەولێر دەدات و کافرەکان نایەڵن بێتە ژوورەوە!. یان دەڵێت بۆتان هەیە لە ژنێک زۆرترتان هەبێت! یان پێیوایە نابێت ئازادی بدرێت بە ئافرەتان تاوەکو تووشی هەڵە نەبن.

دژایەتی گشتیی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لەدژی ئەو سکاڵایەی مەلاکان، دژایەتیکردنی تیرۆرە. دژایەتیکردنی بێگانەپەرستییە. دژایەتیکردنی کلتووری دواکەوتووی عەرەبستانی سعودیەیە. دژایەتیکردنی دووبارە کوژرانەوەی عەبدولخالیق مەعروفێکی دیکەیە.

# نەتەوەیەک لە تارمایی



بریندان ئۆلێری

بیرکردنەوە لە کوردەکان دوو هەست لەلای ئەمەریکاییەکانی باکوور دروست دەکات، کە ئەویش تاوانباری و شەرمەزارییە (ئیحراجیە).

لیبرال و چەپەکان ئەوانەی دژی بوونی هێزەکانی ئەمریکان لە عێراق حەزناکەن ئەوەیان بەبیر بهێنرێتەوە کە هەرێمی کوردستان چیرۆکێکی سەرکەوتووە، یا ئەوەی کە خەڵکی هەرێمی کوردستان هاتنی سوپای ئەمریکا بۆ عێراق بە ئازادکردن ناودەبەن نەک داگیرکردن، هەروەها خەڵکی کوردستان نایانەوێت سەرۆکی نوێی ئەمریکا ستراتیجیی خێرای هەبێت بۆ دەرچوون لە عێراق و ببێتە هۆی لەناوچوونی ئەو دەسکەوتانەی بەدەستیان هێناوە. هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دیموکرات و سەقامگیرە، ئێستا لە بووژانەوەدایەو دۆستی ئەمریکاشە، حکومەتەکەشی حەزدەکات دان بەئیسرائیل دابنێت.

ڕاستڕەوە ریالیستەکانیش وەک کیسنگەرەکان و سکۆکرۆفتەکان و بێکەرەکان و، کەسانێکی دیکە لەنێو میکاڤیلیەکانی واشنتن، حەزناکەن ئەوەیان بەبیر بهێنرێتەوە کە بۆ بەرژەوەندی وخاتری بەعسیە جینۆسایدکەرەکان خیانەت وناپاکییان لە کورد کردووە. لەساڵی 1975 ئەوانە کارێکی لەوجۆرەیان کرد ئەویش بە دروستکردنی ڕێککەوتنێک لەنێوان شای ئێران و سەدام حوسێن. لەساڵانی هەشتاکان سیاسەتمەدارانی ئەمریکایی پشتگیری سەدامیان کرد لەدژی ئایەتوڵڵا خومەینی، هەروەها پشتگیری عەرەبیان کرد لەدژی کورد، تەنانەت نکۆڵیان لەوەش کرد بەعسییەکان بەگازی کیمیایی لە کوردیان دابێت. لەساڵی 1991 سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش داوای لە کوردو شیعەکان کرد لەدژی سەدام شۆڕش بکەن، بەڵام کاتێک کوێتی بەنەوت دەوڵەمەند ئازاد کرا، کورد و شیعەکانیان لەژێر ڕەحمەتی چەقۆی قەساب بەجێهێشت.

لیبراڵەکان و چەپەکان حەزدەکەن هەموو شتێک لەبارەی کورد لەبیر بکەن. ئەوان شەرمەزارن بە وێنە باش و خراپەکانیان لە شەڕەکانی عێراق. بەپێچەوانەوە، ریالیستە ڕاستڕەوەکان بەشێوەیەکی چالاک دەیانەوێت جارێکی دیکەش خیانەت لە کورد بکەن و هەڵیانبخەڵەتێنن، وەکو ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەی بێکەر — هاملتن لەساڵی 2007 بەڕوونی دیاربوو.

هەرێمی کوردستان ئیحراجی وشەرمەزارییەکی بەرچاوە بۆ هەندێ تیۆریست وخەڵکی دۆگما، چونکە کوردستان بریتییە لە نموونەی زۆرینەیەکی موسڵمان کەلەسایەیدا ژنان مافیان هەیە، خێزانەکان لەبەهاردا لەدەرەوەی شاری سلێمانی شەرابێک دەخۆنەوە کە مەسیحییەکان دروستیان کردوە. لە هەولێری پایتەختدا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی هەڵبژێردراو بە تواناو حەماسەتێکی زۆرەوە پارێزگاری لەو مافانە دەکات کە بەهۆی گفتوگۆکردن لە دەستوور بەدەستیهێناون. ئەو دەستوورە لەلایەن چوار لەسەر پێنجی دەنگدەرانی عێراقیەوە لەمانگی ئۆکتۆبەری 2005 دەنگی بۆدراوە، کە کوردەکان بەشێوەیەکی زۆر لەو دەستورە ڕازیبوون.

سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمەکە، مەسعود بارزانی، بەوریاییەوە دەڕوانێتە نیشانەکانی خیانەتێکی دیکەی ئەمریکا، وەکو ئەوەی ساڵی 1975 ڕوویدا، کە بووە هۆی تێکشانی جەنەراڵی گەورە مەلا مستەفای باوکی، لەبەغدا، هاوپەیمانەکەی بارزانی، جەلال تاڵەبانی کە سەرۆکی عێراقە وماوەیەکی دووروورێژیش بەرهەڵستکار بووە، هەوڵدەدا پارتە عەرەبەکان ڕازیبکا بە جێبەجێکردنی دەستوورەکە.

هەرێمی کوردستان ئۆتۆنۆمییەکی زیاتری هەیە لەوەی کیبێک هەیەتی لە کەنەدا، یان هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر ئاسایشی هەرێمەکەدا، زمانی خۆیان لەکاری بەڕێوەبەردن بەکاردێنن، دەسەڵاتی تەواویشی هەیە بەسەر سەرچاوە سروشتییەکانی و بەشێکی ڕێژەییشی هەیە لەداهاتی نەوتی عێراق لەو کێڵگە نەوتییانەی ئێستا دۆزراونەتەوە. بەشدارە لەدەسەڵاتی لاوازترین حکومەتی فیدرالی جیهان، توانا گرنگەکانی ئەو حکومەتە فیدراڵە دەتوانرێت بژمێردرێت کە لە پەنجەی دەست کەمترە. ئەرکە دیپلۆماسییەکانی کوردستان واپیشان دەدرێت کە بەرژەوەندی هەموو مەسەلە سیاسەتە دیپلۆماسییەکان بخاتەڕوو.

بۆیە کوردەکانی عێراق، هەرچەندە بەهەوڵی خۆشیان بووە، شتێکیان بردۆتەوە کە باشترە لە سەربەخۆیی فەرمی و ئەندامبوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوان لەجۆرێک سەربەخۆییدا دەژین بێئەوەی هیچ بیانوویەکی گونجاو بدەن بە تورکیا و ئیرانی دراوسێیان بۆ بلۆککردنی مافە سەروەرییەکانیان.

کویل لۆرەنس لە کتێبەیدا کورد بە (نەتەوەیەکی نەبینراو) ناودەبات و کتێبەکە بەشێوەیەکی زیرەکانە نووسراوە.

کویل لۆرەنس پەیامنێری پێشووی BBCلە عێراق لەسەر بنەمای چاوپێکەوتنە گرنگەکانی لەگەڵ سەرکردە کوردەکان و سەرکردە عەرەبە نوێکان و سیاسەتمەدارانی ئێستاو پێشووتری ئەمریکا زانیاری زۆر ووردو سەرنجڕاکێش و گشتیری لەبارەی مێژووری کوردەکانی عێراق خستۆتە ڕوو. ئەو تەنها دوو هەڵەی گرنگی کردووە، یەکێکیان کە زۆر نووسەری ئەمەریکاییش زۆر دەیکەن ئەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە "کوردەکان گەورەترین گرووپی ئەتنیکی جیهانن کە هیچ نیشتمانێکیان نییە". لەڕاستیدا، زۆربەی کوردەکان لە خاک ونیشتمانی خۆیاندا دەژین، ئەوەی کە نییانە ئەوەیە هەرێمیکیان نییە کە خۆیان بەشێوەیەکی تەواو بەڕێوەی ببەن، یان سەروەری و سەربەخۆیی خۆیان نییە.

ئەوەی لۆرەنس باسیدەکات بەڕێککەوت مەبەستی ئەوەیە هەرێمی کوردستان بووەتە دەوڵەتێک لەناو عێراقی فیدرال و شایانی ئەوەیە هەناسە بدات. ئەوانەی کە داوای پاشەکشەکردنی خێرای ئەمریکاو ڕادەستکردنی عێراق بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن پێویستە پرسیاری ئەوەیان لێبکرێت چی بۆ کوردەکان دەکەن، هەروەها پرسیاری ئەوەیان لێبکرێت کە ئایا 22 وڵاتی زۆرینە عەرەب کە ئەندامن لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەرگیز کارێکیان کردووە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ، ئایا مافی کوردە هاووڵاتیەکانیان پاراستووە؟

هەڵەکەی دیکەی لۆرەنس ئەوەیە دەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستووری هەرێمیی خۆی پەسندکردووە. وەک ئاگادارێکی ڕەشنووسەکە کە ڕاوێژم پێکراوە، دەستووری هەرێمی کوردستان نە پەسندکراوەو نە بە یاساییش کراوە. ئەوەش بەشێکی لەبەرئەوەیە حکومەتی کوردستان و ئەنجومەنی نیشتمانی دەیانەوێت بەشێوەیەکی فراوان پرس وراو ڕاوێژ بکەن، بۆئەوەی ئەو کەمینە نوێیانەش لەبەرچاو بگیرێت کە بەو نزیکانە لە کەرکوک و ئەو ناوچانەی دیکە کە مشت و مڕیان لەسەرە پێویستە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

سەرۆک وەزیران، نێچیرڤان بارزانی پەیمانی ئەوەیداوە دەستوری نوێی هەرێم مافەکانی خەڵکی ناکورد لەبەرچاوبگیرێت وبپارێزرێت. من پێشبینی و چاوەڕێی ئەوەی لێدەکەم کە پەیوەست بێت بەو بەڵێنەی خۆیەوە، کە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ یارمەتیدانی کوردستانێکی مێژویی سەقامگیرو یەکگرتوو لەناو عێراقدا.

لۆرەنس بە ڕوونی و بەشێوەیەکی سادەو دیار دەدوێت لەبارەی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردی لە عێراق. ئەو خۆی بەدوور نەگرتووە لە هەڵسەنگاندنی ململانێی ناوخۆی کوردیی، بەتایبەتی ئەوانەی ساڵانی نەوەتەکان ڕوویاندا لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانی و یەکێتی نیشمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی تاڵەبانی.

هەروەها لۆرەنس باس لەبارەی بەختی باشی هەرێمی کوردستان دەکات لەساڵی 1998. بەڵام ئەگەر سەدەی 21بە بەزەییتر بێت بۆ کوردەکانی عێراق لەسەدەی 20، ئەگەر ئەزموونەکەیان لەلایەن تورکەکان و ئێرانیەکان و عەرەبە سونەکانەوە سەرکوتنەکرێت و نەڕووخێنرێت، ئەوا پێویستە لیبراڵەکان و چەپڕەو و ڕاستڕەوەکانی ڕۆژئاوا بەرگری لەو دەسکەوتانە بکەن کە کوردەکان بەدەستیان هێناوە لەژێر چەتری ئەمریکادا، نەک لەژێر ڕێنماییەکانی مام سامدا.

* پرۆفیسۆری ناسراوی زانستی سیاسەت لە زانستگەی پنسلڤانیا ونووسەری " دوا ڕۆژی کوردستانی عێراق The Future of Kurdistan in Iraq 2006" و " هەرێمی کوردستان The Kurdistan Region 2008 "

لە The Globe and Mailـەوە
May 17، 2008

قسەیەک لەسەر ئیمزای زانایانی ئایینی

# ئەگەر یاسا سەروەر بێت کێشە دروست نابێت

جەعفەر گوانی
cefergwani@gmail.com

(خەمی داگیرکاریان نییە، حوکمی شمشێر، ...)، ئەو تۆمەتانە لە ژمارەی ڕابردووی ڕووداو دراونەتە پاڵ زانایانی ئایینی، من بە کورتی بەو چەند خاڵە تێبینیەکانم دەردەبڕم:

یەکەم: ئەوانە تەنیا 474 ئیمزا نین، بەڵکو پتر لە 61 هەزار ئیمزایە و، ئێستاش بەردەوامە، کە بەشێکی مەلای مزگەوتەکانن، ئەگینا هەموو چین و توێژەکانی تێدایە، کەچی ئەو بەڕێزانە دەیانەوێت، ناوی زانایانی ئایینی زەق بکەنەوە و، زۆرینەی دیکەش کاڵ بکەنەوە. ئیدی خەریکە دەبێتە ڕای شەقامی کوردی، نەک هەر مەلای مزگەوتەکان.

دووەم: ئەوانە وایان پیشانداوە، ئەوە گەڕانەوەیە بۆ حوکمی شمشێر، ئەوەش لە کوردستانی یاسادا جێبەجێ ناکرێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، یاسا سەروەر نییە، خەڵکانێک هەن لە سەرووی یاساوەن، ئەگینا بەپێی مادەی 372ی یاسای سزاکان هەرکەسێک سووکایەتی بە موقەدەساتی ئایینەکان بکات، ئەوا دادگا بۆی هەیە تا ماوەی سێ ساڵ زیندانی بکات. مەلایەکان نە بەری خۆر دەگرن و، نە مەحاکمی تەفتیش دادەنێن، بەڵکو تەنیا دەیانەوێت کار بەو یاسایانە بکرێت و نەبێتە بەرەڵڵایی.

سێیەم: ئەوانەش کە قەڵس بوونە، ناهەق نین، چونکە وەک گای بە گوون، بە کەیفی خۆیان سووکایەتیان بە موسڵمانان کردووە، تازە کاک حەمە سەعید دەڵێت: (مەلایان بەڕێزن، وەلێ پیرۆز نین). ئەوەش دیارە بە زمانی کۆمەڵگا قسە دەکات، وەلێ بە لۆژیکی ئەو، نە مەلا و نە هەموو ئەوانەی پێچەوانەی ئەو بیردەکەنەوە، بەڕێز نین، مەگەر کۆنە نووسینەکانی خۆی لەبیر چووەتەوە، کە تا دەگاتە ئەوەی باسی گەورەیی عەورەتی مەلایانیش دەکات، سەبارەت بە پیرۆزیش، با کاک محەممەد! بزانێت خوا بەلای موسڵمانانەوە پیرۆزترینە، کەچی ئەو توخنی ئەو خوایەش کەوتووە، سیفاتی نێر و مێی بۆ داناوە، مەگەر ئەوە ئیهانەکردن نییە، بەڵام یاسا سەروەر نییە، ئەگینا دەبوو سێ ساڵ لە زیندانەکان پاڵت دابایەوە، نەک لە بری ئەو جوێننامانەی بڵاوی دەکەیەوە، (خەڵات وەربگریت و، پەیکەری پیرۆزیت بۆ بتاشرێت).

چوارەم: دەزگای ئاراسیش کەسێک جوێن بە خوا بدات، بە پارەی خەڵکی ڕەش و ڕووتی کوردستان خەڵاتی کردووە و، پەیکەری دەتاشێت، پێچەوانەی هەموو سەرچاوە مێژووییەکان، کەسێک پێغەمبەر بە بیژی ناو دەبات، کتێبی بۆ چاپ دەکات، دەبێ تەحەممولی ئەنجامی کارەکانی بکات، چونکە ئێوەش (بەڕێزن)، نەک (پیرۆز) ئەوەی حوشتروانیش بکات، دەبێ سەردەرگەشی بڵند بکات.

پێنجەم: کەس ناڵێت ڕەخنەمەگرن، بەڵام با وانەبێت، وەک نووسەرێک دەڵێت: هێرشکردنە سەر موقەدەساتی خەڵک بووەتە هیوایەتێکی شیرین لای هەندێ لە ڕۆشنبیران بۆ ئەوەی بە خێرایی ناوبانگ دەربکەن. زانایان دەیانەوێت، هەموو شتێک ئەخلاقی هەبێت. ئەگینا ڕەخنە شتی پیرۆزە، بۆیەش بیریارە موسڵمانەکان و، زانایانی ئایینی شتی زۆریان لەسەر ئەو نووسینە سەقەتانە بڵاوکردووەتەوە، نەک تەنها مامۆستایەک شتی نووسیووە.

شەشەم: سەبارەت بەوەش کە مامۆستایانی ئایینی خەمی ئەوەیان نییە داخۆ ئێران و تورکیا شکۆمەندی کوردستان پێشێل دەکەن یان نا، هەمووان دەزانن بۆ چاوبەستنی خەڵکی و بەتایبەتیش دەسەڵاتە، وەک بڵێی ئەو برادەرە لە حاجی ئۆمەران و زاخۆ لە بن زنجیری دەبابە پان بووبێتەوە، بە پێچەوانەی داخوازی جەنابت، کە نابێ مەلا دەست لە کاری دونیا وەربدات، زانایانی ئایینی لە هەر هێرشێک بەیاننامە بڵاودەکەنەوە، نووسراوی ڕاستەوخۆ ئاراستەی سەرۆکەکانی ئەو وڵاتانە دەکەن، لە مزگەوتیش خەڵکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکار هاندەدەن.

هەربۆیەش کاتێک پێشمەرگە بوون، نەچوونە هیچ وڵاتێک و، ئێستاش وەک هەمیشە لەگەڵ ژانی میللەتیان دانە، کەسیان نە ئەوروپایی و، نە خاوەنی ڕەگەزنامەی وڵاتان نین، ئەگەر تەنگاویش بوون، نە دەچنە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی و، نە پەنا بۆ دادگای ئەوروپایی دەبەن، چونکە وەکو خەڵکی کوردستانن، دەشزانن چۆن حسێب بۆ دوارۆژی گەلەکەیان دەکەن، چونکە ئەرکیانە و، هەر شتێک بۆ هاووڵاتیان بێت، ئەوانیش دەگرێتەوە، نەک ئەگەر نەهامەتی هات، یەکسەر بۆ فڕۆکەخانە و، لە وڵاتانەوە لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکانەوە تەماشای کورد بکەن.

هەر لێرەشەوە دەبێ درک بەوە بکەین، ئەگەر یاسای ڕۆژنامەنووسی بێ هێڵی سوور بێت، دەبێ چ فەزاحەت لەلای هاوشێوەی ئەوانەوە دروست ببێت.

لە کۆتاییدا هەمان قسەی مەهاباد قەرەداخی دووبارە دەکەمەوە: "با یاسا لە کوردستان ئەو بابەتە یەکلایی بکاتەوە".

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# مزگەوتی مۆدێرن بەرهەمی خراپ

جاران، گوندنشینی کورد، نە سەتەلایتی هەبوو، نە ڕۆژنامە. نە کارەبای هەبوو، نە ڕادیۆ. تەنیا پەنجەرەیەک کە چیرۆکی ئەودیو سنووری گوندی دەگێڕایەوە، مزگەوت بوو. ئەو کاتە مزگەوت و چیرۆکەکانی لە پێش هۆشیاریی خەڵکەوە بوون، چیرۆکەکانی مزگەوت، با سادەش بووبن، لێ هۆکارێک بوون بۆ بیرکردنەوە و هزربزواندنی گوندنشینی کورد، ئەوە نییە هەموو ئەو کەڵە خوێندەوارانەی ئەمڕۆ شانازی بە کوردبوونیانەوە دەکەین، هەنگاوی یەکەم، مزگەوت پەروەردەی کردوون.

مزگەوتی کوێرە گوندێکی کوردستان، کەڵە مرۆڤی لە عەیاری حەزرەتی نالی، مەحوی، جزیری، سالم و کوردی بەرهەم هێناون. پرسیارێکی سادە دەکەم: ئەوە خێرە ئەمڕۆ مزگەوت نەک هەر نزیکەی هیچ خوێندەوارێکی لێدەرناچێ، بەڵکوو مرۆڤکوژ و هەڕەشەکار و پیاوی مڕومۆچ دروست دەکات؟ فەقێی جاران ڕەوانبێژی عەشق و جوانیی و تێفکرینی قووڵ بوون، لێ فەقێی سەدەی بیست و یەک، ئەوانەی مۆڕە ناوچەوانی چرچ و خێسە ڕێی زەردەخەنەی لێ بزر کردوون دەپرسم: ئەرێ بە هەمووتان، سێ دێری شاشیعری (هەی ئاف و ئاف)ی فەقێ تەیرانتان خوێندووەتەوە؟ ڕاستییەکە بۆ مزگەوتییەکان تاڵ، ژیان و کۆمەڵگە لە کوردستاندا چەند هەنگاوێک پێشکەوتن و ئەو لە پاشەوە مایەوە. مزگەوتی کوردی، چونکە هیچی نوێی بۆ کۆمەڵگە پێ نییە، ناچار لە بری ئەوەی خۆی پێش بخات، بە زەبری هەڕەشە و چاو سوورکردنەوە، هەوڵدەدات کۆمەڵگە دوابخات.

ئەوە خواستی خواناسین، هەقیقەتخوازی، دادپەرستی، خۆشەویستی و یەکسانی (کە هەموویان پەیام و ئامانجی ئاینن) نییە پێ بە پێی کۆمەڵگە هەنگاویان نەناوە، ئەوە نەخوێندەواریی زۆر لەو کەسانەیە کە ئاینکاریی سەرچاوەی دابینکردنی نان و پێگەیانە، چونکە نەیانتوانیوە لە گەڵ پێشەنگانی کاروانی کۆمەڵگە ڕێ بکەن، بۆیە لە دوای دواوە، قولاپ بۆ دەمی پێشەنگ و خوێندەوارانی کاروانەکە دەهاوێژن و دەیانەوێ ئەسپی بیرکردنەوەی ئازاد و ئازادی دەربڕین لغاو بکەن.

کە ژمارە، یان دیکۆری مزگەوتەکان ڕوو لە هەوراز بێت، مەرج نییە هاوزەمان کوالیتی بەرهەمیش ڕووەو هەڵکشان بێت، خۆ ئەگەر وابایە و لە سەدا بیستی ئەوانەی ئەمڕۆ هاتووچۆی مزگەوت دەکەن، بەچارەکی نالی و مەحوی و جزیری خوێندەوار بان، ئێستا لە کوردستان سێ بەرابەری ژنکوژان شاعیر و شەش بەرابەری گەندەڵکاران نوێخواز و نۆ بەرابەری هەڕەشەکاران ڕۆشنهزر دەبوو. بریا هەر بە کوولەکە بانگ بدرابایە و دوو فەقێ تەیران زیاد بوایە، نەک بە نوێترین ئامێری دەنگ، هەڕەشە ڕۆژەڕێیەک بڕوات و ئەنجامیش جانەوەر هەڵتۆقێ.




پەیامی ڕووداو

# حکومەتی کوردستان کام بەرە هەڵدەبژێرێ؟

بەرپرسانی حکومەتی کوردستان زوو زوو لەبەردەم میدیای دەرەوەدا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەیانەوێ سیستەمێکی دیموکراتیک وسکیولەر "عەلمانی" لە کوردستان دابمەزرێنن، کەچی ئەوەی لەسەر زەویدا دەیبینین زۆر پێچەوانەی ئەو بانگەشانەیە، نزیکترین نموونەش بەدەنگەوەهاتنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە بۆ بانگەوازێکی ئیسلامییەکانی کوردستان و مەلاکانی لایەنگریان کە داوای سنووردارکردنی ئازادی رادەربڕین و پێکهێنانی دادگەی شەرعی دەکەن.

ئیسلامییەکان کە بەگەواهی ئەندامانی خۆشیان نەک هەر رەخنە قبوڵ ناکەن، بەڵکو هەموو رەخنەگرتنێکیش لە خۆیان و بیروبۆچوونەکانیان بە سووکایەتیکردن بە ئیسلام و موسڵمانان لەقەڵەم دەدەن، لە کاتێکدا ئەزموونی ئەوان لەگەڵ نەیارانیان هەمیشە خوێناوی بووە و شمشێری مل پەڕاندنی کەسانی ناکۆک بەخۆیان هەردەم بەدەستەوەیە.

راستە زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن و پێمانخۆش بێت یان نا ئاینی ئیسلام بووەتە بەشێک لە کولتووری ئێمە کە نابێ سووکایەتی پێبکرێت، هەروەک چۆن نابێ رێگە بەسووکایەتی پێکردنی ئاینەکانی دیکەی کوردستانیش وەک عیسایی و ئێزدی و کاکەیی و زەردەشتایەتی و بێباوەڕەکانیش بدرێت کە لە راستیدا زۆر بەئاشکرا لە بڵندگۆی مزگەوتەکان ئەو سووکایەتییە دەکرێ و تەنانەت تەلەڤزیۆنی نەورۆزیش کە بەحیساب زمانحاڵی حکومەتی کوردستانە بووەتە بڵندگۆی ئیسلام و جگە لە گواستنەوەی بانگ و خوتبەکان، دوو بەرنامەی ئاینیشی تێدا بڵاودەکرێتەوە کە تێیدا بەئاشکرا سووکایەتی بە خەڵکی بێباوەڕ و باوەڕدارانی ئاینی عیسایی کراوە، بەمەش حکومەتی کوردستان بێلایەنی ئاینی خۆی بەتەواوی لەدەستداوە.

عەلمانیەت بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی ئیسلامییەکان نەک تەنها دژایەتیکردنی ئایین نییە بەڵکو رێزگرتنە لە هەموو ئایینەکان، دەنا چۆن ئیسلامییە توندڕۆکان لەوڵاتە ئیسلامییەکانیان هەڵدێن و پەنا وەبەر وڵاتە رۆژئاواییە عەلمانییەکان دەبەن و لەوێش بەویست و ئارەزووی خۆیان فتوا دەدەن. حکومەتی کوردستان نابێ چیتر دووڕوو بێت، لەلایەک لە دەرەوەو لە بەردەم میدیای رۆژئاوایی پڕوپاگەندەی سکیولاریزم بکات و خۆی وەک هێزێکی مۆدێرن و پێشکەوتووخواز نیشانبدات، لەناوخۆی کوردستانیش بچێتە ژێرباری خەڵکی توندڕەوی ئیسلامی کە ئەگەر دەستیان بڕوا لە تالیبان خراپتر دەکەن.

بەرپرسانی کوردستان نابێ لەبیریان بچێ کە لەدنیادا هیچ سیستەمێک نییە دیموکراتیک بێت و عەلمانی نەبێت، هیچ دەسەڵاتێک نییە رێز لە مافەکانی مرۆڤ، ئازادی رادەربڕین و ئازادییە کەسییەکان بگرێت و، کەچی سیستەمێک بێت باوەڕی بەجیاکردنەوەی ئایین لە کاروباری دەوڵەت نەبێت، بەمانایەکی دیکە هەر بەو بەڵگەیەی کە حکومەتی کوردستان، حکومەتێکی سیکولەر و عەلمانی نییە دەتوانین نیشانەیەکی گەورەی پرسیار و سەرسوڕمان لەبەردەم بانگەشەکانی دابنێین بەوەی ئەزموونێکی دیموکراتییە لە ناوچەکەدا.

حکومەتی کوردستان دەبێ زۆر بەڕاشکاوی و بێشەرم خۆی یەکلابکاتەوە کە دەیەوێ لەبەرەی دنیای پێشکەوتوو و سیکیولەر و ئازاد بێت یان بەرەی شەریعەتی شمشێر و سەدەکانی ناوەڕاست؟

**نوورەدین وەیسی**

# ڕاگەیاندنی ئەهلی و ڕاوێژکارانی دمبکچی



دکتۆر سەپان

sapanov@hotmail.com

مەبەست لە ڕاگەیاندنی ئەهلی، تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤار، ئێزگەی ڕادیۆ و کەنالی تەلەڤزیۆن یان ماڵپەڕی ئەلیکترۆنییە، کە لەژێر ئاڕمی هیچ حیزبێکی سیاسی دەرناچێت و بەناوی هیچ حیزبێکیش هیچ بەرنامە یان ڕۆژنامە و گۆڤار دەرناکەن. لەپشت ئەو دەزگا ئەهلییانە، کەسی شاراوە و دەستەڵاتی سیحراوی هەیە و لەژێرەوە یارمەتی ماددییان دەدەن، بۆ ئەوەی لە پەخش یان دەرچوون بەردەوام بن. ئەو دەزگایانە، ڕۆژنامە و گۆڤار یان ئێزگەی ڕادیۆ و کەنالی تەلەڤزیۆن، لەهەر چرکەیەک، کەسی یارمەتیدەر بیەوێ، دەیوەستێنێ. زۆربەی جاریش یارمەتیدانی ئەو دەزگایانە بۆ مەبەستی تایبەتییە و زیاتر بۆ بەکارهێنانی لە دژی ناحەزانی خۆیان، یان کردنی پروپاگەندە بۆ خۆیانە، نەک لەژێر دروشمی: خزمەتی ڕاگەیاندنی کوردی دەکەم.

ڕاگەیاندنی ئەهلی، ماوەیەکە سەرئێشەی زۆری بۆ حکومەت و پەرلەمان و زۆر لە بەرپرسان دروستکردووە. ئەوان ئەوسەرئێشەیان دروستکردووە، نەک لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووسان، زۆر وریان و لەدەمی ئەژدیها زانیاریی دەردەهێنن، بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆربەی کات، ئەوان سنووری نێوان ئازادی و دیموکراتی لەگەڵ بەرەڵڵاییان لێ تێکەڵ بووە. ئەو تێکەڵ بوونە، هەندێک جار بە ئەنقەستە، هەندێک جاریش بە چاوپۆشینە یان لە ئەنجامی پەلە کردنە، جارەکانی دیکەش بەبەرنامە یان بەڕادانە.

هەر لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوەش، ئەو نووسینانەی بۆیان بچێت زۆربەی جار بڵاوی دەکەنەوە، بێئەوەی بیر لە ئەنجامەکەی بکەنەوە یان باش تێیبگەن. سەرنووسەران و دەستەی نووسەران، خەبات دەکەن، بۆ ئەوەی لەهەر ژمارە و بەلای کەم، یەک گوتار دژ بەیەکێک یان نووسینێکی توند هەبێت، لەوکاتە وەک لە زمانی ڕاگەیاندن پێیدەگوترێ: "ژمارەی ئەمجارەش" ڕزگار کرا. ئەوان بیر ناکەنەوە، ڕۆلی ئاگرکوژێنەوە ببینن بەڵکو بە پێچەوانەوە بەنزین بە ئاگر دادەکەن.

بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکەیان لەشوێنان باس بکرێ و زۆرترین خەڵک بیکڕێ، ئامادەن گەورەترین نهێنی حکومەت، پەرلەمان یان حیزب ئاشکرا بکەن. لەمجۆرە بڵاوکردنەوەش لە ڕۆژنامە و هەفتەنامەکان، جۆرە ڕەقابەرییێکی لەنێوان دەزگاکان، بەتایبەتیش ڕۆژنامە و گۆڤار لەگەڵ ماڵپەڕە کوردییەکان دروستکردووە، بەوەی کێ زەقترین یان توندترین گوتار دەنووسێ. زۆربەی جاریش بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە گوتار و نووسینانە، لەبەر ئەوە نییە، کە ئەوان بیانەوێ کەسەکە بشکێنن، بەڵکو بەمافی خۆیان دەزانن جەماوەری لێ ئاگادار بکەنەوە، کە فلانە کەس چەند کەسێکی خراپە و حکومەتیش هیچ بۆ گەل ناکات. بەگرتنی ئەو جۆرە ڕەخنانە، دەیانەوێ نیشانی بدەن، کە ئەوان بێلایەن و سەربەخۆ و ئەهلین، بۆیە بەڕای خۆیان،

لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حیزبی زۆر جیاوازییان هەیە، بەڵام زۆر جار بیرکردنەوەی ڕۆژنامە حیزبییەکان لە پڕکردنەوەی لاپەڕەکانیان، زۆر لیبرالترە، باس لەوە هەرناکەین، کەس هێرشی ناکرێتە سەر و ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگیرێ. ئەوانەی ئەو ڕۆژنامانە بڵاودەکەنەوە یان دەردەکەن، کەسانی زۆر وریان و باش دەزانن لە کوردستان، هیچ یاسایەکی ڕاگەیاندن نییە، لەبەر بڵاوکردنەوەی هەندێک نووسین، ئەوان ڕابکێشیێتە بەردەم دادگا، تاوەکو خاوەن ئیمتیاز یان سەرنووسەری پێ سزا بدرێ.

دەستە سیحراوییەکان لەگەڵ سەرنووسەران، ئەوەندەی بۆیان کرابێ، سوودیان لە نەبوونی ئەو یاسایە وەرگرتووە و هیچیش پێویست ناکات، بیر لە ئەخلاقی ڕاگەیاندن بکەنەوە، دەشزانین بەکارهێنانی ئەو دەستەڵاتە لەچارچێوەی یاسا، کە هێشتا لە کوردستان نییە، مافی خۆیانە و زۆریش ڕەوایە. جگە لەو هۆیەی سەرەوە، ئەو کەسانەی ئەمڕۆ کاری ڕۆژنامەنووسی لەو دەزگایانە دەکەن، هیچیان پەروەردە نەکراون، بەوەی ئەو زانیارییە یان نهێنییەی حکومەت و پەرلەمان لەگەڵ حیزب بۆیان دەدرکێنن یان دەستیان دەکەوێ، ئاشکرای نەکەن و بڵاوی نەکەنەوە. لێرە باس لەوە هەرناکەین، لەوکاتەی ڕۆژنامەنووس بە ڕووێکی خۆش، کەمێک بەبەژن و باڵای کەسی سیاسی هەڵدەڵێ، یان بە سوود وەرگرتن لە تەکنیکی ئینتەرڤیو، ئامادەیە

تەواوی نهێنییەکانت بۆ بدرکێنێ یان لێی ببەیت. وەک لەسەرەوە نووسیمان، زۆر جاریش بە دوو قسەی خۆشی ڕۆژنامەنووس، دووجار مەدحی بەوەی، جەنابی سیاسییێکی چەند بەتوانایە، زۆر بەئاسانی لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە لەخەت لادەدرێ و ئەوەی نەیەوێ بیڵێ، دەیڵێ و دواتریش لە قسەکانی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و بە تکا یان هەڕەشە دەیەوێ نووسینەکە بڵاونەکرێتەوە.

ئەو ڕۆژنامە ئەهلیانە، بیر لەهیچ شتێک جگە لەبەرژەوەندی تایبەتی ڕۆژنامە یان دەزگای خۆیان ناکەنەوە، ئەمەش بێشک مافی ڕەوای خۆیانە. ڕۆژنامەکانی ئەهلی، ئەوەی بڵاوی دەکەنەوە، زۆرجار لەسەر هیچ سزا نادرێن، چونکە لەتەک نووسینێک لە بۆمب بەهێزتر، دژ بە کەسێک، لە زۆربەی کات نووسینێکی دیکەی بە پێچەوانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، دەربارەی باشی و پسپۆری کەسی سپۆنسەر هەیە. بەمشێوەیە، وەک لەیلوک، لایەک بەرز دەکرێتەوە و لاکەی دیکە لەزەوی دەبنە خوار و نوقم دەکرێ.

ڕاگەیاندنی بەناو ئەهلی، هیچ پێویست نییە لەسەری، لەکاتی نووسین یان بڵاوکردنەوەی گوتار، بیر لە ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی بکاتەوە، چونکە ئەخلاقی کاری ڕاگەیاندن یاسا نییە، تا لێی دەرنەچن. لێرە حکومەتیش هیچی نەکردووە، بۆ ئەوەی سەرنجیان ڕابکێشێ و کاریان لەسەر بکات و لە ڕاگەیاندنێکی

ئارەزوومەندانە بۆ پسپۆری بیانبات. بۆیەش ئەوان لەسەر ڕەوتی پێشتری خۆیان بەردەوام دەبن و تا بەڕێوەبردنی حکومەتیش بەمشێوەیەی ئەمڕۆ بێت، کاری خۆیان وەک پێشتر ئەنجام دەدەن.

تەواوی خەتای ئەو کەشوهەوایەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە، لە ئەستۆی ڕاگەیاندنی ئەهلی نییە، بەڵکو حکومەتیش لێرە زیاد لە پێویست بەرپرسە لێی. هەر بۆ نموونە: حکومەت، لەبەر کاری زۆری خۆی و پێڕانەگەیشتن بەو کارانەی دەبێ بیکات و ڕەچاوکردنی خزم خزمانێ، لە دانی پۆست و کاری باش، ئەنجامەکەی وەک دەبینین، بۆتە دامەزراندنی لەشکرێک لە کەسانی ناشارەزا لە دەوری خۆیان، ئەمەش زەقتر لە بواری ڕاگەیاندن دیارە. دامەزراندنی کەسانێک وەک ڕاوێژکار و دانی ئۆتۆمبیلی لاندگروزەر و دامەزراندنی شۆفێر و پۆلیس بۆیان و دابینکردنی ژیانێکی زۆر خۆش و ئارام بۆتە هۆی ئەوان هەموو شتێک بکەن، بۆ ئەوەی بەرپرسانییان بەدرۆ و بەزانیاری ناڕاست لەسەر ڕاگەیاندن تێر بکەن. لەوانەیە هەندێک لەو ڕاوێژکارانەی ڕاگەیاندن (حکومەت، پەرلەمان، حیزب)، بەشی ڕاگەیاندنیشیان لە کۆلێژ تەواو کردبێ، بەڵام بەتەواوکردنی ئەو بەشە مەرج نییە، بووبێتە ڕۆژنامەنووسێکی باش یان پسپۆڕ، بەتایبەتیش دەبینین، کاری ئەو ڕاوێژکارانە تەنیا هەواڵ نووسینە. هەندێک لەو ڕاوێژکارانە، لە پەرلەمان و حکومەت و هەندێک دەزگای دیکەی حیزبی، لەبەر نەشارەزایی خۆیان لە ڕاگەیاندن و شێتی خۆ بردنە پێش و عەشقی دەرچوون لە شاشەکانی تەلەڤزیۆن، زۆرترین سەرئێشەیان بۆ بەرپرسانی خۆیان دروست کردووە. ئەوان لە کاری ڕاوێژکاری ڕاستەقینە، ڕێک بوونەتە دمبکچی، ئەگەر کەسی دمبکچیش کاری ڕاوێژکاری بکات، بڕوامەکە، ڕاگەیاندنی کوردی لەو نزیکانە لە ئێستا باشتر بێت.

باکووری کوردستان

# عەسکەرتاریەتی تورک و بەلشەڤیزمی PKK



مستەفا شەفیق

لەکاتێکدا دۆزی داخستنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک DTP لەدادگای باڵای تورکیادا بەردەوامە، ئەم پارتە چاوەڕوانی چارەنووسێکی نادیار دەکات، ئەحمەد تورک لەپایەکەی لادرا و ئەمینە عەینا بۆ سەرۆکایەتی فراکسۆن و پارتەکە هەڵبژێردرا.

ئەم ڕووداوە تا ڕادەیەک لەناکاو و چاوەڕواننەکراو بوو. چونکە ئەوەی دیار بوو لەم ماوەیەدا کە بەڕێز ئەحمەد تورک سەرۆکایەتی ئەم پارتەی کرد، سەرەڕای زۆر تەنگوچەڵەمە کە ڕووبەڕووی پارتەکە بوونەوە، توانی تا ڕادەیەک خۆی ڕاگرێت و بە مانۆڕی سیاسی گونجاو لەگەڵ بارودۆخ هەڵسوکەوت بکات. لەبەر ئەمەش گۆڕانی سەرۆکی ئەم پارتە زیاتر لەپێویستییەکی ناوخۆیی ئەم پارتە وەک دەستێوەردانی دەرەوە سەیر دەکرێت.

زۆربەی بیروبۆچوونەکانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەمە هەڵوێستێکی سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستانە کە وەک سزادانێک بەرامبەر بە بەڕێز تورک نواندی. ئەوەش لەبەر ئەوەی بەڕێز تورک لەکاتی سەردانەکەی بۆ باشووری کوردستان لەلێدوانێکدا بۆماڵپەڕی پوکمیدیا گوتی شەڕی ئەمڕۆی PKK زیان بە کورد دەگەیێنێت، ئەم قسانەش سەرکردایەتی PKKی تووڕە کرد. ڕەنگە ئەمە هۆکارێکی ئەم بڕیارەبێت، بەڵام بڕواناکەم تەواوی هۆکارەکان بێت.

دوای ساڵانی نەوەتەکان کە تارادەیەک زەمینەی خەباتی ئاشکرای سیاسی لە تورکیا ڕەخسا، بزاڤی سیاسی کورد لەم پارچەیەدا تا ڕادەیەک توانی کەڵک لەم هەلومەرجە وەربگرێت. لەکاتێکدا شەڕی چەکداری لەم بەشەی کوردستاندا زۆر گەرمبوو، ئەمەش وایکرد جەماوەری کورد بەگەرمی پێشوازی لە پارتە سیاسییەکانی کورد بکات، لە هەمانکاتدا شوێنپێی پارتە سیاسییە تورکیەکانیشی لە کوردستاندا بەرتەسک کرد. بۆیە زۆری پێنەچوو دیموکراسی تورکیا لە کوردستاندا ئیفلاسی کرد.

ئەوکات کە پارتی ڕەنجی گەل DEP نوێنەرایەتی سیاسەتی کوردی دەکرد، دواتر بەبڕیاری دادگای باڵای تورکیا داخرا. لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ چوار پارتی سیاسی کوردی داخراون و پێنجەمینشیان کە DTP یە چاوەڕێی داخستنە.

هەرهەمووشیان بەبیانووی هاوکاریکردنی تیرۆر کۆتایی بەژیانی سیاسییان هێنراوە، باشە بۆچی تا ئێستا ئەم پارتە سیاسییانە هەر هەموویان بەهەمان ڕێبازدا دەڕۆن و سەرەنجامی هەموشیان لەدادگادا بەداخستن کۆتایی دێت؟ ئایا هەڵەی کورد لێرە چییە؟ وەکو هەر بوارێکی خەبات دەتوانین لێرەشدا ئۆباڵی ئەم هەڵەیە هەمووی بخەینە سەر دوژمن؟ یان نیوەی هەڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ خۆمان ؟

سیاسەتی تورکیا بەرامبەر کورد ئاشکرایە،بەڵام ئەوەی بەڵا و هۆکاری سەرنەکەوتنی سیاسەتی کوردییە نەبوونی دیموکراسی نێوخۆییە.

لەناکاو لادانی ئەحمەد تورک نموونەیەکە. نەبوونی دیموکراسی و شەفافییەت لەناو سیاسەتی کوردیدا یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی دواکەوتنی و نەزۆکی سیاسەتی کوردی کە هەمیشە بواری بۆ شەڕی ناوخۆش خۆشکردووە. ئەم ڕاستییە لەباکووری کوردستان زۆر بە زەقی خۆی نیشاندەدات. هەر لەو کاتەی

کە شەڕی چەکداری لەباکووری کوردستان بەپێشڕەوی PKK بەرپابوو و گەشەی کرد، دەرفەتی خەباتی سیاسی و جەماوەری لەم بەشەی کوردستاندا دروست بوون، بەڵام ئەو سیاسەتەی PKK پێڕەوی کرد زیاتر لەوەی سیاسەتێکی دیموکراسی و نەتەوەیی بێت، سەپاندنی دیکتاتۆرییەتی حیزبی بوو.

واتە PKK بواری ئەوەی نەدا هیچ هێزێکی نەتەوەیی کوردستانی لەم بەشەدا سوود لەم دەرفەتانە ببینێت، هەم لە شاخ و هەم لەناوەندی سیاسیدا بە تەواوی کۆنترۆڵی مەیدانی کرد . بۆیە ئەو پارتە سیاسیانەی لەباکووری کوردستانیش دوای ساڵانی نەوەتەکان دامەزران جگە لەوانەی کە لەژێر فەرمانی PKK دا بوون نەیانتوانی هیچ پێشکەوتنێک پێکبێنن.

ئەوانەش کە لەژێر کۆنترۆڵی PKKدا دروست بوون بەردەوام لەلایەن PKKوە تووشی دەستتێوەردان دەبوون. نەبوونی سەقامگیری لەناوخۆی ئەم پارتانەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی PKK . هەروەها ئەم بۆچوونەی PKK هۆکارێکی زۆر گرنگ بوو کە نەیهێشت هیچ کەسایەتییەکی دیار و جەماوەری لەناو سیاسەتی باکووری کوردستاندا هەڵکەوێت.

چونکە PKK وەک بۆچوونێکی بەلشەڤیکی هەڵکەوتنی کەسایەتی بەمجۆرە وەک مەترسییەک دەبینێ لەسەر هێڵی سەرکردایەتییەکەی. ئەمە وەک بەشێک لەڕێبازی سەرکردایەتی PKK جێگیر بووەو هەر کەسایەتییەک تۆزێک لەناو خەڵکدا دیار بوو یان لە مەیدانی سیاسیدا بەرچاو بوو تەمەنی کورت دەبێت.

لێرەدا ئەنجامێکی زۆر ئاشکرا لە سیاسەتی بیست ساڵەی ڕابردووی باکووری کوردستان دیار دەبێت، لەلایەک دەوڵەتی تورک بزاڤە سیاسییەکانی باکووری کوردستانی تەسفیە کردووە، لەلایەکی دیکەش PKK کەسایەتییە کوردییەکانی لەناو سیاسەتی کوردیدا بەردەوام تەسفیە کردووە.

بەداخەوە ئەم ڕێبازە نادیموکراسییەی PKKئەحمەدتورکیشی گرتەوە .بەمشێوەیە بزاڤی کوردی لە باکووری کوردستان کەوتووەتە نێوان عەسکەرتارییەتی تورکان و بەلشەڤیزمی PKK . ئەگەر سەرکردایەتی PKK بەرژەوەندی کورد دەخوازێت پێش هەموو شتێک دەبێ بۆ دیموکراسی ناوخۆیی کار بکات . هیوادارین ئەحمەد تورک دوا قوربانی ئەم سیاسەتە بێت و کەسیتر تووشی ئەم چارەنووسە نەبێت.

## کچی وەزیری تەندروستی کوردستان مامۆستا بەریتانییەکانی سەرسام دەکات



**رووداو – لەندەن**

کچە تەمەن 9 ساڵەکەی وەزیری تەندروستی کوردستان لەلەندەن توێژینەوەیەکی لەسەر کوردستان پێشکێشی قوتابخانەکەی کردووە کە بووەتە جێگەی سەرسوڕمانی مامۆستاکانی، ئامەدعەبدولڕەحمان عوسمان کچی عەبدولڕەحمان عوسمان (د.زریان) وەزیری تەندروستی، کە ئێستا لەپۆلی چوارەمی سەرەتاییە، لەو توێژینەوەیەدا باسی جوگرافیا و کولتوورو پیاوە نێودارەکانی کوردو ناوچە گەشتیاریی و شوێنەوارو هەڵەبجە و ئەنفال و حکومەتی کوردستان دەکات.

سی جۆنیس کە مامۆستایەکی قوتابخانەکەیە دەڵێ "توێژینەوەکەی ئامەد سەرسوڕهێنەرەو کوردو کوردستان بە هەمووکەسێک دەناسێنێ کە زانیاری لەسەر کورد نەبێ، من خۆم زۆر سوودم لێی بینی و زانیاری تەواوم لەسەرکورد دەستکەوت".

## لە پشت هەر ژنێکی هەورامی پیاوێکی دڵخۆش هەیە

**رووداو – هەورامان**

بەدرێژایی شەش هەزار ساڵ هەموو پێشکەوتنەکانی ژیان نەیتوانیوە وا لەهەورامییەکان بکات دەستبەرداری کولتووری تایبەتی خۆیان بن. لەبەدواداچوونێکدا (رووداو) دەچێتە هەورامان و تیشک دەخاتە سەر پێگەی گرنگی ژن لەناو هەورامییەکاندا. عەینە محەممەد کە دانیشتوویەکی هەورامانە دەڵێ " لە هەورامان لەپشت هەر ژنێکەوە پیاوێکی دڵخۆش هەیە"

بەڕێوەبەری پۆلیسی بیارە لەلێدوانێکدا بە رووداوی راگەیاند کە "بەدرێژایی ساڵی 2007 تەنیا دوو حاڵەتی سووتانی ئافرەت لە هەورامان بووە، ئەو دووحاڵەتەش یەکەمیان ژنێک بووە باری دەروونی تەواو نەبووە وئێستاش ماوە، ئەویتریشیان هەموو بەدواداچوونەکان نەیانتوانی بیسەلمێنن کە خۆی سووتاندبێت".

ل 12



## کۆماری ئیسلامی سەگی بەرەڵڵا بۆ کوردستان دەنێرێ

**رووداو – سلێمانی**

لەماوەی 4 مانگی رابردووی سەرەتای ئەمساڵدا 2 هەزار سەگی بەرەڵڵا لەسنووری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان لەنێو براون، ئۆپەراسیۆنی سەگ کوشتنیش لەسنوورەکە درێژەی هەیە.

بەپێی قسەی پاسەوانێکی سنوور زۆربەی ئەو سەگە بەرەڵڵایانە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە رەوانەی کوردستان دەکرێن و گوتیشی "رەنگە بەسەدان سەگمان لەسەر سنوور کوشتبێ".

هەروەها دکتۆر ئاوات ئیسماعیل عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری بەیتەرەی بەکرەجۆ لەسلێمانی، دیاردەی بڵاوبوونەوەی سەگە بەرەڵڵاکانی بە"مەترسی" زانی و گوتی "سەگە بەرەڵڵاکان، هەڵگری نەخۆشییە هاوبەشەکانن، واتە ئەو نەخۆشییانەی کە لەئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێنەوە".




Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز :** کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن :** نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر :** ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا :** هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی :** شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی Tel: 00964 066 2558279 rudaw@rudaw.net www.rudaw.net


# مەلا فەرزندە بەدەستی خۆی مەیخانەی هەریر دەسووتێنێ

**شەوقی کانەبی**

**رووداو–هەریر**



دوای ئەوەی بڕیاردرا یانەیەکی مەیخواردنەوە لەشارۆچکەی هەریر بکرێتەوە، مامۆستایەکی ئاینی ئەو شارۆچکەیە هەڕەشەی سووتاندنی یانەکەی کرد، بۆیە کردنەوەی یانەکە بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

رزگار حەسەن، بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر، لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "پێشتر مامۆستایانی ئاینیی شارۆچکەکەمان ئاگادار کردەوە کە دەمانەوێت یانەیەک بکەینەوە بۆ ئەوەی دیاردەی مەیخواردنەوە لەنێو کۆڵانەکاندا نەهێڵین، هەموو مامۆستایانی ئایینی لێمان تێگەیشتن، تەنیا مەلا فەرزندە نەبێت کە دژایەتی خۆی بۆ پرۆژەکە راگەیاند".

هەر لەوبارەوە مەلا فەرزندە مزوری، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی قەڵاتە سوور لەهەریر لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "خەڵکی هەریر 100% موسڵمانن و عەشایەرن، هیچ مەسیحییەک و یەهودییەک لەسنووری ناحیەی هەریردا ناژیت، بۆیە بەتووندی دژایەتی ئەو پرۆژەیەی بەڕێوەبەری ناحیە دەکەم، ئەگەر راست دەکات با خزمەتی خەڵک بکات، نەک بەدڕەوشتی لەناو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە".

دەربارەی ئەوەش کە ئەگەر یانەکە بکرێتەوە، گوتی "ئەگەر کەسیشم لەگەڵ نەبێت بەتەنیا بەدەستەکانی خۆم دەیسووتێنم و تێکیدەدەم".

**وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (3)یە**

## شەش ملیۆنەکەی هەڵەبجە لە هەولێرە

**تایبەت بەرووداو**

رۆژی 3/16ی ئەمساڵ نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بڕیاری بەخشینی 6 ملیۆن دۆلاری بەهەڵەبجەی شەهید دا بۆ ئاوەدانکردنەوەی و تائێستاش چارەنووسی ئەو پارەیە دیار نییە. بەڵام قایمقامی هەڵەبجە گوتی پارەکە لە بەغداوە رەوانەی هەولێر کراوە.

کامیل عەبدولقادر وتەبێژی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە بە (رووداو)ی راگەیاند" ئێمە بەدواداچوونمان بۆ ئەو پارەیە کردووەو هیچ ئەنجامێکمان دەستنەکەوتووە، ئایا ئەو پارەیە گەیشتووەتە هەرێمی کوردستان یان نا". هەروەها گوتی" بڕیاربوو ئەو پارەیە لە بواری خزمەتگوزارییەکانی ئاوو کارەبا وئاوەڕۆ بۆ گەڕەکە تایبەتییەکەی خانووی قوربانیان خەرجبکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو پارەیە نەگەیشتووەو پرۆژەکان ئەنجامنەدراون، کەسوکاری قوربانییان نەیانتوانیوە بچنە ناو خانووەکانیانەوە، هەرچەندە خانووەکان تەواویش بوون".

هەرلەوبارەوە فوئاد ساڵح قایمقامی هەڵەبجە گوتی " 6 ملیۆن دۆلارەکەی مالیکی نێردراوەتە وەزارەتی دارایی لەهەولێر، ئێمەش چاوەڕێی ئەوەین وەزارەتی دارایی پارەکە تەحویلی بانکی هەڵەبجە بکات، پارەکەش لە خزمەتگوزارییەکانی ئەو گەڕەکانە خەرجدەکرێ کە کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجەی لێ نیشتەجێن".

### دزی کارەباچییەکەی ئیشق ئاشکرا بوو

## وەزیری ئەوقاف قۆپییەچییەکی ئیسلامی دەگرێت

**رووداو – هەولێر**

کارەباچییەکی کۆلێژی ئیشقی نموونەیی پرسیارەکانی کۆتایی ساڵ لەژووری بەڕێوەبەر بۆ کچێک دەدزێ و ئاشکرایان دەکات و دواتر زیندانی دەکرێت و وەزیری ئەوقافیش لەکاتی تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی ئیسلامی قوتابییەک بەقۆپیەوە دەگرێت و دەیکاتە دەرەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی راگەیاند "لەکاتی بەسەرکردنەوەی هۆڵەکانی تاقیکردنەوەی قوتابیانی پۆلی شەشەمی قوتابخانە ئیسلامییەکان، وەزیری ئەوقاف قۆپییە لەقوتابییەک دەگرێت و لەهۆڵی تاقیکردنەوە دەریدەکات"بەپێی هەمان سەرچاوە "قوتابییەکە سەر بە یەکێک لە حیزبە ئیسلامییەکانیکوردستانە".

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی راگەیاند لەئەنجامی لێکۆڵینەوە لە لێدانی مامۆستایەکی تورک لەلایەن چەند قوتابییەکی کۆلێژی ئیشقی نموونەییەوە، ئەوەش ئاشکرابوو کە کارەباچی ئەو کۆلێژە، کەتەمەنی دەوروبەری 25 ساڵ دەبێ چووەتە ژوورەکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆلێژەکە و پرسیارەکانی کۆتایی ساڵی بردووەو داویەتییە چەند قوتابییەک. لە ئەنجامدا کارەباچییەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراو رەوانەی زیندانی محەتە کرا.

بەڵام عەمید عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر لەلێدوانێکیدا بە (رووداو)ی راگەیاند "کارەباچییەکە لەگەڵ خزمێکی خۆی هەڕەشەیان لەمامۆستایەکی کۆلێژی عیشق کردووە و بەوهۆیەوە دەستگیر کراوە".

## پەیامی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئێران ئامادەسازی بۆ دەکرێ

**رووداو – هەولێر**

بڕیارە مانگی تەمموزی داهاتوو کەناڵە ئاسمانییەکەی کۆمەڵی ئیسلامی بەناوی (پەیام) دەست بە پەخشی خۆی بکات، عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیش رایگەیاند کە کاری کەناڵە ئاسمانییەکە لەسەر هاتنەدی بەڵێنەکانی مام جەلال و نێچیرڤان بارزانی وەستاوە. عەلی باپیر ئەو تۆمەتەی رەتکردەوە کە ئەوان یارمەتییەکی تایبەتی یاخود پارە لەئێران وەربگرن و رایگەیاند کە ئەوانیش. وەک هەموو هێزەکانی دیکەی ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و کوردستانی هاوکارییان لەئێران وەرگرتووە. گوتیشی "ئێمە ناڵێین هیچ شتێکمان لە نێواندا نییە، بۆ وێنە ئەو کەناڵە ئاسمانییەی دەمانەوێت بیکەینەوە، ئەوانەی کە ویستومانە خولیان بۆبکەینەوە ناردوومانن بۆ ئێران چونکە هەر دەستمان بەوێ گەیشتووە"، گوتیشی "ئێمە ئەو جۆرە پەیوەندییەمان هەیەو پێموایە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش هەیانە. بەڵام هاوکارییەکی تایبەتیمان هەبێت کۆماری ئیسلامی شتی وا نییە".

عەلی باپیر رایگەیاند کە ئێران تەنیا لەڕووی راگەیاندنەوە هاوکارییان دەکات، لەو چوارچێوەیەدا 30 کارمەندی کەناڵە ئاسمانییەکە خولیان لەئێران بۆ کراوەتەوە و گوتیشی "هەرچەند گوتمان با خەڵکە شارەزاکەتان بێتە ئێرە گوتیان ئامێرەکانی سەتەلایت لەوێن". عەلی باپیر گوتی "پارتی و یەکێتی دەستیان دەڕوات کەسانی خۆیان دەنێرنە ئەوروپاو ئەمریکا، بەڵام ئێمە ئەو پەیوەندییەمان تەنیا لەگەڵ ئێران هەیە، پێمان خۆشبوو لەگەڵ سووریاو تورکیاش پەیوەندیمان هەبوایەو لەوێ پێگەیەک بۆ خۆمان پەیدا بکەین".

وەک ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی گوتی بڕیارە مانگی تەمموز کەناڵە ئاسمانییەکە بکەوێتەکار، گوتیشی "ئەویش بەپشتبەستن بەو بەڵێنانەی کە سەرۆک کۆمار مام جەلال و سەرۆکی حکومەت کاک نێچیرڤان پێیانداوین. پێمانوایە بەڵێنەکەیان دێننەدی، بەڵام تائێستا هاوکارییەکەمان پێنەگەیشتووە".

## نەجات لەسزا نەجاتی دەبێ؟

**رووداو – هەولێر**

مامۆستایەکی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین پرسیاری تاقیکردنەوە دەداتە چەند قوتابییەک و پاش بڵاوبوونەوەی پرسیارەکان لەناو قوتابیاندا، راگرایەتی کۆلێژی هونەرە جوانەکان تاقیکردنەوەکە دوادەخات.

قوتابییەکی قۆناخی چوارەمی بەشی مۆسیقا بە (رووداو)ی راگەیاند"مامۆستا نەجات ئەمین پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی دا بەچەند قوتابییەک و پاش بڵاوبوونەوەی پرسیارەکان لەناو تەواوی قوتابیاندا راگرایەتی کۆلێژی هونەرەجوانەکان لەڕێگەی چەند قوتابییەکەوە بەئاشکرابوونی پرسیارەکانیان زانی، بۆیە لەهەمان رۆژی تاقیکردنەوەدا 2008/6/7 بڕیاری دواخستنی تاقیکردنەوەکەیاندا".

لەبارەی سزادانی مامۆستاکەشەوە د. محەمەد زازا سەرۆکی بەشی مۆسیقا لەکۆلێژی هونەرەجوانەکان، بە (رووداو)ی راگەیاند" تائێستا مامۆستا نەجات سزا نەدراوە، لە رۆژی 2008/6/8وە لیژنەیەکی پسپۆر بۆ ئەو مەبەستە لێکۆڵینەوە دەکەن و پاشان بڕیار لەوبارەوە دەدرێ".

## لەسەر پردی قەلیتان یەعقوبیان دا بەر شەقان

**رووداو –سیدەکان**

لەسەر پردی قەلیتانی نزیک سیدەکان پاسەوانانی وەزیری پێشووی پێشمەرگە لەسەرشکاندنەوەی ئۆتۆمبێل لەهاووڵاتییەک دەدەن.

یەعقوب ساڵح، کە لەلایەن پاسەوانەکانی حەمیدە فەندی لێیدراوە، لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "لەنێو ئۆتۆمبێلدا بووم، ئۆتۆمبێلەکەم سوڕاندەوە بینیم مۆنیکایەک ئیشارەتی پێکرد، منیش رامگرت، یەکسەر جنێوی پێدام، منیش پێمگوت تۆ خۆت بەچی دادەنێی رەقەمی فەلەکت پێیە، هاتنە خوارەوەو دەستیان کرد بەچەک راکێشان، خەڵک هاتە بەینمان ئەگەرنا دەیانکوشتم".

ناوبراو کە بەنیازە سکاڵا لەدژی ئەو کەسانە تۆمار بکات، گوتیشی "حەمیدە فەندی لەناو یەکێک لەئۆتۆمبێلەکاندا بوو تەنانەت نەهاتە خوارەوەو یەک قسەی بەپاسەوانەکانی نەگوت".

هەر لەو بارەوە حەمیدە فەندی، وەزیری پێشووی پێشمەرگەی حکومەتی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ (رووداو) رەتیکردەوە کە ئەو تەنیا تەماشاکەری رووداوەکە بووبێت و گوتی "تەنانەت خۆشم لەپاسەوانەکان تووڕەکرد ئەو پیاوە شکاندوویەتیە سەر ئۆتۆمبێلەکانی ئێمە، دیاربوو شوفێرەکەی ئێمە پێیگوتبوو چییە چاوت پێوەنییە ئێتر ئەو وەڵامی داوەتەوەو گوتوویەتی تۆ چاوت کوێر بووە ئەو سەرەتا جنێوی دا پاسەوانەکانیش شەقێکیان لێدا".

## ئاسکەکانی توران ئێوەخۆش

**رووداو –گەرمیان**

ئەفسەرێکی پۆلیسی دارستان رایگەیاند کە ماوەیەکە مرداربوونی ئاسکەکانی ناوچەی گەرمیان لەنزیک سنووری ئێران بەهۆی بێئاوییەوە رووی لەزیادی کردووە.

محەممەد مەحموود، ئەفسەر لە هێزەکانی پۆلیسی دارستان لەناوچەی گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند"لەگوندی توران سەربەناحیەی تیلەکۆ 6 کەڵەئاسک بەهۆی بێ ئاوییەوە مرداربوونە، هەروەها پێشتریش لەناوچەی سەرتەک و لەنزیک سنووری ئێران و کوردستان ژمارەیەکی دیکە لەوئاسکانە مرداربوونە".

ئەفسەرەکە هۆکاری مرداربوونی ئەو ئاسکانەی گەڕاندەوە بۆ وشکبوونی زۆربەی سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچەکە.

لەناوچەکانی گەرمیان بەدرێژایی سنوورەکانی کوردستان و ئێران لەنزیک خانەقین بەهەزاران گیانداری کێوی لەجۆری ئاسکی هەن.




